# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە، ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

| بەڕێوەبەری نووسین | سەرپەرشتیاری گشتی | خاوەن ئیمتیاز |
|---|---|---|
| **محەمەد گۆران** | **بێکەس حەمە قادر** | **مەسعودی مەلا هەمزە** |

ژمارە (١٣) حوزەیرانی ٢٠٢٢ زایینی - پووشپەڕی ٢٧٢٢ کوردی


## دیوان .. دوای یەک ساڵ

گۆڤاری دیوان ساڵێکی تەمەنی بەڕێ کرد. لە ٢٠٢١/٦/٢٦ لە مەراسیمێکی شایستەدا لە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد یەکەم ژمارەی بە خوێنەران ناسێنرا، ئەو ئامانج و هەنگاوانەی ئەوێ ڕۆژێ خستمانەڕوو، دوای ساڵێک ئەنجامەکانی بۆ هەموو لایەک دەرکەوتن، ئەم گۆڤارە ئێستە خاوەنی پێگەی خۆیەتی، کەسانێکی زۆر عەودالی خوێندنەوەین، ئەو سۆراخ و پرسینەی گۆڤار گرتینێکی زیاتری بە ئێمە دا، ئەگەرنا مومکین نەبوو بتوانین پێ بهاوێینە ساڵی دووەم.

بەردەوامییەت و دەرچوونی گۆڤار لە کات و ساتی خۆیدا، خاڵێکی گرنگ و جێی پێزانینی خوێنەرانمان بوو.

بەردەوام ستایش دەکرێین، وێڕای خستنە بەرچاوی هەڵە و کوموکورتییەکانمان، ئێمەش هەوڵدەدەین لە ئاستی داخوازییەکانی خوێنەراندا بین، چونکە بارتەقای هەر ستایشێک ئەرکەکانمان قورستر دەبێت، زیاتر هەست بەترس دەکەین، نەبادە نەتوانین بەو گوڕوتینەوە بەردەوام بین، بەڵام هێز دەدەینە بەرخۆمان و هەنگاوەکانمان پتەوتر داوێین، خەیاڵ و بیرکردنەوەمان فراوانتر دەکەین، چاو و گوێمان باشتر دەکەینەوە، هەم بۆ ئەوەی باشتر ببیستین، هەم بۆ ئەوەی ڕۆشەنتر ببینین، تا ئاسۆ ڕوونتر بێت ئایندەمان گەشترە.

وەکۆ بەڵێنمان پێدابوون، جیاوازی نەکردن یەکێ لە ئامانجە لە پیشینەکانمان دەبێت، هەر نووسەرێک هەنگاوێک لێمان بێتە پێش، ئێمە چەند هەنگاو لێدەچینە پێش، دوازدە ژمارەی ڕابردووشمان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە.

وەکو چۆن نەشمان ویستوە گۆڤارەکە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی قەتیس بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین گۆڤار وەکو مێرگێکی پڕ بەرووبووم بخەینە دیوەخانی خوێنەوارانی کوردی زمان.

ڕۆژان دێن و ڕۆژان دەڕۆن، ئێمەیش هەر بەردەوام دەبین، تێگەیشتن و تێڕوانین و سەلیقەمان هەروەکو ئەوێ ڕۆژێی دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری دیوان-ە

دەبێ سوپاسی هاوڕێم دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین بکەم هەروەکو بەڵێنی پێدابووم، بەڵێنەکەی بەجێ هێنا، یەک دوو ژمارەمان دەرکرد بوو، پێی گوتم ئەگەر بەردەوام بین و بیگەیەنینە یەک ساڵ، بیبلیۆگرافیایێک و هەڵسەنگاندنێک بۆ گۆڤارەکەمان دەکات، ئەو بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا و لە دووتوێی نامیلەکەیێکدا بیبلیۆگرافیاکەی ئامادە کردووە کە لەگەڵ ژمارە (١٣) ی گۆڤاری دیوان-دا دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران.

دکتۆر چی کردووە و چی نەکردووە، لە گۆشەی ١٤٤ی ئەم ژمارەیەدا ئاماژەیەکی کورتی بە ناوەڕۆکی ئەم بیبلیۆگرافیایە کردووە، بۆیێ زۆری لەسەر ناڕۆم.

**سەرنووسەر**


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام



تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: هێڤی

**دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

## لەم ژمارەیەدا

* دۆسیە:
١. فاتە هەڵۆ باسی چەند بەسەرهاتێکی خۆی دەکات / سەرباز مەجید ..... ٤
٢. فاتە هەڵۆ / مەجید عەبدولڕەحمان ..... ٥
٣. شارێک نازنای هەڵۆ دەبەخشێت بە ژنێک / زرار سەرتاش ..... ٨
٤. فاتە هەڵۆ لە ڕۆمانی شمشێری مووسای من دا / سابیر ڕەشید ..... ١١
٥. هەڵۆی دایک / مەجید خۆشناو ..... ١٣
٦. فاتە هەڵۆ .. ژنێک پێیەکانی لە با درووست ببوو! / درەخشان عەلی عەبدولقادر ..... ١٤
٧. جەمیلە بوحەیردی جەزائیری، یان فاتە هەڵۆی شەقڵاوە / عەلی هەریری ..... ١٥

* مێژوویی:
١. تراژیدیای کوردان / یوسف زێدان – و: شەفیقی حاجی خدر ..... ١٨

* ڕەخنە و لێکۆڵینەوە: تەوەرێکی تایبەت بە (کەریم کاکە)
١. کەریم کاکە لەبەردەم (٣) پرسیاردا / ئا: دیوان ..... ٣٥
٢. نهێنییە شاراوەکان لە ڕۆمانی (ئەستێرەی قەڵاتێ)دا / مەسعوود پەرێشان ..... ٣٧
٣. غیرەتی ئافرەت .. تیۆری ڕەخنەیی فێمینیستی و....... / گۆران سەباح ..... ٤٥
٤. هاوارێکی بەردەوام .. ڕۆمانی (شنگال، هایێ ل من) / ڕێباز مستەفا ..... ٤٨
٥. ماچ .. وەکو کارەساتێک لە ڕۆمانی ماچی یەکەمدا / سابیر ڕەشید ..... ٥١
٦. « نیل بە سارای سیناوە » .. خوێندنەوە بە چاوی فیلم و وێنە / سەنگەر زراری ..... ٥٤
٧. گێڕانەوە لە نووسینەکانی ( کەریم کاکە )دا / کۆسرەت ئەحمەد بێکەس ..... ٥٦
٨. درەختی کەتناوە لەنێوان کاریکتەری زۆرباوی و حیکایەتخوانی دۆنکیخۆتی/ عەلی شێخ عومەر ..... ٥٨
٩. جەلیل کاکە وەیس: نایشارمەوە بەرهەمەکانی کەریم کاکە لەڕووی ئەدەبی و فیکری ..... ٧١
١٠. فازیل شەوڕۆ: کەریم کاکە دەنگێکە لە ئەفسانەی خامە، دەنگدانەوەیەک لە خەیاڵدانی واقیع ..... ٧٢

* دەق: (چیرۆک – شیعر)
١. نانەواکە / فێردیناند فۆن شیراخ – لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا ..... ٧٤
٢. داگیرسان...کوژانەوە / ڕۆژ هەڵەبجەیی ..... ٧٧
٣. ژنێکی شاعیر / بەناز کاوێس ئاغا ..... ٧٨

* ڕۆشنبیریی گشتی:
١. بڵاوبونەوەی پەتا گوازراوەکان لە کوردستاندا / موحەممەد گەلاڵەیی ..... ٨٠

* دیدار:
١- دیدار (شێرزاد حەسەن) / دیداری سمکۆ عەبدولکەریم ..... ٩٠

* هونەریی:
١. (دوا ڕۆژەکانی بابلۆ) لە نێوان دەرهاوێشتە ترسناک و ئومێد بەخشەکاندا / حەمەسوار عەزیز ..... ١١٢

* خوێندنەوەی کتێب:
١. ڕۆمانی پاشای گەورە .. نووسین و جیاوازی / تەحسین تەها چۆمانی ..... ١٢٠

* لەبری بیرەوەری:
١. شەو لەکێوان (بەشی٧) / د. ئەرسەلان بایز ..... ١٢٤

* وێستگەی دیوان:
١. (١) پرسیار ..... ١٣٠
٢. بۆ چووینە لای عەزیز گەردی؟ چی پێ وتین! / مەسعودی مەلا هەمزە ..... ١٣٣
٣. (لاوە)کەی من؟! / ئیدریس لاوە ..... ١٣٥
٤. حەسەن زیرەک ... نیو سەدە دوای کۆچکردنی و مانەوە لە لووتکە / قەهار شێخانی ..... ١٣٨
٥. گۆشـــەی دیوان ..... ١٤٠
٦. سالۆنی لاپەڕە (٩) ..... ١٤٢

* لاپەڕە ١٤٤:
١- پێشـەکی / پ.ی.د. ئەحمەد حەمەدئەمین ..... ١٤٤

# دۆسیە

# فاتە هەڵۆ

## ۱۹۳۳ - ۲۰۱۷/٤/٥

(فاتە هەڵۆ) هەندێک دەڵێن لەبەر ئازایەتی و زیرەکی و بوێری و بزێوی ناویان لێناوە «هەڵۆ»، تا ڕادەیەک ئەو ڕایە نزیکە لە ڕاستی، هەندێکی دی دەڵێن گوایە ڕەحمەتی (مام جەلال) ناوی لێناوە «هەڵۆ».


مەجید عەبدولڕەحمان



# فاتە هەڵۆ باسی چەند بەسەرهاتێکی خۆی دەکات

سەرباز مەجید خۆشناو

– ڕۆژەکی لە کۆرانێ مارێ مە کابرایەک بە غاردان دەهاتە خوارێ و زۆر هیلاک و ماندی دیاربوو، غەریبە بوو، زانیم پێشمەرگەیە، بانگم کرد و لە ژوورێ هەندەک نوینم بەسەردادان و چوومەوە دەرێ، چەند عەسکەرەک پەیدابوون، دیاربوو لە دەستیان هەراتبوو، لەو پیاوەیان پرسیار کرد، گۆتم تازە بەغاردان چووە خوارێ، تا تاریک داهات کابرا لە ماڵێ مە مایەوە، شەوێ لە ترسی کەمین، قۆناغ بە قۆناغ بە پێشی دەکەتم، تا گەیاندمە دەرێی ئاوایی.



– لەبەر ئەوەی مارمان لەناو باخچان بوو، ئەو کۆرانەی مەش لابەلایە، ببووە ڕێی پێشمەرگان، هێوارەکی چەند پێشمەرگەک (حاجی حەسەن کاوانی و ئەحمەد زەخۆک و تاهیرە خێل و عەزیز لووشی)یان لەگەڵ بوون، هەوراز دەچوون، پێم گۆتن لەسەرێ کۆرانێ کەمین هەیە، گەڕانەوە و شەوێ لە کۆریتەکی خوار مارێمە مانەوە، لۆ سبەی چووم نانی گەرم و بادیە ماستەکم لۆ بردن، چەند ڕۆژەکی مانەوە، بەشەو چالاکییان دەکردو بەڕۆژیش لەوێ دەمانەوە، ئەو ماوەیە ئەمن خزمەتم ئەکردن و دەنگوباسی دەرێم لۆ دەهینان.

– لە ئەمنی خەبەریان لێدابووم، مەجمووعە ئەمن و عەسکەرەک دەورەی مارێیان گرتین، مەجیدی کوڕم پێشمەرگە بوو شەوی پێشتر هاتبووەو لە مارێ بوو، ئەمن هەراتم و عەسکەرەکان سەریان لەدوو نام، تانۆکی باخچەی دڕی بوو، خوا دەزانی پازێکم هەردا لە بەژنی خۆم برندتر بوو، لەناو دڕی و داران بزر بووم، هەر خەمێ مەجیدم بوو، پاش ماوەکی دەنگەدەنگ نەما گەڕامەوە مارێ، کیژەکانیان بردبووم و ژوورەکەی مەجیدی لێبوو کیژەکان شێوابوون قوفڵیان دابوو، قوفڵم شکاند بانگی مەجیدم کرد، مەجید لەبن کەرەوێتەکەی خۆی شاردبووەوە، باش بوو شەوێ پێم گۆتبوو ئەگەر شتەک بوو هەڕوە بن ئەو کەرەوێتەی.

– لەو سەفینەی شەڕ بوو، پێشمەرگە ماوەکی زۆر بوو مابوونەوە، نانم ئەکردو بە کۆرە پشتان لۆم ئەبردن.

– لە ڕۆژی تەحەرییەکەی شەقراوێ ئەو قائیمەی کە بیست و سێ کەسەکەی پێ شەهیدبوون، ناوم دەگەردابوو، چەند جارەک هاتن ماریان تەحەڕی کردین و نەیان تانی بمگرن، خەبەری زۆر کەسیشمدا خۆیان دەربازکرد.

*** ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی «شالور» وەرگیراوە.**

# فاتە هەڵۆ

فاتیمە حەمەدەمین گۆزێ لە شەقڵاوە و دەوروبەری و خۆشناوەتی و زۆر شوێنی کوردستان بە (فاتە هەڵۆ) ناسراوە. لە ساڵی ١٩٣٣ لە شەقڵاوە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایک بووە، هەر لە منداڵی دایکیان مردووە، سێ خوشک و برایەک بوون، لەگەڵ قادری گۆزێ، کە براگەورە بووە هەر لە منداڵی دەستی بەکار و کاسبی کردووە (ڕەحمەتی قادر گۆزێ) کە برای فاتە هەڵۆیە لە کتابی (من و شەقڵاوە) دا دەڵێت: باپیرە گەورەم بەکرە ڕەش بوو کچی ناوی فاتم بوو، پلکی حەمەدەمینی باوکم ناوی فاتم بوو، حەمەدەمینی بابیشم کچی ناوی فاتم بوو، پلکی منیش ناوی فاتم بوو، واتە لە باپیرە گەورە هەتا فاتە هەڵۆ هەموویان فاتمیان هەبووە.

(فاتە هەڵۆ کچی حەمەدەمین گۆزێیە) خێزانی گۆزێ خێزانێکی گەورە و خانەدانە لە شەقڵاوە، بۆ پێیان گوتووە گۆزێ؟ بە ڕای خۆم لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕەز و باخ و شینایی ومێوەجاتی زۆر بوون، خەڵکی پێشان کە شتی بۆ زستان هەڵدەگرت بەفرگر نەبوو زۆری لەسەر بان بۆ زستان وشکیان دەکردەوە، یان دەیانکردە دۆشاو و مرەبا و دەیانخستە ناو گۆزە و لە بن عاردیان دەنان، پەنیریش هەروەها هەڵدەگیرا، گۆشتیشیان دەکردە قەرە و لە گۆزە و کوپانیان دەنا و لە بن عاردی هەڵیان دەگرت.

ئەوانیش ئەو بەروبوومانەیان زۆر بووە کەواتە گۆزەیەکی زۆریان هەبووە ئەو بەر و بوومانەیان تێ کردوون و لەبن عاردیان ناون، بۆ زستان هەڵیان گرتوون، بۆیە بابی فاتە هەڵۆی بە گۆزێ ناسراوە.

حەمەدەمین گۆزێ کە بابی فاتە هەڵۆیە لەکاتی گوێز داوەشاندن قەل گیزێک بە دەنووکی دەبا و دەفڕی بۆ ئەو بەری سۆرک، حەمەدەمین گۆزێ دەکەویتە دوای قەلێک تا سۆرکی شەقڵاوە لەوێ



دەبینی قەل لەسەر بەردێک هەڵنیشتووە پارێزی لێ دەستێنی و گیزەکەی دێنیتەوە، دەڵێ: با نەڵێن قەل گیزی لە گۆزێ دزی و ئەویش هیچی پێ نەکرا.

(حودە شەل) کە ناوی مەحموود بووە و مامی بابی فاتە هەڵۆی بووە لە چەمەکانی خوارووی شەقڵاوە لەگەڵ هەرس واتە (ورچ) بەشەڕ هاتووە و بە خەنجەران ورچەکەی کوشتووە، بەڵام بە خۆشی لە زۆر شوێن بریندار بووە بە دکتۆری عەشایری چاکی دەکەنەوە، بەڵام لاقێکی هەر شەل دەبیت و نازناوی (حودەشەل) ی پێ دەبڕێت.



مەجید عەبدولڕەحمان

(فاتە هەڵۆ) هەندێک دەڵێن لەبەر ئازایەتی و زیرەکی و بوێری و بزێوی ناویان لێناوە هەڵۆ، تا ڕادەیەک ئەو ڕایە نزیکە لە ڕاستی، هەندێکی دی دەڵێن گوایە ڕەحمەتی (مام جەلال) ناوی لێناوە هەڵۆ، ئەو قسەیە دوورە لە ڕاستی چونکە لەقەبی فاتە هەڵۆ زۆر کۆنترە لە شۆڕش و مام جەلال.

لە خۆشناوەتی کەسێک زۆر قسە بکات و هاروهاج و بزۆز بێ دەیانگوت (دەڵێی هەڵۆ و موتربی) هەڵۆ لە بزۆزی و ئازایەتی زۆر قسەکردن هاتووە، موتربیش دەبێ لە (موتریبی) عەرەبی هاتبێت کە لە کۆن پێیان دەگوت (شایەر) ئەویش هەر لە شاعیری عەرەبی هاتووە. هەندێکی دیکە دەڵێن: (حاجی هەمینێ) مێردی ناوی لێناوە هەڵۆ، ئەوەش دوورە لە ڕاستی هەرچەند خێزانی و دایکی منداڵەکانی بوو بەڵام وەک من زانیومە و شارەزایان بووم و ماوەیەکیش جیرانیان بووین هەردەم حاجی و فاتە هەڵۆ ناتەبا بوون، هیچ کاتێک بەینیان ئەوەندە خۆش نەبووە، تا حاجی بە هەڵۆ و ئازا ناوی بهێنێت، هەردەم ئاژاوەیان

**لە خۆشناوەتی کەسێک زۆر قسە بکات و هاروهاج و بزۆز بێ دەیانگوت (دەڵێی هەڵۆ و موتربی) هەڵۆ لە بزۆزی و ئازایەتی زۆر قسەکردن هاتووە، موتربیش دەبێ لە (موتریبی) عەرەبی هاتبێت کە لە کۆن پێیان دەگوت (شایەر)**



لەبەینی هەبوو، هەردەم شەڕە قسەیان بوو، هەر پێی دەگوت (فاتۆک).

ماڵیان و خانوویان ئێستاش لە گەڕەکی (زەندۆرە) لە خوار ماڵیان گەڕەکی (کریکۆرە) (کریکۆر و سیمۆن) دوو کەسی ئەرمەنی بوون لە قەتل وعامی ئەرمەنییان کەوتبوونە شەقڵاوە، کریکۆر چایخانەیەکی دانا لەو گەڕەکەی کریکۆر، سیمۆنیش ئوتێلێکی لە گەڕەکی (سیمۆن) دانا کە لە پشت کریکۆرە، ئێستاش ئەو دوو گەڕەکە بە کریکۆر و سیمۆن ماونەتەوە.

قافلەی سەربازی لە چایخانەی کریکۆر دادەبەزین و گەشتیارێکی زۆری عەرەبیش هەر لەو شوێنە بوون، بۆیە خەڵکی شەقڵاوەی میوەجاتی خۆیان وەکو توو، گەراز، هەرمێ و قەیسی لە ناو قاپان دەکرد و لە سەر سینییەک دایان دەنا و بە زۆری بە کچەکانیان دەیاننارده چایخانە و جادەی کریکۆری و هاواریان دەکرد (یاااللە توکی توکی، یان یاللە مشمش مشمش) قاپیان بە دە فلوس و نیو درهەم دەدا، لە بیرمە فاتە هەڵۆ توو، گەراز و قەیسی و هەرمێی خۆی هەموو بە قاپان بە کچەکانی خۆی ساغ دەکردەوە و منداڵەکانی پێدەژیاندن، لەبەر ئەوەی حاجی هەمینێ هەردەم لە چیا و چۆل و پێشمەرگایەتی و قاچاخی حکومەت بوو، هەر فاتە هەڵۆ منداڵەکانی بەخێو کردوون. حاجی یەکێکە لەو چەند کەسەی شەقڵاوە کە لە سەرەتای دروستبوونی حزبی (هیوا) پەیوەندی



**حاجی دەڵێ دەبوایە ناوت چەقەڵ بایە، چونکە وەک چەقەڵ و ڕێوی فێڵبازی، نەک وەک هەڵۆ**

پێوە کردووە، حاجی هەمینێ یەکێکە لەو چوار پێنج کەسەی شەقڵاوە کە بەشداری کۆماری مەهابادیان کردووە ئەوانیش: (مەلا کچکە و عەبدوڵڵا ئۆمەر شەقڵاوەیی و محەمەد ساڵح کامەلا و میرانی ساڵح بەگ) بوون.

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولیش حاجی بەشدار بووە، بەڵام لە کاتی پەیدابوونی (جەلالی و مەلایی) حاجی لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە شەقڵاوە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٤کە حاجی پێشمەرگە بوو لە شۆڕشیش قاچاغ بوو.

یەک لە زیرەکییەکانی فاتە هەڵۆ کە بۆ دایکمی گێڕابووەوە منیش لە دایکی ڕەحمەتی خۆم بیستووە دەگێڕمەوە: لە ساڵی ١٩٦٤ کە پێشمەرگە هەندێک لە ناو شار و هەندێک لە بارەگاکانیان لە دەرەوەی شار دەبن خەبەر دەدرێتە شۆڕش کە حاجی هەمێنێ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسییە و لە شەقڵاوە لە ماڵەوەیە، ئەوانیش مەفرەزەیەک دەنێرن کە حاجی بگرن، پێشمەرگەکانیش زۆربەیان هاوڕێ و هاوسەنگەری حاجین پێش چوونیان خەبەری بۆ دەنێرن حاجی ئاگاداری خۆت بە دێین دەتبەین برۆ لە ماڵەوە، حاجی دەڵێ فاتۆک دەڕۆم، ئەویش دەڵێ بۆ کوێ دەڕۆی؟ ناو شەقڵاوە هەمووی حکومەت و حەرەس قەومییە، دەرەوەی شەقڵاوەش هەمووی لەبەر دەستی پێشمەرگەی مەلاییە تۆش جەلالی دەربازت نابێت، وەرە با بتشارمەوە. حاجی دەڵێ لە کوێ فاتۆک؟ خۆ ماڵێ هەمووی سەراو بن دەکەن هەر دەمدۆزنەوە؟ فاتۆک دەڵێ خەمت نەبێت وەرە لە تەویلەی ولاخان کەر و مانگا و گوڵکی لێیە، بەرمیلێک لە بن زگی کەرێ دادەنێت و حاجی وەرە برۆ بن

سکی کەرێ لە گەڵ ئەو جلەی لە سەر پشتی کەرێیە تا سەرمای نەبی دەتبەستمەوە، حاجی لەبن زگی کەرێ سەر بەرەو خوار دەبەستیتەوە و تەنگەو پاروی قایم دەکات، کە دێن دەڵێن فاتم کا حاجی؟ فاتم بۆچیتانە؟ دەڵێن بوویتە جەلالی هاتووین بیگرین، فاتۆک دەڵێ: قەت شەرم ناکەن حاجی پێشمەرگەی کۆماری مەهاباتە و ئێستەش پێشمەرگەی ئەیلوولە لە بەر جەلالی و مەلایی دەیگرن؟ دەڵێن: ئەمرە دەبێت بیبەین، دەڵێ: هەی غەریبینە سەعاتەک پێش هاتنتان هەر لە برادەرەکانی خەبەری بۆ هات چەکو تاقمی بەست و بەو زەندۆرەی شۆڕ بووەوە، حاجی بە ئێوە دەگیرێت؟ ئەوە ماڵ لە پێشتانە بگەڕێن، ئەگەر من و منداڵانیش دەبەن فەرموون و ئەوانیش سەرپێی سەرێکی ماڵەوەو تەویلەی مالاتی دەدەن کەس نییە دەگەڕێنەوە، بەو جۆرە فاتە هەڵۆ بە زیرەکی خۆی حاجی دەرباز دەکات و دەچیت دەیکاتەوە دەڵێ: هەستە ڕۆیشتن، حاجی دەڵێ دەبووایە ناوت چەقەڵ بایە، چونکە وەک چەقەڵ و ڕیوی فێلبازی، نەک وەک هەڵۆ.

(فاتە هەڵۆ زۆربەی ڕۆژانی هەینی دەهاتە بالیسان، من لەوێ فیراری سەربازی بووم مەجید پێشمەرگە بوو لەگەڵ برایەکی و هەر شیوێکی بهێنابایە دەیگوت مەجید تۆش کوڕی منی دایکت برادەرمە و هاوتەمەنین وبرادەری مەجیدی کوڕی منیشی وەرە لە فلان شوێن لە دەشتی بالیسان دادەنیشین، لەگەڵ خێزانی ئەوان هەتا دەگەڕانەوە دەمانەوە.

کاتی لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی ١٩٨٣ هات من گەڕامەوە شەقڵاوە و لە جیاتی سەربازی بە (ئینتیداب) لە گوندی ئەسپیندارەی دۆڵی هیران بوومە مامۆستا، هەموو ڕۆژانی هەینی کە دەهاتمەوە شەقڵاوە دەمدیت باوەشی پێدادەکردم دەیگوت بۆنی مەجیدت لێدێ، چونکە ئەو عادەتێکی هەبوو هەموو بەیانییان کاتژمێر هەشت دەهاتە پێش مزگەوتی گەورەی شەقڵاوەی، خەلک لەوێ کۆدەبوونەوە یەکە یەکە لە خەڵکی دەپرسی: ئەو شەو چی هەبووە؟ لە کوێ تەقە بوو؟ پێشمەرگە چ چالاکییەکی کردووە؟ ئەو هەواڵانەی هەموو وەردەگرت، زۆر جاریش ئەو پێشمەرگانەی چالاکییەکەیان کردبوو لەلای ئەو شاردرابوونەوە، زۆر جار بەمنی دەگوت: مەفرەزەی فلان بوو، دەمگوت لەلای تۆن؟ زۆر بە ڕاشکاوی دەیگوت لە لای منن، چونکە متمانەیەکی تەواوی پێم هەبوو، زۆربەی جاریش من دەمزانی کێن ئەو لە منی دەپرسی چونکە ماڵی ئێمە لە ناو باخچان بوو، کۆلانی ئێمە کۆلانی هاتووچۆی پێشمەرگە بوو و هەرلایەنێکیش بهاتبایە من ئاگادار بووم، لەبەر ئەوەی جێی متمانەی هەموو لایەک بووم، زۆرجار پێش ئەوەی بڕۆن بۆ چالاکییەکە دەیانگوت برۆ بۆ فلان شوێن، یان تەلەفۆن بکە لەو کات تەلەفۆنی ماڵان هەبوو بزانە کەمین هەیە؟ یان بە تەلەفۆن، یان بە ئۆتۆمبێل دەچووم، زۆرجار بە ئۆتۆمبێلی خۆمان دەمبردن.

لە ناو زەندۆر، خوار ماڵی فاتە هەڵۆ، چەند کۆریتێکی کۆن هەبوو زۆربەی جار پێشمەرگەی لەناو ئەو کۆریتانە دەشاردەوە بە خۆشی لە سەر جادە دەبووە حەرەس هەرجوولەیەکی گوماناوی هەبووایە یەکسەر خەبەری دەدانێ، لەوێ مەجالی دەرباز بوون هەبوو بۆ ناو باخچەکان دوایی بۆ سۆرکی شەقڵاوە.

ڕۆژێک (وەستا فەتاح کاوانی و زرار مەلا گچکە و دوو پێشمەرگەی دیکە لە یەکێک لەو کۆریتانە دەبن، هێزی سەربازی یەکسەر لەو گەڕەکە دادەبەزن، ئەویش بە پەلەپەل گۆلکێک بە پێش خۆی دەدا و بەرەو کۆریت هەر دەڵێ (وەحە کەشف بوون، وەحە کەشف بوون) وەستا فەتاح دەڵێ: چییە پلکە فاتم؟ دەڵێت سەرباز لە جادەی سەرەوەن ئەگەر بێنە خوارێ دەگیرێن، فەتاح دەڵێ: تازە سەعات چوارە کەشف بین و نەبین ناتوانین بۆ هیچ لایەک بڕۆین، برۆ ئەگەر هاتنە ماڵەوە تاخیریان بکە خەمی ئێمەت نەبێت، ئەویش دەچیتە ماڵەوە سەرباز دێنە ماڵێ ئەویش هیچ خۆی تێکنادا ئاوی سارد و قەیسی و گەرازیان لەپێش دادەنێت دەڵێن موخەریب لەو گەڕەکە هەیە، ئەویش دەڵێ کەس لێرە نییە درۆیە ئەوە باخچە و ماڵ بگەڕێن، ملازمێکیان لەگەڵ دەبێت دیارە کەسێکی باشبووە دەڵێ: باوەڕت پێدەکەین یەکسەر دەڕۆن.

ماڵی فاتە هەڵۆ مەکۆی پێشمەرگە و کەسانی قاچاغ بوو، هەردەم ژیانی خۆی و منداڵەکانی لە مەترسیدا بوو، سەرەڕای ئەوەی دوو کوڕیشی پێشمەرگە بوو، بەلام پاش ڕاپەڕین ئەویش وەک ئەو هەموو خەڵکە شۆڕشگێرەی شەقڵاوە لە بیرکرا.



**"ماڵی فاتە هەڵۆ مەکۆی پێشمەرگە و کەسانی قاچاغ بوو، هەردەم ژیانی خۆی و منداڵەکانی لە مەترسیدا بوو سەرەڕای ئەوەی دوو کوڕیشی پێشمەرگە بوون"**



## شارێک نازناوی هەڵۆ دەبەخشێت بە ژنێک

# (تا ماڵاوایی لە ژیانکرد، هەر هەڵگری ناوی هەڵۆ بوو)

زرار سەرتاش

> «فاتە هەڵۆ پێدەکەنی و دەیگوت: کورد دەمێکە گوتوویەتی: ئەوەی گا دەیکات گا نایخوات»

لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردوو، لەم بناری سەفینە، لە شەقڵاوەی پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن. شاری فرە ئاینی، شاری موسلمان و مەسیحی و جو، شارێک تەژی لە کێشەی چینایەتی شاری میر و بەگزادە و کرمانجان، شێرە ژنێک لە لایەن خەڵکی دەڤەرەکە نازناوی هەڵۆی پێ دەبەخشرێت، پێبەخشینی ئەم نازناوەش هەر لە خۆڕا نەبووە، بەڵکو ناوێک بە هەمو واتاکانی شایەنی ئەو شێرە ژنە بوە.

هەلۆ بەڵێ ناوی هەڵۆ کرا بە باڵای ژنێک کە ناوە ڕاستییەکەی کە فاتیمە بوو، لێی ون کرد و لێی سەندەوە. تا ماڵاوای لە ژیانکرد، هەر هەڵگری ناوی هەڵۆ بوو.

[فاتیمە حەمەدەمین گۆزێ] ناسراو بە فاتە هەڵۆ ژنێک جیاوازتر لە بەشی هەرە زۆری ژنانی شارەکە. لە تەمەنی لاویەتیدا دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیریی لە گەڵ خدر سەعید ناسراو بەحاجی هەمین-ی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان [مهاباد] پێکدەهێنێت، ئیدی لەو کاتەوە ئەم شێرە ژنە دەبێتە وێردی سەر زاران و تێکەڵ بە کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی دەبێت. لە زۆربەی بۆنە و کۆبوونەوە سیاسی و جەماوەرییەکاندا دەبێت بە پێشەنگ. لێرەدا باس کردن لە سەر ئەم شێرە ژنە زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت کە بتوانین بە چەند دێڕێک، یان بە چەند لاپەڕەیەک باس لە هەڵوێست و ئازایەتی و خۆنەویستی و چاو نەترسی ئەم ژنە بکەین. هەڵۆ وەنەبێت تەنیا لای خەڵکی دەڤەرەکە ناسراو بێت، بەڵکو بوو بە ناوێک کە بەشێکی زۆر لە سەرکردە و فەرماندە سەربازی و سیاسییەکان ئەم شێرە ژنەیان لە نزیکەوە دەناسی.

ئەگەر چاوێک بە دیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان دابخشێنین، یەکە یەکەی لاپەڕەکانی مێژوی دوێنێی ئەم گەلە بەشمەینەتە هەڵبدەینەوە، گەڵێک ژنی هاوشێوەی هەڵۆمان بەرچاو دەکەون. بەشێکی زۆریان گەر ڕۆڵیان لە پیاوان زیاتر نەبووبێت کەمتریش نەبووە. نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە زۆر جاران دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگر بوون لە ناسین و بە دیار کەوتن و بە ناوبانگ بوونیان. وەک سەربازی ون ماونەتەوە بێناز سەریان ناوەتەوە و لەبیر چوونەتەوە. لێرەدا دیارە کەسانێک قۆلیان لێ هەڵمالیوە و مەبەستیانە ئەم شێرە ژنانە بخەنە ناو ئاخنی لاپەڕەکانی مێژوو، تا بە نەوەی ئێستا و داهاتوویان ئاشنا بکەن. لێرە دا من دەمەوێ هەندێک لە مەڕ ئەم شێرە ژنە بنووسم بەڵام بە ترسەوە وشەکان بە دوای یەکدا ڕیز دەکەم نەبادا وەکو پێویست مافی تەواوم بە ڕابوردوی ئەم شێرە ژنە نەدابێت. ساڵانێکە دەمەویست، یان بە نیاز بووم کارێکی ئەدەبی دەربارەی هەڵۆ ئەنجام بدەم، نازانم بۆ هەمیشە کە دەمەویست ئەم بارە گرانە بخەمە سەر شانم لە دەستپێکی کارەکەمدا دەستەکانم دەلەرزین و ترس هەموو جەستەی دادەپۆشیم، پەشێمان دەبوومەوە. دواجار لە دانشتنێکی ئەدەبیانەدا لە گەڵ کۆمەڵێک لە نووسەران باس هاتە سەر باسی ئەم شێرە ژنە. هەر یەکە لە سابیر ڕەشیدی ڕۆماننوس و دکتۆر کەمال سەعدی و سلاح عومەری ڕۆماننوس و سەباح ڕەنجدەری شاعیر و مەجید خۆشناوی کوڕی ئەم هەڵۆیە و مامۆستا مەجید ڕەحمان و ئەسکەندەر کاکە سوور و ئازاد خەمەی شانۆکار ئەم ئەرکە قورسەیان بە بەندە سپارد

و بوون بە هاندەر كە دەست بە نوسینی ڕۆمانی [فاتە هەڵۆ] بكەم كە ماوەیەكە سەرقالم و بە نووسینی خەریكم گەر خودا پشتیوانم بێت و تەمەن بوارم بدات ئەم پڕۆژەیەی نووسینی ڕۆمانەكە بەردەوامی دەبێت و بەم نووسینەم خزمەتێكی بچووک و وەكو ئەركێكیش لە مەڕ دیرۆكی ئەم تەوارە جێ بە جێدەكەم هەرچەندە كارێكی زۆر قورسە و وا شانم داوەتە بەری نازانم سەركەوتوو دەبم، یان نا.

لەم نوسینە كورتە دا نامەوێ بە درێژی باس لە ژیانی فاتە هەڵۆ بكەم. ئەوەی زیاتر مەبەستی بەندەیە، دەمەوێت لە داهاتودا بە درێژی باس لە كردار و ڕەفتارە پڕ لە جوامێرانەكەی و ژیانی ڕاستەقینەی ئەم شێرە ژنە بكەم بە ڕۆمانێک. لە ناو ئاخنی ڕۆمانەكەدا ڕەفتار و كار و كردارە بوێرەكانی فاتە هەڵۆ  تێكەڵ بە چەندین وینەی خەیاڵاوی بخەمە ناو چوارچیوەی ڕۆمانەكەم و لە پەراوێزی ڕۆمانەكەدا، یان باشتر وایە بڵێم لە ناو ئاخنی ڕۆمانەكەمدا، ئاماژە بە چەندین شێرە ژنی دیكەی هەڵۆ ئاسا بكەم. كە ئەوانیش وەكو ئەو ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەم شارەدا، بەتایبەتی و لە دەڤەرەكە بەگشتی. بەڵام لەم نووسینە كورتەمدا دەمەوێت چەند قسەیەكی كورت دەربارەی فاتە هەڵۆی چاو ساغی پێشمەرگەكان، گەر زیادەڕۆییم تێدا نەكردبێت كەم كەس هەیە ئەوەی گەر بۆ ماوەیەكی كەمیش، لە شەقڵاوە ژیابێت، یان لەو دەڤەرەی خۆشناوەتی پێشمەرگایەتی كردبێت، یان كاری سیاسی و ڕێكخراوەیی ئەنجام دابێت بێ وێژدانییە، گەر بە ڕەفتارە پڕ لە جوامێریەكەیی و ئازایەتی و چاونەترسی هەڵۆ ئاشنا نەبووبێ، فاتە هەڵۆی چاو ساغ و ڕێنیشاندەری پێشمەرگەكان لە شەوە تاریكەكاندا.

ماڵەكەی شوێن حەسانەوە و خۆ حەشاردان و ناندین بۆ ئەوانەی چەک لە شان بوون، هەڵۆ هێڵی پەیوەندی بە یەكەوە بەستنەوەی شار و شاخ لە دەڤەرەكەدا، لە دابینكردنی ئاسوقە و پێداویستی پزیشكی، كەم لایەنی سیاسی هەبووە لەم ناوچەیەدا دەستی هاریكاریكردنی ئەم شێرە ژنەی پێ نەگەیشتبێت. ژنێک لای زۆربەی بەرپرسە عەسكەری و سیاسییەكان ناوێكی ناسراو لە ڕۆژانی تەنگانە و لە بیركراودا لە دوای ئازادی،  بەڵام ئەو خاوەنی كەسایەتییەكی بەهێز و ورە بەرز بێت، داواكاری



ئەوەی مەبەستی بوو میللەتەكەی سەرفراز بێت و هەوای ئازادی هەڵمژێت هەرخۆشی بە پێكەنینەوە دەیگوت: قیروسیا لەخۆم، گرنگ ئەوەیە وا بەرهەمی ماندوو بوونەكەمان چنیەوە، با منیش بەرهەمەكەی نەخۆم و بۆ من نەبێت ئەی نابینن زۆرترن ئەوانەی هاتنە سەر سفرەی حازری، گرنگ ئەوەیە زۆرترن ئەو كەسانەی بەرهەمەكە دەخۆن، پێدەكەنی دەیگوت: كورد دەمێكە گوتوویەتی ئەوەی گا دەیكات گا نایخوات.

لە ڕۆژە هەرە سەختەكاندا لەو دەمانەی كە كورد بوون كارێكی زۆر سەخت و كوردایەتی لەو سەختر بوو، ئەو ژنێک بوو، دایكی دوو كوڕە پێشمەرگە، دەیان جار بە جەربەزەیی و چاونەترسی خۆی، لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە و سەدان جار جوامێرانە لە دەستی پیاوانی ڕژێم ڕزگاری بووە. ماڵەكەی هەمیشە لە ژێر چاودێری دابووە، چەندین جار هەڵیان كوتاوەتە سەر ماڵەكەیان و هاوسەر و كچەكانی خزاونەتە كونجی زیندان، بەڵام ئەو هەمیشە بێ باكانە بەگژ  داگیركەراندا چووەتەوە نە زیندانی كردنی خانەوادە، نە چاو سووركردنەوەی پیاوانی ڕژێم ئەویان لە خەبات سارد نەكردۆتەوە. بۆ مێژوو دەیڵێم و هەموو خەڵكی  شارەكەش گەواهی ئەوە دەدەن كە ماڵی هەڵۆ تا مرد هەر خانووە قوڕەكەی نیو سەدە پێش ئێستە بوو.

لە  ناوەڕاسی هەشتاكانی سەدەی ڕابوردودا،

**كەسێک ئەگەر لە نزیكەوە ئەم هەڵۆیەی نەناسیبێت لای ئەفسانەیە**



مەجید خۆشناو و دایكی



**"فاتە هەڵۆ لە یەک کاتدا دایکە پێشمەرگە و دایکە هونەرمەند و دایکی مامۆستا مەجیدی پێشمەرگە و مۆزیک ژەن و هیڤی هونەرمەند و لوقمانی پێشمەرگە بوو"**

کە مامۆستا مەجیدی هونەرمەند و پێشمەرگە لە ماڵی خۆیان دەبێت، ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و جاش و پیاوانی ڕژێم دەورەی ماڵی هەڵۆ دەدەن، بە مەبەستی گرتنی سەرجەم خانەوادەکەیان، چونکە لەو سەردەمیدا ڕژێم خانەوادەی ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرد کە کوڕ و برا، یان کەسێکیان پێشمەرگە بوویە، لەم خانەوادە تێکۆشەرەی هەڵۆش، جگە لە مامۆستا مەجید، لوقمانی کوڕیشی چەک لە شان و پێشمەرگە بوو. کاتێک ئەم شێرە ژنە بەوە ئاگادار دەبێت کە دەوری ماڵەکەیان پڕ لە چەکدارە، هیچ خۆی ناشلەژێنێ و یەکسەر دەرگای ئەو ژورە دەکاتەوە، مامۆستا مەجید ئاگادار دەکاتەوە کە ماڵەکەیان بە سەرباز و پیاوانی ڕژێم تۆق دراوە، بە مەبەستی دوورخستنەوەی ترس لەسەر کوڕەکەی و چەواشەکردنی چەکدارەکان. وای بە خەیاڵ دادێ، ئەگەر ئەو ڕابکات ئیتر چاوی پیاوانی ڕژێم دەکەوێتە سەر ئەو و ئاگایان لە مەجید نامێنێت، تا ئەو کارە دەکات دەیانخافڵێنێت، مەجید خۆی حەشار دەدا و چارەیەک دەکات. هەڵۆ بێ ئەوەی لەم هێزەی دوژمن بسەلمێتەوە، شێرانە بە سەر بەرژینی باخچەکەیاندا سەردەکەوێت و خۆی ئاودیوی ناو باغی جیرانەکەیان دەکات و خۆی لە دەستی ئەم هەموو سەربازە دەرباز دەکات و خۆی دەگەیێنێتە ناو زەندۆلی شەقڵاوە، چەکدارە ترسنۆکەکان هەڵۆیان لە دەست ڕزگار دەبێت، ناوێرن بە دوایدا بچن، چونکە شوێنەکە پڕ بوو لە دار و دەوەن. هەڵۆ کە بەمشێوەیە ڕادەکات و چەکدارەکان هەر هەموویان بە ڕاکردنی ئەو سەرقاڵ دەبن، مامۆشتا مەجید لە ژورەکەی دەرفەت وەردەگرێت و خۆی لە ژێر قەنەفەکە دەشارێتەوە. بەڕێوەبەری ئەمنی شەقڵاوە و ئامری فەوجی سەربازی و لێپرسراوی حیزبی بەعس خۆیان دەچنە ژورەکە بە مەبەستی پشکنینی ماڵی هەڵۆ، لەسەر ئەم قەنەفەیە چەند خولەکێک دادەنیشن بەڵام هەرگیز بیریان بۆ ئەوە ناچێت کە کەسێک لە ژێریانەوە خۆی حەشار داوە. دوای ماوەیەک ماڵەکە بە جێدەهێڵن و بەدەستی خاڵی دەگەڕێنەوە، بەڵام دەرگای ئەو ژورە قفڵ دەکەن کە مامۆستا مەجید خۆی تێدا حەشار دابوو، دوای ڕۆیشتنی چەکدارانی ڕژێم، ئینجا هاوسێکانیان دەچن دەرگاکە دەشکێنن و مامۆستا مەجید ڕزگار دەکەن.

هەڵۆ هەمیشە کردبووی بە کاری ڕۆژانەی و بە

**دەیان جار بە جەربەزەیی و چاونەترسی خۆی، لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە و سەدان جار جوامێرانە لە دەستی پیاوانی ڕژێم ڕزگاری بووە**

پیشەی لە هەر حەشارگەیەکدا کەسێکی داواکراو، یان چەکدارێک، یان چەند چەکدارێک خۆیان تێدا حەشار دابێت ئەو خۆیی و خورجیە پڕ لە پێداویستی، لە نان و خواردن، لەوێ ئامادەیی هەبووە. دەیان چیرۆک دەربارەی ئەم هەڵۆیە بوونەتە وێردی سەر زاران، کەسێک ئەگەر لە نزیکەوە ئەم هەڵۆیەی نەناسیبێت لای ئەفسانەیە. هەڵۆ بە هەموو واتایەک زۆر لە پێشەوەی ژنانی هاوشاری خۆی بووە، فاتە هەڵۆ لە یەک کاتدا دایکە پێشمەرگە و دایکە هونەرمەند و دایکی مامۆستا مەجیدی پێشمەرگە و مۆزیک ژەن و هیڤی هونەرمەند و لوقمانی پێشمەرگە بوو، ماڵەکەی هەمیشە دەرگای کراوە بوو، خوانی پڕ بۆ هونەرمەند و نوسەران. من لەم نووسینە کورتەدا هەر ئەوەندە دەخەمە بەر دیدەی خوێنەران، نامەوێت زیاتر درێژ دادڕی بکەم هەر وەکو لە دەستپێکدا ئاماژەم پێدا گەر مەرگ نەبێتە ڕێگر لە ڕۆمانەکدا زۆر شت دەخەمەڕوو. فاتە هەڵۆ زۆر مافی بە سەرمەوەیە، هەم هاو گەڕەک و هەم هاوشاری و هەم دایکی هەردوو هاوڕێی تەمەن مامۆسا مەجید و کاک لوقمان-ە لە هەمانکاتیشدا بەهۆی تێکەڵیمان و هاوڕێیەتی کوڕەکانی دۆستێکی زۆر نزیک و ئازیزم بووە. لیرەوە درود بۆ گیانی فاتە هەڵۆی هەر هەموان، فاتە هەڵۆی دایکی پێشمەرگە و هونەرمەند و نوسەران و خەمخۆرانی نەتەوەکەی.



# فاتە هەڵۆ لە ڕۆمانی شمشێری مووسای من دا

سابیر ڕەشید

فاتە هەڵۆ زەمەن برە، کەسایەتی ئافرەتی بەهێز و خاوەن ورە و ڕاچەنیوی هەموو زەمەنەکانە، بۆیە من وەک دەسەڵاتی ڕۆماننووس، لە زەمەنی خۆی دەرمهێناوە و بردوومە بۆ زەمەنێکی زووتر لە خۆی، زەمەنی سیستەمی پاشایەتی لە عێراق و کوردستاندا. دەیەی چلەکان و پەنجاکان ئەو کاتانەی کە جووەکانی عێراق بەگشتی و کوردستان و هەولێر و شەقڵاوەش بەتایبەتی هێشتاکە کۆچیان پێ نەکرابوو بۆ ئیسرائیل و لەژێر جەور و ستەمی سیستەمی پاشایەتی بەگشتی و زۆرداری و چەوساندنەوەی ئاغا و دەرەبەگەکاندا دەیانناڵاند.

بەهۆی جیاوازی ئایینیشەوە، کەسانی ساویلکە و پیاوانی مشەخۆر و ژێردەستی دەرەبەگەکان و فوودراو بە ئەقڵییەتی دواکەوتوویی وەک کەسی دژ بە ئایین و زیان گەیەنەر بە پیرۆزییەکانی ئیسلام و وەک گاور سەیرییان دەکرا، تەنانەت لای هەندێک لەو ڕق ئەستوورانە چ بۆ بەرژەوەندی و نیشاندانی دڵسۆزی بۆ ئاغا و بەگزادەکان و چ وەکو دروستبوونی بڕوای گاوربوونی ئەم ئایینە سووکایەتییان پێدەکرا و دەچەوسێنرانەوە و پاکتاویشیان دەکردن و دژی هەموو دابونەریت و هەڵسوکەوتەکانیان و بەهاکانی ئەوان ڕەوتارییان دەکرد.

فاتە هەڵۆ لە ڕۆمانەکەم دا سەرقافڵەی ئافرەتە یاخییەکانە لە سیستەم و دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی شەقڵاوە، چاونەترسە، خاوەن ویژدانێکی زیندووە، داکۆکی لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بوونی جیاوازییەکانی ڕەگەزی و نەتەوە یی و ئایین و هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکە، تەنانەت ئەگەر ژیانی خۆشی کردبێتە قوربانی.

باکی بە مردن و ئەشکەنجە و ئازاردان نییە، ئەو بڕوای بە ئازادی مرۆڤ و ئازادی بیروڕا و ئازادی ئایینی و ئازادی کۆمەڵایەتی و هەموو یەکسانی و ئازادییەکانی تاکە کەس بووە.

من ئەو پۆلە ئافرەتەم لەخۆوە هەڵنەبژاردووە کە شان بە شانی فاتە هەڵۆ لەم ڕۆمانەدا ئامادەییان هەیە، بەڵکوو ئەوانە ئافرەتی ڕاچەنیو و بە غیرەت و تێگەیشتوو و بوێر و ناوداری شەقڵاوەن و بوونەتە بەشێک لە مێژوو و ناوبانگ و تۆماری پڕ سەروەری ئەم شارە، گەورە و بچووک، نەوەی ئێستا و ڕابردووش دەیانناسێ و حەوجە بە ناساندن ناکەن.

لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا کە لەژێر ناوی (ئەو دەمەی زمان نایەتە گۆ)یە کاتێ مامی ئیسحاقی بگێڕەوەی ڕۆمان باسی چۆنیەتی کوشتنی (یۆنان)ی مامی دەکات کە بە دەسیسەی ئاغاکان بەدەستی بەکرێگیراوان بە تۆمەتی دەرچوون و زیان گەیاندن بە ئایین و بە بیانووی پیاوی ڕووس کوشتوویانە، چونکە مامۆستایەکی شیوعی بوو و خەباتی دژی چەوسانەوە و دەرەبەگایەتی و ئازادی مرۆڤ و عەدالەتی

> “فاتە هەڵۆ لە ڕۆمانەکەمدا سەرقافڵەی ئافرەتە یاخییەکانە لە سیستەم و دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی شەقڵاوە”



کۆمەڵایەتی و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی دەکرد، بڕوای بە ئازادی و یەکسانی مرۆڤ هەبوو، بۆیە لێی دەترسان و پیلانییان بۆ لەناوبردنی ڕێکخست و لە سەروبەندی هێرش کردنییان بۆ کوشتنی مامۆستا یۆنان بە سێ کتێبی خوا و سێ ئایینی جیاواز بەربەست لەبەردەم هێرشکەراندا دروست دەکرێت (دوای ئەوە خەجیج خان و مریەم باسە و زەخۆک و فاتە هەڵۆش گەیشتنە لای ماڵی ئێمە (ئەمە گێڕانەوەی ئیسحاقە) ئەوانیش هاتن بە تووڕەییەوە دڕیان بە هێرشبەراندا، هێشتاکە تەرازووی هێز بەدەست هێرشبەراندا دەشکایەوە، چونکە بەربەستی داکۆکیکاران تەنیا کتێبەکانی خوایان پێبوو، کەسانی شەڕانگێز نەبوون، بەڵام



هێرشبەران بەرد و چەقۆ و خەنجەرییان پێبوو.... ل٧٣).

ئافرەتانی ڕاچەنیوی شەقڵاوە دەبنە داکۆکیکار و بەربەست لەبەردەم کوشتنی مامۆستا یۆنان، ئیسحاق بۆ تەواوکردنی گێڕانەوەکەی دەڵێ: (بابم و مام مەنسوور و ئێلیا گۆگە و حاجی مەلا ساڵح و قەشە جوبرائیل شێر و ماڵم هەموو لە دەوری مامم بوون، هەرسێ ماڵ خەجیج خان و فاتە هەڵۆ و مریەم باسە و زەخۆکیش، بەدەم هاواری بابمرن ئاغا و چەوسێنەران و هوتاف کێشانەوە هەموو بە دووی بابم کەوتن، کە مامی بە بریندارى لە باوەش کردبوو، بە زاری قسە و نەفرەت و ناڕازی بوون بەم ڕووداوە، هەرکەسە و تووڕەیی خۆی دەردەبڕی، هەموو بەرەو نەخۆشخانەی شەقڵاوە بەڕێکەوتن... ل٧٥).

لەبەردەم نەخۆشخانەدا ئافرەتانی ئازادیخواز و بوێر و ڕاچەنیوی شەقڵاوە شان بە شانی پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیر و خەباتکاری ئەم شارە لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە دابوون بۆ ڕزگاربوون لە توندوتیژی و وەستان دژی کوشتن و خراپەکاری و بەگژداچوونەوەی فەرمانڕەواکانی ئەم شارە و بەشداربوون لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئازادی مرۆڤ.

نامەوێ زیاتر باس کەسایەتی فاتە هەڵۆ بکەم، چونکە دڵنیام برادەرانی دیکە زۆر بە وردەکارییەوە باسی قارەمانی و بوێری و چاونەترسی و دڵسۆزی و کوردپەروەری و خۆشەویستی شارەکەی خۆی و کوردستان و گیان فیداکاری و قوربانی و کۆڵنەدان و ماندوو نەبوون و گیانی وەفاداری و خۆشەویستی فاتە هەڵۆ بە زیادەوەش باس دەکەن، بۆیە لەم نووسینەدا درود و سڵاو بۆ گیانی پاکی (فاتە هەڵۆ) دەخوازم، خۆزگە لە شوێنێکی شایستەی شەقڵاوەدا پەیکەرێکی بۆ دەکرا.

دڵنیاشم (زرار سەرتاش)ی هاوڕێم و نووسەری دڵسۆزی ئەم شارە بە ڕۆمانی (فاتە هەڵۆ) گەورەیی و قوربانی و دڵسۆزی خەباتی بەردەوام و وردەکاری ژیانی دایکی (مەجید خۆشناو)ی هونەرمەند و شاعیر و توێژەر و خەباتکارمان زیاتر پێدەناسێنێ.

**ژێدەر:**

سابیر ڕەشید، شمشێری مووسا، ڕۆمان، چاپی دووەم، چاپخانەی (تاران)، هەولێر، ٢٠١٩.



# هەڵۆی دایک

مەجید خۆشناو

ئافرەتێکی بوێرو چاونەترس، کە منداڵ بووم بۆمانی دەگێڕایەوە، زۆرجاران تابەیانی باخەکەی ماڵی باوکی، کە ١٥٠٠مەتر بووە ئاوی داوە. گوێزی ماڵیان کە بەرزایی سی مەتر بووە دای ئەوەشان. بەڵێ باوکم کە پێشمەرگەی شۆڕشی مهاباد بووە، دوای ئەوەی کە ڕۆڵی بەرچاوی بووە لەداگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، کە ئێمەی جێهێشت دایکم ئەرکی گەورەی کەوتە سەرشان، ئەویش پەروەردە و بەخێوکردنی ئێمە بوو. بەشیری مانگا و بەرهەمی باخچەکەمان ئێمەی پێگەیاند، کە ئەوکاتە پێنج خوشک و برابووین ..

**ڕۆڵی دایکم لەشۆڕش:**

بەبیرم دێت منداڵ بووم پۆلی دووی سەرەتایی بووم، شەو بوو، یەکەم دانیشتنی شۆڕشی ئەیلول لە کۆتایی مانگی هەشت لەباخچەی ئێمە بوو، کە زیاتر لە پەنجا کەسایەتی بوون لەڕێکخستنی پارتی بوون، لەناویانا شەهید مەحموود کاوانی و حەمید کاوانی و کوڕەکانی شێخ تەهای نەهری هۆشەنگ و فەرهەنگ.

دوای هەفتەیەک یەکەم سەنگەریان لەچیای سەفین بوو لە ئەشکەوتی حۆداوە. کانی گوێز و سەفین، ئەو کاتەش ڕۆڵی دایکم زۆر مەزن بوو، وەک پێشمەرگەیەکی ناوشار هەموو شەوێک ماڵمان مۆڵگەی پێشمەرگە بوو، شەوانە شوێن هەبوو، لە کۆریتەکی نزیک ماڵمان پێشمەرگەمان دەشاردەوە.

لەشۆڕشی تازەی گەلەکەمان ناوی دایکم ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو، دکتۆر کەمال خۆشناو یادی بەخێر، کە من لەشاخ بووم دەیووت ئێمە دایکتمان هەبێت لە شەقڵاوە یەکێتیی ئافرەتان و ژنانمان ناوێت، تەنیا نموونەیەک دێنمەوە لەسەر ئازایەتی دایکم جارێک لەجاران، پێشمەرگەیەکی دیل لەدەست ڕژێم ڕادەکات، دایکم دەیشارێتەوە بۆ ئێوارە جوولە و هاتووچۆ قەدەغە دەکرێت، بۆ ئێوارە تا درەنگانی شەو سوپا و مەفرەزەکانی ڕژێم بەناو شار و کون و کۆڵانەکان بڵاودەبنەوە تادرەنگانی شەو ئینجا دوای دوو ڕۆژ ، کە ئەوکاتە من منداڵ بووم، باوکم لەشاخ بوو، لەناو کادینی کاو شوێنی مانگا شاردمانەوە دوای دوو ڕۆژ جلمان گۆڕی و دوای هێور بوونەوە ئینجا من و دایکم لەگەڵی چووین شەوێکی درەنگ بوو، تاگەیاندمانە نزیک بانە نۆک، ڕێگەی هیران، بەڕێمان کرد. دەیان نموونەی دیکە بێ جیاوازی بیروڕا هەموو مەفرەزەی حزبەکان دەهاتن، هیچ جیاوازیمان نەدەکرد، شەوانە دایکم کە پێشمەرگە دەهاتن، درەنگانی شەو بەتاریکی کۆڵان و ئەو شوێنانەی بەسەر دەکردنەوە کە گومانی کەمینی لێدەکرا، بەپێش پێشمەرگە دەکەوت تا دەیگەیاندنە شوێنی ئارام، دایکم ئەو ئافرەتە بوو، کە ٢٤ ئافرەتی بەناوی فاتیمەی لەسەر گیران.

ئەوەی جێگای داخە تالەژیان بوو خەڵاتەکەی دوو میدالیا بوو لەلایەن پارتی و یەکێتیی-یەوە. لەجیاتی ئەوەی مۆنۆمێنتەک پەیکەرێکی بۆ بکەن، یان شەقامێکی بەناو کرابا، هەرهیچ نەبا جارێک لەو فێستیڤاڵانەی وەک گەلاوێژ تا لەژیاندا مابوو ڕێزی لێگیرابا، هەروەکو گوتراوە، ئێمەی کورد زیندوو کوژی مردوو پەرستین، سڵاو لەو دایکە جوامێرە قارەمانانەی کە بوونە سونبولی ڕۆژانی سەختی خەبات و بەرخودان.

**"دایکم ئەو ئافرەتە بوو، کە ٢٤ ئافرەتی بەناوی فاتیمەی لەسەر گیران"**



مەجید خۆشناو و دایکی



# فاتە هەڵۆ

## ژنێک پێیەکانی لە با درووست ببوو!

## وەک کوردەواری دەڵێ: لەچاوی مار نەدەترسا



درەخشان عەلی عەبدولقادر - هێلسنکی

خانم فاتمێ حاجی (فاتە هەڵۆ) ژنە کوردێکی تێکۆشەری شەقڵاوە و بنەماڵەی (ماڵی گۆزێ) بوو. هاوسەرەکەی (حاجی کامەلا) ئەویش کەسایەتییەکی کوردپەروەر و خاوەن خەباتی دێرین بوو. ئەوان لەماوەی ژیانی هاوسەرگیرییاندا (سێ کوڕ و پێنج کچ)یان بوو، کە دوو لەکوڕەکانی پێشمەرگە و هەمیشە لەچیا بوون.

کوڕێکی (فاتە هەڵۆ) سەرباری پێشمەرگایەتی، دەرچووی هونەرە جوانەکانی بەغدا بوو، لەمیوزیک، ژەنینی ئامێری چەلۆ. دەستێکی باڵا و ڕەنگینی هەبوو، مامۆستا (مەجید خۆشناو) هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و نیشتمانپەروەر و خاوەن هەڵوێست بوو.

ئێمە و ماڵی پلکە فاتم (فاتە هەڵۆ) لەگەڕەکی (تەم تەم) کە گەڕەکی (گیرە)شیان پێدەگوت، لەشەقڵاوە جیران بووین، دەشتوانم بڵێم، هەر یەک ماڵ بووین. کەسێتی پلکە فاتم، بەجۆرەک بوو، زۆر لەوە زیاترە بەوشە وەسفبکرێ و هەقی خۆی بدەیتێ، ژنێکی ئازا، چاونەترس و دژە بەعس بوو. شەوان هەمیشە نانی حازر و ئامادەی هەبوو، کاتەک پێشمەرگە دەهاتنە ناو شاری شەقڵاوە، خێرا نانەکەی دەپێچاوە و بۆی ئامادە دەکردن، زۆربەی جاریش، پێشمەرگەکانی دەشاردنەوە تاکو دەردەچوون و دەگەڕانەوە بۆ سەنگەر، یان ئەو شوێنەی بۆی دەچوون.

وەک چاوساغەک، بەردەوام ڕێنمایی پێشمەرگەکانی دەکرد کە بەچ ڕێگا و بانەک بڕۆن، تاکو دڵنیاش نەبایە کەوا ڕێگاکە چۆل و سەلامەتە بۆ دەرچوونیان، نەیدەهێشت هەنگاو بهاوێن. ماڵەکەی پلکە فاتم لەناوچەمی باخچان بوو لەشەقڵاوە. ماڵەکەی وا هەڵکەوتبوو کە ببووە سەرەڕێی هاتوچۆکردنی پێشمەرگەکان. دەتوانم بڵێم زۆربەی شەوان پێشمەرگە بەوێدا تێدەپەڕین و لەناو باخچان ڕەت دەبوون.

پلکە فاتم هەموو ڕۆژەک دەبووایە هەواڵی شەقڵاوە و پێشمەرگەی زانیبا، ئەو لەشەقڵاوە لەهەموو کەس زیاتر دەیزانی چی لەم شارە دەگوزەرێ. بەجۆرەک خوڵقابوو بەهیچ شێوەک لەتاریکی نەدەترسا، وەکو کوردەواری دەڵێ: فاتە هەڵۆ لەچاوی مار نەدەترسا.

لەساڵی ١٩٨٧، کە دژی زوڵم و زۆرداری ڕژێمی بەعسی فاشی، خۆپیشاندانی شاری شقڵاوە کرا، بەعس دەگەڕان بیگرن، بەڵام پلکە فاتم هەرگیز نەکەوتە دەستیان و کاروباری خێزانی خۆشی، هەر وەکو جاران ئەنجام دەدا. دەیزانی چۆن و بەچ شێوەک خۆی قورتار بکات. زۆربەی کات، لە (دۆڵی زەندۆر) کە لەتەنشت باخچە و ماڵمان بوو، خۆی دەشاردەوە، یاخود دەچووە لوتکەی هەرە بڵندی دارە بەرزەکان و خۆی لەناو گەڵاکان دەشاردەوە، دارەوانێکی سەرسوڕهێنەربوو. هەندێجاریش، دەچووە ناو دارگیزە کلۆرەکەی باخچەی حاجی سادق، کە لەکەناری زەندۆر بوو، فێل و تاکتیکی هێندە زۆر و سەرسوڕهێنەربوو، جاسووسەکان و پیاوانی بەعس خەیاڵیشان بۆی نەدەچوو!

پلکە فاتم، خو و خەسلەتی کۆمەڵایەتیشی هەر جوان و ناسک بوو، ژنێکی ڕووح سووک و خاوەن دڵێکی میهرەبان بوو، بەڵام ئەگەر توڕەت کردبا، زۆر تووش بوو! زۆر هۆگری جێگا و ڕێگای خۆی بوو، هەمیشە چاودێری باخچەکەی خۆی دەکرد و خزمەتی ئەوێی دەکرد.

ئێمە هەم وەک هاوسێ، هەم وەک هاوشارییەک، زۆر سەرمان پێی بەرزە، زۆر بەتایبەتیش سوپاسی هەستی میهرەبانی دەکەین، چونکە زۆریش ئاگاداری باوکم بووە، بەتایبەت لەو کاتەی کە دایک و خوشک و برام لەترسی بەعسی فاشی ڕادەکەن و دێنە ئێران.



# جەمیلە بوحەیردی جەزائیری، یان فاتە هەڵۆی شەقڵاوە

عەلی هەریری

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ڕزگاری خوازی زۆرێک لەو نەتەوە جیاجیایانەی جیهاندا بخشێنین دەگەینە ئەو ڕاستییەی هەر پیاوان نەبوون، بە جیا ڕۆڵی کاریگەریان بووبێ، بەڵکوو دەیان و بگرە سەدان ژنی وامان بەرچاو دەکەون کە ئەگەر ڕۆڵیان لە پیاوان زیاتر نەبووبێت، کەمتر نەبووە. بۆ نموونە لە قۆناغی ڕزگاری شۆڕشی جەزائیر کە سەدان هەزار شەهیدیان لە پێناوی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دا (جەمیلە بوحەیردی) مان بەرچاو دەکەوێت، کە وەکو ئەستێرەیەکی درەوشاوە بەشداری شۆڕشی جەزائیری کردوە، نەک عەرەب بەڵکوو مرۆڤایەتیش شانازی پێوە دەکات. هەروەکو لامان ڕوونە نەتەوەی کوردیش، کە سەدان ساڵە لە پێناوی وەدەستهێنانی ئازادی و سەرفرازی خەباتی کردوە، کەم نین ئەو شێرە ژنانەی، کە شان بە شانی برا و هاوسەر و خزم و کەسەکانیان لە سەنگەری پێشەوەی بەرگری، یان بە چەک، یان بە هاوکاری پشت و پەنای شۆڕشگێڕان بوون. لەم بارەیەوە نموونەی زۆرمان هەیە، کە ژنانی کورد توانیویانە سەرۆکایەتی هۆز و تیرە و تەنانەت میرنشینەکانیش بکەن، وەکو (مەهراکۆ) و خانزادە خانی سۆران و حەپسە خانی نەقیب و دەیان دەیانی دیکە.

(لەیلا قاسم)ی شەهیدیش یەکێک بوو لەم شێرە ژنانەی لە پێناوی دۆزی ڕەوای گەلەکەی پەتی سێدارەی کردە گەردەن و بوو بە یەکەم شەهیدی سێدارە.

لێرەدا باس لە شۆڕە ژنێکی شاری شەقڵاوە دەکەین، کە بە بەراورد لەگەڵ جەمیلە جەزائیری چی لەو کەمتر نەکردوە، هەر لە سەرەتای جموجۆڵی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیمان شەقڵاوە هەمیشە پێشەنگ بوو لە بەشداری کردنی خەباتی سیاسی و جموجۆڵی چەکداری لە مێژووی ڕزگاری خوازی نەتەوەکەمان، زۆر ژنی جەسورمان لە شارەکە هەبوون کە ڕۆڵی ئەم ژنانە لە بەشداری کردنی خەباتدا چیان کەمتر نەبووە لە پیاوان وەکو (ئافەرین خان) ژنی محەمەد مەولود مەمی چیرۆکنووس و فاتمە تەها کاوانی و خەدیجە مەحموود پیرەژن و مریەم باسە و فایزە خانی خێزانی حەمەد و خەدیجە خانی خێزانی خالد ڕەسوول بەگ دایکی ئەندازیاری ناودار (ڕەشید خۆشناو) بەدیعە عبدالله جەمال خێزانی (م.عارف) و هەروەها ڕۆڵی پەرستیاری بەتوانا (حەیات) هەرگیز لەبیر ناکرێ، لە دابینکردنی داوودەرمان و تیمارکردنی بریندارانی پێشمەرگە.

ئەوەی باسم کرد مشتێک لە خەرمانێک بوو دەتوانم بڵێم هەموو ژنانی کوردستان بە گشتی و ژنانی شارەکەم بە تایبەتی، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بەشداربوون لە شۆڕش.

بەڵام ئەوانەی کە ئاماژەمان بە ناوەکانیان هێنا ڕۆڵی زۆر گەورە و بەرچاویان هەبووە و



فاتە هەڵۆ



جەمیلە بوحەیرد



هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی سەنگەردا بوون. لێرەدا با بێینە سەر بابەتی نووسینەکەمان کە باس لە شێرە ژنێکی شارەکەمان دەکەین ئەویش (فاتیمە حمد امین گۆزی) ناسراو بە فاتە (هەڵۆ)یە.

## فاتیمە هەڵۆ کێیە؟

ئەو شۆڕە ژنە بەلای زۆربەی جەماوەری خۆشناوەتی و هێزی پێشمەرگە و تەنانەت لای سەرکردەکانیش بە ژنێکی بوێر و قارەمان و چاونەترس بەڵکوو بە تەوارێکی بەرزەفڕ ناسراوە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە لە بەشداری کردن لە شۆڕشی کوردستان (فاتیمە هەڵۆ) لە خانەوادەیەکی کورد پەروەری شەقڵاوەیە. خوشکی قادر گۆزێ و جەلالە گۆزێ و عومەر گۆزێ و مامۆستا ئەنوەرو خەبات بووە. هەروەها خێزانی (خدر سەعید) ناسراو بە حاجی هەمین پێشمەرگەی مهاباد و ئەیلوول بووە. دایکی مەجید خۆشناوی پێشمەرگە و هونەرمەندی شاخ بووە هەروەها کوڕێکی دیکەی بە ناوی لوقمان پێشمەرگەی دانەبڕاو و کەم ئەندامی سەنگەرە. سەرجەم خانەوادەکەیان هەمیشە کەسانی نیشتمان پەروەر و دڵسۆز بوون بۆ نیشتمانەکەیان و لە قۆناغە سەختەکانی خەباتدا، ئەم خانەوادەیە هەرگیز لە خەباتی چەکداری و سیاسی دانەبڕاون و چەند ڕۆڵەیەکیان لە شاخ چەک بەدەست و پێشمەرگە بوون هەر لە کۆماری مەهابادەوە، تا دەگاتە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ.

فاتمە هەڵۆ، دایکی پێشمەرگە و چاوساغی پێشمەرگە لە شەوە ئەنگوست لە چاوەکاندا، بە دەیان مەتر لە پێشەوەی پێشمەرگەکان بووە بۆ دەربازکردنی (پ.م) لە بۆسەکانی دوژمن، ماڵەکەشی هەمیشە جێگای حەسانەوە و پشوودان و خواردنی پێشمەرگە و وێستگەی هەواڵ وەدەست هاتن و زانیاری بووە بۆ پێشمەرگەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، کە دەهاتنە ناو شاری شەقڵاوە، بەبێ جیاوازی لە ماڵی ئەم شێرە ژنە هەستیان بە ئارامی و دوور لە دڵەڕاوکێ دەکرد و پشویان دەدا.

(فاتمە هەڵۆ) بێ هۆ نەبووە کە ئەم ناوەی هەڵۆی بە باڵا کراوە، هەڵۆ ئاسا بەسەر لوتکەکان هەڵدەزناو ئاوو خواردنی دەگەیاندە پێشمەرگەکان و هەرگیز سڵی لە مردن نەکردۆتەوە. دەیان ڕووداو و بەسەرهاتی سەیر دەربارەی چاونەترسی ئەم ژنە قارەمانە دەگێڕنەوە کە باوەڕکردنی ئەستەمە.

گەر بێت سەرجەم ڕووداوەکانی ئەم شێرە ژنە کە بەسەری هاتوون تۆمار بکرێن، یان بنوسرێنەوە خۆی لە خۆیدا دەبێت بە پەرتوکێکی دۆکۆمینتاری لە بزافی ڕزگاری خوازی کوردستان.

فاتمە هەڵۆ ئەو ژنە بووە کە هەرگیز باکی بە مردن نەبووە بە سەربەرزی و چاونەترسانە بەرەو ڕووی مردن چووە و مردن لەبەری ڕایکردوە، دەیان جار لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە

داگیرکەرانی کوردستان و دامودەزگا داپلۆسەرەکان، هەمیشە چاودێری جموجوڵەکانیان کردوە، دەیان جار هەوڵی گرتنیان داوە شێرانە خۆی دەرباز کردوە. بۆ نموونە سێ جار دائیرەی ئەمنی شەقڵاوە هەوڵی دەستگیرکردنی دەدەن جارێکیان کە دەچنە سەر ماڵەکەیان لە دورەوە هەست دەکات کە پیاوانی ڕژێم هاتوون، دەچێتە سەر دارێکی بەرز و خۆی حەشار دەدات و نایدۆزنەوە.

جارێکی دی کە لە سەرەوەی کۆڵانەکەیان لە ماڵی هاوسێیەکی دێتەوە ئەفسەرێکی ئەمن پرسیاری ناوی فاتمە هەڵۆی لێ دەکات، بێ ئەوەی خۆی تێک بداو بشڵەژێ، دەستخەڕۆیان دەکات و خۆی دەرباز دەکات.

جارێکی دیکەش. مەفرەزەیەکی پۆلیسی شەقڵاوە بە فەرماندەی مفەوەز مستەفا کاکۆ لەگەڵ خۆ دەبەن کە لای وان ناسراوە و ون نابێت، بەڵام مفەوەز مستەفا دەبینێ ئەو لە بازاڕ دەگەڕێتەوە بە هەر جۆرێ بێت خۆی لێ نزیک دەکاتەوەو ئاگاداری دەکاتەوە کە بۆ گرتنی ئەو هاتوون خۆی ڕزگار بکات، ئەویش وەکو پیشەی هەمیشەیی کە هەڵۆ بووە، هەڵۆش ناکەوێتە داو ئەمجاریش بەهۆی مستەفا کاکۆ ڕزگاری دەبێت.

لە ڕەشبگیریەکەی ساڵی ١٩٨٧ی شەقڵاوە کە ٢٣ شەهیدی تیا گۆڕ غەریب کرا. ئەفسەرەکە داوای ناسنامەی لێ دەکات، لای وان کە داواکراو بووە، فەرمانی گرتنی هەبووە بەناوی (فاتە هەڵۆ) تۆمار کراوە، بەڵام ئەو لە ناسنامە (فاتمە حمدامین قادر) بوو ئەفسەرەکە لێی دەپرسێ فاتە هەڵۆ ناناسی؟ پێدەکەنی و خۆی تێک نادا دەڵێ من ژنم کەم خەڵک دەناسم، هەزار فاتمە هەیە من نایناسم. بە جەسوری خۆی ئەفسەرەکە لە خشتە دەبات و خۆی ڕزگار دەکات.

*** ئەم بابەتە لە ژمارە ٧٣٤٤ی ڕۆژی ١٨-٢٠١٧/٨/١٩ کوردستانی نوێ بڵاو بووەتەوە**

# مێژوویی

- ***تراژیدیای کوردان***

نووسینی: یوسف زێدان
و/ له عەرەبییەوە: شەفیقی حاجی خدر



# تراژیدیای کوردان

نووسینی: یوسف زێدان
و/لە عەرەبییەوە: شەفیقی حاجی خدر

جاربەجار لە ئاخاوتنی باوی (عامیە) میسری و لە هەندێک دەربڕیندا، لێهاتوویەکی تایبەتی تێدا هەیە، ئەمەش لەو کاتەدایە، کە واتا و ئاماژەی دەربڕینەکانی لە واژەیەک (دەستەواژەیەکدا) کورت دەکاتەوە. خەریک بووم هەندێک لەو دەستەواژە باوە قووڵانەی ئاخاوتنەکە کۆبکەمەوە، تا باسەکە ببێتە دەروازەیەک بۆ دۆزینەوەی لێهاتوویی دەربڕینی ئاخاوتنی باو، ئەمەش دەروازەیەکی ڕێخۆشکەر بوو، بەڵکو بۆ کتێبی داهاتووم کۆی بکەمەوە، لێ لەبەر هاتنەپێشەوەی هەندێ هۆکار، لەوانە پشێوی بارودۆخ و مێشکی بەکۆمەڵمان و بەشێوەیەکی گشتیش تیشک نەخستنەسەر وەردەکاری شتە گرنگەکانم، هەموو ئەمانە وای لێکردم ئەم کارە بۆ کاتێکی دیارینەکراو هەڵبگرم.

ڕوویەکی ئەو بلیمەتییانەی ئاخاوتنی باوی میسری، ئەو قسەیەمانە: کاتێک یەکێک فێڵ لە یەکێکی دیکە دەکات و شتێکی لێ وەردەگرێت بێ ئەوەی لە بەرانبەردا مافی خۆی پێ ڕەوا ببینێ و بیداتێ، ئیدی لەم حاڵەتەدا دەگوترێت: (استکردە) بەکوردی کردووە. ئەمەش کارێکی ڕابردووە لە بناغەدا لە زمانی باو و لەنێو خەڵکی سادە و عەوامەکەدا وەرگیراوە، مەبەستم وشەی «استکراد»ە کە ئاماژەیە بۆ لەخشتەبردنێک، بەهۆیەوە ڕاکردنە لەوەی لە بەرانبەر شتێکدا ماف بدرێتە ماخۆکەی خۆی. هەڵبەتە ئەم وشە باوە و پێکهاتەکانی ڕاستەوخۆ لە وشەی «الاکراد»ەوە هاتووە، ئەوانەی لەماوەی سەدە دوور و درێژەکانی ڕابردوودا لەسەر دەستی عەرەب بەو شێوەیەی کە باسی لێوە دەکەین ئیستیکراد کراون. لە بەراییەوە پێناسەیەکی کورد و بنەچە ڕەسەنەکەیان و ڕەگوڕیشە دوور و درێژە مێژووییەکەیان دەخەینەڕوو.

**تەمومژی سەرهەڵدان**

کورد کۆمەڵەیەکی زۆرینە موسڵمانن، لە ناوچەیەکی بەربەریندا دەژین، پێی دەگوترێت کوردستان، واتە شوێنی کوردان، یان وڵاتی ئەوان. ئەمەش ناوچەیەکە باکووری عێراق و باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا، هەروەها باکووری خۆراوای ئێران و باکووری خۆرهەڵاتی سووریاش دەگرێتەوە. ئەمڕۆ ژمارەی کورد لە نێوان ٢٥ تا ٣٠ ملیۆن کەسدا دەبێت. ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی نزیکەیی بەم شێوە جوگرافییەی کوردستان دابەش بوون؛ ١٥ ملیۆن لە تورکیا، چوار ملیۆن لە عێراق، چوار ملیۆن لە ئێران، دوو ملیۆنیش لە سووریا. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە وڵاتەکانی دیکەی جیهاندا هەن، هەر لە ئەڵمانیا زیاتر لە نیو ملیۆن کورد هەن، بە سەدان هەزاریش لە کەنداوی عەرەبی و لە ئەفغانستانن و دەوروبەرەکەشی ژمارەیان سەروبەندی دەیان هەزار دەبێت.

کورد بە سەنگینی (جدیبوونی) پیاو و جوانی ژنەکانیان ناسراون هەروەها ئەوان خەڵکێکی سادەن، هەزاران ساڵە بە سادەیی لە بەرزایی و پێدەشتەکاندا دەژین. مێژوونووسە تاسەمەندەکان بە دۆزینەوەی بنەچەی بەرایی کوردان لەنێوان زۆر لە بیردۆزەکاندا حەیران و سەرگەردان ماون، بیردۆزە هەرە سادەکەیان دەڵێ کورد «ڕەوەندەی» فارس بوونە، واتە: نەتەوەی فارسی (ئێرانی) دێرین خەڵکی شارستان و دیهات بوونە، لەنێویاندا جووتیار و کشتیاریان هەبوون لە دەشتە پانوبەرین و بەپیتەکانی فارسیدا ژیاون. هەروەها ڕەوەندەشیان هەبووە، ئەوانەی لە ناوچە بەرزاییەکاندا (کێوەکانی زاگرۆس) بە

مەڕدارییەوە خەریک بوونە، ئەوانەش دواتر بەگوێرەی قسەی عەرەب بێت، بوونەتە کورد، عەرەب پێیانگوتوون (ئەکراد /اکراد) لەکاتێکدا خۆیان بەخۆیان گوتووە «کـورد» و ناوی وڵاتەکەی خۆشیان دەنووسن: کوردستان.

لە بەرانبەری ئەم ڕایەشدا، مێژوونووسی دیکە هەن، کورد بە کۆمەڵەیەکی کۆنینە دادەنێن، کە لە ناوچەی «میدیا» لە ئەنادۆڵەوە هاتوون، ئیدی لـەگـەڵ خەڵکی خۆجێی لـە بـاکووری کوردستان تێکەڵاوبوونە، ئیدی کورد بەرهەمی ئەو تێکەڵەیەن، کـە بـەر لە سێ هـەزار ساڵ ڕوویـداوە. ئەم خەڵکە لەو ناوچە سەختەیەدا بەشداری ڕووداوی زۆر گەورەیان کـردووە، کە هەندێک جار سەرکەوتوون، بەڵام زۆرینەی جارانیش بوونەتە قوربانی شەڕ و پێکدادان و کـوێرەوەرییـەکـان، بەجۆرێک وڵاتەکەیان بۆتە مەیدان و شانۆی ئەم جۆرە ڕووداوانـە، باشتریش وایە بڵێین نیشتمانەکەیان بووەتە «خـاڵـی بـەیـەکدادانـی» ئـەو جەنگانە: فـارس و یۆنان، ئـاشووری و ئـەکـەدی، موسڵمان و بێزەنتی، سەفەوی و عوسمانی. لـەوەش هـەر گـەڕێ لـە ڕێـی لەشکرکێشییە یـەک لـەدوای یەکەکان ئـەو خاکە مەترسیدارە زۆر بەڵای دیکـەیـان بـەسـەردا هـاتـووە، بـەجۆرێک ئەو ناوچەیە خاڵی ترسناکی جیهان بـووە، کە تا ئێستاش لەسەر دەستی داعش درێژەی هەیە و بە چاوی خۆمان دەیبینین.

ناکۆکی لەسەر ڕەچەڵەکی کورد شتێکی کۆنە، نزیکەی بەر لە هـەزار ساڵ جیاوازی لەسەر بنەڕەتییان دروسـت بـووە، ئەمەش لەکتێبی مەسعودی بە نـاوی (مـروج الذهب و معادن الجوهر)دا دیارە، لەوێدا مەسعودی دەڵێت: هـەر لە بەرابییەوە خەڵک لەبارەی کوردەوە ناکۆکن، هەندێکیان هەن دەڵێن ئەوان لە نەوەی ڕەبیعەی کوڕی نزارن، هەر لە دێرزەمانەوە بە تەنیا ژیاون و بوونەتە دراوسێی عەجەم و فـارس، ئیدی لە زمانەکەی خۆیان (لە عەرەبی) دابـڕاون و زمانەکەیان بووەتە عەجەمی(بیانی) کەسانێکیش هەن دەڵێن کورد لە (مضری کوڕی بزار)ن لە کوڕی کورد کوڕی مەرد کوڕی سەعسەعەی کـوڕی هەوازنن، هـەر لەدێرزەمانەوە بەهۆی ڕوداوگەلێک کە لەگەڵ غەسان لێیان قەوما، دابڕان. هەروەها خەڵکانێکیش هەن دەڵێن ئەوان لە ڕەبیعە و مـەزەڕن (مضر) ئیدی بۆ ئاو و

بۆ لەوەڕگا پەنایان بۆ چیاکان برد و لە زمانی عەرەبی وەرگەڕان.

پاشان مەسعودی قسەی سەیر و نامۆ لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردان دەهێنێتەوە. لەو جۆرە قسانە گوایە کورد لە ژنەکانی سلێمان پێغەمبەرن، ئەو ژنانەی شەیتان تووشیان بوو و لێی دووگیان بوون! هەنووکە ئێمە نابێت بەو بیرۆکە سەیرانە سەرسام بین، ئاخر لە زەمانی کۆنەوە بەند و باو هەیە، مێژوونووسانیش هەندێکیان لەوانەیان وەکو حەکایەت بۆ گێڕاوینەتەوە. هەر بۆ نموونە: مسرییەکان نـەوەی مـەسـاریـمـن! عەرەبیش وەچەی کەنیزەکی میسری هاجەرن! عەموونییە و موابییەکانیش (هـەردوولایـان لە دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئوردنی ئێستان) نـەوەی زینای مەحاریمن! پێغەمبەر لـووت سـەرجێی لەگەڵ هەردوو کچەکانی کرد، یەکێکیان موابی بوو، کە بووە باپیرەی موئابییەکان، کیژەکەی دیکەش «بن عمی» بوو، کە باپیرەی عەمونییەکانە.

هـەمـیشـەش شـتـە خـورافـیـیـەکـانـی تـەورات سەرچاوەی ئەو لێکدانەوە سەیرانەی ڕەچەڵەکی کۆمەڵە گەورەکان بوونە، ئەوانەی بە حیسابی خۆیـان ئـەو ڕۆڵانـەی خـواوەنـد (یـەهـود) کە کەس نازانێت ڕەچەڵەکییان چییە، سووکایەتی بە بنەچەی ئەوانی دیکە دەکەن. با بگەڕێینەوە سەر پرسی ڕەچەڵەکی کورد.

بەشی یەکەمی کتێبە ئەنسکلۆپیدیایەکە، کە یەکێک لە کـوردە هاوچەرخەکان «د. جەمال ڕەشید ئەحمەد» دایناوە و ناوونیشانەکەشی وەهـایـە: سـەرهـەڵـدانـی کـورد لـە مـێـژوودا. ئیدی لەو بەشەدا کە هـەزار لاپەڕەیە، ئەو ڕا و بۆچوون و قسە و قسەڵۆکە دژبەیەکانەی هـێـنـاوەتـەوە کـە هـەوڵـیـانـداوە «ڕەچـەڵـەکـی» کورد بە شێوەیەکی ڕەگەزی بدۆزنەوە، ئیدی دوای ڕۆچوون بەنێو ئەو تەوژمە بەخوڕەدا، پێناچێت بە شتێکی دیارکراوەوە لێی دەربچین. بـاشـە بـۆچـی؟ ئـەمـەش بـەهـۆی زۆری ئەو تـرسـانـدن و تێکەڵکردنەی زانـسـت بـە شتی خـورافـی، هـەروەکـو چـۆن بـاس لـە ڕەچەڵکی سەرەتایی هەر کۆمەڵەیەکی مرۆڤایەتی گەورە دەکرێت. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە سەر دەست پێکەکان، بە شێوەیەک پیتۆڵیەتی ئاخاوتنی بـاوی (عـامـیـەی) میسری لـەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە کێشە و جیاوازی گەورەی لەبارەی ڕەچـەڵـکـی «مسرییەکان» و دەوڵـەتـەکـەیـان

"

**مەسعودی قسەی سەیر و نامۆ لەبارەی ڕەچەڵەکی کۆردان دەهێنێتەوە. لەو جۆرە قسانە گوایە کورد لە ژنەکانی سلێمان پێغەمبەرن**

"

یەکلایی کردووەتەوە، ئیدی عەقڵی بەکۆمەڵی میسری بە شێوەیەکی دەستپێشخەرانە بەو دەربڕینە ناودارەی خۆی یەکلایی کردووەتەوە: مسرییەکان لە بنەڕەتدا حەلوانین!

بە چاوپۆشین لەسەر پرسی ڕەچەڵەکی یەکەمی کورد و ئەوانی دیکە، ئەمەش لەبەر ئەوەی مەحاڵە بگەینە ڕایەکی زانستی بڕواپێکراو، نەخاسمە ئەگەر بگەڕێینەوە پێش چاخی مێژووی نووسراو، ئیدی دەڵێین کورد نەتەوەیەکی گەورەی موسڵمانن، سەدان ساڵە لەگەڵ عەرەبدا دەژین، ئەمڕۆش لەسەر دەستی عەرەب و یاریدەدەرانی تورکدا لە شەڕێکی قڕکردنی ترسناکدا گلاوە. با ئەم خاڵە وردە هەستیارە بە قەسیدەیەکی ناپێشچاوی مەحموود دەرویش لەبارەی کوردەوە کۆتایی پێبێنم (ئەم بەندەش هەر بە قەسیدەیەکی نەناسراوی شاعیر، کە لەبارەی ئەوانەوە نووسراوە، کۆتایی پێدەهێنم) ئەو لە چەند دێڕێکیدا دەڵێ:

***کاتێ سەردانی کوردێک دەکەم، بەیانی خۆی بیردەکەوێتەوە***

***ئیدی بە کەسکی تۆزاوی دووری دەخاتەوە،***

***گومڕایی لە سەر ناسنامەی دەتەکێنێ.***

***ناسنامەی من زمانمە، خۆم زمانی خۆمم***

***دڵیشم پشکۆیە***

***بە زمان بەسەر ناسنامەدا سەرکەوتم***

***بە کوردەکەم گوت: بە زمان تۆڵەم لە دیارنەبوون/غیاب کردەوە.***

***ئەویش گوتی: من ناڕۆم بۆ بیابان***

***منیش گوتم: منیش ناچم.***

***چاوم بڕیە سەر با***

***زمانی ئاڵنگار و ناسنامە***

لە گەورەترین دەردوبەڵا کە بەسەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان دێت ئەوەیە، نەناسینی خەڵکەکەی بگاتە ئاستێک بە هۆیەوە واتای بێژەکان و دەستەواژە بەکارهێنراوەکانی نێوانیان نەتوانرێت دیاری بکرێن. ناکرێت لەنێوخۆیاندا هاموشۆیان لەگەڵ یەکدی دا هەبێت، مەگەر بەقەدەر ئەوە نەبێت کە ئاژەڵی بەستەزمان هاموشۆیان لەگەڵ یەکدا هەیە، لەو کاتەی دەنگێکی ناڕوونیان لێوە دەردێ، ئەوسا مەگەر

**"**

**لە سەدەی چوارەمی کۆچی (دەیەمی زایینی)دا و بە کاریگەریی دینی ئیسلامی، کە بووە بیروباوەڕی بەشی هەرەزۆری کوردیش، فەرهەنگی عەرەبی بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا زاڵ بوو**

**"**

هەر لەبارە گشتییەکەدا تێبگەین، کە ئەم «دەنگە» دەربڕینی ئازارێکە، «دەنگە»کەی دیکەش بانگەوازێکە بۆ سواری یەکدیبوون و جووتبوون یاخود ئاگادارکردنەوەی هەڕەشە و نمایشی هێز، یاخود جاڕدانی حاڵەتێکی دڵخۆشی کاتییە وەک ئەوەی لای مەیمون دەیبینین. ئەم «دەنگانە»ش ناکرێت ناوی وشە و دەستەواژە و واتەیان لێ بنێین، یاخود بە پێکهاتەی «زمان»یان دابنێین بەوەی واتایەکیان هەبێت وەکو ئەوەی واتای وشەیەکی جیاوازی مرۆیی بێت.

لێرەدا نامەوێ درێژە بەو پێشەکییە لەبارەی بایەخی زمانی ئادەمیزادەوە بدەین، ئەوەی زانراوە ئەوەیە؛ مرۆڤ شارستانی نەناسیوە مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە زانیارییەکانی بەهۆی پەرەسەندنی زمان و نووسینی لاکەڵەکە بووبێت، کەچی باقی زیندەوەرەکان بە شێوەی سووڕی بەدواییەکدوهاتوودا دەژین، کە هیچ نەوەیەکیان جیاوازی لەگەڵ هی پێش خۆی نییە، هەروەکو ئەو دۆخەی مرۆڤ، کە بە بیرکردنەوە (لە ڕێی واژەکانی) و تۆمارکردن (بۆ گواستنەوەی زانیاری و بەرهەمی هزر) و پێراگەیشتن (بە گواستنەوەی هزر لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە) جیادەکرێتەوە.

کاتێکیش لەبارەی کوردانەوە نووسیم، چەندین کۆمێنتم لە ڕۆشنبیرانی کوردەوە بۆ هاتەوە، لەپاڵ جۆشوخرۆشی توندەوە بۆ پێداگرتن لەسەر ڕەچەڵەکی مێژووی ڕەگ ئاژۆیان، ئاماژەگەلێکی سوودمەندی وەهای تێدابوو، بەوەی عەرەب ناوی «ئەکراد/اکراد»یان لەسەر قیاسی وتەی عەرەبی «ئەعراب/اعراب» لێناون، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی عەرەبە لە ئەعرابی، بە چەشنێک سیفەتی «ئەعرابی» ئاماژەیە بۆ سارانشینەکان، کە لەسەر لەوەڕاندنی مەڕومالات دەژین. کاتێکیش عەرەب ئەو خەڵکەیان بینی لەوان دەچن و مەڕ و ماڵاتیان لە پێدەشتەکان دەلەوڕێنن، ئیدی لەسەر قیاسی «ئەعراب» ناوی «ئەکراد»یان لێنان. هەرچەندە ناوی ڕاست و دروست لای ئەوان بەگوێرەی زمانی کوردی: «کورد»ە.

منیش لە دڵی خۆمدا گوتم پێویستە بە چارەسەرییەکی سادە بەسەر ئەم ناکۆکییەدا باز بدەین، ئەویش بەکارهێنانی ناوی کوردە، پیتی کافەکە بۆری لەسەر بێ، یان وەها بنووسرێ

کورد. بەم چەشنە لە بەکارهێنانی بێژەی «ئەکراد» دوور دەکەوینەوە، کە کورد بەهۆیەوە ڕقیان لە عەرەب دەبێتەوە! هەر هیچ نەبێت لەم قۆناغەی ئێستاماندا، ئەم قۆناغە ئاڵۆزەی کورد لەسەر دەستی عەرەب و تورک و فارسدا تووشی قڕکردن دەبنەوە. ئەم حاڵەتەش ئاخۆ بە شەڕ و کوشتارگەی داعشیانەی هاوچەرخ بێ و پێشتریش بە بۆمبی گازی ژەهراوی بووبێت، کە سەدام حوسێن لە دژی کوردی عێراقدا بەکاری هێنا، یاخود بە چەوساندنەوەی تورکی بێ، کە هەر لە ڕۆژگاری کەمال ئەتاتورکەوە تا ئەمڕۆی «ئەردۆگان» دانەمرکاوەتەوە، ئەو ئەردۆگانەی خۆی بە ڕەوتی ئیسلامی هەڵدەکێشێ و کاتێکیش کورد قڕ دەکات، یان هەر هیچ نەبێت کاتێک سەرکوتیان دەکات، مێش میوانی نییە. هەر بەو بۆنەیەشەوە، ئەو ڕۆژەی ئەردۆگان لە قاهیرە میوانی دەسەڵاتدارانی ئیخوانی موسلمین بوو، لەوێدا وەستا و لەبەردەم هۆیەکانی ڕاگەیاندندا بە شان و باڵی ئیسلامی هەڵدەدا، هەر لەوکاتەشدا بوو فڕۆکەی جەنگی تورکی بە توندی هێرشی دەکردە سەر ناوچەی دیاربەکری کوردی، لەو کاتەی ئەردۆگان گوتارە ئیسلامییانەکەی خۆی دەدا، کورد لە ڕیزی موسڵمانەکان حیساب نەدەکران!

• • •

لێرەوە خۆم بەخۆمم گوت، دەی بەسیەتی ئەو کوردە ئەوەندە دەرد و کوێرەوەرییەیان بەسەرداهاتووە، چی تێدایە ئەگەر ڕەچاوی ئەو بێژەیە ئاسانەی ناوەکەیان بکەین، ناویان بە «کورد»بهێنین، ئەو وشەیەی خۆیان حەزیان پێیەتی. ئەمەش هەر لەبەر خاتروخۆتر نییە، لەگەڵ ئەوەش «خاتری» شکاوی کورد پێویستی بە چاککردنەوە و هەڵبەستنەوەیە، بەڵکو پێویست دەکات عەرەب داوای لێبووردنیان لێبکات، لەسەر ئەوەی لە سەدەکانی ڕابردوودا بە کوردیان کردووە و هێشتاش هەر لەسەری دەڕۆن و دەیکەن. دەی با واز لەو ڕستە سوواو بێ مانایەش بێنین کە دەڵێت: «داعش نوێنەرایەتی عەرەب و ئیسلام ناکات» چونکە ئەم ڕستەیە دەربڕینێکی بێ واتایە، دواجار داعشەکان عەرەب و موسڵمانن، هەرچەندە عەرەب و موسڵمانەکانیش حاشایان لێبکەن. ناوی «کورد» بەم شێوەیەی ئێستا لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕەوانترە، پێکهاتەکەشی لە «ئەکراد» دروستترە، چونکە ئێمە بە تاکێکیان دەڵێین «کردي» نەوەک «اکرادیا»، هەروەها دەگوترێت کچێکی «کردیة» نەوەک «اکرادیة».. دەشڵێین کوردستان نەوەکو ئەکرادستان!




ئەوەی پێشتر گوتمان، دەمانباتە سەر باسوخواسێک لەبارەی زمانی کوردی، هەر کەمێک پێش ئێستاش چەند دێڕێکمان لە قەسیدەی مەحموود دەرویش هێنایەوە، کە پێشکەشی نووسەری کورد «سەلیم بەرەکات»ی کردبوو. تێیدا و لە دێڕی یەکەمییەوە ئاماژەی بە ژان و ناسۆرە هەنووکەییەکانی کورد کردووە. ئەم شاعیرە فەڵەستینییە پێشبینی کردووە و دەڵێت: «کاتێ سەردانی کوردێک دەکەم، سبەینێی خۆی بیردەکەوێتەوە.. ئەمەش دێڕە شیعرێکە لەسەر پێوەری عەروزی «عەروز پێوەری شیعرە»و لەسەر تەفعیلەی بەحری تەواوەوە ڕێکخراوە، ئەمەشیان گرنگترین و ناوادارترینیانە لەنێو بەحری

**“ زاڵبوونی زاراوەکانی ئاری بەسەر هەردوو زمانی کاسیی و حوری لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا بووە بەردی بناغەی پەیدابوونی زمانی کوردی لە مێژوودا ”**

شیعری عەرەبی. دەکرێت لەڕووی عەروزییەوە بەم شێوە دابڕێژرێتەوە: «متفاعلن، متفاعلن، متفاعلن، فعل (یتذکر ال، کردی حی، نازورە، غدە) ئەگەر بەدەر لە ئیقاعی عەروزیدا وشەکان ڕێکبخەینەوە، بە شێوەیەکی ڕوونتر ئاماژە بۆ پێشبینی شاعیر دەکات: کاتێک سەردانی کوردێک دەکەم، سبەینێی خۆی بیردەکەوێتەوە! یان بە وتەیەکی ڕوونتر: کاتێک کوردێک منێکی فەڵەستینی خاوەن کوێرەوری دەبینێت، ئەو، ئەو کوێرەوەرییانەی بەسەریدا هاتوون و ئەوانەی بەیانیش ڕوودەدەن بیردەکەوێتەوە. پاشان هەر لە قەسیدەکەی قسەی شاعیردا وەها دێت: بە گەسکی تۆزوبا ڕایدەماڵێ! واتە لە مێشکی خۆیدا فڕێی دەدات.

لە دوا دێڕی قەسیدەکەدا، شاعیر، یان باشتر وایە بڵێین لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت: بە زمان بەسەر ناسنامەدا سەرکەوتم، بە کوردەکەم گوت؛ بە زمان تۆڵەم لە دیارنەمان/غیاب کردەوە. ئەویش گوتی: من ناچمە بیابان، منیش گوتم: ئەزیش ناچم، ئیدی سەیری بام کرد. بەم جۆرە بەگوێرەی ئەوەی دادێ لە شیعر و ئاماژە قووڵەکانی دەگەین.

• • •

کورد ئەمڕۆ بەسەر وڵاتێکدا دابەش بووە، هەمیشە هەوڵدراوە ناسنامەی شارستانی و ژیارییان سەرکوت بکرێ: لە تورکیا بە تورکی دەدوێن، ئێران بە زمانی فارسی، عێراق و سوریاش بە عەرەبی. هەرچی کوردی هەندەرانیشە بەسەر وڵاتە خۆرهەڵاتی و خۆراواییەکاندا پەرشوبڵاوبوونەتەوە و بە زمانی لێکدی جیا قسەدەکەن.

مەیلی سیاسییانەی کورد بەسەر چەندین حزب و هێزی سیاسییدا دابەش بووە، هەندێکیان دژی یەکدین، زۆریشیان لە لایەن دەوڵتگەلێکەوە پشتیان دەگیرێت، کە هیچ تەبابییەکیان لەنێو خۆیاندا نییە، یان لەگەڵ خۆیاندا جەنگ هەیە: عێراق و ئێران، سوریا و عێراق، تورکیا و سوریا، تورکیا و ئێران. بەڵام ئەم دەوڵەتانە سەرباری جیاوازی و ناکۆکی تاڵی نێوانیان، یەک خەم و پەرۆشی کۆیان دەکاتەوە، هەموویان سەرسەختانە هەوڵی بۆ دەدەن، ئەویش: سەرکوتکردنی کورد و ڕاگواستنیانە، یان لە ڕێی جەنگێکی قڕکردن و لە کۆڵ خۆکردنەوەیان، وەکو ئەوەی داعش لەم ڕۆژگارەدا دەیکا.

کەواتە، ئەی چی کورد بەیەکەوە کۆدەکاتەوە؟ هەڵبەتە کوێرەوەری و کەساسیی گشتیی و زوڵمی زۆر، بەڵام ئەمەش بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی چوارچێوەی «ناسنامە»ی کوردی دەستنیشان بکات. بێگومان ئەوەش کۆیان دەکاتەوە، ئەوان لە ناوچەیەکی یەکانگیری جوگرافی نیشتەجێن کە ناوی تایبەتی خۆی هەیە لە زەین و مێشکدا، نەک لەسەر نەخشەی کوردستان. لێ ئەم پەیوەستییە جوگرافییە بە سنووری سیاسی پچڕاوە، ئەو سنوورەی ئیستیعمارەکان لەسەر کاغەز کێشاویانە؛ لەپێناو ئەو بستۆکەش کە پێیدەگوترێت «سنوور» خەڵکێکی بێژمار بوونەتە قوربانی. هەڵبەتە مێژووی دوور و درێژ، کورد بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بەڵام مێژووش هەر هێزدارەکان دەینووسنەوە، نەک خاوەن ماف. سەرکەوتووەکان و ئەوانەی جڵەوی دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە مێژوو دەنووسنەوە نەک خەڵکی ستەمدیدە، ئەوانەی لەبن جەور و ستەمی دەسەڵاتدارانا دەناڵێنن! کەواتە ئەدی چی کورد بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە؟

یەکەمین پەیوەستبەندی پاڵپشتی ناسنامەی کوردی زمانە. زمان پاڵپشتی ناسنامەیە، ئەمەش چ بۆ کورد بێ، یان بۆ نەتەوەکانی غەیرە کورد. تەنانەت ئەگەر هاتوو تاکەکانی ئەو نەتەوەیە، یان نەتەوەیەکی دیکە دژواری ئەو «پەیوەستییە» یەکەم و مەرجە هەرە بایەخدارەشیان فەرامۆش کردبێت، ئەوە زمان «مندالّدانی» بنەڕەتی زاوزێی خەڵک و میراتەکەیانە، شاعیرەکە تووشی وەهم بوو، ئەندێشە و ئاوات و دەستیان لێوەشاند کاتێک گوتی: «خاکیش وەکو زمان بە میرات بەجێدەمێنێ» قسەی لەسەر نییە زمان حاڵەتێکی بۆ ماوەییە، بەڵام گومان، هەموو گومان لەسەر خاک و شوێنگە و یەکێتی سیاسییە، کە بەمیرات بەجێ نامێنێ. خەڵک نەوە لەدوای نەوە زمان لەیەکدی وەردەگرنەوە، ئەمەش شتێکی خۆزاییانەیە، بێ ئەوەی هەڵبەسترابێت، هەرچی خاکە، دەکرێت ئاکنجییەکانی کۆچ بکەن، یان دەکرێت بە گوێرەی بەرژەوەندییە بەهێزەکان دابەش بکرێت، یاخود لە نێوان تاکەکاندا کڕین و فرۆشتنی پێوەبکرێت و هەروەها لەنێوان

> **"میژوونووسی دیکە هەن، کورد بە کۆمەڵەیەکی کۆنینە دادەنێن، کە لە ناوچەی «میدیا» لە ئەنادۆڵەوە هاتوون، ئیدی لەگەڵ خەڵکی خۆجێی لە باکووری کوردستان تێکەڵاوبوونە، ئیدی کورد بەرهەمی ئەو تێکەڵەیەن"**

دەوڵەتانیشدا سازشی لەسەر بکرێت. دەکرێت زەوی بە میرات بمێنێتەوە دەکرێت نەشمێنێتەوە، بەڵام زمان ئەوا بێ سێ و دوو لەنێوان نەوەکاندا بە میرات لەیەک وەردەگیرێتەوە، مەگەر خەڵک و ئاخێوەرەکانی کەسانی هیچ و پووچ و بوودەڵەبن و بە ئارەزووی خۆیان واز لە زمانەکەی خۆیان بێنن، ئەم حاڵەتەش هەروەکو لەم ڕۆژگارەماندا لای زۆر لە عەرەبە هاوچەرخەکان دەبینین، بۆ ئەوەی باڵایی کەسایەتی خۆیان نیشان بدەن، ئەوا زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا ئەوان ئەوە نازانن، کە لە واقیعدا تەنیا دەرخەری ڕەنجەڕۆیین.

کوردیش زۆر بە مەحکەمی دەستی بە زمانەکەی خۆیەوە گرتووە، هەرچەندە لەسەر دەستی عەرەب و فارس و تورک کەوتوونەتە ژێر ئابڵووقەیەکی فەرهەنگی زۆر سامناک. لە زۆرینەی شوێن و ناوچەکاندا دان بە زمانی کوردییدا نانرێت، بەوەی زمانێکی فەرمی بێت، هیچ هەوڵ و کۆششیش نادرێ تا زمانەکە بپارێزرێ (بەڵکو بە پێچەوانەوە کاری زۆر لەسەر ئەوە دەکرێت زمانەکە لەناوببرێت) کوردەکە ئەوە باش دەزانێت، پەیوەستی و گرێدەرەوەی یەکەم و سەرەکی لەنێوان خەڵکە دابووەشبووەکەی بەسەر وڵاتاندا، ئەوانەی تووشی کردە و ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی ڕێکخراو (جینۆسساید) و سەرکوتکردنێکی سامناک بوونەتەوە، بەتەنیا هەر زمانە. لە عێراق و سوریادا زمانی عەرەبی «ناسنامەی» باو گشتییە، بەهەمان شێوەش ئێرانی فارسی و ئەنادۆڵی تورکی. هەر بە زمانیش کورد لەو شوێنانەی تێدا دەژین بەسەر ناسنامەی سیاسی خوازراوەوە زاڵ بووە، هەر بەزمانیش تۆڵەی لە نادیاریی و بەمەبەست بزرکردنی ناسنامەی ڕەسەنی خۆی کردۆتەوە، هەر بە زمان وایکردووە ببێتە حاڵەتێکی مەحاڵ بۆ توانەوە لەنێو زمانی ئەوانی دیکەدا، بەتایبەتیش لە زمانی عەرەبیدا، هەر بۆیە بڕیاری داوە نەچێتە بیابان!

هەنووکە زمانی کوردی دوو زاراوەی ناسراوە. یەکسەر کورد دوای ڕوخانی سەدام و کاتێک دەستیان بە شتێک لە سەربەخۆیی گەیشت، بەپەلە بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی و وەرگێڕان بۆ کوردی دا (هەر بۆ خۆشیش، یەکەمین زمان لەو بیست زمانەی کە ڕۆمانی عەزازیلی بۆ وەرگێڕا، زمانی کوردی بوو!) هەروەها کورد ئێستا و بەر لە هێرشی داعشیش بۆ سەریان، هەموو ڕێگەیەکیان بۆ پێشخستنی زمانەکەیان گرتەبەر، ئەمەش دوای ماوەیەکی دوورودرێژی و بە زۆرەملێ پشتگوێ خرابوو. مەبەستیشم ئەو شێواز و ڕێکارە هاوچەرخانەیە وەکو کەناڵە سەتەلایتەکانی تەلەفزیۆن، تۆڕەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەنتەرنێت، ئامرازەکانی گواستنەوەی زانیاری و شتی دیکیش.

مێژوونووسە کوردەکانیش بنەچەی زمانەکەیان دەگەڕێننەوە سەر زەمانی سۆمەری دێرین و نووسینی بزماری زۆر کۆن، ئەوەی پاشماوەکەی لەسەر تابلۆ قوڕینەکان ماوەتەوە. ئەوان بە دوای ڕەوت و ئاراستەی پەرەسەندووی زمانەکەیاندا دەگەڕێن، کە پێیدا تێپەڕیوە، نموونەش زمانە پووکاوەکانی وەک حوری(هوری) و کلدی وئارامی (سریانی) کە هەندێک ئاماژە بە: بیث قرد و (کردو) واتە «کوردستان» دەدەن.

**ڕەگوڕیشەی نەتەوەیی**

لە چوارچێوەی ڕەسەنایەتی مێژووی نەتەوەی کورددا، د. جەمال ڕەشید لە سەرەتای بەرگی دووەمی ئەنسکلۆپیدیایەکی بە ناوی «سەرهەڵدانی کورد لە مێژوودا» دەڵێت: ئەو ناوچەیەی کورد هەزران ساڵە تێیدا دەژین، لە بەراییەوە ناوی «سوبارتو» بووە، کاتێکیش کۆچەرییە کۆنینەکان پەیدابوون و کۆچبەرەکان تێکەڵی خەڵکی خۆجێی بوون، کۆمەڵەیەکی ئەتنی (ڕەگەزی) خاوەن خەسڵەتی فەرهەنگی و زمانی نوێ لەنێو سوبارتەدا دروست بوو، ئیدی لەبەرگرەوە (ناسخ)ی سامی ڕێگایەکی ئاسانی نەدۆزییەوە تا بە خەتی بزماری تۆماری بکات.

بەرلەوەی بچینە سەر خاڵی داهاتوو، ئەم برگەیە پێویستی بە هەڵسەنگاندن و هەندێک ڕاڤەکردن هەیە، بۆ ئەمەش دەڵێین: ناکرێت بەوکەسەی بە خەتی بزماری شتەکانی تۆمارکردبوون بە لەبەرگرەوە (ناسخ)ی دابنێین، چونکە لەبەرگرتنەوە گواستنەوەی ناوەڕۆکی کتێبە، بەوەی نووسینەکەی لەسەر کەوڵ(پێستە) یان لەسەر کاغەزی بەردی (قامیش) یان کاغەز، ئەمەش بە پشتبەستن بە دانەی کۆنینەکە، واتە یەکێک لەبەری

> **" بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ئەو بەسەردادانە چەکدارانەی داعش بۆ سەر کوردستان ناوی «فەتح»ی لێبنێین، چونکە هەر خۆی بە کردەوە و پێشتر لەبەردەم ئیسلامدا هەر لە سەردەمی فتوحاتەوە، بەر لە چواردە سەدەدا کراوە "**

> **"لێرەوە خۆم بەخۆمم گوت، دەی بەسیەتی ئەو کوردە ئەوەندە دەرد و کوێرەوەرییان بەسەردا هاتووە، چی تێدایە ئەگەر ڕەچاوی ئەو بێژەیە ئاسانەی ناوەکەیان بکەین، ناویان بە «کورد» بهێنین، ئەو وشەیەی خۆیان حەزیان پێیەتی"**

دەگرێتەوە، لەبەری دەنووسێتەوە، ئەمەش پێیدەگوترێت لەبەرگرتنەوە و بکەرەکەشی پێیدەگوترێت لەبەرگرەوە (نساخ) ئەم کردە زانستییەش (لەبەرگرتنەوەی کتێب) لەبنەڕەتدا دابێکی یۆنانی بووە، لەدوای ئەوانیشەوە بووەتە دابێکی ئیسلامی، ناشزانین ئاخۆ سۆمەرییەکان ئەو کارەیان لەسەر هەڵکەندنی تابلۆ قوڕینەکان کردووە، ئەوەی بە مەسامیر ناسراوە.

لە کۆندا تۆمارکردنی بلیمەتانەی سۆمەری بە هەڵکۆڵینی شێوەی پیتەکان بوو بە بزماری کانزایی لەسەر تابلۆیەکی قوڕینی لینجاوی، ئینجا دوای ئەوەی کونەکانی ئاماژە بە پیتەکانیان پڕدەکردەوە، بە ئاگر وشکیان دەکردەوە. ئەوسا ئەو تابلۆ وشککراوە هەڵکۆڵراوانەیان بە شێوەیەک هەڵدەگرت و دادەنا وەکو ئەوەی کێکی جەژنانەی ئەمڕۆ، کە لای سەرەوەی هەڵکۆڵراوە، هەر بۆیەشە پێیگوتراوە نووسینی بزماری. ئەوسا لەو سەردەمە کۆنینەدا لەبەرگرتنەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان (دامەزراوەیی) بەکارنەدەهات، یان بە واتایەکی دیکە کارەکە نەبووبووە پیشە. تۆمارکردن کارێک بوو کەم ڕووی دەدا، بەزۆریش پەیوەست بوو بە باسکردنی پاشا و تۆمارکردنی نەبەردییەکان و پاراستنی دەقە دینییەکانی وەکو داستانی نازداری «ئاتو ئیلیش» واتە ئەو ڕووداوەی لە بالاوە قەوما، ئەمەش قورئانی سۆمەر بوو، کتێبە دینییە پیرۆزەکەیان بوو، کە چیرۆکی سەرەتای دروستبوونی گەردوون و نهێنییە یەزدانیەکانی دەگێڕایەوە.

ئەوکات لەوێدا وەک ئەوەی لە سەردەمی بێزەنتی و ئیسلامی کاربەردارییەک نەبوو ناوی «لەبەرگرەوە» بێت. ئەگەر هەبوایە، هەق نەبوو سیفەتی «سامی»بدرێتە پاڵ، چونکە ئەمە کەوتنە داوێکی ناسراوبوو، ئەو داوەی هەندێک لە زماناسەکان (فیلۆلۆجییەکان) بە کاریگەریی تەوراتییەوە دایاننابووەوە، ئەمەشیان لەوکاتەدا بوو کە لەیەکنزیکی زمانەکان بوو بەهۆی دراوسێبوونی ئاخێوەران و میراتگرەوەکانییەوە بوو (ئارامی، سریانی، عەرەبی، عبری... هتد) کە یەک ناویان بە بالا بڕاوە، ئەویش ناوی زمانە سامییەکان بوو! ئەمەش بۆ سامی کوڕی نوح دەگەڕایەوە، سامیش ئەو کەسە مێژووییە تەوراتییە بوو، کە مێژوو نەیناسیوە و هەموو زمانەکانی دیکەشیان لە کۆمەڵەیەکدا بە ناوی زمانە هیند و ئەورووپییەکان کۆکردۆتەوە! ئەم پێناسەیەش بەگوێرەی شوێنە جوگرافییەکە پێناسەیەکی شوێنییە، پێناسەیەک نییە شەقڵێکی بیروباوەڕانەی سەر بە سامی پێوەبێت، بەو پێیەی کوڕی نوحی پێغەمبەر بووە. نوح دوو کوڕی هەبوون، سام و حام. خۆ ئەگەر ڕووداوەکە ڕاستیش بێت، کەواتە ئەی زمانە حامییەکان کوان؟! لەوەش هەر گەڕێ، کە جیهانە کردەییەکە نەوەک تەوراتییەکە، نە سام و نە حامی ناسیوە نە مێژووی بۆ نوسیوەتەوە و نە دانیشی پێداناوە. زۆر لە توێژەران ئەوە دەبینن، کە حەکایەتی لافاوە تەوراتییەکەی نوح، لە بنەڕەتدا چیرۆکی پیاوێکی دڵباش بووە، لە لافاوە هەڵچووەکە سامناکەکەی ڕووباری «دیسان /دیصان»دا نەخنکاوە. ئەو ڕووداوەی لە زەمانی هەرەکۆندا قەوماوە و شاعیرانیش چیرۆکەکەیان لە داستانێکدا بەناوی «لافاوی ڕووباری دیسان» ناوهێناوە و ئیدی جووەکان، لەکاتی بەکۆیلەبوونیان لە بابل گوێیان لە حەکایەتەکە بووە و گواستوویانەتەوە نێو تەوراتەکەی خۆیان.

بابگەڕێینەوە سەر ڕەگوڕیشەی زمانی کوردی و کتێبەکەی د. جەمال ڕەشید (ئەم ڕەخنەیەی پێشوو لە بایەخی کتێبەکە کەم ناکاتەوە) لەوێدا دەق وەها دەڵێت: زاڵبوونی زاراوەکانی ئاری بەسەر هەردوو زمانی کاسیی و حوری لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا بووە بەردی بناغەی پەیدابوونی زمانی کوردی لە مێژوودا. ئینجا دروستبوونی دوودەوڵەتەکەی کاردۆنیاش لە بابل و مینات بە پایتەختەکەیان لە وڵاتی کوردا (جەزیرە) و لەژێر جڵەوی توخمە ئارییەکاندا، زەمینەیەکی بەهێزی بۆ سەرەتای نەتەوەی کورد ڕەخساند. ئەم تێکەڵاوییە شارستانییەش لە کوردستاندا، بەشێکە لە زانستی کوردۆلۆژیا (مەبەست: زانستی مێژووی کوردە) کە هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕووداوە مێژوویانەوە لە باکوور و خۆرهەڵاتی دۆڵی دوو ڕووبارەکەدا (مەبەست عێراقە) نییە. لەوەی سەرەوودا بە دوو ئەنجام دەردەچین.

**یەکەمیان:** کوردستان میراتگری سوبارتۆیە، واتە کورد بەرهەمی تێکەڵییەکن لەنێوان ئەو کۆمەڵە نیشتەجێیانەی لە ناوچەکەدا ئاکنجی بوون، کە پێی دەگوترا «سوبارتۆ» کاتێکیش

زمانی خەڵکەکەی گۆڕا، بووە «کوردستان»

**دووەمیشیان:** بەرەبەیانی نەتەوەی کورد لە زەمانێکی زۆر دێرینەوە بووە (بەر لە چوار هەزار ساڵەوە) بەو واتایەی بەر لە سەرهەڵدانی هەر سێ دینە ناودارەکەشەوە بووە، ڕاستتر بڵێین تاکە دینێک کە هەرسێ دینە بەجێماوەکەی ئەمڕۆی لێ پێکهاتووە: جووایەتی، کریستیانی، ئیسلام. هەر ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕاڤەدەکا، چۆن ئایینە هەرە کۆنەکان لە کوردستانی ئێستادا هەبوون و ماون، وەکو ئێزدی، ئەوانەی بەر لە چەند حەفتەیەک لە لایەن داعش و بە ناوی ئیسلامەوە پیاوەکانیان سەربڕان و ژنەکانیشیان بە تاڵان بردن!

هەرچۆنێک بێت زمانی کوردی لە ماوەی چوار هەزارەکانی ڕابردوودا پەرەیسەند کە (زمان هەر بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی پەرەسەندووە) ئیدی بە کردەی پەرەسەندنی زمانەوانی شەقڵی ناسنامەکەی دیاریکرا. شاعیر گوتی: من کێم؟ ئەمەیان پرسیاری ئەوانی دیکەیە و وەڵامی نییە! من، زمانم.

هەرچۆنێک بێت، ئێمە لێرەدا ناتوانین ئەو پێشکەوتنانەی لەو قۆناغەدا بەردرێژەی مێژووی زمانی کوردی بخەینە ڕوو، هەربۆیە بە ئاماژەکردن بە نووسینەکەی د. جەمال ڕەشید و (توێژەرانی دیکە) وازدەهێنین. د. جەمال ڕەشید دەڵێ: بۆ ناوهێنانی نەتەوەی کورد دوو سەرچاوەی مێژوویی هەن، ئەوانیش «کورد» کە لە پێکهاتەی «کوردا» وەرگیراوە، ئەوەی لە تابلۆیەکی قوڕینی ئەکەدیدا هاتووە (مەبەست: لە سەردەمی شارستانێتی ئەکەدی، ئەکادی) تابلۆکە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین هەڵکەنراوە. هەروەها بۆ وشەی «کورت»یش دەگەڕێتەوە لەناوی یەکێتی هۆزەکانی میدییە (مەبەست: پاڵدانە بەر میدیایە لە ئەنادۆڵ) ئەوانەی لە ماوەی هەزارەی دووەمی پێش زایین لە کوردستان نیشتەجێ بوونە، ئەمەش بەگوێرەی تۆماری ئاشوورییەکانەوە. لە سەردەمی فاوستوسی بێزەنتیشەوە (سەدەی چوارەمی زاینی) وڵاتی کورت، یان کوردستان بە شەقڵی (کوردش) هاتووەو بووەتە کوردستان.

بایەخی ئەم ئاماژەیە لە واتای دێرینیبوونی نەتەوەی کورد لە مێژوودا دێت، جەختکردنەوەشە لەسەر ئەوەی کورد نەتەوەیەکن لە کۆنەوە



یووسف زیدان

هیچیان لە عەرەب کەمتر نییە. لەوانەشە نەتەوەی کورد دێرینتر و ڕەسەنترینیش بن لە هاوتاکانیان وەکو عەرەب، ئێمە ڕەگوڕیشەی مێژووییمان بەر لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە نازانین.

لە سەدەی چوارەمی کۆچی (دەیەمی زایینی) دا و بە کاریگەریی دینی ئیسلامی، کە بووە بیروباوەڕی بەشی هەرەزۆری کوردیش، فەرهەنگی عەرەبی بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا زاڵ بوو، وایان لێهات زمانەکەی خۆیان بە پیتی عەرەبی بنووسن، هەرچەندە خەتی عەرەبیش لە ڕووی ئیقاعی دەنگی (فۆنیم) ەوە بۆ وشەکانیان نەدەگونجا، پاشان چوونە سەر ئەوەی دانراوەکانیان بە زمانی عەرەبی بنووسن، یان زۆرینەیان هەر خەریکی ئەو کارە بوون.

لە سەدەی بیستەمیشدا، کورد کەوتنە بندەستی زاڵی حکومەتی جۆربەجۆری نەتەوەی سەربەخۆ، ناچارکران واز لە زمانەکەیان بهێنن و نووسینیان بە زمانی زگماک لێ حەرام کرا. بەشە تورکییەکەی کوردستان بە داری زۆری

خەڵکەکەی ناچارکرد ببنە تورک و نووسینیشیان بە پیتی لاتینییەوە بنووسن. ئەوە بوو واز لە خەت و پیتی عەرەبی هێنرا، ئەو خەتەی تورکە عوسمانییەکان لە ماوەی ژیانی خۆیاندا پێیان دەنووسی. هەروەها شێوە و شەقڵی هونەری وەک خەتی طوغراش داهێنرا.

کۆمۆنیستەکانیش لە ڕووسیای بەلشەفیشدا هەموو کەمینەکانی «یەکێتیی سۆڤیەتی»یان بە کەمینەی کوردیشەوە ناچارکرد بە خەتی کیرلی، کە زمانی ڕووسی پێدەنووسرا، بنووسن. ڕەوشی کوردانی ژێر ڕکێفی فارسەکانیش (ئێران) و دەسەڵاتی عەرەب (عێراق و سوریا) هەروابوو، کە بووە مایەی ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی هەستونەستی نەتەوەیی لای کوردان کز ببێت، بەتایبەتیش ئەو ناکۆکییەی لەنێوان کۆمەڵە کوردییە چەکدارەکانی سەر بە عێراق و ئەوانەی سەر بە ئێران بوو، تا دەهات گرژتر دەبوو، بەهۆیەوە قوربانی زۆری کورد بەدەستی کوردی لێکەوتەوە.

ڕاچەنینی کورد لە دوای کەوتنی سەددام لە عێراق و لە دوای گەیشتنیان بە جۆرێک لە حوکمی خۆبەڕێوەبەری و خۆپارێزی لە ڕێی هێزی سەربازییان ئەوەی بە «پێشمەرگە» ناسراوە، وایکرد دەرفەتێک بۆ دۆزینەوەی ڕوخساری نەتەوەیی و کەسایەتی شارستانێتیان بێتەپێشەوە. ئیدی توێژینەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر دێرینی نەتەوی کورد و ڕۆڵی زیندووی خۆی لە مێژووی ناوچەکەدا و پەرەسەندنی وێژەکەیدا پەیدابوون. تەنانەت هەندێک لە توێژینەوە زۆر هاوچەرخەکان باسی ئەوە دەکەن ڕۆشنبیریی عەرەبی دەقی ئەدەبی ناوداری ناسیوە (هەزار و یەک شەوە، کەلیلە و دیمنە، سیندبادی دەریایی...) ئەمانەش وەنەبێت وەکو زۆرینەی خەڵکەکە بۆی چوون بە تەنیا هەر لە ڕێی زمانی فارسییەوە ناسیبێت، بەڵکو لە ڕێی وەرگێڕانی بۆ سەرزمانی عەرەبییەوە بووە، ئەم وەرگێڕانانەش لە دەقگەلێکدابوون بە زاراوەی کوردییەوە نووسرابوون.

لە تێخوێندنەوەی کوردی عێراقدا و وەستانی ململانێی چەکداریی کوردی هەردوو دیوی ئێران و عێراقدا و شکستخواردنی تورکیای ئەردۆگان لە سەرکوتکردنی کورد لە ئامەددا، دەرووی دەرفەت بەسەر بووژانەوەی خەونی نەتەوەیی کوردی بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی

"کورد بە سەنگینی (جدیبوونی) پیاو و جوانی ژنەکانیان ناسراون هەروەها ئەوان خەڵکێکی سادەن، هەزاران ساڵە بە سادەیی لە بەرزایی و پێدەشتەکاندا دەژین"

کوردستان دوای ماوەیەکی بەردرێژی زوڵم و چەوساندنەوە هاتەکایە، لێ لەبەر ئەوەی پەرەسەندنی ئەو گیانە نەتەوەیی و پێشکەوتنی هزری نەتەوەیی کوردی لەگەڵ بەرژەوەندی زۆر لە هێزە نێودەوڵەتییەکان ناکۆکە و ئەو بوژانەوەیە سەری هێشاندوون بۆیە «داعش»یان بۆ زیندووکردنەوە.

### داگیرکردنی (فەتح)ی کوردستان

کاتێک لەپڕ هەواڵ و ڕاپۆرتی سەیروسەمەرە لەبارەی سەرهەڵدانی لەناکاوی ڕێکخستنی داعش سەریهەڵدا، لە نێوان بڵاونامەی سەرسوڕهێنەر لە ڕێی ڕۆژنامە و ئامرازەکانی گەیاندنی جیهانی و عەرەبی بڵاوبوونەوە، یەکێک لەوانە بەیاننامەیەکی داعش بوو لە سێیەمین ڕۆژی مانگی نۆیەمینیان (ئاب)دا پەخش بوو، دەق ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتبوو: ڕێکخستنی داعش ڕایگەیاند، کە بەسەرکەوتوویی دەستی بەسەر هێڵە سنوورییەکەی نێوان پارێزگای نەینەوادا گرتووە و پارێزگای دهۆکی سەر بە هەرێمی کوردستانی عێراقیشی فەتح کردووە. ڕێکخراوەکە هیوای خواست بەڵکو سەرتاپای ناوچە کوردییەکە فەتح بکا.

لە دەقی بەیاننامە ناڕوونەکەدا دوو جاران وشەی «فەتح» هاتبوو. بێ ئەوەی هیچ کەسێک لەسەر ئاماژەی ئەو وشەیەدا هەڵوێستەی کردبێت، واتاکەی لە ڕووی زمان و دەستەواژەییەوە: لەشکرکێشییە بەهۆی دینی ئیسلامییەوە بۆ سەر خاکێکی نوێ و هێنانە بن ڕکێفییەتی بەشەڕ و کوشتار، یان بە خۆبەدەستەوەدان بۆ ئەوەی لە کوشت و کوشتار دووربکەونەوە. ئەمەش بەگوێرەی دەربڕینی دەستەواژەی کۆن بژاردەیەکە واتای ئەوە دەدا: بەخۆشی بێ، یان بە ترشی.

لەوانەشە ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵی (تورکی) کە ئەم بەیانەی بڵاوکردەوە، یان بە واتایەکی دیکە ئەو لێدوانەی داعشی بڵاوکردەوە،ا پاکانەی خۆی هەبێت لەوەی لەسەر وشەی فەتح هەڵوێستەیان نەکردووە، کە دووجار لە نێو بەیاننامەکەدا هاتبوو. ئەوان لەم پرسەدا بووراون، چونکە لە کۆتاییدا ئەوان ئاژانسێکی هەواڵی ئەعجەمین (غەیرە عەرەبن) بەڵام لە هەموو شتێک سەیرتر ئەوەبوو، ڕاگەیاندنی خۆمانەی عەرەبی سەرنج و تێبینی لەسەر وشەی «فەتح» نەدا، بەوەی

نابێت ئەو وشەیە بەکاربهێنرێت، مەگەر تەنیا بۆ لەشکرکێشی مسوڵمانان بۆ سەر «وڵاتی کفر» نەبێت و ئەویش بە خۆشی، یان بە زۆری دەستی بەسەردا بگرن. ئەمە چۆن دروستە، ئەگەر کوردستان لە سەدەکانی زۆر لەمێژەوە کرابێتەوە و زۆرینەی خەڵکەکەی موسڵمان و لەسەر مەزهەبی سوننە بن، چۆن تاقمەکەی داعش ئەو سیفەتەی فەتحکردنەیان دەدەنە پاڵ، چۆن دەکرێت وشەی «فەتح» وەکو جێگرەوەیەکی کەڵەگایی (بەڵتەجی) و تاوان بەکاربهێنرێت!

لە وڵاتی ئێمەشدا بەسەر خەڵکەکەدا تێپەڕێ هەروەکو زۆر کاروباری دیکەشیان بەسەردا تێپەڕیوە، هیچ کەس بایەخ بە ڕێکوپێککردنی ئاماژەنمای وتەکان نادات، یان کەس بە تێکەڵکردن و چوونە پاڵ یەکی ناقۆڵای واتای وشەکان سەرسام نابێت. هەرچۆنێک بێت، ئەمەش تاک حاڵەت نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتەکانمان لە سەری ڕاهاتووین، بە شێوەیەک خەڵکەکەی وەکو باڵندە و مەڕوماڵاتیان لێهاتووە، لەگەڵ یەکدا بە دەنگی هەڵبڕاو لەیەک دەگەن و پەیوەندی دەگرن، نەوەک بە واژەی زمانێکی ڕەوان، کە هەریەکەی واتا و شەقڵی ڕێکوپێکی خۆی هەیە. دیارە کە دەڵێین «بانگخواز و بانگخوازی» بۆ ئەو کەسانەیە ئامۆژگاری خەڵک دەکەن، بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەوە بدەن کە بانگخوازیی لە ئیسلامدا ناگونجێ مەگەر لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی ناموسڵماندا نەبێت. هەرچی لەنێو کۆمەڵگەی ئسلامیدا، دروست نییە ئەم جۆرە کارانە بە بانگخوازی ناو ببەین، چونکە سوکوئاسان ئیشەکە ئامۆژگارییە. کەچی لەهەمان کاتدا قینمان لە وشەی «تەبشیر»ە و بەکارێکی دژەئیسلامی دەزانین، لەهەمان کاتیشدا وشەی «کرازة» بەکاردەهێنین و دووبارەشی دەکەینەوە، بێ ئاگا لەوەی ئەم وشەیە دەقاودەق واتای «تەبشیر» دەگەیەنێ! هەر ویستم سەرنجی خوێنەر بۆ دژواریی ئەم شتانە ڕابکێشم، ئەم کارەشم بەر لە چەند ساڵێک لە کتێبی «كلمات، التقاط الالماس من كلام الناس (وشەگەل، دەرهێنانی ئەڵماس لە قسەی خەڵک)دا کردووە، کەچی کاریگەرییەکە هێشتا هەر سنووردار بوو، هەرچەندە کتێبەکە چەند جاریش چاپکرایەوە. هۆکارەکەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، کە خەڵک لە وڵاتەکەماندا زۆر کەم دەبیستن، خۆ ئەگەر گوێشیان لێبوو، ئەوا بە کەمی مشووری دەخۆن، یان بایەخ بەو کاروبارانە دەدەن، ئەو شتانەی پێیان وایە شتگەلی لوسکەن (کەمالیاتن) و زیادە خۆشڕابواردنێکی ڕۆشنبیرییە. هەرچەندە ئەوەی من دەیبینم لە شتە هەرە دژوارەکانە، کە تووشی عەرەبەکانی ڕۆژگاری ئێستامان دەبێتەوە و هەڕەشەیەکیشە لەسەر پوکانەوەی تەواویان.

• • •

لەدوای ئەوەدا دەڵێین: بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ئەو بەسەرردادانە چەکدارانەی داعش بۆ سەر کوردستان ناوی «فەتح»ی لێبنێین، چونکە هەر خۆی بە کردەوە و پێشتر لەبەردەم ئیسلامدا هەر لە سەردەمی فتوحاتەوە، بەر لە چواردە سەدەدا کراوە. دەکرێت ئەو شەڕانە بە گەمژاندن (بەدەرفەتزانین) یان بەڵتەجە/ کەلەگایی (کە بە تورکی واتای هەڵگری تێڵا) دەدا یاخود تاوانێکی کوشندە (بە واتای قانونی و مرۆڤدۆستانەی وشەکە) یاخود جێبەجێکردنی نەخشەی نێودەوڵەتی ناوببەین، کە تێیدا بەرژەوەندی چەندین دەوڵەت دەخوازێ بۆ ئەوەی کورد هەر لە حاڵەتی کەساسییدا بمێنێتەوە، ئەمەش لەترسی ئەوەی نەوەک دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێن و ئیدی بەشەکانی یان لە عێراق و سوریا لە باکوور و تورکیا لە باشووریی ڕۆژهەڵات و ئێرانیش لە باکووری خۆراوادا داببڕن، بۆ ئەمریکاش دەرفەتێک بێت بۆ بە تاڵانبردنێکی ڕێکخراو بۆ نەوت. دەکرێ شەڕی داعش بەهەر یەکێ لەو واژانە «گەمژاندن، کەلەگایی، تاوان» ناوببرێ، هەرچی وشەی «فەتح»یشە نە لە دوور و نە لە نزیک دروست نییە. کەواتە ئەی «فەتحی» ڕاستەقینە بۆ ئەو شوێن و ناوچانەی کوردی کەی بووە؟

• • •

دەستپێکی «فەتح»ی کوردستان لە ڕۆژگاری خەلیفەی دووەم، عومەری کوڕی خەتابدا قەوما و لە ڕۆژگاری خەلیفەی سێهەم، عوسمانی کوڕی عەفاندا کۆتایی پێهات؛ (هەر بەو بۆنەیەوە، لە دوای حوکمی هەرچوار خەلیفەکان، پێغەمبەر خەلیفە و خەلافەت نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتێک بووە حوکمەکەیان لە باوکەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، بە شێوەیەک بووەتە دەسەڵاتێکی زیانبەخش) خەڵکی کوردستان لە

> “ خەڵکی کوردستان لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا بە شێوەیەکی گشتی لەسەر دینی ئێزدی بوونە، ئەو دینەی ڕەگوریشەی بۆ دینی فارسی دێرین، ئەوەی بە زەردەشتی ناسراوە دەگەڕایەوە ”

> “مەیلی دایکایەتی لە میانەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردیدا بەردەوام بووە، ئیدی بەخواوەند کردنی مێینە گۆڕاوە بۆ بەپیرۆز زانینی ژن و بەرزکردنەوەی پێگەکەی. هەر بۆیە لە مێژووی کوردستاندا چەندین ژنی سەرکردە هەڵکەوتوون و رابەرایەتی هۆزەکانیان کردووە”

سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا بە شێوەیەکی گشتی لەسەر دینی ئێزدی بوونە، ئەو دینەی ڕەگوڕیشەی بۆ دینی فارسی دێرین، ئەوەی بە زەردەشتی ناسراوە دەگەڕایەوە، ئەو دینەی بڕوای بە هەبوونی دوو هێزی مەزن هەبووە: ڕووناکی و تاریکی، یەزدان و ئەهریمەن، خودا و شەیتان. کورد بەگوێرەی جوگرافیاکەی لە ناوچەی نێوان فارس و یۆناندا ئاکنجی بووبوون، ئەمەش ناوچەی ملمنێی کۆنینەیە، کە چەندین سەدە درێژەی کێشا، لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامیشدا لەنێوان فارس و ڕۆمدا بوو (واتە ڕۆمانەکانی دوایی، بیزەنتیەکان).

ئەوەش زانـراوە دەوڵـەتی ئیسلامیی بەرایی لـەسـەر داروپـــەردووی هــەردوو دەوڵـەتـی فارس و بیزەنتی بڵاوبوویەوە، لێرەوە دەبوایە موسڵمانەکان ناوچە کوردنشینەکان داگیر بکەن تا ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ ڕووکردنە فارس و پشتیشیان لە بەرانبەر سوپای بێزەنتییەوە قایم بکەن. هەر بۆیە خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لەشکرێکی بە فەرماندەیی «عوتبەی کوڕی نافع» لە ساڵی بیستەمی کۆچیدا نارد و شەڕی خەڵکی «نەینەوا»ی کرد، هەروەک بیلازەری لە کتێبەکەی خۆی بەناوی «فتوح البلدان»دا دەڵێ؛ بەزۆرەملێی بەسەردادان داگیری کردن. ئەمە و لە کاتێکدا بەشەکانی دیکەی کوردنشین بە شێوەیەکی ئاشتییانە چوونە ژێر باڵی دەسەڵاتی موسڵمانان و بە جزیەدان قایل بوون.

بەم جۆرە فتوحات (داگیرکاریی) ئیسلامی لە ڕۆژگـاری خەلیفە عـومـەردا درێـژەی کێشا، تـا نـاوچـە کوردییەکانی (تـکـریـت، کــوردی، مـەرج ..هـتـد) گـرتـەوە، دەگـوتـرێت فەرماندە مسولمانەکەش «عەیازی کوڕی غەنەم» بوو، کە دەستی بەسەر تـەواوی کوردستاندا گرت تا گەیشتە «ئـامـەد». کەچی کورد بە ڕووی دەسـەڵاتـی موسڵماناندا هـەڵـگـەڕانـەوە، ئـەوە بـوو خەلیفە عوسمان لەشکرێکی دیکەی بە فەرماندەیی «ئەبی موسا ئەشعەری» ناردە سـەریـان، ئەویش لە بـەسـراوە جارێکی دیکە لەشکرکێشی کردەوە سەر کوردان و هێنانیەوە ژێـر ڕکێفی خـۆیـان و دیـسـان کوردستانی هێنایەوە نێو چوارچێوەی دەوڵەتە ئیسلامییە ساواکە.

سەرچاوە مێژووییەکان زۆر بە کەمی باسی فەتح (داگیرکردن)ی کوردستان دەکەن، مەگەر بە گشتی نەبێ دەنا باسیان نەکردووە، ئەوەندە نەبێت بیـلازەری و هەندێ لە مێژوونووسە سـەردەمـەکـانی دواتــر باسیان کــردووە. لێ تـوێـژینـەوەیـەکی هـاوچـەرخـی «د. فرسـەت مەرعی» هەیە کە ناوونیشانێکی یەکجار ڕوونی هەیە: «الفتح الاسلامی لکردستان» ئەم کتێبە چوار بەندە، نووسەر تێیدا ڕەچەڵەکی کورد و بارودۆخیان لە سەردەمی هاتنی ئیسلام و جەنگی «جەلەولا» دەخاتە ڕوو، ئەو جەنگەی وایکرد کوردستان بکەوێتە دەستی موسڵمانان. هەروەها کتێبەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، گەیشتنی ئیسلام بە کوردستان بە شێوەیەکی لەشکرکێشی لەشکرییەوە ملهوڕانەوە نەبووە بەقەدەر ئـەوەی ڕزگارکردنی کورد بـووە لە دۆخی ململانێیەکی دژواری دەسەڵات، کە زۆر درێـژەی کێشابوو و کوردیش بـەر لە هاتنی موسڵمانەکان لـەبن بـاری چـەوسـانـدنـەوەدا دەیانناڵاند. ئەو لە کتێبەکەدا حاشا لەو قسانە دەکـا، گـوایـە کـورد بـە زۆرەمـلـێ بـوونـەتـە موسڵمان. لە واقیعی ئینتیمایە ئیسلامییەکەیەوە کورد شانازی بە خۆیەوە دەکات بەوەی لەو چاخە دوورودرێژەیدا بەشدارییان تێداکردووە، بەشدارییەکی دیاریان لە دارشتنەوەی کەلتوری عەرەبیدا کردووە.

## ژنی کورد

لەنێوجەرگەی ئـەو کـارە سامناکییەی داعش کـە هـەواڵـەکـانیشـی بـەشـێـوەیـەکی بـەربـڵاو پـەخـش بـــوون، ئـامـرازەکـانـی ڕاگـەیـانـدنـی جیهانی و عەرەبی و کەناڵەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وێنەیەکی ترسناکی گەنجێکی داعشـیـان بــڵاوکــردەوە، کـە بـە شێوەیەکی شێتگیرانە پیدەکەنێت، لەکاتێک سەرێکی بڕاوی ژنێکی کوردی ڕوخسار نازدار و کەزیدرێژی بەدەستەوەیە و ڕوخسارەکەش خەندەی لەسەر لێوەوەیە. بە دەستەکەی دیکەشی پەنجەی ئاماژە وەک نیشانەیەکی یەکتاپەرستی بەرزدەکاتەوە! بێگومان ئەم وێنەیە هەموو هەستێکی تووڕەیی و قێزلێبوونەوەی لە دڵ و دەروونـی خەڵکی خـۆرهـەڵات و خـۆراوا وروژانــد. لـە درێـژەی وردەکــاری و لێکدانەوەکانیدا زۆر گوترا و بەندوباوی زۆر هێنرایەوە، لە نێویاندا ئەوە بوو، گوایە داعش ئەمەیان بۆ ئەوە کردووە، بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەی ترسوتۆقینێکی وەها خۆش بکەن تا بتوانن هەر کوێ بچن دەستوقەدەمی بەرگریی

خەڵکەکە بشکێنن و بەئاسانی دەستی بەسەر دابگرن، ئەمەش شێوازی مەغۆلە، کە کاتی لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر جیهانی ئیسلامی بەکاریهێنا. هەروەها لەنێو لێکدانەوەکان ئەوەش هەبوو، گوایە دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام (داعش) ویستوویەتی هۆشداری بداتە ژنان، بەوەی ئەگەر هاتوو خۆیان بۆ دیلی و کەنیزەیی و گەرمکردنەوەی سەرجێی «موجاهیدەکان» و تێرکردنی هەوەزبازییان بەدەستەوەنەدەن، ئەوا تووشی ئەم چارەنووسە سامناکە دەبنەوە. هەروەها ئەوەش گوترا سەری براوی خانمەکە، کە ناوی «ڕەیحان» بووە، ژنێکی شەڕڤانی کورد بووە، بەرگریی لە شاری «کۆبانی»ی کوردی موسڵمانی سوننە لە دژی دەستە و تاقمی داعش کردووە. هەروەها ئەوەش گوتراوە ژنانی کورد بەڵێنیان بەخۆیان داوە، ئەگەر هات و تووشی بەڵای داعش هاتن و بەوەی بۆ پرسی سەرجێی و هەوەس و بدرێنە داعشەکان و کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت، خۆیان بکوژن.

هەر دوای ئەوە خەمێکی دیکەمان لە ئێرانەوە بۆ هات. کورتەکەشی ئەوەبوو، لەوێشدا ژنێکی دیکەیان لەدار دا. ئەویش هەر ناوی «ڕەیحان جەباری» بووە، یەکێک لە ئاژەڵە دڕندەکانی دەزگای هەواڵگریی ئێرانی بە نیازی لاقەکردن دەستدرێژی کردۆتەسەر، ژنەش نەیکردۆتە نامەردی و کابراکەی کوشتووە. دەگوترێت کچە لەسێدارەدراوەکە سوننە بووە، کوردیش بووە، چونکە نازناوەکەی «جەباری» بووە، ئەم ناوەش ناوی هۆزێکی کوردی ناودارە کە ژمارەکەیان دەگاتە چەندین ملیۆن، زۆرینەیان لە عێراق دەژین و هەندێکیشیان لە دەرەوەی عێراقن، هەر هەموشیان سەر بە یەک باپیرەن بە ناوی «عەبدولجەبار» ئیدی بەهەر یەکێکیان دەگوترێت: جەباری.

لەم خەمەوە دەچینەوە سەر خەمی یەکەم. ئاخر ئەوە لە کیژە شەڕڤانەکان، ئەوانەی لەم ڕۆژانەدا دژی داعشەکان وەستاونەتەوە ئەوە زانراوە، بە دیل ناگیرێن. واتە ئەوان تا دوا هەناسە دەجەنگن، ئەوان پێیان خۆشترە بمرن لەوەی بکەونە دەستی داعش، چونکە نایانەوێ سووکایەتییان پێبکرێت و جەستەیان لە دیلییەتیدا بەشێوەیەکی هۆڤییانە وەکو «کەنیزەک» بەکاربهێنرێت. بە دەربڕینێکی دیکە، ژنی کورد بەوە دەناسرێتەوە، شانازییەکی زۆر بە مێیایەتی خۆیەوە دەکات، شانازییەک ڕێ لەوە دەگرێت وەک دیلێک سووکایەتی قبووڵ بکات، بە دەربڕینێکی ڕوونتر: ژنی کورد ئازادە.

کەواتە بۆچی ژنی کورد بەو خاسیەتانە دەناسرێتەوە؟ بۆ وەڵامەکە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و تێبینی باندۆری جوگرافیا بکەین، ئاگامان لە سروشتی تایبەتمەندی فەرهەنگیی کوردە موسڵمانە سوننەکان بێت.

• • •

بەدەر لەو کوردانەی ناچارکراون لە نیشتمانی ڕەسەن و ماکی خۆیان باربکەن، مەبەستم ئەو ناوچە بەربەرینەیە کە بە «کوردستان» دەناسرێت، ئەمڕۆش هۆز و تیرە کوردییەکان هەروەک چۆن لە سەردەمی کۆندا لە ناوچەی بەرزایی چیاکان دەژین، کە دەشتە سەوزەکان دەورەیان داون. بەگشتی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە کورد و غەیرە کورد مەیلیان بە نەریتپارێزی هەیە نەوەک بەرەڵایی و لەدەستدەرچوون، شانازیکردن بە ناموس دەکەن نەوەک و چاوپۆشین لە ئاستیدا. ئەوان بە پێچەوانەی خەڵکی بیابانی ڕووتەن و شارە پڕ لە ئاپۆرا و جەنجاڵەکان، کە زۆر باکیان بە نەریتپارێزی و پیرۆزی جەستە و گۆڕینی ڕەفتاری گشتییەوە لەبارەی چەمکەکانی شکۆ و شەرەفەوە نییە. بە دەربڕینێکی دروستتر: زۆرجاران بەدو/ڕەوەندە هەرە تۆخەکان و ئاکنجیانی شارە گەورەکان لەچاو خەڵکی شار و ناوچە کەسکەکان زیاتر لێبووردەن. ئەمەش ڕوانینێکی جوگرافیانە و ڕەنگدانەوەیەتی بەسەر ڕەفتاری گشتی.

> “ مێژوونووسە کوردەکانیش بنەچەی زمانەکەیان دەگەڕێننەوە سەر زەمانی سۆمەری دێرین و نوسینی بزماری زۆر کۆن ”

لەبارەی مێژووی هەرە دێرینی ناوچەی کوردستانیشەوە، توێژەران لەسەر ئەوە ڕژدن، باوک و باپیرانی کورد بەر لە هەزاران ساڵ لە کۆمەڵگەیەکی دایکسالارییدا ژیاون، لەوێوە دایکی مەزن و مێینەی خواوەندیان بە پیرۆز زانیوە و پەرستووە. د. جەمال ڕەشید لە بەرگی دووەمی کتێبە ئەنسلکۆپیدیایەکەیدا «سەرهەڵدانی کورد لە مێژوودا» بە دەق دەڵێت: پێگەی کۆمەڵایەتی ژن لە کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی لە شەقڵپێدانی ڕوانینی دینی لە سەرهەڵدانی ئەفسانەی یەکەمدا بینیوە و لە جەستەی ئەودا ژیانێکی نوێ دێتە کایە، لە سینگی ئەودا شیری ژیان هەیە، سووڕی ڕێکوپێکی

مانگانەی خولانەوەی مانگە، بەپیتییەکەی بە پیتی سروشتە. کەواتە لە پاڵ هەموو ئەو شتانە بوونەوەرێکی مێینەی مەزن هەیە، ئەو خۆی بناوانی شتەکانە، لەوێوە هەبووەکان دێنەکایە و هەموو شتێک بۆ منداڵدانی ئەو دەگەڕێتەوە.

پاشان نووسەر ئاماژە بە کۆمەڵگەی کوردی دێرینی بەر لە هەزاران ساڵ دەکات بەوەی خواوەندی «شاوشکا»یان پەرستووە، ئەو خواوەندەی بە ناوەکانی «نینی» و «ئەنانا»شەوە ناسراوە. ناوی شاری «نەینەوا»ش هەر بەناوی ئەوەوەیە، لە بەرانبەریشدا شاری ئوربیلیول «ئەربیل/هەولێر» هەیە. هەروەها خەڵکی شاری شموخا لە باشووری خۆرهەڵاتی «دیاربەکری» ئێستادا ئەم خواوەندەیان پەرستووە.

هەرچۆنێک بێت، بەخواوەندکردنی مێینە لە چاخی دروستبوونی شارستانییەکاندا، تەنیا لەسەر خەڵکی ناوچەی کوردستاندا نەوەستاوە. خۆی ئەمەمان لە هەموو شوێنە بنگەییەکانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا بینیوە» میسر، عێراق، یۆنان! ئەمەش بەر لەوەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی نوێ و لەژێر مجێز و مەیلی فروانخوازییە لەشکرکێشی ملهوڕەکانیانەوە خواوەندی مێینە لەناوبەرن و لەجێگەیدا خودای نێر «خواوەندی سەربازان» دابنێن، هەروەک ئەوەی لە ڕۆمانی «سایەی ئەژدیها»دا خستوومەتە ڕوو.

• • •

مەیلی دایکایەتی لە میانەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردیدا بەردەوام بووە، ئیدی بەخواوەندکردنی مێینە گۆڕاوە بە بەپیرۆز زانینی ژن و بەرزکردنەوەی پێگەکەی. هەر بۆیە لە مێژووی کوردستاندا چەندین ژنی سەرکردە هەڵکەوتوون و ڕابەرایەتی هۆزەکانیان کردووە، لەوانەش: بێوەژنی غولام شا خان، ژنانی بنەماڵەی هەکاری، دەسەڵاتدارەکانیش؛ عادیلەخانم، قەرە فاتیمە ئەوەی فەرماندەیی سوارچاکەکانی کرد و لە ١٨٥٤دا دەستی بەسەر قوستەنتینییەدا گرت.

لە وەرچەرخانێکی تیژ و ئاماژەداریشدا، خاوەنی ئینسکلۆپیدیای «سەرهەڵدانی کورد لە مێژوودا» دەڵێت: بڵاوبوونەوەی سەرەتاکانی ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بووە مایەی ئەوەی هەندێ دابونەریتی کۆمەڵگە عەرەبییەکان لای کوردان بڵاوببنەوە، بەڵام خۆداپۆشینی

> **"یەکەمین پەیوەستبەندی پاڵپشتی ناسنامەی کوردی زمانە. زمان پاڵپشتی ناسنامەیە، ئەمەش چ بۆ کورد بێ، یان بۆ نەتەوەکانی غەیرە کورد"**

(حیجاب)ی ژن لە بەرانبەر پیاوان هەروەکو پیاوە دینییەکانی ئیسلام خوازیاری بوون، لەم کۆمەڵگە کوردییانەدا جێبەجێ نەبوو. هەر بۆیە کورد لەنێو گەلە موسڵمانەکاندا لەهەمبەر ژندا زیاتر دڵفراوان و کراوەن و ڕێزی ئازادی کەسایەتییەکەی زیاتر دەگرن. گەڕیدەکانیش ئەوەی لە ژنی کورد ناسراوە تێبینیان کردووە، کە ئەو لە ڕووی ڕوخسارەوە ڕووداپۆشەر نییە «نەحجاب دەپۆشێت نە ڕووبەند/نیقاب/» لەڕووی کارلێککەری مرۆییەشەوە لەگەڵ پیاواندا شاراوە نییە، لەسەریشی فەرزنەکراوە تا جۆرە جلێکی تایبەت بپۆشێ، هەروەها لە گفتوگۆشدا لەگەڵ پیاوان بەشدارە: «بەو هەموو ئازادییانەی هەیەتی، بە هەموو هێزییەوە ناموسی خۆی دەپارێزێت، ئەو ترسە بەربڵاوەی لای ئەرمەن و ئەو بەخۆهەڵدانە داوێنپاکییەی لای تورکە عوسمانییەکان بڵاوە، لە لای کورد نابینێت»

نووسەر نەهاتۆتە سەر باسی ژنی عەرەب چونکە نووسینەکەی وەک من بزانم لە سەردەمی حوکمڕانی سەدام حوسێنەوە ئامادەکرابوو! هەرچەندە دوای ڕوخانی حوکمەکەی لەعێراقدا چاپ بووە. هەڵبەتە کتێبێک لەسەر کورد و لە ڕۆژگاری «سەددام»دا بەتەنیا بەس بوو بۆئەوەی نووسەرەکەی بکوژرێ.

دوای هێنانەوەی هەندێک گەواهی گەڕیدەی ئەورووپی لە ماوەی ئەو دوو سەدەیەی ڕابردوودا سەردانی کوردستانیان کردبوو، وەکو «بیلابترو، مینورسکی، سۆن، ڕامبۆ، ئەدمۆنز» ئەو پێداگیرییە دێت، کە ژنی کورد لە دەستەخوشکەکانی لە عەرەب و تورک و فارس سەربەخۆترە.. پاشان نووسەرەکە دەڵێت: بەداخەوە، سیاسەتی بێرەوشتانەی حزبی بەعس لە کوردستانی خوارووددا، حاڵەتێکی دیکەی سروشتی کۆمەڵگەی ژنایەتی خولقاند، کارێکی وەهای کرد پاڵی بە هەندێک لەژنانی کوردەوە نا حیجاب بەکاربهێنن، ئەوەش ئەو قوماشە بوو، کە ژنی عەرەب خۆی پێدادەپۆشت.. ئەم دیاردەیەش ژنانی کورد لە مێژوویاندا لەسەری ڕانەهاتبوون.

• • •

لە کۆتاییشدا، هەروەک دیمەنە هەنووکەییەکان لە ناوچە کوردییەکان لە عێراق و سوریا نیشانی

دەدەن، کردەوەی ژێرپێخستنی پیرۆزییەتی «مێینە» بەتەوای سەرکەوتوو نەبووە لەوەی ناسنامەی ڕەگئاژۆ لای ژنە کوردەکان بسڕێتەوە. ئەو ژنانەی بێ باک لە مردن چەکیان هەڵگرتووە تا پارێزگاری لە نیشتمان و ناموسی خۆیانەوە بکەن، ئەو ژنانەی بە دوا گوللەی دەستیان پێیان باشترە خۆبکوژن لەوەی بۆ بەکەنیزەبوون و سووکایەتیکردنی دڕندانەی داعشەکان خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەو داعشانەی دین بۆ تێکدانی دونیا، ئاسمان بۆ وێرانکردنی زەوی، پیاوەتی کەڕولاڵانە بۆ سڕینەوی مێینەتی بەکاردەهێنن.

ماوەتەوە سەرئەوەی هەروەک پێشتر بەڵێنمان پێدابوون، قەسیدەکەی «مەحمود دەروێش» تان بۆ بنووسینەوە کە بە قەسیدەی «کوردستان» ناویدەرکردووە. ئەم قەسیدەیە وەکو گریاننامەیەک وایە، ئیدانەی هەموو ئەو دەرد و بەڵایانە دەکات، کە حزبی بەعسی عێراقی، هەموو تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و کوشتارگەکانی ساڵی ١٩٦٣ بەسەر کوردی باکووری عێراقی هێناوە. قەسیدەکەش لە نێو دیوانە چاپکراوەکانی مەحموود دەروێشدا نابینرێت، چونکە دەزگاکانی چاپ و پەخش لە ترسی تۆڵەی سەرۆکی عێراقدا دەرهێناوە، ئەو کەسەی لە هیچ کردەیەکی سامناکی تۆڵەکردنەوەدا ناسڵەمێتەوە.

قەسیدەکەش دەڵێ:

شیعری/ مەحموود دەروێش

و. جەلال دەباغ

**١**

***لەگەڵتانن***

***دڵی خەڵکی لەگەڵتانن***

***ئەگەر لە چیاکان، ڕاکێتەکان بفڕن***

***چاوی خەڵکی لەگەڵتانن***

***بەسەر دڕکا دەڕۆن .. گوێنادەنێ***

***کۆیلەی زەوی لەگەڵتانن***

***لە ناوقەدی زەریاوە تاکو (باکور)***

***من لەگەڵتانم.. باوکم لەگەڵتانە..دایکم***

***زەیتونەکەم و بۆنی پرتەقاڵ***

***سۆزەکانمان.. شیعرەکانمان لەگەڵتانن***

***سەربازن لە کوشتاردا***

***ئەی پاسەوانانی ڕۆژ.. لە کۆت و پێوەندی نیمچەپیاوان***

***بایەکە نەیپچڕاندین.. خەباتی نەتەوەکەتان خەباتی منیشە***

***ئەگەر سوارەیەکتان لێ گلا....پەتەکانم لە ملم توندەکرێن***

**٢**

***بژی عەرەبایەتی***

***ئاخۆ جوانوەکەت گلا ئەی سەلاحەدین؟***

***ئاڵاکان کەوتنەخوارێ؟***

***ئایا شمشێرەکەت گۆڕی.. یاخیبوو؟***

***لە خاکی کوردستان***

***کە تۆقاندن بێدارەو ئاگرکەوتۆتەوە***

***(مردن بۆ کارگەران ئەگەر گوتیان:***

***بۆئێمە نرخی ئازار***

***مردن بۆ جووتیاران ئەگەر گوتیان:***

***بۆ ئێمە بەروبومی خاک***

***مردن بۆ منداڵان ئەگەر گوتیان:***

***بۆ ئێمە روناکی پەڕاو***

***مردن بۆ کوردان ئەگەر گوتیان:***

***مافی هەناسەدان و ژیانمان هەیە)***

***ئێتر لەمەولا دەڵێین..بژی عەرەبایەتی!!***

***کەوابوو بەخاکی کوردستاندا تێپەڕبە***

***تێپەڕبە ئەی عەرەبایەتی!***

***ئەمە دروێنەی هاوینەیە***

***ئاخۆ دەبینیت؟***

***نابینیت***

***ئەگەر لە کونە تۆپەکانەوە تەماشابکەیت***

***ئەی نەتەوەکەم..***

***مرۆڤ هێرشی بردە سەر مێژووەکەت***

***نیمچەپیاوان***

**“**

**سەرچاوە مێژووییەکان زۆر بە کەمی باسی فەتح (داگیرکردن)ی کوردستان دەکەن، مەگەر بە گشتی نەبێ دەنا باسیان نەکردووە**

**”**

***بەناوی عەرەبایەتییەوە***
***خوێن دەڕێژرێت***
***تیغە کە***
***حوکمڕانیت دەکا***
***ناشرینترین شتێک کە ڕۆژگار لە زەمانەی ناسیوە***
***بەناوی عەرەبایەتییەوە***
***لە مێژوەدرێ لە کەنارەکانی دیجلەو فورات***
***ئەی نەتەوەکەم..***
***نەزانیم نەکرد کە بێبەریم***
***لەخۆیان و تابورەکەیان***
***نەزانیم نەکرد کە بێبەریم***
***فڕێدەدەمە سەرەنوێلکی کاتەکانەوە***
***خراپترینی کاتەکان***
***ئەی عەرەبایەتی بە دوژمنەکەت دەگەین***
***لەمەودوا دەڵێین: هەر بژی عەرەبایەتی***
***نە لەسەر مردوان***
***هەربژی عەرەبایەتی***
**٣**
***ئەی شەهرەزاد***
***شەو بەیانی تێکدەشکێنێت***
***کێڵگەکانی کوردستانیش.. وەرزەکانیان برینە***
***خۆشەویستی قەدەغەیە... لەگەڵ چرپەی دراوسێ***
***هیچ شتێک ڕێگەپێدراونییە***
***جگە لە خوێنی کوردان.. نەوتی ئەوانەی***
***چرای شورەییان پێدەکەن..بەمردنی ئەوانیتر***
***ئەی شەهرەزاد..***
***داستانەکانی پاڵەوانێتی لەشەوەکانی ڕێپیشاندەرتا ژەنگیانگرت***
***بیرەوەرییە سپییەکانیش و ئەوجوانوەی سواری ڕمەکانبوو***
***خۆشەویستی و شانازیەکان و ئەو شمشێرەی لە تێکۆشان بێزاربوو***
***شورەییە بۆ بەغدا***
***هەرچیتێدایە ڕێگەپێدراوە!***
***جگە لە خوێنی کوردان***
***لە رادیۆدا.. لە ڕۆژنامەکانی بەیانیاندا***
***مەرەکەبی ڕۆژنامەکان لە شارەکەماندا خوێنە***
***(ئێمە لەناومانبردن!) گورگان شانازی دەکەن و.. زەردەخەنەدەکەن***
***(ئێمە خاکی کوردستانمان چاند..***
***بەکێڵی رووت بەسەر کێڵدا***
***هێندەمان کەلەسەر چاند..***
***لە ژماردەنایەن..)***
***ئەی شەهرەزاد..***
***شەو بەیانی تێکدەشکێنێ***
***خۆشەویستیش قەدەغەیە..***
***جێگە نەرم و نیانەکەت***
***لەبەر پێی گەورە چارەگرانەکەتدایە***
***خوێنەکانی کوردستان خوێنڕێژانی نوقومدەکا***
***یاریزانێک کە ڕەنجی سوتا***
***لەناویدا دەمرێت***
***ئەی شەهرەزاد!***
***کەس نامرێ ئەوانە نەبن***
***کە چرای شەویان.. بەزەیتی کەسانیتر پێدەکەن***
***بۆ دیدار لەگەڵ سەدەکانی ئایندەدا***
***لە چیرۆکی ئەو سەدەیەی***
***دەست و مەچەکی شۆڕشگێڕان***
***دروستیانکرد***

* دەقی بە کوردی کراوی شیعرەکەی مەحموود دەروێش لە ویب سایتی ڕێگای کوردستان وەرگیراوە، کە لە ١٠-٧-٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە و لە لایەن جەلال دەباغ وەرگێڕدراوە.

**سەرچاوەی بابەت**

کتێبی (شجون عربیة - پەرۆشیی عەرەبی) چاپی یەکەم ٢٠١٦ لاپەڕە ٦٧-١٠٢

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

## تەوەرێکی تایبەت بە (کەریم کاکە)

بە قسەی دایکم بێ، لە سەروبەندی (حەرەس قەومی)یان لە ڕۆژی نەورۆزێ هاتوومەتە دنیایێ. لە تەسکەرەکەم ١٩٦٤ نووسراوە. لە گەڕەکی سەیداوە سەرپێکەوتم و زمانم پژا، لە گەڕەکی بەلاشاوە هەراش بووم و...

لە پۆلی دووەم و سێیەمی سەرەتاییەوە، (مەم و زین)ی خانی کە هەژار بە سۆرانیکردبوو، خوێندوومەتەوە. لە ڕێی مەم و زین و شیعرەکانی هێمن و پەشێوەوە ئاشنای دنیای خوێندنەوە بووم.

لە قۆناغی ناوەندییەوە هەوڵی نووسینم داوە. یەکەم شیعرم لە قۆناغی ئامادەیی بڵاوکردۆتەوە.

لە بەرایی هەشتاکانەوە کەمکەمە ئەدەبی گێڕانەوەم نووسیوە، بەڵام تا دوادوایی نەوەتەکان لەو بوارە هیچم بڵاونەکردۆتەوە.


لە نیوەی دووەمی هەشتاکان زانکۆم بەجێهێشت و بە چیا کەوتم. لە ریزی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، وەک دۆستێک نەک حیزبی، چەکم هەڵگرت. لەگەڵ ڕاپەڕینێ هاتمەوە شار و چەکم فڕێدا و پێوەندیم بە هیچ پارتێکەوە نەما. دەرچووی کۆلیژی ئەدەبیات- بەشی کوردیم.


لە چیا بە ناوی (ک. ک) کافکاف شیعرم بڵاوکردۆتەوە.


(خەوی پساوەی قەندیل) ڕۆمانی یەکەممە، بەڵام یەکەمین ڕۆمانی چاپکراوم (درەختی کەتناوە)یە، ساڵی ٢٠٠٧ چاپکراوە.


**کەریم کاکە**


# کتێبەکانی



یادەوەری
گوڵەستێرەکان کوژانەوە
کەریم کاکە


پاچی یەکەم
کەریم کاکە



نیوەی دنیا بۆ کچەکەم
کەریم کاکە



یادەوەری
کەریم کاکە
کۆڵان کۆڵان
گێڕانەوە



ڕۆمان
ماینەشێی ستی
کەریم کاکە



یادەوەری
کەریم کاکە
لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ



کەریم کاکە
نیل
بە سارای سیناوە
گەشتنامە



یادەوەری
کەریم کاکە
لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ



ڕۆمان
زەیتوونستان
بەپێڵاوی پیرۆزەوە
کەریم کاکە


درەختی کەتاوە
کەریم کاکە
چاپی دووەم


چاپی دووەم
قەڵاتی
ئەستێرەی
ڕۆمان
کەریم کاکە



یادەوەری
کۆڵان کۆڵان
گێڕانەوە
کەریم کاکە
بەرگی یەکەم-کوردستان-2017


ڕۆمان
کەریم کاکە



ڕۆمان
کەریم کاکە
QANDIL'S SLEEP DEPRIVATION
خەوی
پساوەی
قەندیل


ڕۆمان
ئەستێرەی قەڵاتی
کەریم کاکە


یادەوەری
کەریم کاکە
بە ڕێی کۆچبارا


گەشتنامە
TRAVELOGUE
دیدەنی
تاران
کەریم کاکە


کەریم کاکە
بە سێبەری کێوی قافەوە
گەشتنامە


ڕۆمان
کەریم کاکە
شنگال، هایێ ل من



# کەریم کاکە لەبەردەم (٣) پرسیاردا

**پ- تۆش وەکو زۆر چیرۆکنووس و ڕۆمان نووسی دیکە لە شیعرەوە دەستت پێکرد، چۆن بوو وازت لە شیعر هێنا و هاتیتە نێو دونیای ڕۆمان؟**

و- بەر لەوەی شیعر بڵاوبکەمەوە، ئەدەبی گێڕانەوەم نووسیوە، لە تەمەنی حەڤدە هەژدە ساڵی خۆم لە ئەدەبی گێڕانەوە داوە. ئەوەش لە بن کاریگەری داستانی (مەم و زین)ی خانی بووە، بیرمە ویستم شتێکی نزیک لەو بە پەخشان بنووسم، ئەوەم لە کتێبی (کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە) بە درێژی گێڕاوەتەوە. لە چیاش ڕۆمانم نووسیوە. دیارە نووسیومن و دڕاندوومن. لە دواداویی نەوەتەکان دەستم بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی گێڕانەوە کردووە. مەبەستمە بڵێم من بە ئەدەبی گێڕانەوە و شیعر دەستم بە نووسین کردووە. بەڵام تا درەنگ تەنها شیعرم بڵاودەکردەوە.

ئێستاش لە ناو ڕۆمان و یادەوەرییەکانم لێرە و لەوێ کۆپلە شیعر دەبینیتەوە. ئەگەر قسە لە وازهێنان بێ، ئەوە شیعرە وازی لە من هێناوە، نەک من وازم لێی هێنابێ، پێموایە نووسەرێک، شاعیرێکی تێکەڵبوو بە نووسین، لە دەست خۆی نیە هەر کاتێ بیەوێ پشت لە ژانرێکی ئەدەبی و ڕوو لە ژانرێکی دی بکات.

**پ- تۆ پێشتر چیرۆکت نووسیوە؟ ئەوەی ئێستا دەینووسی بیرەوەرییە، یان ڕۆمان، چونکە زۆر خوێنەر دڵان بەودا نانێن، کە ئەوەی دەینووسی ڕۆمان بێت؟**

و- زۆر خوێنەری بەئاگا، ڕۆماننووسی جواننووس، لێکۆڵەری لێهاتوو، ڕۆمانەکانی منیان پەسەندکردووە و پێیانوایە ڕۆمانی باشن. یەکێک لەوانە (جەلیل کاکەوەیس)ە لە بارەی ڕۆمانی (ماینەشێی ستی)یەوە دەڵێ:

((کەریم کاکە لەم ڕۆمانەدا بەزمانێکی سیحرئامێز دەقێکی ناوازەی ڕۆناوە و هەموو مەرجەکانی ڕۆمانبوونی تێدا ڕەچاوکراوە و لەیادگەماندا دەمێنێتەوە))

ئەو (زۆر خوێنەر)ەی تۆ باسیان دەکەی، حەزدەکەم بۆم ڕوونبکەنەوە کە (شنگال هایێ ل من، درەختێ کەتناوە، زەیتوونستان بە پێڵاوی پیرۆزەوە، ئەستێرەی قەڵاتێ، ماینەشێی ستی.....) ڕۆمان نین و یادەوەرین.

پێچەوانەی ئەو بۆچوونەش هەیە، واتە یادەوەرییەکانم خۆ بە ڕۆمان پیشانبدەن، زۆر کەس بە ڕۆمان دەیخوێننەوە. بۆ نموونە لە بارەی کتێبی (گوڵەستێرەکان کوژانەوە) کە یادەورییە و ساڵانی پێشمەرگایەتیم دەگێڕێتەوە، سەباح ئیسماعیل لە نووسینێکیدا دەڵێ:

((من دڵنیام بەدەستکارییەکی کەمەوە، یادەوەرنووسمان دەتوانێت یادەوەرییەکانی بکاتە ڕۆمان.... چوونکە خۆی ڕۆماننووسە....))

ئەز ڕۆمان و یادەوەری و گەشتنامە دەنووسم، هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیانم بە ڕوونی لێوە دیارە. دیارە ڕۆمان جۆری زۆرە، حەز و چۆنیەتی خوێندنەوە جیاوازە، بۆیە ئاساییە کەسێک بە ڕۆمانیان دانەنێ و کەسێک پێیاندا هەڵبڵێ.

**پ- تا ئاستێکی زۆر بە کوردییەک دەنووسیت، تایبەتە بە کەریم کاکە، واتە کوردییەک دەنووسیت پێی دەناسرێینەوە، ئەگەرچی کەسانێک هەن ستایشی ئەو کوردییەت دەکەن، بەڵام هەشن پێیان وایە کوردییەکەت هێندە ناوچەییە، تۆی کردووە بە نووسەرێکی لۆکاڵی؟**

و- بەر لە هەر شتێ لە سەر ئاستی زمانی کوردی،

ئا/دیوان

**پێموایە ئەو کەسانەی زمانی نووسینی من لە بنزاری هەولێرێ لە چێوە دەگرن، ورد نین، یان کتێبی منیان نەخوێندۆتەوە، تەنها چەند لاپەڕەیەکیان هەڵداوتەوە، چاویان بە چەند وشەیەکی وەک (لۆ، هێ، وەرنا، ئێرێهێ، هێوە، وێوە، هۆدا...) کەوتووە و لێی ڕەوینەتەوە و مۆری ناوچەییان بە هەنیەوە ناوە**

زمانی (ستاندارد)مان نیە، هەرچی نووسەری کوردە کەم و زۆر بە زمانی ناوچەیی دەنووسێت. زمانی نووسینی من لە هی زۆریان گشتگیرترە. ئەگەر کەسێ بە وردی کتێبەکانی من بخوێنێتەوە، بۆی ڕووندەبێتەوە، لە کوێ تا کوێ دەگرێتەوە: لە دەشتی قەراجەوە بە دەو زێی گەورەدا هەڵکشێ، تا دەگەیتە ئەو سەری موکریان، جاروبار لە زێش بپەڕەوە



بەری بادینان. لەو لایەوە، لە گەرمیانەوە پێدا وەرە، لە شارەزوورەوە بگەوە موکریان، وشەی هەموو ئەو دەڤەرانەی تێدایە، لە هەورامیشم وەرگرتووە.

ئەمن بە پێی ڕستە، ئاوازەی ڕستە وشە بەکاردەهێنم، گوێنادەمە ئەوەی داخوا ئەو وشەیە هی چ ئاقارێک و سەر بە چ زار و بنزارێکە، چ وشەیێ چ دەستەواژەیێ جێی خۆی کردەوە و ئاوازەی دایە ڕستە، پیرۆزی دەکەم.

پێموایە ئەو کەسانەی زمانی نووسینی من لە بنزاری هەولێرێ لە چێوە دەگرن، ورد نین، یان کتێبی منیان نەخوێندۆتەوە، تەنها چەند لاپەڕەیەکیان هەڵداوتەوە، چاویان بە چەند وشەیەکی وەک (لۆ، هێ، وەرنا، ئێرێهێ، هێوە، وێوە، هۆدا...) کەوتووە و لێی ڕەوینەتەوە و مۆری ناوچەییان بە هەنیەوە ناوە.

نیاز مەستی لە بارەی زمانی کتێبی( لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ) دەڵێ:

((پێموایە قورئان بۆ کوردان نێردرابا، بەو زمانە بەرزە دادەبەزی.))

زمانی من لە رووی ڕستەسازییەوە هەمان ئەو زمانەیە کە سۆرانی ناوە، لە رووی وشەوە فراوانە، نووسەر لە سەریەتی وشەدانێکی زەنگینی هەبێ، خوێنەریش با لە هەر کتێبێ هەندێ وشەی نەبیستراو ببیستێ و فێربێ. خوێنەرێ کوشتەی ئەدەب بێ، لە دەقدا بە دوای زمانی باڵا دەگەڕێ، نەک نزم، بە دوای داڕشتنی پتەو، دەربڕینی قووڵدا دەگەڕێ، چەند وشەیەکی نەبیستراو نابنە کۆسپی ڕێی تێگەیشتن، ئەگەر لە کتێبەکەدا وشەدانیش نەبێ، لە ناو مۆبایلەکەی دەستی لە چاونووقانێکدا واتاکەیان دەبینێتەوە. خۆ زۆر لەو خوێنەرە کوردانەی بە زمانی بیانی دەخوێننەوە، واتای هەموو وشەیەک نازانن، ناچار پەنا بۆ وشەدان دەبەن، چ دەبێ بۆ کتێبی کوردییش وابێ!

هەژی گۆتنییە ئەگەر بڵێم زۆرینەی خوێنەرانی من هی دەرێی سنووری هەولێرن، سەرچیخ نەچوومە. ئەو نووسەرانەی سەرسامن بە زمانی من، زۆرینەیان هەولێری نین. بۆ نموونە حەکیم کاکەوەیسی گوڕ پڕ گوڵ کە کەرکووکییە، لە نووسینێکیدا دەڵێ:

((زمانی کەریم کاکە هێند شیرینە، بۆ ئەوە دەشێ هەوڵی لاساییکردنەوەی بدرێ.))

(لۆکاڵ)یبوون و نەبوونی نووسەر، لێرە وابەستەی ئەو شێوەزارە نییە کە نووسەر پێی دەنووسێت، برێ هۆکاری دی لە پشتە، پێویست بە باسکردنیان ناکات..

# نهێنییە شاراوەکان لە ڕۆمانی (ئەستێرەی قەڵاتێ)دا



مەسعوود پەرێشان

**کەسایەتی:-**

کەسایەتی مرۆڤەکان هەر یەکەو بەجۆرێک هەڵکەوتووە، کە خۆی دەستی لە دروستبوونی خودی خۆیدا نییە و ناشتوانێت گۆڕانێکی جەوهەری لە بونیاتی سروشتی پێکهاتەکەیدا بکات، بەو جۆرەی کە تاکەکانی دیکە دەیانەوێ، بۆیە هەیانە توندڕەوە و هەیانە میانڕەوە و هەشیانە لەنێوان هەردوو جۆرەکەدا خۆی دەبینێتەوە، دواهەمینیشیان لە تەنگەتاوترین ساتە وەختەکاندا هێمن و لەسەرخۆیە و ئەگەر دونیاش بڕووخێ. ئەو تەنگاو نابێ و ناشیەوێ و دانبەخۆیدا دەگرێت و دەوروبەریشی هێور دەکاتەوە.

کەریم کاکە تا بڵێی پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیەو لە ڕۆیینگەشیدا ئەگەر بەدواشی بکەوی. ئەو هەر بە لەسەرخۆیی دەڕوات و یەک شەقاویش بە تۆبزی ناهاوێ و لە دواندنیشدا قسان کەم دەکات و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشیدا هەمیشە بە دڕدۆنگ دەردەکەوێت و هەندێجار وای تێدەگەی لێت زویرە و دەتەوێ بەڕوویدا هەڵبشاخێی و پێی بڵێی ئەرێ بۆ لە بەرانبەرە مندا لا لووتی، بەڵام کە لێی نزیک دەکەویتەوە و تێکەڵی دەبی، لەوە دەگەی زۆر لەوە سادەترە کە تۆ تێی گەیشتبووی، بۆیە دەکرێ وەکو کەسایەتییەکی خودان پێکهاتەیەکی تایبەت بەخۆی لێی بڕوانی و مامەڵەی لەگەڵدا بکەی، ئەگەر نا لەگەڵی ناگونجێی و دەبێ دوور بەدووری مامەڵەی لەگەڵدا بکەی.

**دۆزینەوە:**

من کەریمم زوو دۆزیەوە، تازە هورتکە نووسینانی بڵاودەکردنەوە، لە بەهرەی نووسین و توانای دەربڕین و وردەکاری زمانزانی ئەو گەیشتم، یەکەمین نووسینیم خوێندەوە لەسەر تایەر تۆفیقی هونەرمەند بوو کە بەشێوەی چیرۆکێکی گێڕدراوە و بە هەناسەیەکی درێژ نووسیبووی.

کە بەدوای دەکەوێت و دەیەوێ وێنەیەکی لەگەڵدا بگرێت، بەڵام دەیان دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێ و لە هیچ کامێکیاندا سەرکەوتوو نابێ و بەرەنجام ئەو وێنەیە ناگیرێت و دەبێتە حەسرەت لە دڵی نووسەرەکەی، کە ئەوسا ئەو نووسینەم کۆپی کردو دەیان دانەم دایە برادەران و زۆربەشیان پەسندیان کرد. لەدوای هەندێش هەرچی کەریم نووسیویەتی و بەردەستی من کەوتووە، هەر هەموویانم خوێندوونەتەوەو چێژم لێوەرگرتوون و بە یەکێک لە نووسەرە شایستەکانم زانیوە، بۆیە هەمیشە بە دوایاندا گەڕاوم بەبێ ئەوەی داوا لە خۆی بکەم، یان خۆی دانەیەکم پێببەخشێ.

**ئەستێرەی قەڵاتێ:**

دوا ڕومانی ئەو برادەرەمان (ئەستێرەی قەڵاتێ)یە، کە ئەویش دەستکەوتنەکەی چیرۆکێکەو پوختەکەی بەمجۆرەی خوارەوەیە.

وەکو هەموو ئێوارەکانی دیکە، لەگەڵ برادەران لە بارەگای نووسەرانی هەولێر بووین، ئێوارە درەنگ داهات و ئێمە سێ برادەر ماینەوە، کە یەکێکیان ئەو ڕۆمانەی پێ بوو، ئەوەی دیکەشیان خەریکی فەیسبووک بوو، منیش خواحافیزیم لێکردن و سبەینەکەی برادەری خودان کتێبەکە گوتی: دوێنێ ئێوارێ ئەو کتێبەم لە لای ئێوە لەبیر چووەو هەر تەنیا فلانیش لەگەڵمدا مابۆوەو ئێستاش نازانم چی بەسەر هاتووە، گوتم: تەنگاو مەبە شت لە نووسەران بزر نابێ، ئەو ڕۆژە من

لە شەقلاوە بووم، بەیانییەکەی کە گەڕامەوە بە برادەری گومان لێکراوم گوت: زەحمەت نەبێ ئەو ڕۆمانەی کە بردووتە بیخوێنەوەو دواتر بۆمان بهێنەوە، برادەر هەر خۆی لە گووره نەبرد و بە کورتییەکەی خۆی لە گێلیدا، بۆیە دواتر هەڕەشەی ئەوەم لێکرد کە ئەگەر نەیهێنێتەوە، حەیای دەکەمە حەیای پیاز فرۆشێ و ئەگەر شەرمیش دەکا خۆی ئاشکرا بکات، با سبەی ئێوارێ بە کرێ لەناو کۆمەدینەی بن قالدرمانی دانێ و نە لە ئێمە قسەو نە لە ئەویش.

ئێوارەی دواتر شوکور ڕۆمانی گۆڕین لەو شوێنە داندرابوو، کە بۆم دەستنیشان کردبوو، ئۆخەی ڕۆمانە بۆرم دەستکەوت و پێش ئەوەی بۆ برادەرەکەمی بگێڕمەوە، بردمەوە ماڵێ و یەک بین ڕۆمانەکەم خوێندەوە و شوکور ئەو نووسینەی خوارەوەی لێکەوتەوە.

**پوختەیەک:**

ڕۆمانی (ئەستێرەی قەلاتێ) کە من وام پێخۆشە پێی بگوترێ (ئەستێرەی قەراتێ) کە مانای ئەوە نادات من ڕاست بم، بەڵام وام لەسەر زاری خۆشە و هەرواش دەڵێم: کەوتۆتە دوو توێی سەد و نەوەت و پێنج لاپەڕەی قەوارە مامناوەندی و لە بیست و چوار بەشی تێکەڵ و پێکەڵ پێکهاتووە، کە مەبەستم لەوەدایە هیچ بەشێک تایبەتمەندی خۆی نییە کە دواتر چاوەڕوانی بەشەکەی دیکەی بکەی، بەڵکو تێکەڵەیەکی ئاڵۆزکاوی خەون ئامێزی پڕ ورێنەی زیندە خەون ئاسای ژیار ئامێزە، کە دەکرێت جێگۆڕکێش بە هەندێک لە بەشەکانی بکرێت بەبێ ئەوەی هەندێ لە خوێنەری سادە هەستی پێ بکات، مەبەستم لە خوێنەری سادە ئەو کەسانەن کە ڕۆمان بە حیکایەت تێدەگەن. لەگەڵ کۆمەڵێک ئەستێرەی پاڵەوان کە دواتر ئەستێرەکان لەو سەرە قەڵەمەدا دەناسن و لەوێشەوە زیاتر بەناخی نووسەرەکەیدا ڕۆدەچن، کە چەند کەسێکی پاک و خودان هزری سەربەخۆی خۆیەتی، کە ئەمڕۆ لەلای زۆر لە نووسەرانی دیکە کاڵ بۆتەوە بەجۆرێک ناوی نیشتمانیش بۆتە نەیاری سەرزاران.

**تایبەتمەندی نووسینەکانی:**

کەریم کاکە بەگشتی و لە زۆرینەی نووسین و ڕۆمانەکانیدا (ئەگەر نەڵێم هەر هەمووی)

**"یەکێ لەو قارەمانانەش لەنێو ئەم ڕۆمانەدا (کاوێس ئاغا)ی لاوکبێژی نەمرە، کە نووسەر ڕۆڵێکی ئەوەندە کارای پێبەخشیوە، بەجۆرێک توانیویەتی تا ئەو ئاستە دوژمنەکانی بتەزێنێ و ببەزێنێ"**

سوودێکی زۆر لە یادەوەرییەکانی ڕابوردووی خۆی و دەوروبەری و خەڵکی دیکە و ئەزموونی ئەزموونداران و خەباتی خەباتکاران و دەنگ و سەدای قورگ قوڵینگان و ئەو جوگرافیایەش وەردەگرێ کە تیایدا لەدایک بووینە و ژیاوین و پێشمەرگایەتیمان تێدا کردووە بە شاخ و چیا و دۆڵ و بنار و ڕووبار و چۆلەکە و سەروچاوە و کانیاو و گوندی بەپیت و بەرەکی سووتماک و هەموو ئەو قۆناغانەش کە تیایدا ژیاوە و ژیاوین و خەوتووین و خەونمان تیایاندا بینیوە و گیراوین و دەستبەسەر کراوین و دووچاری شەڕوشۆڕ بووینەتەوە و لێمان کوژراوە و بریندار بووینە و ئازیزانمان لە دەستداوە و هەموو ئەو قۆناغانەش کە لە ڕابوردوودا بۆیان گێڕاوینەتەوە و ئەوانەش کە لە داهاتوودا لە خەیاڵی خۆماندا وێنایان دەکەین، لەگەڵ تێکەڵکردنی بە هەندێک لە خەیاڵ و فەنتازیای ئەوتۆ کە ئەوانیش نزیکن لە ڕاستییەوە، بەڵام خوێنەری زیرەک تخووبیان هەڵدەگرێت و دەزانێت سەرچاوەکەی خەیاڵە بەرفراوانەی خودی ئەو نووسەرەیە کە نیوەی ژیانی ئاسایی خۆی لەنێو خەون و خەیاڵان بەسەر دەبات تا ئەو ئاستەی لە ڕۆیشتن و دانیشتن و پشت مێز و قسە لەگەڵ کردنیشیدا، وا هەست دەکەی لەگەڵ خودی خۆیدا دەژی و ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو دەور دەکاتەوە و لە خەیاڵی خۆیدا بە یەکەوەیان دەلکێنێتەوە و لەگەڵ ڕاستییەکانی دیکە قورشێلیان دەکات و جۆرە هەویرێکی لێدروست دەکات کە لەوەوپێش دروست نەکراوەو لەو هەویرەش هەرچی تاڵی و شیرینی و سوێری و هەر تام و ڕەنگ و بۆیێکی دیکەت بە خەیاڵدا دێ لە بۆتەی سیمبول و مۆمیای تازە دروستکراودا دەیانخاتە بەر دەست و دیدی هەمووان، کە پێی دەگوترێت داهێنانە تایبەتمەندە بێ وێنە نا هاوشێوەکانی کە لەوەو پێش نە وەبەرچاوت کەوتوون و نە بۆنت کردوون و نە تامیش، کە ئەمە ئەو وێنایەیە لە باڵای هەموو ڕۆمانەکانی دیکەشی دەوەشێنەوە، کە ئەمەیان زۆر جیاوازترە لەوانی دیکە، بەڵام بە هەمان شێوەو تام و بۆی جاران.

**جیاوازییەکان:**

لە زۆرینەی ڕۆمانەکانیدا ڕەمز ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، بەڵام ئەم ڕۆمانە هەر لە سەرەتایەوە تا بنەتای بە ڕەمز دەست پێدەکات و بە ڕەمزیش کۆتایی پێ دێنێ، بەشێک لە ڕەمزەکان وەکو هێما

خۆیان دەردەخەن و سەرەتاتکێت لەگەڵدا دەکەن بە جۆرێک هەندێکجار وەکو تارمایی دەریان دەخات و هەندێک جاری دیکەش وەکو پەڵە هەور و لە هەردوو حالەتەکەشدا هەست بەوە دەکەی ئەمەیانت دیوە و ئەوەی دیکەیان دەناسی و هەر هەمووشیان وەکو ئەوەی خەونت پێیانەوە دیتبێ و لە واقیعیشدا جاران هەبووبنە، پیاوی هۆشمەند ئەوەیە، یادەوەری خۆی بگوشێ و سەر لەنوێ لەگەڵیان ئاشت بێتەوە و لە درەوشانەوەی ناو و چاو و شۆرەت و ڕابوردوویان و ئێستا و ئایندەیان بگات و وەکو بوونی خۆیان پۆلین و ڕیزبەندییان بۆ بکات و لەگەڵ نووسەرەکەی بگەنە ئەو خشتەیەی کە ئەو لە مێشکی خۆیدا دروستی کردووە و مەبەستیشیەتی تۆی خوێنەر بگەیتە ئەو خشتە و ڕیزبەندییە و هەر یەکەیان بە وێنای خۆی ببینی.

جیاوازییەکی دیکە لەوەدایە ئەمە ڕۆمانێکی خودان دەستپێک و بنپێک نییە کە بە ئاسانی بەسەر بەشەکانیدا هەڵبەز و دابەز بکەیت و لە تەڕاتێنی نێو دیمەنەکاندا بەدوای خەیاڵی سادە و دیمەنی ساکار و کەسایەتی لاوازدا بگەڕێیت و بە هەناسەیەکی پڕ لە هەوا بۆی دەربچی، بەڵکو دەبێ دەستەو یەخە، بچیتە نێو داڵانە تاریکە شاراوەکانی ئەو خەیاڵەی ئارەقەی پێ ڕشتووە تا گۆلمە خوێنی کردۆتە زەنگیانەی ڕۆشنی ئەو ئەستێرانەی کۆڵان و ژووری تاریکیان بە جۆرێک ڕۆشن کردۆتەوە کە چاوی نەیاران کوێر بووە تا ئاستی نەدۆزینەوەی سێبەری خۆشیان نەک ئەوانەی ئەوان بە دوژمنی خۆیانیان ناسیون و کەوتوونەتە ئازاردانیان، بەڵکو دوای مەرگیشیان لە تەرمەکانیان ترساون و زراویان لە ناوەکانیان چووەو هەمیشە لە زڕە خەونی ئازاربەخشی ویژدان هەژێندا ژیاون، بە جۆرێک خەو و خۆراکیان لێ حەرام بووە و ئەوانیش بوونەتە گەڕۆکی دوای ئەو تەرمانەی کە خۆیان ناشتوویانە و ئێستاش شوێنەکانیان جارێکی دیکە لێ بزر بووە و پێیان نادۆزرێنەوە.

### کەسایەتییە ئاشکراو تەماوییەکان:

لەم ڕۆمانەدا دوو جۆرە کەسایەتی دەبینین کە یەکەمیان ناوە ئاشکراکانە، کە وای بۆ دەچم هەندێک لەو ناوانە بۆ ئەوە داندراون، کە ببنە سەرەداوی دۆزینەوەی ناوە شاراوەکان، یان ئەوانەی ناوم لێناون تەماوییەکان بە ئاسانتر وەگیر بخەیت و زۆر بەدوای دۆزینەوەیاندا وێڵ نەبیت، هەر وەکو (ئەبو عەلا) کە هەموومان دەزانین سەردەستەی ئەمنەکان بوو، نازانم بە چ پلەیەک، بەڵام لەنێو هەر هەموومان وەکو دژە ڕەوتێکی کوردایەتی بە چاکی دەیناسینەوە و لە ڕێی ئەویشەوە ناوە شاراوەکان خێراتر ئاشکرا دەکەین، کە ئەو ئازاری داون و لە هەوڵی ئەوەدا بووە ئاشکرایان بکات، بۆیە لەوێوە دەگەینە ناوی ئەو کەسە تەماوییانەی ڕۆماننووس بە ئەستێرە هێمایان بۆ دەکات و ژمارەشیان کەم نییە، واتە هەر یەک تاقە ئەستێرە نییە بەڵکو کۆمەڵێک ئەستێرەی پڕشنگداری درەوشاوەن و هەر هەمووشیان دەکەونە بەرەی گەل و نیشتیمان و خەبات و تێکۆشانەوە، کە ئەوسا و ئێستاش ئێمەی هاوبیر و هاوڕا و هاوخەباتیان بە بەشێک لە خۆمانیان دەزانین و لە ڕاستیشدا هەر وایە و ئەوانیش خۆیان بە بەشێک لە ئێمە دەزانی. کە مەبەستی سەرەکی کەریمیش زیاتر خول خواردنەوەیە بە دەوری ئەو ئەستێرانەی کە ئەو بە بەشێکی تەواوکەری خودی خۆی و نووسینەکانی دەزانێت.

### ناوی ڕۆمانەکە:

هەر بۆیە دەبووایە ڕۆمانەکەش (ئەستێرەکانی قەڵاتێ) بووایە، نەک ئەستێرەی قەڵاتێ، کە لێرەدا پاڵەوان یەک کەسایەتی نییە و ئەگەر وابووایە دەبووایە وەکو قارەمانێکی یەک باڵ بناسێندرایە، کە لێرەدا کۆمەڵێک قارەمان و هەر یەکە و بە پلەوپایە و مەقامی خۆی دەناسێندرێ و هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوەی دیکەیانە و بەسەر کۆیانەوە توانیویانە، ببنە کۆراڵێکی خۆشخوانی یەک مەبەست و یەک ئامانج، کە هەر یەکەیان بە جۆرێک کەوتۆتەوە. بەڵام بەرەنجام هەر هەموویان بوونەتە قوربانی و کەریمیش بە ئەستێرەی درەوشاوە پێمانیان دەناسێنێ. بۆیە کۆمەڵێک ئەستێرەن لە پێناوی یەک ئامانجدا، مەبەستە سەرەکییەکەش دروستکردنی فەرهەنگێکی گەورەی ناوی ئەو ئەستێرانەیە، کە بەسەر کۆیانەوە ئاسمانی وڵاتی ئێمەیان ڕۆشن کردۆتەوەو چۆن لە نووسینی کەسانی دیکەشدا کە لە هەر بوارێکدا داهێنانێکیان کردبێ، ئێمە پێیان دەڵێین ئەستێرەی بوارەکەی خۆی، لێرەش بە هەمان شێوە کەوتۆتەوە و خوێنەر دەبێت زۆر بە هۆشمەندی، یەکە یەکەیان بناسێتەوە و لە هزری خۆی و لەگەڵ نووسەرەکەی ئەو فەرهەنگەدا بەشدار بێ کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

> **“ کەریم کاکە تا بڵێی پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیەو لە ڕۆیینگەشیدا ئەگەر بەدواشی بکەوی. ئەو هەر بە لەسەرخۆیی دەروات و یەک شەقاویش بە تۆبزی ناهاوێ ”**

## چەقی ڕۆمانەکە و کەسایەتییەکان:

(پیری پەنهانزان) چەقی ڕۆمانەکەیە، کە وەکو گێڕەرەوەیەک دەردەکەوێ، کە هەر هەموویان بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی سەرگەردانن، بەڵام لە بنەڕەتدا دروستکردنی کەسایەتی (پیری پەنهانزان) بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسە شاراوانەیە کە ئێمە بەدوای ناسینەوەیاندا وێڵین و بەرەنجام خوێنەری هۆشیار هەر هەموویان دەناسێتەوە و دەدۆزێتەوە و لە کار و ئەرک و چالاکییە جۆراوجۆرە جیاوازەکانیان دەگات کە هەر تاکێکیان بە تایبەتمەندییەکەی خۆی ڕۆڵی کارای هەبووە هەم لە دروستکردنی فەرهەنگەکە و هەم لە ڕیزبەندی ناوی ئەو ئەستێرانەی ئاسمانی وڵات و ناواخنی فەرهەنگەکەشیان ڕۆشن کردۆتەوە و پێش ئاشکراکردنی ناوی ئەستێرەکانیش دەبێ هێما بە هزری نووسەری ئەم ڕۆمانە بدەم کە دوور لە هەراو هۆریا و قسەی زەق و خۆ هەڵکێشان زۆر بە نەرمی و وریایی و ئاگاییەوە لەوەمان دەگەیەنێ کە کەسێکی پابەندی هەموو ئەدگار و ئاکارێکی نیشتمانییە و پیرۆزییەکی هۆشمەندانەش بە خاک و ئاڵا و سیمبولەکانیان دەبەخشێ، کە بەشێکە لە هزرە شاراوە و پارێزراوەکانی ناخی خۆی و ناتوانێ لە نووسینەکانیدا دەستبەرداریان بێت و مافی ڕەوای خۆشیان پێنەبەخشێ لەوانەش لە پێش هەر هەموویان (دڵدار)ی شاعیری خاوەنی سروودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب)ە کە زۆر بە وردی لەسەری وەستاوەتەوە و کەسایەتییەکی دیکەی بۆ دروستکردووە کە لەسەر ئەو سرووده گیراوە و هەمیشە ئازار دەدرێ، بەڵام ئەو بە گوتنەوە و تۆمارکردن و لای لایەی ئەم سرووده ئاسوودەیی بەخۆی و دەوروبەرەکەی دەبەخشێ، لەگەڵ پاراستنی ئاڵای کوردستان کە ئەویش وەکو سیمبولێک دەردەکەوێ و ڕۆڵی کارای پێدەبەخشێ لە ناساندنی کەسایەتییەکانی دیکە و تێکەڵی دەکات بە مەسەلەی ڕاپۆرت لەسەر یەکدی نووسینی ئەوسا و زمان لێکدان و بە گرتندانی کەسانی دیکە، تا دەگاتە نزیکترین کەسی خۆت و بە کوشتدانی و هەموو جۆرەکانی دیکەی خۆفرۆشی و ڕەحم نەمانی ئەو خۆفرۆشانەی کە یەکێکیان لەو ڕۆمانەدا پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت و پەرچەکرداری دژ بە خۆشی دەکات، بەڵام دادی نادات، ئەوەی لێبترازێ کە دەبێتە هۆکارێک بۆ دۆزینەوەی تەرمی شاراوە و بزرکراوی پیری پەنهانزان و سەرجەم ئەستێرەکانی دیکە کە

> “ لە زۆرینەی ڕۆمانەکانیدا ڕەمز ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، بەڵام ئەم ڕۆمانە هەر لە سەرەتایەوە تا بنەتای بە ڕەمز دەست پێدەکات و بە ڕەمزیش کۆتایی پێ دێتێ ”

خودی خۆی ڕۆڵی هەبووە لە شوون بزرکردنیان و ئەو جۆرە تاوانبارانەشمان لە بیرن، کە لێرەدا کەریم زۆر بە شێوازێکی هونەری ئەو دیمەنانەی داڕشتووە و دەرفەتی ئەوەشی نەداوە بە سادەیی دەربکەون. بەڵکو خستوونیەتە ئەو قالبەی کە بە دەستی خۆی خشتبڕی کردووە و لای کەسێکی دیکە دەستناکەوێ.

## ئەستێرە گەشەی ڕۆمانەکە:

پێش ئاشکراکردنی ئەستێرەکانی دیکە، یەکێک لە ئەستێرەکان لە هەموویان گەشتر دەردەکەوێ، لە هەموویان بوێرتر خۆی دەنوێنێ و لێرەدا بە دوو دیمەن دەردەکەوێ، کە هەردووکیان ئەویان کردۆتە ئەستێرە گەشەی نێو ڕۆمانەکە و ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکار بێت بەوەی ناوی لە ڕۆمانەکەی ناوە (ئەستێرەی قەڵاتێ) چونکە ئەمیانی بەدرەوشاوەتر پێشانداوەو ئەوانی دیکە لەمەیان لاوەکی ترن. دیمەنی یەکەمیان بە پیاوی نێو وایێرانی ناساندووە کە هێمایە بۆ دروستکردنی ئێزگە و ڕادیۆ، دووەمیشیان بە پیاوی ناو ئایەتان کە هێمایە بۆ کتێبەکەی بەناوی ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و ئەوسا وا بڵاوکرایەوە کە شەهید کردنەکەی بە هۆکاری نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەیەتی و لە هەردوو پێناسە و دیمەنەکاندا بە ڕوونی ناوی شەهیدی نەمر (عەبدولخالیق مەعرووف)مان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە کەریم لەم ڕۆمانەدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ناوە ناوە دێتەوە سەری و جارێک هۆکاری یەکەم بە لەپێشتر دەزانێ بۆ تیرۆرکردنەکەی و جارێکی دیکە هۆکاری دووەم کە لێرەشدا ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی و هەندێک مەلا لەبیر ناکات کە لێیان لە هەڵلاداو بە کافر و هەڵگەڕاوەیان ناساند و خوێنیان بۆ دوژمنانمان حەڵاڵ کرد و ئەم دەرخستنەش بوێری و ئازایەتی کەریمە و هەڵوێستێکیشە بەرانبەر بەوانەی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆکەشمان ڕۆڵی دژایەتی هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوایەتیمانیان هەیە و هەمیشە دژی ئاڵا و سروودی نیشتیمانیمان دەوەستنەوە و ئەوساش بە هەمان جۆرە هەڵوێست بوونە بەشێک لە پیلانی تیرۆرکردنی عەبدولخالیقی نەمر و دەیان نەمری دیکە. کە لێرە مەبەستیشمە ئەو شانازییە بە کەریم ببەخشم کە توانیویەتی لەمجۆرە کەسایەتییانە قارەمانی نێو ڕۆمانەکانی خۆی دروست بکات، کە لەوەوپێش ناڵێم نەکراوە، بەڵام بەو جۆرە ئاشکرایەو بەو شێوە هونەرییە

جوانە بەرجەستە نەکراوە و ئەوەشمان فێردەکات کە واز لە شیعارات و هیتافات و بە بالاهەڵدانی زیادە بێنین و ببێین ئەم جۆرە کەسایەتییە مەزنانە بخەینە دوو توێی دەقە ئەدەبییەکانمانەوە و لەوێوە لەجیاتی مێژووی ژیان و ساڵیاد و وێنەی شێوێندراوی سەر دیواران، دەقی مەزنیان لێ دروست بکەین و لایەکی ڕەفەی کتێبخانەکانمانیان پێ برازێنینەوەو وەریان بگێڕینە سەر زمانەکانی دیکەش، کە ئەمەیان زیاتر لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا جێی خۆی دەگرێت و بەو هۆکارەشەوە بیانییەکان نەک هەر باشتر لە مێژووەکەمان دەگەن، بەڵکو بە ئاست و توانای بەهرەمەندانەی ئەدەبیاتیشمان ئاشنا دەبن.

## تیرۆرکردنی دڵداری شاعیر:

برادەرە نزیکەکانم لەوە ئاگادارن کە دەمێکە لە هەوڵی ئەوەدام بە نووسین ئەوە بسەلمێنم کە دڵداری شاعیر و ئاسەفی برای تیرۆرکراون، نەک بە مردنی خۆیان مردبن، کە دەمێک ساڵە ئەوەمان بە گوێدا دەدەن کە دڵدار بە خواردنی مینبار و سەروپێ ژەهراوی بووە و گیانی لەدەست داوە. لێرەدا دێمەوە سەر ڕۆمانەکەی کەریم کاکە و دەڵێم لەنێو هەر ڕۆمانێکدا دروستکردنی گومان بۆ ئەنجامدانی تاوانێک و بەدوا داچوونیش و ئاشکرا کردنیشی هێزێکی دیکە و سیمایەکی نەمر بە ڕۆمانەکە دەبەخشێ، بەوەی وەکو عەوام بیری نەکردۆتەوە و ساڵانێک بە دەست ئەو گومانەوە ناڵاندوویەتی تا گەیشتۆتە یەقین و جورئەتی ئەوەی بەخۆی بەخشیوە، ئەو یەقینەی خۆی بکاتە جێگرەوەی ئەو خەیاڵە دروستکراوەی کە هەمیشە دوژمنانمان بۆ لەناوبردنی کەسایەتییەکانمان پیادەی دەکەن و ئێمەی خۆش خەیاڵ و خۆشباوەڕیش دەهۆل بۆ ئەو جۆرە خەیاڵ پڵاوییە دەکوتین و ئامادەی ئەوە نین بەدوای ڕاستییە شاراوەکاندا بگەڕێین.

ئەوەی من پێیەوە سەرقاڵ بووم و خەیاڵی داگیرکردبووم و تا ئێستاش بەدوای بەڵگەی حاشا هەڵنەگردا دەگەڕێم، تا جورئەت بەخۆم بدەم ئەو ڕاستییە ئاشکرا بکەم، کەریم لە دوو توێی ئەو ڕۆمانەدا کردوویەتی و زۆر بوێرانەش گومانەکەی منیشی کردۆتە ئەو یەقینەی لەمەودا دەبێ مێژوونووسەکانمان بەدوایدا بگەڕێن و بڵێن ڕۆماننووسێک ئەو ڕاستییەی دۆزیوەتەوە و ئاشکرای کردووەو لەوەش زیاتر ئەوەیە بە ڕاستی دەبێ لۆمەی خۆمان بکەین، کە هێندە خۆشباوەڕین و هەمیشە ڕێکلام بۆ ئەو قسەو قسەلۆکانە دەکەین، کە لەسەر زاری عەوامدایە و ناکرێ خەڵکی دەستە بژێری پێ هەڵبفریوێندرێ و جیاوازی لەنێوان بیرکردنەوە و خەیاڵی ئەو دوو چینەدا نەمێنێ، کە یەکەمیان هیچ گوناهێکی نییە بەوەی هەر هێندە لە دونیایێ دەگات و هەر ئەوەندەش دەتوانێ بیربکاتەوە. بەڵام دەستەبژێر کە هۆشمەندانی ئەو گەلەی ئێمەن، هەم زیاتر لە شتان دەگەن و مەودای بیرکردنەوەشیان دەبێ سەد هێندە و زیاتریش بێت، کە ڕۆماننووس مەبەستی زیاتر ئاشکراکردنی تاوانی مەرگی ناوادەی دڵداری شاعیرە، کە من لێرەدا لەگەڵ دڵدار ناوی (ئاسەف)ی برایشیم هێناوە و ئەویش لە دڵدار کەمتر نەبوو لە هۆشیاری و خوێندەواری و کوردپەروەری و حزبایەتیش کە ئەوسا تازە لە سەرەتای سەرهەڵداندا بوو، بۆیە سەیرەکە لێرەدایە، کە ئەو دوو برایە بۆ لە یەک تاقە مانگ کەمتر بەیەکەوە جوانەمەرگ بوون و داخ بۆ ئەوەش دەخۆم کە بۆ ئێستا ئەو پرسیارە بکرێ؟ ئایا نەدەکرا ئەوسا پرسیارەکە بکرێ؟ یان کراوەو خەڵکێکی دیکەی خۆفرۆش لە شاردنەوەی ئەو ڕاستییانەدا سوودمەند بوونە!

## سۆفیگەری لەم ڕۆمانەدا:

ئەگەر لە کوشتن و لەناوبردنی پیاوی ناو ئایەتان هەندێ لە مەلاو ئیسلامی سیاسیش ڕۆڵی کارایان هەبووبێ، ئەوا کەریم زۆر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ ئەو هەستە گشتییە ئایینییەدا کردووە، کە ناخی تاکی کوردی داگیر کردووەو زۆربەی حاڵەتەکان بە بڕوای ئایینی دەبەستێتەوە کە ناکرێ نووسەری هۆشمەند لێی بێ ئاگا بێت و هۆشمەندانەش مامەڵەی لەگەڵدا نەکات.

لەم ڕۆمانەدا سۆفیگەری بەشێکی گرنگە لە هزری تاکی یار و نەیار و بیرکردنەوەی هەردووکیانی بە تیشکدانەوەی ئەستێرەکان بەستۆتەوە و هەردوو هزرەکەشی لە جۆری بیرکردنەوەی هاوشێوەی هاوبەشیان دەربڕیوە. کە وەکو یەک بیردەکەنەوە و بەیەک جۆریش ترس ناخیان داگیر دەکات بە جۆرێک سڵ لە کاردانەوەی هاودژ بکەنەوە و نەوێرن تێکەڵی خود پاراستنی خودایی ببنەوە، بەوەی هەمیشە کە جەللادەکە دەیەوێ ئازاری ئەستێرە دەروشاوەکە بدات، تیشکێکی ئیلاهی ئەستێرەکەی لەبەرچاو وندەکات و ئەویش چاوی بەجۆرێک تاریک دادێ کە سێبەری خۆی و دەوروبەریشی نابینێ و وای لێدەکات باوەڕ بەوە

> لەم ڕۆمانەدا دوو جۆرە کەسایەتی دەبینین کە یەکەمیان ناوە ئاشکراکانە، کە وای بۆ دەچم هەندێک لەو ناوانە بۆ ئەوە داندراون، کە ببنە سەرەداوی دۆزینەوەی ناوە شاراوەکان.

> ❝ دیمەنی یەکەمیان بە پیاوی نێو وابێڕانی ناساندووە کە هێمایە بۆ دروستکردنی ئێرگە و رادیۆ، دووەمیشیان بە پیاوی ناو ئایەتان کە هێمایە بۆ کتێبەکەی بەناوی ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و ئەوسا وا بڵاوکرایەوە کە شەهید کردنەکەی بە هۆکاری نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەیەتی ❞

بهێنێت، کە ئەو کەسە خودان دێوجامەیەکی پەی پێنەبراوی پارێزەری ئەوتۆیە، کە لەلایەن خودی خودا و ئەو باوەڕەش پارێزراوە کە ناتوانێت جگە لەو تەفسیرە هیچ دەربڕینێکی دیکەی بۆ بدۆزیتەوە.

ئەمە هەم وریایی نووسەرە بەرانبەر بە هزری سۆفیگەری و هەمیش دەربڕینی ئەو هزرە ئایینییەیە کە ناخی تاک و کۆی کۆمەڵگەی ئێمەی داتەنیوە، بەجۆرێک هەندێک لە کەسە پیرۆزەکان، لەلای نەیارەکانیشیان بەپیرۆزی بمێننەوە، تا ئەو ئاستەی زاتی ئەوە نەکەن، نەک هەر ئازاری بدەن، بەڵکو نەشوێرن بە ناجۆریش ناوی ببەن. لێرەدا تیشکی ئەستێرەکان بۆتە ڕەمزێکی پیرۆز بۆ پتەوکردنی ئەو بنەما هزرییە سۆفیگەرییەی کە مەبەستی بەندە و نووسەرەکەشە لە سادەتر کردنەوەی ئەو هزرە خەیاڵییە شاراوەیەی ناخی تاکی کورد و گەلانی دیکەی موسوڵمانیشی داگیر کردووە، بەوەش بنەمای ڕۆمانەکەشی پتەوتر کردووە کە لەگەڵ هاوچەرخایەتی و تازەگەری و گەڕانەوە و ئاوڕدانەوە لە پاشخانی هزری سەپێندراوی نێو خەیاڵدانی کۆمەڵگەکەشی لەبیر نەکردووە و بەقورشێلکردن و بەیەکەوە شێلانیشیان وریایی خۆی پیشان دەدات کە وەکو کەسێکی مۆدێرن لەگەڵ هزری تاک بەتاکی کۆمەڵگەکەشیدا دەژی.

## ئەفسانە لەم دەقەدا:

کەریم وەکو کەسێکی بیرکراوەی هەمەزان لە پاڵ هزری هەڕەمەکی کۆمەڵایەتی کە دەڕواتە سەر ئایین و سۆفیگەری، دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ ئەو لایەنە ئەگەر زێدەڕۆیی و زێدەگۆیی و خەیاڵی تێکەوت لە ئەفسانە و حیکایەت و داستان نزیکدەبێتەوە و لە هەندێک حاڵەتیشدا کتومت دەبێتە ئەفسانە و خەیاڵی بەرفراوانی بەدی نەهاتوو، کە لە حیکایەتە کوردەوارییە کۆنەکانماندا پانتاییەکی بەرفراوان داگیر دەکات لە کارە سەیر و سەمەرەکانی دێو و درنج و داپیرەی جادووکەر و ئەسپی باڵدار و پادشای خودان دەسەڵاتی ڕەهاو زۆر بابەتی دیکە. کە لەم ڕۆمانەدا باڵگرتنی ئەسپەشێ و هەڵگرتنی سوارەکە و پەڕاندنەوەی لەم گرد بۆ ئەو گرد و لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ و نەهێشتنی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە دوژمن لەنێوان هەر چوار پارچەی کوردستاندا بۆی دروست کردووین، ڕێک ئەو ئەفسانە و خەیاڵە جوانەیە کە نووسەر ئەوەی لەبیر نەچۆتەوە کە لە دوو توێی ئەم ڕۆمانەدا بەرجەستەی بکات، بەو جۆرەی هەموومان وا بیردەکەینەوە کە ئەگەر بەردەوامیش نەتوانین ئەو سنوورە دەستکردانە تێکبشکێنین و لەناویان بەرین، ئەوا لە خەیاڵ و بیری ئاشکراو شاراوەشماندا ئەو سنوورانە بوونیان نییە، بۆیە کەریم وەکو زەروورەتێکی پێویست هانای بۆ ئەو ئەسپە باڵدارە سنوور بەزێنە بردووە کە هەمیشە گوێڕایەڵی سوارەکەیەتی و بەو مەبەستەی دەگەیەنێ، کە ئەگەر ئەو ئەسپە باڵدارە نەبێت پێی ناگات، لە هەمان کاتدا ئەسپ ڕەمزی هێز و توانایە و تا ئێستاش زۆرینەی خێراییەکانی تێژڕۆکانی پێ دەپێورێ سەرباری ئەوەی کە ئاژەڵێکی هۆشمەندی گوێگرە و لەگەڵ هەڵچوون و بەیەک هەڵشاخانی سوارەکەی ئەویش هەڵدەچێ و لەگەڵ هێور بوونەوەکەشی ئەویش دێتەوە باری هێمنی و بەگوێرەی سووک و شلی سوارەکەی مامەڵە دەکات.

## ڕەشکردنی پاڵەوان:

یەکێک لەو دیاردانەی کە بەدرێژایی مێژوو، نەیارەکانمان لە دژمان گرتوویانەتە بەر و تا ئاستێکی بەرفراوانیش بۆیان چۆتە سەر و لە پراکتیکدا سەریشی گرتووە، ڕەشکردن و ناشیرینکردن و لەبەرچاوخستنی پاڵەوانەکانمانە لەهەرهەموو بوارە جیاجیاژیارییەکاندا، بەتایبەتیش لەو بوارانەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەخێرایی دەردەکەون و خێراتریش شیرین دەبن و ناو و شۆرەتی مەزنی خۆشیان وەردەگرن. هەر بۆیە دەبینین بەهەر جۆر و شێوازێک بۆیان بچێتە سەر ناو و ناتۆرەی نەگونجاو و تۆمەتی ناڕەوا و بوختانی هەڵبەستراویان دەدەنە پاڵ و لەنێو خۆشماندا وەکو ئاگری بەرپووش بەوپەڕی خێرایی بڵاودەبێتەوە و بەخۆی چەندە، ئێمەش سەد هێندەی دەخەینە پاڵ و لەپڕێکا کوڕەی قارەمان دەکەینە فس فس پاڵەوان و لە ئاست هەر شتێکی بەسەریشی دێ نەک هەر بێ باکین بەڵکو بەڕەوای هەقیشی دەزانین.

لاوک یەکێکە لەو مەقامە کارایانەی داستانی قارەمانێتی پێ دەگێڕدرێتەوە و سیمای قارەمان و خۆنەویستە گیانبازەکانیش دە هێندە جوانتر دەکات، بۆیە لاوک بێژەکانیش بەتایبەتی لە سەردەمانی بووریدا بەهەمان ئاست خۆشەویست و شیرین بوون. کە بەتوانای لە بن نەهاتووی خۆیان دەقە نەنووسراوەکانیان لە هزری خۆیان دادەڕشت و بەدەربڕینێکی شیعرییانەی هەست

بزوێن، ناخی تاکی کوردیان پێ تاو دەدا و هەم ناخی خۆیان و هەمیش ناخی هەموو دەوروبەرەکەشیان پێ ئاسوودە دەکرد.

یەکێ لەو قارەمانانەش لەنێو ئەم ڕۆمانەدا (کاوێس ئاغا)ی لاوکبێژی نەمرە، کە نووسەر ڕۆڵێکی ئەوەندە کارای پێبەخشیوە، بەجۆرێک توانیویەتی تا ئەو ئاستە دوژمنەکانی بتەزێنێ و ببەزێنێ هەر بە تەنیا نەیانەوێ بەخۆیان بیکوژن و خۆیان لەبەرچاوی کۆمەڵگەکەی ئێمە ناشیرینتر و نەخوازراوتر بکەن. بۆیە هانا بۆ ئابڕووبردنی دەبەن بەجۆرێک خەڵکەکە خۆیان بە لادەری ئێتیکی لە قەڵەم بدەن و بە شایستەی لەناوبردن و کوشتنی بزانن و بەرەنجامیش هەروا دەکەوێتەوە کە کوشتن و لەناوبردنەکەی دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان و تۆمەتەکەش تا ئاستێکی ڕەها بەسەریدا دەسەپێندرێت، بەڵام ئەم تۆمەت و بوختانە تا سەر بڕ ناکات و ناوی کاوێس ئاغاش نەک هەر ڕەش نابێت، بەڵکو هەر بەگەشی دەمێنێتەوە، لێرەدا هاوشێوەی کەریم-یش بەبوێر دەبینم کە دەتوانن قارەمانێتی و ڕۆڵی ئەو پاڵەوانە کارایەی سەردەمی خۆی لەنێو دەقێکی زیندووی ئاوادا جێ بکەنەوە و وەکو ئەستێرەیەکی دیکەی قەڵاتێی بناسێنن و وەک چۆن ئەوسا پاڵەوان بووە، ئەمڕۆش ببێ بەو سیمبولەی لەنێو فەرهەنگی سیمبولاندا بەڕۆشنی بدرەوشێتەوە.

**بوێری و نەمری:**

ناکرێت بەخێرایی بەسەر هەندێ دیمەن و کەسایەتییەکان گوزەر بکەیت، بەتایبەتی ئەو ئەستێرە درەوشاوەی ئەز بە چەقی ڕۆمانەکەی تێدەگەم و هەرواش کەوتۆتەوە (پیاوی ناو ئایەتان) گێژەنی بیرو دۆزینەوەی ئەو ڕاستییە شاراوەیەیە، کە تا ئەو ساتە وەختەی کانیاوی پیتەکان ڕژانە نێو ڕووباری بوێری و دەرخستنی ئەو ڕاستییانەی کە کەم کەس پێش خۆی زاتی ئەوەی کردبوو، لە دەرگای پەنهانی ئەو بابەتە وروووژێنەرە بدات و باکی بە ئایندەی گیانی خۆی نەبێت، کە هەر واشکەوتەوە و مەرگی وەپێش ژیانی کەوت و بەناهەق تیرۆریان کرد. گەورەیی ئەو زاتە لەم ڕۆمانەشدا لەوەدایە، کە نەمری و بوێری خستۆتە پێش لەزەتەکانی ژیانی و ئەوپەڕی بێباکی هەڵبژاردووە بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییانەی کە دەرخستنییان جورئەتی گەرەکە. لەگەڵ پەردە لادان لە ڕووی ئەو نامەردانەی لەپەنای بوێری خەڵکانی دیکە، نانی سپی دەخەنە ورگی ڕەشیان. بەڵام لە دوو توێی ڕۆمانێکی نەمردا پەردە لە ڕوویان هەڵدەماڵدرێ بێ ئەوەی گوێ بە مەقام و ناو و شۆرەتیان بدرێت یان ترسێک لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینییان ببێتە کۆسپ و تەگەرەی دەربڕینی دژە ڕەوتیان و دەرخستنی ئەو چەردەیەی کە ساڵانێک خۆیان لە پەنای مەڵاس دابوو، بۆ هەڵفریواندنی کۆمەڵگەی سادە و هەڵفڕاندن و کردنە ئامانجی ئەو کوندە بەبۆیانەی لە بەرگی کۆتردا خۆیان دەردەخست و لەوە نەگەیشتبوون ڕۆژێک دادێ ڕاوچییەکی زیرەک لە بەرگی خۆیان دادەتەکێنێ و ناسنامە ساختەکانیان دەداتە بەر ڕەشەبای بێ بەزەیی سەر هەڵگرتووی دەرخستنی ئەو ناواخنە بۆگەنەی ئەوان لە دوو توێیدا خۆیان حەشارداوە.

لەگەڵ دەرخستنی ڕووی هەڵماڵدراوی ئەو میر و بەگانەی، وایان دەزانی بە مەرگی لاوکبێژێک سەدای لاوکان کز دەکەن، بێئاگا لەوەی دەنگی لالە پتی ئەو نەمرە تەنیا لە چرینی لاوکان زوڵاڵ دەبێت و تا هەتایەش زرینگەی لە گوێچکەی ئێمەماناندا دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئاوازی کپنەکراوی مەقامبێژێکی دیکە، کە کەمتر دەناسرێتەوە، مەگەر خوێنەرێکی هۆشمەندی ئاگادار لەو دەنگ و سەدایە زیندووانەی تا هەتایە بە نەمری دەمێننەوە کە (شەهابە)ی هونەرمەندە و لەو ڕۆمانەشدا پەی پێبردن و دۆزینەوەی ئاسان نییە و نووسەر زۆر بە وریایی جێگەی شایستەی خۆی بۆ دۆزیوەتەوە و تا ئێستا لە هیچ ڕۆمانێکی دیکەی خۆماندا، ئەو پێگەیە شایستەیەم بۆ هیچ هونەرمەندێکی دیکەی هاوشێوەی شەهابەی مەقامبێژم نەدیوە، کە کرابێتە ئەستێرە.

**ئەشکەنجە و ئازار:**

ئەوەی لە دوو توێی ئەو ڕۆمانەدا ئاشکرا کراون و بەکرداریش بەسەر تاکەکانی گەلەکەی ئێمەدا هاتووە، جۆرێکە لەو ئازار و ئەشکەنجانەی کە ئەگەر وەربگێڕدرێنە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا، جێگای باوەڕ نین، کە ڕەنگە هێشتا زۆر جۆری دیکەشیان هەبێ کە مرۆڤ لە شەرمان زاتی ئەوە نەکات باسیان بکات.

بەڵام ئەوەی دوای مەرگیش بەسەر ئەستێرەکانمان داهاتوون، لە هیچ جۆرە ئازارێکی دیکە ناچن، بەوەی کەسەکە مردووە، بەڵام کەس و کارو دەوروبەرەکەی بەوە ئازار دەدەن کە تەرمەکەی دەشارنەوەو شوون بزری دەکەن، تا ببێتە

> **“دەبوایە ڕۆمانەکە (ئەستێرەکانی قەڵاتێ) بووایە، نەک ئەستێرەی قەڵاتێ، کە لێرەدا پاڵەوان یەک کەسایەتی نییە و ئەگەر وابووایە دەبووایە وەکو قارەمانێکی یەک باڵ بناسێندرایە”**

حەسرەتێکی لەبیر نەکراو بەوەی نزارگەیەکیشی پێ ڕەوا نابینن، یان ڕەنگە ڕاستتر ئەوە بێ دوژمنەکانمان لەلاشەی مردووەکانیشمان دەترسێن و وا بیردەکەنەوە لاشەکان بەڕوویاندا هەڵشاخێن و تۆڵەی سەردەرێ و بەر دەرێیان لێ بکەنەوە. کە لەو ڕۆمانەدا بۆتە یەکێک لەو کۆڵەگانەی ڕۆمانەکەی لەسەر بونیاتنراوە و گەڕان بەدوای ناوونیشان و گۆڕی ئەستێرە داکشاوەکان تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوامی هەیە.

ئاشکراکردنی هەندێک لە جۆری ئازاردانەکان کە لەوەو پێشیش لەسەریان نووسراوە، بەڵام بەو شێوە هونەرییە دەرنەبڕاون ئەو ئەشکەنجانەیە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەیان کەمە و هەندێکیان هەر نینە وەکو بوتڵ تێبڕین، سەرباری ئەشکەنجەی دیکەی جەستەیی و دەروونی کە هەندێک جار مرۆڤ نەک تەنیا بەرگەیان ناگرێت، بەڵکو دەگاتە ئەو باوەڕەی کە مەرگ زۆر خۆشترە لە ڕیسواکردن و سەرشۆڕکردن بەدەستی ئەو دەزگایەی پێی دەگوترا (ئەمن) کە هەمیشە کەسانی ڕیسواو بوودەڵە و خاپەڕۆکی کۆمەڵگەیەکی زۆر دواکەوتوویان تێدا کۆ دەکرایەوە، کە چێژیان لە ئازاردانی بەرانبەرەکانیان وەردەگرت.

> **برادەرە نزیکەکانم لەوە ئاگادارن کە دەمێکە لە هەوڵی ئەوەدام بە نووسین ئەوە بسەلمێنم کە دڵداری شاعیر و ئاسەفی برای تیرۆرکراون، نەک بە مردنی خۆیان مردبن**

**دوا سەرنجەکان:**

**١. زمان.**

کەریم کاکە هەمیشەو لە سەرجەم نووسینەکانیدا، خودان زمانی تایبەتی خۆیەتی و سەرباری ئاگاداری دیالێکتەکانی دیکە، سوودێکی زۆر لە دیالێکتی هەولێرێ وەردەگرێ و ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین زمانی گوندیان کرمانجەتی کە بەڕاستی دەوڵەمەندە بە دەستەواژە و وشەی ڕەسەن، لە نووسینەکانیدا ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانیان هەیە و لەم ڕۆمانەشدا هەمان پێناسەی بەسەردا دەسەپێ بەجیاوازی ئەوەی لێرەدا کەمتر هانای بۆ دەربڕینی ناوچەکەی خۆی بەستووە و لەشوێنی پێویست نەبێ بەکاربەریان نەبووە و هەر ئەوەش بەڕاستتر دەزانم لەوەی خۆت پابەندی دیالێکتی ناوچەگەری بکەیت، سەرباری ئەوەی لەزۆر دەربڕیندا هەست بەوە دەکرێ کە نووسەر گەشتێکی بەنێو سەرلەبەری زاراوە جیاجیاکاندا کردووە هەر بەوەش بۆتە خودان زمانی تایبەت بەخۆی کە لە هەموو نووسینەکانیدا پێی دەناسرێتەوە.

> **لەم ڕۆمانەدا سۆفیگەری بەشێکی گرنگە لە هزری تاکی یار و نەیار و بیرکردنەوەی هەردووکیانی بە تیشکدانەوەی ئەستێرەکان بەستۆتەوە**

**٢.سەرەتاو بنەتا**

کەریم چۆن لە دەستپێکدا سەرە داوەکەی داوەتە دەست خوێنەری هۆشمەند، بەهەمان شێوە کۆتاییەکەشی بەجێهێشتووە، لەگەڵ ئەوەی خودان ناوەڕۆکێکی پوخت و ئامانجێکی ئاشکراو دەربڕینی ناخی دەستەبژێری کۆمەڵگەکەیەتی لە دەستنیشانکردنی ئەستێران و داڕشتنی ڕستەی پڕ لەو حەز و خولیایانەی ناخیان داگیر کردووین، بەڵام مەبەستی من لەوەدایە حیکایەت ئاسا نانووسێ و هونەری داڕشتنەکانی ئەوە نییە کە خەڵکە گشتییەکە چاوەڕوانی دەکات، بەڵکو دەبێت خۆت لەگەڵیدا بژیت و لەناخی خۆت سەرەتا و بنەتایەکی گونجاوی ئەوتۆی بۆ بدۆزیتەوە کە ئەو مەبەستێتی.

**٣.ژانرە ئەدەبییەکە**

ڕۆمان هونەرێکی گەورەی ئەدەبی ئەم سەردەمەیە کە زاڵە بەسەر ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، دوای ڕاپەڕینیش لەلای خۆماندا بە بەربڵاوی زۆر کتێبمان بەرچاو دەکەون کە ناویان لێنراوە ڕۆمان، کە لە واقیعدا، نەک هەر ڕۆمان نین، بەڵکو ناکەونە چوارچێوەی چیرۆکی درێژیشەوە، بەوەی هیچ بنەما و هونەرێکی داڕشتن و نووسینەوەی ڕۆمانیان تێدا نییە، کە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، بڵێین ئێمەی کورد خودانی ڕۆمانی خۆمان نین، بەڵی هەمانە و ڕۆمانی زۆر باشیشمان هەنە، بەڵام هەم ژمارەی ڕۆماننووسەکان و هەمیش ڕۆمانەکانیان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی مرۆ زاتی ئەوە بکات بە بەربڵاوی بیانخاتە بەردەستی خوێنەرانی ئەو گەلانەی لە بەرهەمهێنانی ئەو ژانرە ئەدەبییەدا ئەوەندە باڵا دەستن، بەجۆرێک زۆر بەخێرایی ڕۆمانی چاک و خراپ لێک جیادەکەنەوە، کە (ئەستێرەی قەڵاتێ) دەکرێ وەکو نموونەی ڕۆمانێکی باش و سەرکەوتوو لەنێو ڕۆمانە جوانەکانماندا پۆلینی بکەی.




# غیرەتی ئافرەت

## تیۆری ڕەخنەیی فێمینیستی و جێبەجێکردنی لە ڕۆمانی (زەیتوونستان)دا

تا ئێستەیش لە وڵاتانی پێشکەوتووی خۆراوادا، بە تێڕوانینی پیاو دەڕوانرێتە جیهان (فیگن و دوسی، ٢٠١٨) جیهانبینی پیاو زاڵە لە بواری سیاسەت، ئابووری، سەربازی، ئەدەب، فەلسەفە، هتد (جێفریس، ٢٠٠٨) لەبەر هەندێ بزووتنەوەی فێمینیستی هەس. لەبەر هەندێ، تیۆری ڕەخنەی فێمینیستی هەس لە بواری ئەدەبدا. تا ئێستەیش لە ئەمریکا، مووچەی پیاو و ئافرەت یەکسان نییە.

واتە: ئەگەر پیاوێک و ئافرەتێک لە یەک شوێن کار بکەن و هەمان پێگەیان هەبێت، پیاوەکە زیاتر وەردەگرێت (ئەگەر پیاو هەزار دۆلار وەبگرێت، ژن ٧٥٠ دۆلار وەردەگرێت هەندێک جاریش ٥٥٠ دۆلار) (ئۆلیز، ٢٠١٣) کاتێک دەرمانێک بۆ پیاو و ئافرەت دروست دەکرێت، زۆربەی جار تەنیا لەسەر پیاو تاقی دەکرێتەوە، یان تەنیا ڕای پیاوان وەردەگیرێت (لۆیس، ٢٠١٨).

بۆیە گرنگ نییە بەلایانەوە ئەگەر دەرمانەکە کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر تەندروستیی ئافرەتان. باشە بۆ بیریان بۆ ئەمە نەچووە؟ بیریان بۆ چووە، بەڵام هەموو شتێک لە ڕوانگەی پیاو و ئەزموونی پیاو دێتە نۆڕین (لۆیس، ٢٠١٨)

بەگشتی، لە خۆراوا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئافرەت دەچەوسێنرێتەوە (فیگن و دوسی، ٢٠١٨) ئامانجی ئەم تیۆرە ئەوەیە ڕەخنە لە ڕۆمان، چیرۆک و شیعر بگرێت ئەگەر پرسەکانی ئافرەتیان وەلانا، یان پاڵپشتی چەوساندنەوەی ئافرەتیان کرد، یان نوێنەرایەتیی ئافرەتیان نەکرد.

لە ٢٠١٧، پڕفرۆشترین سەت کتێبی منداڵانیان خستە ژێر هاوێنە. زۆربەی ڕۆڵە باشەکان درا بوون بە کارەکتەری کوڕ. کارەکتەری کچ لاواز و چاو لەدەستی کوڕان بوون. سەتا نەوەتی باشترین نووسەرانی دونیا پیاوانن، هێندە مەجال و گرنگی نادەن بە دەنگی ئافرەت. لە سینەما، لە ئەدەب، لە هونەر، زانست و کایەکانی دی ژیان، پیاو باڵا دەستە (لۆیس، ٢٠١٧) ئەوە لە خۆراوا.

لۆیس تایسۆن (٢٠١٨) دەڵێ: ئەو لە پرۆسەی چاکبوونەوەیە، هەوڵ دەدات لە ژێر کاریگەریی پیاوسالاری بێتە دەرەوە. لۆیس تایسۆن نووسەر و ڕەخنەگرێکی دیاری ئەدەبی ئەمەریکییە.

بە تێڕوانینی من، تەواوی فێمینیستەکان، تەواوی ئافرەتانی خاوەن بۆچوون و پێگە و ئابووری و کیانی سەربەخۆ لەو هەوڵە دان، چونکە ڕەگی پیاوسالاری هێندە ئەستوور و درێژە، بە سی ساڵ قوت ناکرێت. لە هەشتاکانیش، ئافرەت پێی عەیب بووە بڵێ نووسەرە (جێفریس، ٢٠٠٨) ئەوە لە خۆراوا.

ئەقڵییەتی نەریتیی ڕۆڵی جێندەر هێندە ڕەگی داکوتاوە، ئاسان نایەتە هەڵکەندن. ئەو ئەقڵییەتە لە بیری هەموو تاکێکی خۆراوایی چاندووە کە پیاو بەهێزترە، وەستایە، بەرگەگرە، زانایە؛ ئافرەتیش لاوازە، بەسۆزە و بەرگە ناگرێت، زانا نییە، بەڕێوەبەر نییە، هتد.

نێرسالاری هەموو شتێکی ئەرێنی داوەتە پیاو و هەموو شتێکی نەرێنی داوەتە ئافرەت (لۆیس، ٢٠١٨) باسی هەرشتێک دەکەی، پیاو تێیدا پاڵەوانە و ئافرەتیش یەخسیر. سەیری چیرۆکی ساندرێلا بکە (بەداخەوە شانازی



گۆران سەباح

پێوە دەکەین؛ هەیە دەڵێ کچەکەم هێند مەرەقی ساندرێلایە، خەون و خەیاڵی بووەتە ساندرێلا).

ساندرێلا جیهانێکە پیاو لە مێشکی کچاندا دەیچەقێنێت: کچ دەبێت ملکەچ بێت، چاوەڕێ بکات هەتا پیاوێک دێ ڕزگاری بکات. کە دەڵێم ڕەگی ئەستوورە، ئەوەیە مەسەلەکە. وەرە سەیری (جوانی و جانەوەر) بکە، دیسان ئافرەتەکە لاوازە، دەبێت نێرە ئاژەڵێک بێت ڕزگاری بکات. ئیدی سەدان نموونەی لەم جۆرە هەن لە شیعر و ڕۆمان و چیرۆکدا کە پاڵپشتی نێرسالاری دەکەن.

لۆیس تایسۆن (٢٠١٧) دەڵێ: ئەدەبی نێر هێندە بە شێنەیی بەربووەتە گیانی ئافرەتان، وای لێهاتووە نێرە ئەدیب بڵێن، «کوا شتی وا نییە.» واتە نکووڵی لێ دەکەن. لە فەزای ئەدەب و تەواوی بوارەکانی دی.

زۆر جار لە کوردستان، هەمان قسە دەبیستین، «کوا غەدر لە ئافرەت دەکرێت، ئەوە نییە هەموو شتێکیان هەیە.» ئەوەیە ئەقڵییەتی نێرینە.

خۆشبەختانە کۆمەڵێک ڕۆمان هەن توخمی فێمینیستیان تێدایە و ڕەخنە لە نێرسالاری دەگرن و ڕەتی دەکەنەوە. بۆ نموونە: ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی میران ئەبراهام، (زەیتوونستان)ی کەریم کاکە، (کچانی دووکەڵ و ئاگر)ی ئاڤا هوما و (مرۆڤی هەرزان)ی بەندە. بێ شک، هی دیکەش هەن.

لێرەدا زێتر دەپرژێمە سەر ڕۆمانی زەیتوونستان، هەرچەندە قسەکردن لەسەر ڕۆمانێکی فرەپاڵەوان، فرە ڤەگێر، ئاڵۆز، بێ بن، ڕیتمی تێکەڵ و پچرپچڕی گێڕانەوە (فراگمێنتەیشن) ئاسان نییە. دەکرێت ئەم نووسینە بەردێکی دی بناغەی ڕەخنەی ڕاستەقینە بێت لە ئەدەبی کوردی، کەوا ساڵێکە دەستم بە بناغەکە کردووە.

بە ئاگاییەوە بێت، یان نا، کەریم کاکە لە ڕۆمانی زەیتوونستان کاری لەسەر غیرەت کردووە. (غیرەت) هەم وەکو چەمک و هەم وەکو سیفەت زێتر دەدرێتە پاڵ پیاوان لە کۆمەڵگەی کوردیدا. کە دەڵێم کاری لەسەر غیرەت کردووە، مانای ئەوە نییە بە شان و باڵی کارەکتەرەی ئافرەتیدا هەڵگوتبێت. نا، لە کۆی ڕۆمانەکەدا، وشەی «غیرەت» هەر نابینی، بەڵام لە پشت سکێچی هەر پاڵەوانێکی ڕۆمانەکەدا، غیرەتێک هەیە و بۆمان دەسەلمێنێت ئافرەتی کورد هیچی لە پیاوان کەمتر نییە، ئەگەر زێتریش نەبێت.

گەلێ ئاسان بوو بۆ ڕۆماننووسەکە، باسی کۆمەڵێک کەڵە پیاو بکات لە شاخ، بەڵام لەباتیان، دێ خۆی داوێتە نێو ئەزموونێکی ئەستەم و کەسنەکردە. ئەستەمە پیاو بیت و لە ڕوانگەی ئافرەتانەوە بنووسیت. خۆت باوێیە جێی ئەوان، وەک وان بیر بکەیەوە، بخۆی، بشۆی، ڕەفتار بکەی، خۆشەویستی و هەست و سۆز ئەزموون بکەی. ئەستەمترین نووسینە. جا نە یەک و نە دوو. ڕیزێک شێرەژن. هەر یەکەیان چیرۆکی تایبەت بەخۆی هەیە. نووسەر خۆی کردووەتە ئەوەندە کۆپییە ئافرەتە، تا دەقێکی ئەدەبی لەسەر ئافرەت بئافرێنێت.

ڕاستە شێرەژنەکان لە باکگراوندی ئایینی و پێگەی جوگرافیی جیاجیاوە هاتوون، ڕاستە هەر یەکە سەربووردە و گرێیەکی هەیە، بەڵام ئەوەی کۆیان دەکاتەوە بەرگریکردنە لە خود و خاک، وەستانەوەیە لە دژی دەسەڵاتێکی نێرسالاری ئافرەت کوژ. ئەگەر ڕۆمانەکە بە یەک تابلۆ تەماشا بکەم، کۆمەڵێک شەرڤانە



«ئەگەر ڕۆمانەکە بە یەک تابلۆ تەماشا بکەم، کۆمەڵێک شەرڤانە ئافرەتی بەغیرەت دەبینم دوور لە هەموو ئەو ناو و پێناسانەی کۆمەڵگەی نێرسالاری پێیانەوە کردوون»

**لەم ڕۆمانەدا سۆفیگەری بەشێکی گرنگە لە هزری تاکی یار و نەیار و بیرکردنەوەی هەردووکیانی بە تیشکدانەوەی ئەستێرەکان بەستۆتەوە**

ئافرەتی بەغیرەت دەبینم دوور لە هەموو ئەو ناو و پێناسانەی کۆمەڵگەی نێرسالاری پێیانەوە کردوون.

یەکێ لە ئیشەکانی ئەم تیۆرە، ڕاستکردنەوەی ئەو وێنە و هەڵە باوانەیە چەندان سەدەیە پیاو بۆ ئافرەتی دروست دەکات. تابلۆکە پێمان دەڵێ، نەخێر ئافرەت بەستەزمان، غەریبە، حورمە، بێدەسەڵات، لاواز و گرینۆک نییە.

ڕۆمانەکە کوتەکێکە ئەم بتانە تێک دەشکێنێت: «ئافرەت تەنیا بە گریان دەوێری»؛ «ئەوە شوولی ئافرەت نییە»؛ «ئافرەت دەبێ پێیەکی لە مەتبەخ و پێیەکی لەناو جێ بێت»؛ ئەمانە و دەیان بتی دی، بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستەیش شانازییان پێوە دەکات.

وێڕای زەقکردنەوەی هێز و غیرەتی ئافرەت، نووسەر دەسەڵاتێکی دی دەدات بە کارەکتەرەکانی: دەسەڵاتی گێڕانەوە. دەکرێت ئەم پرسیارە لە خۆم بکەم: ئایا نووسەر دەسەڵاتی گێڕانەوەی بە کارەکتەرەکانی داوە، یانیش کارەکتەرەکان خۆیان ئەو دەسەڵاتەیان وەرگرتووە و نووسەریان ناچار کردووە واز لە گۆشەنیگای کەسی سێیەمی تاک بێنێت؟ وەڵامەکە بەشی دواوەیە: نووسەر ناچار بووە. بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەستەمە لە ڕێی گۆشەنیگای کەسی سێیەمی تاکی هەمووشتزان بچییە ناو ناخی ئەو هەموو شێرەژنە، کە هەر یەکەیان بۆ خۆی ڕۆمانێکە. گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاک فریای نووسەر کەوتووە و باشترین بڕیاری داوە. بەم پێیەش، پێگە و دەسەڵات و هێزی هەر ئافرەتێک باڵاتر و وردتر و بەجێتر دەردەکەون.

«ئەز هێندەم لە بیرە هەڵدرام و بە ئاسمانێوە بووم، کاتێ پشتاوپشت کەوتمەوە سەر زەوی، دیتم دڕندەیێ نەمزانی چییە، بۆم دێ، زاری بستێ کردۆتەوە و دەیەوێ قووتمبدات، دەستم بۆ چەکەکەم برد، سامگرتی بووم و نەمتوانی تەقەی لێبکەم، زمان شکا و هاوار لە هەوکم خنکا، هێندەم لە دەست هات لەسەر پشت خشیم، زۆر خشیم، دڕندەکەش نەرم نەرم دەهات، هێندە و تەواو . . . دەمەوێ بە گێڕانەوە دڵی خۆم بدەمەوە.» (لا٧٥-٧٩).

ئەو بەشەی (بارینی گوڵ) نموونەیەکە لەسەر هێزی ئافرەت و دەسەڵاتی گێڕانەوەی کارەکتەرەکە. ئەگەر لە شەڕێدا تووشی شکست بن، ئەوا لە هێزی گێڕانەوەیاندا، کارەکتەرەکان خۆیان دەنوێنن. ئەمە ڕچەشکێنە. لە هەموو کۆمەڵگەکان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئافرەت دەنگ هەڵنابڕێت، باسی ئازار و غەدرلێکرانی ناکات. ڕۆمانی (زەیتوونستان) ئەو بەستەڵەکە دەشکێنێت و ئافرەت دێ خۆی خۆی دەگێڕێتەوە، دەبێتە هەوێن بۆ ئەوانی تریش بێنە دەنگ.

**سەرچاوەکان**


Feagin, J.R. and Ducey, K., ٢٠١٨. Racist America: Roots, current realities, and future reparations. Routledge.

Jeffreys, S., ٢٠٠٨. Keeping women down and out: The strip club boom and the reinforcement of male dominance. Signs: Journal of Women in Culture and Society, ٣٤(١), pp.١٥١-١٧٣.

Lois Tyson (٢٠١٨). Critical theory today. New York: Routledge.

Lois Tyson (٢٠١٧). Critical theory today. New York: Routledge.

Oelz, M., Olney, S. and Tomei, M., ٢٠١٣. Equal pay: An introductory guide.

کەریم کاکە (٢٠٢١). زەیتوونستان بە پێڵاوی پیرۆزەوە. مەم و زین:هەولێر


“

**کۆمەڵێک ڕۆمان هەن تۆخمی فێمینیستیان تێدایە و ڕەخنە لە نێرسالاری دەگرن و ڕەتی دەکەنەوە. بۆ نموونە: ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی میران ئەبراهام، (زەیتوونستان)ی کەریم کاکە، (کچانی دووکەڵ و ئاگر)ی ئاڤا هوما و (مرۆڤی هەرزان)ی بەندە**


”

# هاوارێکی بەردەوام ..
# ڕۆمانی (شنگال، هایێ ل من)



**ڕێباز مستەفا**

ڕۆمانی مێژوویی، یان تەوزیفکردنی مێژوو لە ڕۆمان و داستانەکاندا، ڕیشەیەکی دێرینی هەیە، کە هەندێک دەیگێڕنەوە بۆ جەنگی بەناوبانگی تروا، ئەو ژانرە ئەدەبییە بێگومان لایەنگرانی خۆی هەیە، خۆی شێوەیەکە لە گێڕانەوەی داستانی، ئەگەرچی ئەوەی سەردەمانی زوو وەک مێژوو و گێڕانەوەی مێژوو داناندرێت، بەڵام لەزیهنی خوێنەردا حاڵەتێک دروست دەکات کە بە حوکمی خەیاڵ نووسەر بوویەرەکە دەگێڕێتەوە و سیمایەکی مێژوویی پێ دەبەخشێت و زۆر جار وەک بەڵگەی مێژووییش باس دەکرێت.




لەنێو هەموو گەلاندا ئەو جۆرە داستان و چیرۆکانە هەن، جا هەندێکیان بە نووسین پشتاوپشت هاتوون، هەندێکیشیان وەک ئەدەبیاتی زارەکی گواستراونەتەوە و دواتر بە شێواز و لە چوارچێوە و قاڵبی تازەتردا دارشتراونەتەوە. لە ئەدەبیاتی هاوچەرخیشدا وەک ڕۆمان و داستانەشیعر نموونەی زۆرمان لەبەر دەستن. جا ئەو نموونانە چ لەبارەی کەسەکانەوە بێت، یان لەبارەی بوویەر و ڕووداگەلی تراژیدی و جەنگ و ئەڤینداریەوە بێت، داستانە ئەفسانەییەکانی لەیل و مەجنوون، شیرین و فەرهاد، مەموزین و دەیان و سەدانی دیکە نموونەی بەرهەستن، بەڵام ڕۆمانی مێژوویی بە واتا گشتییەکەی لە فەرەنسا دوای شۆڕشی گەورەی فەرەنسی سەری هەڵدا و زۆر لە لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبیات (والتێر سکۆت) بە یەکەمین نووسەری ڕۆمانی مێژوویی دادەنێن.

لەنێو ئەدەبیاتی نووسراوی کوردیشدا ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی نووسەری گەورەی کورد عارەبی شەمۆ بە یەکەمین و تاکە ڕۆمانی مێژوویی کوردی دادەندرێت، بێگومان دوای قەڵای دمدم زۆر لە نووسەرانی کورد لە ڕۆمانەکانی خۆیاندا کەسایەتی و بوویەرە مێژووییەکانیان تەوزیفکردووە و ئەو تەوزیفکردنەش بەها و گرنگییەکی زۆری بە بەرهەمی ئەو نووسەرانە بەخشیوە. لەنێویاندا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازی بکەین، کە دکتۆر ڕەحیمی قازی لە ڕۆمانەکەیدا زۆر بە جوانی کەسایەتیی پێشەوا قازی باس کردووە و ئەو بەشەی وەک ڕاستییەکی مێژوویی کە خۆیشی تیایدا ژیاوە خستووەتە بەر دیدی

خوێنەرانی.. دوای ئەویش نموونەی دیکەمان هەن: ڕۆمانی (میرنامە) نووسینی جان دۆست، کە تایبەتە بە کەسایەتیی ئەحمەدی خانیی شاعیری گەورەمان؛ هەروەها لەسەر نالی تا ئەوەندەی من ئاگادار بم هەم خەسرۆ جاف، هەم نەبەز گۆران ڕۆمانیان هەیە، ئارام محەمەد ڕۆمانێکی لە بارەی دڵداری شاعیری سروودی ئەی ڕەقیب نووسیوە. لەبارەی ڕووداو و کارەساتەکان چەند ڕۆمانێکمان هەن، (بەهاری ڕەش) نووسینی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە بارەی ئەنفال. جگە لەو بەرهەمانەی بە زمانی کوردی نووسراون، هەندێ لە نووسەرانی کورد بە زمانەکانی دیکەش لەو بوارەدا کاریان کردووە، (یەحیای یەسربی) کە کوردێکی خەڵکی بێجاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە ڕۆمانی (قەلەندەر و قەڵا)دا، ژیانی زانا و عارفی گەورە (سوورەوەردی)ی نووسیوەتەوە، یاشار کەمال لە ڕۆمانی چیرۆکی دوورگەدا مێژووی پڕ لە کارەساتی ئێزدییان لەلایەک و کەسێتیی فەقێ تەیرانی شاعیری کوردی لە دوو بەشی ڕۆمانەکەدا (بڕوانە فورات خوێناوییە) و (ئاوخواردنەوەی مێروولە)دا نووسیوە، نووسەرانی دیکەش هەندێ کاریان کردووە، وەک (وارد بەدر سالم) کە نووسەرێکی عەرەبی عێراقییە، لە سێ ڕۆماندا کارەساتی شنگالی نووسیوەتەوە.

جگە لەو نموونانەی سەرەوە زۆر کتێب و بەرهەمی دیکەی ئەدەبی لەو بوارە نووسراون و ڕەنگە ئێمە نەتوانین ناوی هەموویان بێنین.

بەڵام ڕۆمانی (شنگال، هایێ ل من)ی کاک کەریم کاکە، کە لە بارەی کارەساتی شنگال و ئەو مێژووە پڕ لە تراژیدییەی کوردانی ئێزدی و ناوچەکە و پەلاماری دڕندانەی ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ی داعش بۆ سەر شنگال، یەکێکە لە ڕۆمانە زۆر جوان و پڕ لە زانیارییە مێژووییەکانی گەلەکەمان و لە زۆر ڕووەوە لە بەرهەمەکانی بەر لە خۆی جیاوازە. شنگاڵ، هایێ ل من، هەم لە بواری زمانەوە جیاوازە، کە نووسەر لەم بەرهەمەیدا گرنگییەکی زۆری پێداوە و زۆر وشە و دەستەواژە و گوزارەی کوردانی ئێزدی و ناوچەی شنگالی بەکار هێناوە و هەم بە باشی تەوزیفی ئۆل و ئەفسانە و ڕووداوگەلی مێژوویی و چیرۆکی فۆلکلۆری و ئاواز و دەنگبێژی و مۆسیقای کردووە و ڕۆمانەکەی لەو ڕووەوە زۆر دەوڵەمەند کردووە. من پێم وایە ئەگەر ڕەخنەگران و شرۆڤەکارانی بواری ئەدەب بە وردی شەنوکەوی ئەو هەموو وردەکاریانەی نووسەر بکەن لەم ڕۆمانەدا، ئەوا ‹شنگال، هایێ ل من› بە تاقانە ڕۆمانی کوردی دادەندرێت، کە تا ئێستا بەو ئاستە بەرز و بەو زمانە دەوڵەمەند و پێکەوبەستنەوەی ئەو هەموو بوویەر و سەرەداوانەوە نووسرابێت.

لە ڕۆمانی شنگال، هایێ ل من، لە تەک گێڕانەوە و بەبیرهێنانەوەی ئەو هەموو کارەسات و فەرمان و کۆمەڵکوژییانەی بە درێژایی مێژوو دژی ئێزدیخان کراون، بەرخودان و شانازیکردن بە ئۆل و بە لالش و شنگال و چیای پیرۆزی شنگال بە جوانی وێنا کراوە:

(... ئێزد لێرە، لە ئاو و گڵی ئێرە ئادەمیزادی هێنایە دنیا، بە دەستی خۆی گڵی پیرۆزی شنگالی شێلا، ئادەم و حەوای لە گڵ و ئاوی کانیی کەرسێ شێلا... ل٢٦) ئەو پیاهەڵدانە، ئەو باوەڕە مکومەی ئێزدیان، کە نووسەر گواستوویەتیەوە، نەک هەر خوێنەرێکی ئێزدی، بەڵکو بۆ هەر خوێنەرێکی دیکە بالکێش و مایەی شانازیکردنە. لەو وێناکردنەدا کە بێگومان لە باوەڕی ئێزدیانەوە سەرچاوە دەگرێت، نووسەر کەشێکی وا دەئافرێنێت، کە خوێنەر وا لێ دەکات هیوا بەوە بخوازێت کەسێکی شنگالی بووایە و تێکەڵ بە ئێش و ئازارەکانی ئەو خەڵکە دەبێت.

لە شوێنێکی دیکەدا هەر بە سەرچاوە گرتن لە باوەڕی ئێزدییانەوە دەنووسێت: (ژن و پیاو قیت بوونەوە، چاویان بە شنگال، بەو (لاجوان)ەی دنیا هەڵێنا، لە شنگالەوە خاک و با و ئاو و ئاگریان ناسی، لەوێ هەنجیر و ترێ و هەناریان تامکرد... لە سەر تاتەبەردی شنگالێ کڕنۆشیان بۆ ئێزدی مەزن برد...ل٢٧) لەو وێناکردنەدا شنگال و کانیێ کرسێ دەبنە یەکەم لانکەی ژیان و لەوێوە ئادەم و حەوا لە گڵی شنگال و بە ئاوی زوڵاڵی کانیێ کرسێ چێ دەکرێن و ژیان لەوێ دەست پێدەکات و شنگال دەبێتە چەقی گەشە و پەرەسەندنی مرۆڤ و نەوەکانی

**“ ڕۆمانی (شنگال، هایێ ل من)ی کەریم کاکە، کە لە بارەی کارەساتی شنگال و ئەو مێژووە پڕ لە تراژیدییەی کوردانی ئێزدی و ناوچەکە و پەلاماری دڕندانەی ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ی داعش بۆ سەر شنگال، یەکێکە لە ڕۆمانە زۆر جوان و پڕ لە زانیارییە مێژووییەکانی گەلەکەمان ”**

> "لە ڕۆمانی شنگال، هایێ ل من، لە تەک گێڕانەوە و بەبیرهێنانەوەی ئەو هەموو کارەسات و فەرمان و کۆمەڵکوژییانەی بە درێژایی مێژوو دژی ئێزدیخان کراون، بەرخوەدان و شانازیکردن بە ئۆل و بە لالش و شنگال و چیای پیرۆزی شنگال بە جوانی وێنا کراوە"

ئادەم و حەوا زاوزێ دەکەن و بە دنیادا بڵاو دەبنەوە، بەڵام لافاوەکەی نووح ئەو خەڵکە لێکدادەبڕێت و ئۆل و ئایینی دیکە دروست دەبن و ژیان و شیرازەی پێکەوەیی و ئارامی خەڵکەکە دەشێوێت و ئەو ڕەوشە کە ئێزدی مەزن بۆ شنگال و ئادەمیزادی ئافراندووە، تێک دەچێت و بەوەش جەنگ و ئاژاوە و ناخۆشی سەرهەڵدەدەن.

لە ڕۆمانی شنگال هایێ ل من، خۆڕاگری و پابەندبوون بە ئۆلی ئێزدی، زۆر جەختی لێ کراوەتەوە. کاتێک پەلاماری لەشکری ئاڵا ڕەشان، (مەبەست چەکدارانی داعشە) گەیشتە کۆچۆ، کۆچۆی مەزڵوم، کۆچۆی بە تەنیا جێهێڵراو، خەڵکەکە کۆ دەکرێنەوە دوو ڕێگایان بۆ دادەنێن یان وازهێنان لە ئۆلی ئێزدی، یان مردن و لەنێوچوون؛ لێ خەڵکەکە لەسەر دینی خۆیان، دینی کەونارای باب و باپیران پێداگرن و ڕەتی دەکەنەوە دەستی لێ هەڵبگرن: (... ئەم بەندەی خودێ مەزنین، ئێزدینە، تا مرنێ ئێزدینە. کەمتر لە چلیان ژمارد، چل سەر پەڕی، لە سێبەری ئاڵای ڕەش... خوێن هەستا، قیژە و هاوار گەیشتە ئاسمان و خودێ دانەبەزی... ل٥٩-٦٠)

دەبینین باجی پابەندبوون و مانەوە لەسەر ئایینی ئێزدی ئەگەرچی مەرگیشە، بەڵام ئێزدی، ئێزدی ستەملێکراو و بێپشت و پەنا هێشتا هەر دەستبەرداری نابێت.. هایێ ل من هایێ، ئەو دەربڕینە پڕ لە ئازارەی کە تەنێ ئێزدی و ئەنفالکراوانی دەستی لەشکری درندەی عارەب و ڕۆم و عەجەم ژانەکەی تێدەگەن، ئەو هاوارە جەرگبڕەی کە بە درێژایی مێژوو لە ئێزدیخاندا دەنگی داوەتەوە، دیسان ئەمجارەش لە کۆچۆ و لە شنگالی برینداردا بەرز بووەوە، بەڵام خۆ گوێی دنیای بەناو دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ نەیبیست و زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤ خەڵتانی خوێن کران و ژنان و کچانی ڕووسووری ئێزدی جارێکی دیکە کرانە کەنیزە و سەبایە و بەبەر چاوی دنیاوە لە بازاڕەکانی موسڵ و ڕەقە و فەلوجە مامەڵەیان پێکرا.. هایێ ل من هایێ، ئێزدی دۆستی نینە... ئەمە قسەی ئێزدییانی بێپشتوپەنا و بەجێهێشتراوە:

(چاوەڕێم نەدەکرد، پێشمەرگە بێ تەقە بقووچێنن، هێژ گوللەی ئالاڕەشان، هی داعشان، نەخشی منارەی دیرۆکیی شنگالێ نەقرنجاندبوو، شووشەی چ پەنجەرانی نەشکاندبوو... فەرماندەی پێشمەرگە ئێزدیی هێلابوو، لەوبەری پردی سهێلا بوو... چەندی گۆتم: شەرمە شنگال بۆ گورگان بەجێدێلن، ئاوڕیان نەدایەوە...ل٨٣)

نووسەر ئەو دیمەنانەی زۆر بە جوانی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە، ئەو دیمەنانەی کە ئەوکات ئەکرانی تیڤیەکان نیشانیان دەداین. (... شنگال چەند تەنیا بوو، لە خودا تەنیاتر، تەنیا تەنیا، ئەو ڕۆژە سەر بە چ وڵاتێ نەبوو، کەس بە هاوارییەوە نەهات...ل٨٣)


لە ڕۆمانی شنگال، هایێ ل من، نووسەر مەبەستی دوژمنان و ئەو ستەم و داگیرکارییەی بە درێژایی مێژوو کردوویانە، جا چ بە ناوی ئایینەوە بووبێت چ لەژێر هەر ناوێکی دیکەوە بووبێت، لەو ڕستەیەدا چڕ دەکاتەوە: (... شمشێربەدەستێ، لە زمانیڕا دیار بوو، عارەبی نەینەوایە، بە شمشێربەدەستێکی دیکەی دەگوت: کورد هەر کوردە؛ چ ئێزدی بێ، چ موسڵمان، گاورن و کوشتنیان غەزایە..ل١٦٢)

تەنبووریش، لە ڕۆمانی ‹شنگال، هایێ ل من›، وەک سومبلی ئایینە دێرینەکانی کورد، بە بەردەوامی دەنگی دێت و دواجاریش ڕۆحی ئێزدی، دەچێتەوە نێو چیای شنگال و ‹کەژێ›ی شاکەسی ڕۆمانەکە لەسەر بەرزترین دوندی چیای شنگال تێکەڵی تیشکی خۆر دەبێت و بەمەش ڕۆحی بەرزەفڕی ئێزدی و فەڕ و شکۆی ئەو خەڵک و ئۆلە ڕەسەنەی تا ئێستا پارێزراوە، لەگەڵ خاک و چیای پیرۆز تێکەڵ دەبێتەوە و جارێکی دیکە پێمان دەڵێت ئەم ئۆلە ئەم خۆڕاگری و دڵسۆزییە، ئەم پاکی و پیرۆزییە هەر پایەدار و جاویدان دەمێنێتەوە.

**

**تێبینی: بۆ ئەم کورتە نووسینە سوود لە ڕۆمانی شنگال، هایێ ل من وەرگیراوە.**

# ماچ .. وەکو کارەساتێک لە ڕۆمانی ماچی یەکەمدا



سابیر ڕەشید

کەریم
کاکە وەک
ڕۆمانەکانی
دیکەی بەو زمانە
شیعرییە جوانەی هەموو
جاران دەمانخاتە نێو کەش و
هەوایەکی سیحری و فانتازی کە
تەوەری سەرەکی یا چەقی ڕۆمانەکە
شتێکە یا بابەتێکە، ئیدی ئەم بابەتە دەکاتە
جێی بایەخ و هەموو ڕووداوەکان لە دەوری
ئەم بابەتە دەخولێنەوەو بابەتەکەش لە
سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوامە و
لە بچووکەوە وردە وردە بە وەسفی وردی
شاعیرانە پێیاندا دەچێ و هەموو کەلێن
و قوژبنی ئەم بابەتە دەخزێنە نێو پانتایی
ڕۆمانەکە و کارەساتەکان یا ڕووداوەکانی
تری نێو ڕۆمانەکە هەموویان لەوەی یەکەمەوە
سەرچاوە دەگرن و لقوپۆپیان لێدەبێتەوە،
بەڵام لق و پۆپەکانیش هەر پەیوەستن
بە ڕووداوی تەوەری سەرەکی یا باسی
سەرەکی ڕۆمانەکە، چەشنی یەشار کەمال لە
بچووکەوە بەرەو گەورەبوون دەچن و تان و
پۆ دەگاتە چلەپۆپە و زمانی وەسف بەسەر
دەقەکەدا زاڵە، ئەمەش زمانێکی شیعری جوان
و ڕەوانە و خوێنەر دەگەڵ خۆیدا دەخاتە نێو
فەزاو تەشقی نێو ڕۆمانەکە.

ئەو ماچەی کەریم کاکە لەم ڕۆمانەدا کارەساتێک دەنێتەوە، ئەوە یەکەم ماچە کە پەری پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە کە لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگێڕێ، عاشق و شەیدا و سەرمەست دەکات. ئەوە پەرییە کە لەلایەک یەکەم ماچ عاشقی کوڕی پیاوی مەستەکەی دەکات و لە هەمان کاتیشدا خەباتی سیاسی نهێنی بەردەوام دەیسووتێنێ، کەچی دەستبەرداری هەردووکیان نابێت، ئەگەرچی مەرجی کوڕی پیاوە مەستەکە بۆ پەری ئەوەیە کە دەبێ خۆی لە ئاگری سیاسەت بدزێتەوە، بەڵام ئەو پێی وایە هەردووکیان خۆشەویستییان لە دڵی پاڵەوانەکە دروست کردووەو دەستبەرداری هیچ یەکێکیان نابێت ئەگەرچی ژیانی خۆشی لەسەر دانابێت کە دواجاریش دەبێتە قوربانی ئەو ئاگرەو دەیسووتێنێ، بەڵام سووتانەکە

بۆ
پەری
سووتانی
نێو کۆمەڵگە
دواکەوتووەکەی
ئیمەیە کە لە زیندان زیاتر
دەیخەنە نێو زیندانی کۆت و
بەندی غەدر وخیانەت لێکردن،
ئەوە نییە لە کۆتایی ڕۆمانەکە بەدیار
دەکەوێت ئەو دوو کەسەی لەگەڵ بەرزۆ
لە کۆڵان دەیرفێنن و لاقەی دەکەن یەکێکیان
زڕبرای مێردەکەیەتی کە دوای کوڕی پیاوە
مەستەکە خۆشی دەوێت و مێردی پێدەکات
و ئەوەی تریش برادەرێکی باوکیەتی و
هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەدەچوو ئەو بێت و
کاری وا نارەوای لەگەڵدا بکات ئەوەی تریش
کە ماوە نایانەوێ ئاشکرای بکەن نەوەک
کەسێکی نزیکتر دەرچێ و پێ بتلێتەوە. باوکی
پەریش لەم ڕۆمانەدا هاندەری کچەکەیەتی
و بۆ خەباتی نهێنیشی یارمەتی دەدات و
دەیشارێتەوەو هاوسۆزە لەگەڵیدا، لەڕووی
کۆمەڵایەتیشەوە دیارە کە سۆزی باوکایەتی
زیاتر زاڵە وەک لە هی دایکی کە لەم ڕۆمانەدا
پەراوێز خراوەو دایکی تیشکی وردەکاری
ڕۆمانەکەی نەخراوەتەسەر ئەوەی کە ڕۆڵی
دایک دەبینێ و پێی شادومانە و دایکایەتی
تەواو دەکات لەم ڕۆمانەدا و لای پەریش ژنە
کەسکپۆشەکەیە کە لەنێو پانتایی ڕۆمانەکەدا
ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ پەری و لە کۆڵان
و بۆ بابی ماچ کە ئەو و پەری بە یەکتر
دەگەیەنێت.

ڕۆماننووس یەکەم ماچ دەکاتە دەستپێکی ڕۆمانەکەی کە لەوێوە ڕووداوەکان دروست دەبن و کۆتایی ڕۆمانەکەش هەر بە یەکەم

**"ئەو ماچەی کەریم کاکە لەم ڕۆمانەدا کارەساتێک دەنێتەوە، ئەوە یەکەم ماچە کە پەری پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگێڕێ، عاشق و شەیدا و سەرمەست دەکات"**

ماچ تەواو دەبێت کە پەری یەکەم ماچی کوڕی پیاوە مەستەکەی دێتە بیر و ئەوکاتەی کە بابی ماچ واتە مێردی بزر دەبێ و دەڕوا ئەو تەمەننای ئەوە دەکات کە یەکەم ماچ ئەو بوایە نەک کوڕی پیاوە مەستەکە، چونکە لەویاندا ناپاکی و لە خشتەبردن و خیانەت دەبینێ و لە بابی ماچیشدا هەموو پاکی وجوانییەکان کۆبوونەتەوە، بابی ماچیش بۆیە جێی هێشتووە و نەگەڕاوەتەوە تا پەری بتوانێ لە بۆشایی بزربوونی ئەودا سۆزو یادگاری یەکەم ماچی کوڕی پیاوە مەستەکە لەبیر بکات و وەک ئەو چۆن پەری خۆشویستووە ئاوای خۆش بوێت. ئەم ڕۆمانە هەڵدەگرێ لە چەندان تەوەرەو دەلاقەی جیاجیاوە بخوێنرێتەوەو لێکۆڵینەوەو ڕاڤە بکرێت، بەڵام ئێمە تەنیا لە هەندێک دەلاقەوە تەماشای دەکەین بەتایبەتیش لایەنی هونەری ڕۆمانەکە کە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا بە هەمان زمانی شیعری بایەخی بە لایەنی تەکنیکی داوە.

* لەم ڕۆمانەدا هەموو پاڵەوانەکانی نێو ڕۆمان تەنیا پەری و قومری و برزۆ و دڵوار و یەک دوو ناوی تر نەبێت دەنا ناوی پاڵەوانە سەرەکی و ناسەرەکییەکان بە نازناو بانگ دەکرێن و دەناسرێنەوە کە زۆربەیان نازانرێ ناوی بنەڕەتی خۆی چییە، ئەمە جگە لە دایک و باوکی پەری کە نازانرێ لەو ڕۆمانەدا ناویان چییە، ئەوانەی تریش جگە لەو یەک دوو ناوەی کە ناونراون لەم ڕۆمانەدا دەنا هەموویان بە نازناو تۆمار کراون وەک:

کوڕی پیاوە مەستەکە، خوشکترین خوشک، ژنە کەسکپۆشەکە، بابی ماچ، کوڕی نەفتفرۆش، کوڕی تەڕە فرۆشەکە، کوڕی لوقم فرۆش، کوڕی چەقۆ کێشەکە، کوڕی درەخت، نەخشەسازی گەرماو، ئەتککەر، پاکانەنووس، کچی بازرگان...هتد.

* ناوی بەشەکانی ڕۆمانەکە وەک ڕۆمانەکانی تر نییە کە هەر بەشێک ناوی خۆی هەبێت، بەڵکو هەر بەشەو بەناوی ئەو کەسەوە کە ئەویش بە نازناو ناوی هێناوە دەگێڕدرێتەوەو دەبێتە گێڕەرەوەو ناونیشانی بەشەکە ئەمەش بابەتێکی نوێیە لە ڕۆمانی کوردیدا.

گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بەهۆی تەکنیکی (فرە دەنگی)یە کە هەر پاڵەوانە و وەک ناونیشانی سەربابسێک، یان بەشێک ناوی هاتووە

**ڕۆماننووس یەکەم ماچ دەکاتەدەستپێکی ڕۆمانەکەی کە لەوێوە ڕووداوەکان دروست دەبن و کۆتایی ڕۆمانەکەش هەر بە یەکەم ماچ تەواو دەبێت**

و بۆتە ناونیشانی بەشی ڕۆمانەکە و لە هەمان کاتیشدا بۆتە بگێڕەوەی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە کە هەیانە چەند جارێک و هەشیانە جارێک و هەشیانە یەک جار گێڕانەوەکەی پێ سپێردراوە کە بەهۆی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات.

* لەم ڕۆمانەدا شیعر و گۆرانی و بەستە خراونەتە نێو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کە شیعر و گۆرانییەکان لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهاتەکان گونجاون و بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە گێڕانەوەی نێو ڕۆمانەکە بەتایبەتیش گۆرانی (سێوە) کە ناوی هاتووە دەنا خاوەن گۆرانی و شیعرەکەی تر ناوی خاوەنەکانیان نەهاتووە، ئەگەرچی گۆرانی و شیعرەکان بوونەتە بەشێک لە گێڕانەوەو بونیادی ڕۆماننووس.

* لەم ڕۆمانەدا کاریگەری دابونەریت و باوەڕی میللی ئامادەیی هەیە وەک: هاتنە سەر چاکی سوڵتان موزەفەر، ئۆمەرمەندان، ژمارە چل، بڕوابوون بە نووشتە، پژمین، چوارشەممانی سوڵتان موزەفەر، پیاوچاک، ڕۆژانی سێشەمموان کە بە بەدناوی چووە، دەگەڵ چەندان بابەتی تر.


* کات و شوێن لەم ڕۆمانەدا دیارکراوە وەک دەبینین کات ماوەکەی درێژە لە نێوان ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان و تا ئەم ساڵانەی دوایی دەگرێتەوە واتە قۆناغی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین کە ڕۆماننووس وێنەی تراژیدی هەردوو قۆناغەکەمان لەنێو فەزاو ڕەهەند و پانتایی ڕۆمانەکەدا بۆ بەدیار دەخات و بەشێوەیەکی واقیعی ڕەخنەیی کە دەبێتە تۆمارێک بۆ باسکردنی ژیانی میللەتی کورد پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بە هەموو وردەکارییەکی کە وەک پانۆرامایەکی

خێرا ئەم هەمووساڵانە کە هەر ساڵ و مانگێکی یا ڕووداوە زۆرەکانی هەریەکەیان بۆ خۆی دەیان ڕۆمانی لێ بەرهەم دێت، بەڵام ڕۆماننووس زیرەکانە لەنێو پانتایی ئەم ڕۆمانە و لە پەراوێزی پاڵەوانەکانیدا توانیویەتی ئەم هەموو ساڵە چڕ بکاتەوەو لە شێوەی مۆتیڤی جیا جیاوە وێنای بکات و بتوانێت لەگەڵ سەمتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بیانگونجێنێ. شوێنی ڕۆمانەکەش هەموو لە شوێنی گشتی نێو شاری هەولێرەوە هاتوون وەک: کۆڵان و باخچە و گۆڕەپان و جادە و قەڵات و هەموو ئەم شوێنانەی وەک باخی شار و گلکەند و چایخانەی قەرداران و نزیک مزگەوتی حاجی لەقلەقەکان.... تاد. هەموو ئەم شوێنانە دەتوانرێت لەم ڕۆمانەدا کە شوێنەکانی نێو شاری هەولێرن دەستنیشان بکرێت، بەڵام جارجارە بەهۆی خەون و فلاشباکەوە شوێنەکە دەگوازرێتەوە نێو چیای قەندیل و تێکەڵ بە ژیانی پێشمەرگاتی دەبێت و هەردوو شوێنی شار و شاخ دەبن بە دوو شوێنی گرنگی نێو پانتایی و ڤالایی ڕۆمانەکە.

* لەم ڕۆمانەدا لە پاڵ تەکنیکی کورتبڕی و بەکارهێنانی زمانی شیعری کە جوانییەکی بە ڕۆمانەکانی کەریم کاکە بەگشتی و بەم ڕۆمانەی بەتایبەتی داوە، ئەوا ڕۆماننووس پشتی بە چەند تەکنیکی جیاجیا بەستووە بۆ زیاتر بە هونەری کردنی ڕۆمانەکەی لەمانەش: فرە دەنگی لە گێڕانەوەدا، بەکارهێنانی تەکنیکی گۆرانی و شیعر، فلاشباک، تەداعی، مۆنتاجی کات و شوێن، زمانی وەسفی، سوود وەرگرتن لە نامە، دیالۆگ، سوود وەرگرتن لە خەیاڵ و فانتازیا و بیرەوەری و گێڕانەوە بەهۆی وێنەی سەردیوار، سوود وەرگرتن لە هونەری شێوەکاری، لەگەڵ چەندان تەکنیکی تر کە ڕۆماننووس توانیویەتی بیانخاتە نێو زمانێکی پاک و ڕەوان و بێ گرێ، ئەمەش شیعرییەتی بە دەقەکە داوەو جوانکاری پێ بەخشیوە، خوێنەریش لەنێو دنیای سیحری وشە و ڕستە و پەرەگرافە جوانەکانی ڕۆماننووس بێ ئەوەی ماندووبێت و ڕۆمانەکە فەرامۆش بکات دەبێتە بەشدارێکی تری ڕۆمانەکە و ئەوەی ڕۆماننووس پەی پێ نەبردووە ئەو هەوڵی بۆ دەدات و ئەوەی ڕۆماننووس بە خەیاڵ و گێڕانەوەی سیحری وێنەی بۆ کێشاوەو خستۆتییە بەردەمی، بەڵکو ئەو بتوانێ بگاتە جوانی ئەو دیمەنانە و وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەش بداتەوە کە ڕۆماننووس داویەتێ و وروژاندوویەتی جا بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست، دڵنیام ئەوەی ڕۆمانەکانی کەریم کاکە بخوێنێتەوە دەبێ بەدوای ئەم نهێنییانەدا بگەڕێ کە لە پەنای گێڕانەوە شیعرییەکەیدا لێی شاردوونەتەوەو لە دواجاریشدا بگاتە چێژی دەقەکە کە ئەمەش بەلای ڕۆماننووسەوە، فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکەیە، ڕۆمانیش ئامرازێکە بۆ گەیاندنی پەیامێک جا خوێنەری زیرەک و بە سەلیقە و ئاگادار دەتوانێ هەر یەکە و بە گوێرەی ئاستی خۆی بگاتە مانا و دەلالەتی شاردراوەی ئەودیوی وشە و ڕستە و دەستەواژەکان و کۆتایی ڕۆمانەکە لای خۆی لە زەینی خۆیدا دروست بکات و ئەگەر بەردەوامیشی هەبێت لە مێشکی خۆیدا بەشی ترو تەواوکاری بۆ ڕۆمانەکە بکات.


**ژێدەر:**

کەریم کاکە، ماچی یەکەم، ڕۆمان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، چاپخانەی شەهاب، چ/١، هەولێر، ٢٠١٠.




"گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بەهۆی تەکنیکی (فرە دەنگی)یە کە هەر پاڵەوانە و وەک ناونیشانی سەرباسێک، یان بەشێک ناوی هاتووە و بۆتە ناونیشانی بەشی ڕۆمانەکە"

# «نیل بە سارای سیناوە» ..
# خوێندنەوە بە چاوی فیلم و وێنە



سەنگەر زراری

زەمان، زەمانی بەرێ نییە، کە خوێنەر یان ئارەزوومەندانی باسوخواسی شار و وڵاتان، چاویان لە دەستی گەشتیار و گەڕیدان بێ، باس و بابەتی گەشتانیان بۆ بگێڕنەوە، یان گەشتنووسان گەشتەکانیان بۆ بنووسنەوە، ئێستا هەر کەسێک بیەوێ باسی شوێنێ بزانێ، لە ناو مۆبایلەکەی خۆیەوە چەند وشەیەک دەنووسێ و پەنجەی پێوە دەنێ، هەر وڵات و شوێنێکی بوێ، بە دەنگ و ڕەنگ بۆی دێتە پێشێ و دەتوانێ نەک تەنیا بە خوێندنەوە و بیستن، بەڵکو بە وێنەی جووڵاو و نەجووڵاو سەیریان بکا و زانیاریی ورد و درشتیان لەسەر وەرگرێ، بۆیە گەڕیدەکانی ئێستا، ئەوانەی نووسەرن و دەیانەوێ گەشتەکانیان بنووسنەوە، دەبێ چەند مەکر و فێڵێک بکەن تا خوێنەر پەلکێشی ناو گەشتنامەکانیان بکەن، دەنا بە میتۆد و ڕێوشێوینی کۆن، گەشتنامەکانیان گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێ. ئەوان نابێ گەشتەکانیان تەنیا لە وەسفی تاق و دیوار شوێن و خەڵکەکە کورت بکەنەوە، نابێ بە موجەڕەدی باسی گەشتەکانیان بکەن، بەڵکو دەبێ ڕێی دی ببیننەوە و لەوێوە خوێنەری پێ رابکێشن، یەکێک لەو فێڵ و مەکرانە زمان و سیحری گێڕانەوەیە. ڕۆماننووسی ئەمەریکی هنری میلەر (١٨٩١-١٩٨٠ز) جوانی گوتووە: «زمان، تەنیا لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات، کە پەیوەندییەکان دەکەونە مەترسییەوە». ئاخر پەیوەندیی نێوان خوێنەر و گەشتنامە ئەگەر بە شێوازی کۆن بێت لە مەترسیدایە! دونیای دیجیتاڵی و فیلمی بەڵگەنامەیی و وێنە و ڤیدیۆی خودی و... دەرفەتی زۆریان لەدەست گەشتنووسان داوە، ئەمە جگە لە ئاسانیی هاتووچۆ و گەشت و گەڕان، کە زۆربەی خەڵک بە گوێرەی گیرفانی خۆیان دەتوانن ئەم وڵات و ئەو وڵات بکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەر زمانە کە دەشێ بە هانای گەشتنووسانەوە بێت و پەیوەندییەکان دروست بکاتەوە.

کەریم کاکە، یەکێکە لەو جادووگەرانەی لە ڕێی زمان و سیحری گێڕانەوەوە خوێنەر پەلکێشی گەشتنامەکانی دەکات، «نیل بە سارای سیناوە»، یەکێکە لەو گەشتنامانەی ئەو، کتێبەکە گێڕانەوەی گەشتێکە بۆ وڵاتی میسر و چەند شوێنێکی دێرینی ئەم وڵاتە ئەنجام دراوە، کەریم کاکە لەم کتێبەدا، بۆ ئەوەی پەلکێشی خوێندنەوەی گەشتنامەکەی خۆیمان بکات، توانیویەتی دوو فێڵان لە خوێنەری خۆی بکات، یەکێکیان ئەو زمانی گێڕانەوەیە




کە هەر ئەوی پێ دەناسرێتەوە و خوێنەر وا هەست دەکات لەگەڵی لە مەجلیسێ دانیشتووە و ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە نەک ئەوەی کە کتێب بخوێنێتەوە. دووەمیشیان پێکگرتنی واقیع و ئەو ئامرازانەیە کە کۆپیی واقیع

دەکەن و بەراوردکردنی ئەم دووانەیە بە یەکتر. دیارە لێرەدا مەبەستم لەو ئامرازانەی کۆپیکردنی واقیع: «نووسین، وێنە، ڤیدیۆ، باسکردنی سەرزاران و...»ە، ئەوانەی دەیانەوێ بە دەوری خۆیان واقیعمان نیشان بدەنەوە و کۆپی بکەن.
زۆربەی گەڕیدە و گەشتنووسانی دوێنێ، زیاتر وەکو بابەتێکی زانستی و مێژوویی گەشتنامەکەیان دەنووسییەوە و هەوڵیان دەدا لە نووسینەوە و باسی شوێن و خەڵکەکەی ورد بن و نووسینەکەیان وەکو بابەتێکی مێژوویی ببینرێ، بەڵام وەکو نووسەر و فەیلەسووفی فەرەنسی ڕۆلان بارت (١٩١٥ – ١٩٨٠ز) دەیگوت: «زمان ئەوەندە مەتریاڵی نییە، ئەوەندەی ئاسۆی هەیە»، گەشتنووسی ئەمڕۆ دەبێ ئاسۆی زیاتر بۆ زمانەکەی بکاتەوە و گەشتنامەکەی زیاتر بە دیوێکی ئەدەبیدا ببات تا مێژوویی. «نیل بە سارای سیناوە» ئەمەی کردووە، واتا خوێنەری بە دیوی گێڕانەوەی سەرنجڕاکێشدا بردووە تا مێژوو، ئاسۆی زمانی فراوان کردووە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نەیهێشتووەتەوە، تێکەڵکردنی ئافرەت و بادە و دەریا و سارا و گێڕانەوەی چیرۆکئامێز و ڕۆمانئامێز، هەر لەدەست کاری ئەدەبی دێن نەک نووسینەوەی زانست و مێژوو، ئەمە فێڵێک.
فێڵی دووەم ئەوەیە کە کەریم کاکە لە چەند شوێنێک ئەوە بیر دەخاتەوە، کە ئەوەی ئەو دەیبینێ، ئەوە نییە لە کتێبان خوێندوویەتییەوە و لە فیلمان بینیویەتی، دیسان لەو ڕێیەوە سەرنجی خوێنەر بەلای شوێن و خەڵک و دواجاریش گەشتنامەکەیدا ڕادەکێشێ، «لێرە من بە خەیاڵی ناو فیلمان چاوم گێڕا، بە خەیاڵی لەیلە و نەجلە، بووسی و فاتن، شریهان و ئیلهام شاهین و ئەوانە چاوم کردەوە، بەڵام چیم دی؟...ل٤٥».
دیارە گەڕیدەکە ئەوەی نەبینیوە کە لە فیلماندا هەیە، لێرەشەوە بە خوێنەر دەڵێ، بە چاوی من چاو دەنێ نەک بە چاوی ناو فیلم و دەقە مێژووییەکان، چونکە ئەوان هەمیشە لایەنێکی ڕووداوەکان دەخەنەڕوو، کەچی ئەو دەیەوێ ئەو واقیعە پیشان بدات، کە دەشێ هەر گەشتیارێک ببینێ و ئەوەی ئەو دەیبینێ لە خوێندنەوەدا دەست ناکەوێ، بە مانایەکی تر، ئەو دەیەوێ خوێنەر خۆی داوەت بکات بۆ بینینی واقیعەکە، نەک پشتبەستن بە کتێب و فیلم، ئەوەتا کە دەچێتە «قاوەخانەی ڕیش»، ئەوەی کاتی خۆی گەورە نووسەرانی میسری لە نموونەی نەجیب مەحفووز و تەها حوسێن و عەباس مەحموود عەقاد و تا بە نووسەرە دیارەکانی ئەمڕۆ ڕادەگا بۆی چوون و بۆی دەچن، دەنووسێت: «ئەز ئێستا جوان مەستم، بە بادە نا! بە بۆنوبەرامەی دیرۆکی ڕیش، ئەو ڕیشەی چەندی لە بارەوە بخوێنیتەوە ناگاتە کورتە دیدارێکی، مەستم بە دیداری ڕیش، بە هەڵمی قاوەی دەستی مام فلفل، من فڕیبووم، زرمەکە نەبا، نەدەنیشتمەوە...ل٥٢».
بەڵام هێندەش هەیە کە دەچێتە شوێنە دیرۆکییەکان، ئەو شوێنانەی زیاتر لە خەیاڵ دەچن نەک واقیع، گەشتنووس بە جۆرێکی دی دەدوێ، ئاخر دەزانێ لێرەدا چاوی واقیع سیحرەکەی نامێنێ، بۆیە پەنا بۆ سیحری هونەر و خوێندنەوە و کتێب دەباتەوە: «لەگەڵ پێ ئاودیوکردن، بە سەر دنیایەک کەوتم، دنیای بەرێ، هی دەیان پشت و پتری بەرێ، ئێرە دنیایەکە تەنها لە کتێبان خوێندوومەتەوە، لە فیلمان بینیومە، بەڵام بینین بە چاوی خۆت، لە چ لاپەڕەیێ، لە چ گرتەیێ نایبینی، ئێرە وەک ئەوەیە بە خەیاڵ نا، بەڕاستی گەرابیتیەوە دنیای بەرێ. لێرە بە چاوی خۆت، نۆبەتداری سەر دەرگای کۆشکی پیرعۆنان دەبینی، بە شمشێری دەسک لە زێڕاو هەڵکێشراوەوە راوەستاون...ل١٤٧-١٤٨».
کەواتە وەکو گوتمان نووسینی گەشتنامە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا پێویستی بە شێواز و تەکنیکی دیکەی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە دەقێکی داهێنەرانە، بەم جۆرەش ئەگەر نووسەر لێی سەرکەوتوو نەبێ، ناتوانێ خوێنەر بە لای خۆیدا ڕابکێشێ.

*** نیل بە سارای سیناوە (گەشتنامە)- کەریم کاکە، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (٢٠٢٠).**

> **نووسینی گەشتنامە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا پێویستی بە شێواز و تەکنیکی دیکەی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە دەقێکی داهێنەرانە**

# گێڕانەوە لە نووسینەکانی ( کەریم کاکە )دا



گۆسرەت ئەحمەد بێگەس

ئەگەر کورتە باسێکی گێرانەوە لە نووسینەکانی کەریم کاکە دا بکەین، ئەوە دەبێت سەرەتا پێناسەیەکی گێرانەوە بکەین. بوشرا کەسنەزانی دەڵێت ‹› گێڕانەوە گیانی چیرۆکە›› کەواتە ئەگەر چیرۆک یا ڕۆمان جەستە بێت، ئەوە گێڕانەوە گیان دەخاتەبەر ڕۆمان و لە زهنی خوێنەردا بە زیندوویەتی دەیهێڵێتەوە. گێڕانەوە ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە بونیادی چیرۆک و ڕۆماندا. نووسەر دەبێت ئەندازیارێکی لێهاتوو بێت بۆئەوەی بتوانێت لە ڕێی گێڕانەوە نەخشە و هێلکاری بۆ ئەو ماتریاڵەی لە مێشکی گەڵاڵە بووە بکێشێت و باڵەخانەیێکی پەیکەر جوان و ناواخن ئارام ببەخشێتە خوێنەر.

* ژمارەیەک لە گێڕانەوەکانی کەریم کاکە تەوزیف کردنی بابەتی مێژوویە، مێژووی خەباتی گەلانی کوردستان لە قەوارەی ڕۆمان و چیرۆکدا ڕەنگی داوەتەوە، پرسیارگەلێک لە مێشکی نووسەر گەڵاڵە بووە بۆ نموونە ئەو کاراکتەرانەی لە گێڕانەوەکەدا بەشدار دەبن کێن؟ چەند کاراکتەر لە نووسینەکەیدا جێگای دەبێتەوە، کاراکتەری سەرەکی و لاوەکی کێ دەبێت و چۆن کەی ئەم کاراکتەرانە دێنە گفتوگۆ. ئەمە بە نەخشەسازی بێت یان بە هەرەمەکی لەنێو گێڕانەوەکانی (ک.ک) ڕەنگی دایتەوە.

* ستاتیکای نووسینەکانی کەریم کاکە لە بونیادی گشتی دەردەکەوێت، لە هەڵبژاردنی کەسایەتیەکان، کات و شوێنی ڕووداوەکان زۆر وردە و ئەگەرچی ڕووداوەکان لە فەزای واقیع گوزەریان کردووە لێ ئەندێشەی نووسەر داهێنەرانە لە فەزای ڕیالیستی وەدەری ناون و ئەم وردەکارییە بەهاییێکی دایتە نووسینەکانی (ک. ک).

* زۆربەی گێڕانەوەکانی کەریم کاکە لە گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاک دێتەگۆ و جڵەوی گێڕانەوەی لەدەست گرتووە و جار جارەش جڵەو دەداتە دەست کەسی دووەم و سێیەم، ڤەگێڕ هێندە ڕند و هونەریانە کەرستەی خاوی واقیع بە ‹‹ئەزموون و دیتن›› دادەڕێژێتەوە، خوێنەر تێکەڵی وشە بە وشەی گێڕانەوەکانی دەبێت، لە کتێبی گوڵەستێرەکان کوژانەوە لە لاپەڕە ٣٥٧ هێندە جوان وەسفی بەردێک دەکات کە میهرەبانی لێ دەبارێت ( بەردەکان هەموویان ڕەقن، بەڵام ئەو بەردە نەرم نەرم، وەک لەشی ژن نەرم . . ).

*››لە ماینەشێ ستی›› نووسەر وەک چاوێکی بە ئاگا لە دەرەوەی چیرۆکەکەدایە، چیرۆک بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە و ناوە ناوەش گێڕانەوە دەداتە دەست کەسایەتی ناو چیرۆکەکە بۆ نموونە ( ئەوشەویش وەک چەند جاری پێشی بە حیلەی نەرمی ماین وەئاگاهات، هەستا، چراکەی داگیرساند، زانی دەمەوبەیانە، ....... چوو دەستنوێژی هەڵگرت، لەسەر بەرماڵ بە ڕوویێکی خۆش:

خۆش هاتی ماینەکەم، کچەکەم، دەمێ بوو دیار نەبووی، وا بووە سێ ساڵ دە زوو بڵێ. . . .) بەم شێوەیە دەچێتە ناو هۆش و ڕەفتاری کەسایەتیەکانی نێو چیرۆکەکە.

* هەروەسا کەریم کاکە شێوازی گێڕانەوەی پۆستمۆدێرنەی هەیە کە ئەویش لە ڕووی زۆری کارەکتەر و وەگێڕەکانی ناو رۆماندا خۆی دەدۆزیتەوە، ئەم جۆرە گێڕانەوەیە

جـۆری گۆشـەنیگـای چـەند لایـەنـەیـە، نموونەی ئەم جۆرە ڕۆمانە (زەیتوونستان بە پێڵاوی پیرۆزەوە)یە کە ژمارەیەک کارەکتەر چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە، لەم ڕۆمانە پاڵەوانەکان سەراپای ژنن جیاواز لە هەموو ڕۆمانەکانی دیکە کە پیاو تێیدا پاڵەوانە، هەموو کارەکتەرەکان دەبنە وەگێڕ و قسەکەری یەکەمن، نووسەر بەتەواوی شارەزای لایەنی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و سۆزداری یەکە بە یەکەی کارەکتەرەکانە تەنانەت، دەزانێت چی دەخەنە ناو کۆڵەپشتەکانیان. لە لاپەڕە ٤١ دا هاتووە (بارینی گوڵ، وایە، بەڵام ئەگەر هاتبایە ئێرە، پێڵاوەکەی بەجێ نەدەهێشت، پێیەکەی لە گۆڕ دەردەهێنا و دەیخستە کۆڵەپشتەکەیەوە). دیارە ئەم جۆرە نووسینە ئاسان نییە و هەر کەسێک ناتوانێت نیگاکانی خۆی بخاتە ئەم گۆشەیەوە چونکە کارامەیی دەوێت، لێکپچڕان لە نێوان ڕووداوەکان هەیە و بەدوییەکدا نەهاتوون، لە بابەتێکەوە بازدەداتە سەر بابەتێکی دیکە و پاشان دەگەڕێتەوە سەر هەمان بابەتی پێشوو. (ک . ک) هێندە لێزانانە کارەکتەرەکان دێنێتە گۆ، خوێنەر هەست بە پچڕان ناکات.

* جۆرێک لە گێڕانەوە لە ڕۆماندا ناباوییە، لە زەیتوونستان بە پێڵاوی پیرۆزەوە ئەم ناباویە دەبینین کاتێک باس لە شەهید بوونی بێریڤان دەکات کە دەکەوێتە سەر مین، بێریڤان دەفرێت و بەسەر هەڤالانیدا دەسووڕێتەوە، ئەوەندە لیزانانە فرینەکەی چنیوەتەوە خوێنەر هەست بەو فرێنە دەکات. نموونەیێکی دیکەی گێڕانەوەی ناباو لە یادەوەری کۆلان کۆلان گێڕانەوەدا لە زمانی منداڵی خۆی دەگێڕێتەوە: ( بابم سەرەتا لە پێیەکانیەوە بووە مراوی، لەدەو گۆماوەکە دەستەکانی شێوەی باڵی مراویان گرت، لەو ساتەی خۆی بە گۆماوەکە دادا بە تەواوی بووە مراوی، باوکم بووە مراوی...).

* دەمی گێڕانەوە لە نووسینەکانی (ک .ک) دەمی جیاوازی هەیە دەمی ئێستایە و دەچێتە سەر دەمی ڕابردوو، زۆر جاریش لە خۆزگە و ئاواتەکانیدا تروسکاییەک لە دەمی داهاتوو بەرچاومان دەکەوێت، خوێنەر بێ ئەوەی هەست بکات لە ئێستادا بە گێڕانەوەی ڕووداوگەلێک یا چیرۆکێک دەپەڕێتەوە سالانی زوو، لەگەڵ کارەکتەرەکان پێدەکەنێت و دەگرییێت، هەروەسا نووسەر لەبەر دڵی پڕ لە حەسرەت و مەینەتی سواری ماشێنی زەمەن دەبێت و لە کات و شوێن دەپەڕێتەوە و تێکیان دەشکێنێت. لە ئێستادا باسی چەندان ساڵ بەری نها دەکات، باسی سەردەمی ئەنفال و هەرەسی شۆڕش و سووتانی چیا و داگیرکاری بەفر دەکا، نووسەر گێڕانەوەکانی لە دۆخێکدایە چاوەکانی پڕن لە دووکەڵی بۆمب و کیمیایی، هەڵلەرزین لەکاتی گڕ گرتنی دارستان و ئارەقەکردن لەنێو گیانی بەفردا، خوێنەر هەست بە قۆڕەی زگی برسی و ددانەچۆقەی لەسەر شاخی شەختە بەستوودا دەکا، هەروەها هەست بە قورسایی لاقی بەجێماوی ناو سەفەری ترس و هیلاکی دەکات، ئەمانە هەمووی نموونەی بەشداریی ڕاستەوخۆی وەگێڕن لە ڕووداوەکان

* جوانیەکی دیکە لە گێڕانەوەکانی کاف کاف، چنینەوەی چیرۆک لەناو چیرۆکە، هەروەسا، تێئاخنینی شیعر و بەیت و بالۆرە بۆ نموونە لە ماینەشێ ستی لە لاپەڕە ١٨٨ دا کەریم و ستی گۆرانییەک بۆ یەکدی دەڵێنەوە:

بە دەنگە دەنگە، بە ناڵە ناڵە

بەژنێ کەریمم شمشاڵە هەی لۆ

بە شنە شنە، بە گاڵە گاڵە

دەنگی ستی من، شمشاڵە هەی لێ

* بۆ ئەم نووسینە سوودم لە پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، نووسینی بوشرا کەسنەزانی ساڵی ١٩٩٥- ٢٠٠٥، چ٢ ساڵی ٢٠٢١ و گێڕانەوەناسی د. حەمە مەنتک چ١ ساڵی ٢٠٢١ بینیوە.

**“ زۆربەی گێڕانەوەکانی کەریم کاکە لە گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاک دێتەگۆ و جڵەوی گێڕانەوەی لەدەست گرتووە و جار جارەش جڵەو دەداتە دەست کەسی دووەم و سێیەم ”**

# درەختی کەتناوە لە نێوان کاریکتەری زۆرباوی و حیکایەتخوانی دۆنکیخۆتی

عەلی شێخ عومەر

بوون، گەر پێکهاتەی چەندین خودی لە یەک جیاکراوە بێ، لە هاوکێشەییەکدا بە پێداویستی پەیوەست بە ئەوانەی دەرەوەی خود بێ، چۆن و بە چ ڕێگایەک، دەبێ منی بکەر وەکو بوون ناتەواوی خۆی پێ پڕبکاتەوە، چەمکی پرسیاری ئەنتۆلۆژی زیندووبکاتەوە، بۆ پەراوێز خراوین، پەراوێزبوون چ واتایەکی هەیە؟ بۆ لە دونیای بەردەستدا نەگەم بە حەز و خەونەکانم! بۆ دەبێت پەنا بەرم بۆ خەون و خەیاڵ؟ دواجار ئایا ئاوێتەبوونم، جێنیشێن بوونم لەنێو دەقێکی فانتازیدا، دەتوانێت ڕەگەزەکانی خەیاڵ، هەوێنی ئەفسانە و سیحرم لە چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ بگێڕێتەوە، لە پێدراوەکوانی ڕیالیزمی باو دوورمبخاتەوە؟ ڕۆچوون بەم ئاراستەیە، ئایا باڵابوونی منە لە نووسینەوەی دەقێکی هونەریدا؟ یان گێڕانەوەی پەخشان ئامێزە، ئاسەواری نەمری بەدوای خۆیدا دێنێ، ئایا کەنارکەوتنی منە، یان جێهێشتنی نووسراوێکی ئۆتۆبایۆگرافیایی خەیاڵئامێزە، لەدوای نارۆشنی لە چارەنووسی نادیاری مندا، لە دوای حەوت ساڵ لەژێر درەختێکدا دەدۆزرێتەوە، دەبێتە دەقێکی ڕۆمان بەنێوی «درەختی کەتناوە»١

ئەمە دەنگێکی نەگووتراوی حیکایەتخوانە، کە نووسەری ڕۆمان کەریم کاکە لە پشتییەوە وەستاوە، ڕۆمانی درەختی کەتناوە، ڕۆمانێکی کەریم کاکەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکووک چاپکراوە، ئەم ڕۆمانە لە ٣٣ پاژ پێکهاتووە، ٢٣٨ لاپەڕەی مام ناوەندە، لەڕووی مانا و دەلالەت و یوتوبی و فانتازیادا، توانیویەتی شوێنی دیار لە هزری وەرگردا فەراهەم بکات، تێڕوانینی جیاواز و پرسیار دروستبکات، هەروەها وەکو خانەخۆیەک، دەکرێت لەنێو دەقدا بژیت، هەست بە جووڵە و هەناسەی کارەکتەرەکان بکەیت، لە ژانوژۆیان تێبگەیت، لە مەودایەکی ئێستاتیکیدا، فرە دەنگی، بیرکردنەوە و گومان، لێکدانەوەی جۆراوجۆر بەدی بکەیت، بەهیچ شێوەیەک زاڵبوونی ڕای نووسەر لەسەر حیکایەتخوان نابینین، ئاماژەی ناساندنی بزاوتی نەتەوایەتی وەکو بابەتێکی مێژوویی بوونی هەیە، زۆر بە ڕاشکاوانە بێ زۆر لەخۆکردن، لە ناوکۆی لێکەوتەکانیدا، ڕاساندنی کەسەر و بەرکەوتن لەتەک دەرگیرەکانی دەقدا دەکات، ئایا نووسەر تا چ ئاستێک لە ڕێگای گێڕانەوەدا بەرکەماڵ بووە لە دۆزینەوە و ناساندنی شوێن، دەرخستنی گرێچن، ڕێکخستنی ڕووداوەکووان و گرێدانی بە ئەفسانەوە ئاماژە بەڕوویەکی هەقیقەت دەدات، لە دەروازەی ئاوەز و بیرکردنەوە، بەگڕخستنی خەیاڵدا، تا ڕادەیەکی باش سەرنجی وەرگر بە نەپچڕاندنی کردەی خوێندنەوەوە پەیوەستکردووە، هەڵسانگاندنێ نوێ، دەرخەی ئاوێتەبوونی وەرگرن، هەماهەنگن لە دروستکردنی پەیوەندیەک لەنێوان هەقیقەت و هونەردا، لەگەڵ دەروشاندنەوەی ڕەهەندەکانی فانتازیا، پاشینەی هێما و دەلالەت، شان بەشان لەگەڵ کردەی گێڕانەوەدا شۆڕدەبنەوە بۆ نێو ناخی هەستونەستی یەکبەیەکی کارەکتەرەکان، دەڵێیت لە نزیکەوە دەیانناسیت، لەگەڵیاندا دەژیت، بەتایبەتی پیری بەفر و هەندێ لەو ئافرەتانەی کە هاوسەرگیری لەگەڵیاندا کردووە، کەم و زۆر باسیان لێوەدەکات، وەکو گوڵناز، ئەستێ، مێرێ، فەتانە، مەستانە، سەحر و بێرێ، هەروەها حیکایەتخوان باس لە سێکوچکەی خۆی و مەریەم و کورە چاو کەسکەکە و کاریگەری پەنجە خوار دەکات، ئاماژە بە چەندین کارەکتەری لاوەکی دەکات، ڕۆمانەکە لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کاتێ حیکایەتخوان لە گرتەیەکدا، پێ لەوە دەنێت، زۆر نییە پیری بەفری ناسیبێت، لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا پیری بەفر باسی گۆڕی باپیرە گەورەی بۆ دەکات کە تائێستا بە پێوە ماوەتەوە، ناوی گەنجۆیە، کاتێ خۆی هەموو خەڵکی گوند دێنە سەر ئاینی نوێ، هەرچەندە چەتۆی کوڕیشی تاقانەیە، دێتە سەر ئاینی نوێ، بەڵام ئەم لەسەر ئاینی خۆی دەمێنێ، پیری بەفر بە یانزە پشت دەچێتەوە سەر گەنجۆ، حیکایەتخوان، لەهەر

دیمانەیەک و دانشتنێکدا پرسیاردەکات، پیری بەفر وەڵام تەواو دەکات، ناکات، لە وەڵامدانەوەی هەر جارێکدا، باسی بەسەرهات و حیکایەتێکی بۆ دەکات، یەک لەو باسانە، باسی بیرەوەری و مێژوویەکی بۆ دەکات، کە بەرکەوتنی لە تەکیدا هەبووە، باسی دوو شوێنی نهێنی فانتازی دەکات، کە خۆی ئەزموونی کردووە، کەشفی کردووە، یەکیان درەختی ئافرەتانە، ئەوی دی دۆندی پاڕانەوەیە، ئەوەی سێیەم پیری بەفر ئاماژەی بۆ دەکات، جێگاکەی بە نادیاری دەمێنێتەوە، تا حیکایەتخوان خۆی دەیدۆزێتەوە، دارگوێزێکە، حیکایەتخوان ناوی داری وشەی لێدەنێت.

لەبن ئەو دارە لەگەڵ جگەرە و چا و قاوە، ئیلهامی بۆ دێ بەسەرهاتەکان دەنووسێتەوە. یەک لەو بەسەرهاتانە باس لە پەیوەندییەکانی مەریەم لەگەڵ چاوکەسک دەکات، کاریگەری ئەو پەیوەندییە چیی دەبێت لەگەڵ خۆیدا چی لێدەکەوێتەوە، ڕۆڵی پەنجەخواری هاوڕێی لە دابەشکردن و لە گرێدانی ڕووداوەکان، چیی دەبێت چ کەتنیک دەخاتەوە، چ کاریگەریەک لەسەر حیکایەتخوان بەجێدەهێڵێت چیی بە ئیمەی وەرگر دەڵێت، چۆن بیری لێدەکەینەوە.

**ڕەهەندەکانی شوێن:**

گوندی کەتناوە هەر لە سەرەتاوە، لە ئێستای گێڕانەوەدا، پیری بەفر نێرەرێکە وەڵامی پرسیارەکانی حیکایەتخوان دەداتەوە، لەڕووی شوێنەوە باس لە پابەندبوونی بە خاک و نیشتمانەوە دەکات، لە دەسپێکی مێژوویەوە پێیدا دێت، لەپێش هاتنی ئاینی نوێیەوە، نەتەوەی ئەمان هەر لێرەدا بوونە، لێرە لەڕووی زمانەوانییەوە پێداگریی ناسنامەی شوێنێک هەڵدەگرێ، درێژدەبێتەوە بۆ ئێستای گێڕانەوە، گەر مێژوو پەیوەندی میللەتێک هەڵنەگرێ بە ڕووداو، کارەسات، بەرگری، هێزی مانەوە و کارتێکردن، ڕەسەنایەتی پیری بەفر دەتوانێ هەڵیبگرێ، کە مێژوو بە یانزە پشت دەچێتەوە سەر گەنجۆی باپیرە گەورەی، ئاماژەکردن بە کێلی گۆڕی باپیرە گەورەی کە تائێستا هەر بەپێوە ماوەتەوە، لەسەر ئاستەکانی گێڕانەوەدا هەڵبژاردنی شوێن و شوێنکات، مانا، ئاوەز و دلالەت هەڵدەگرێت، دەکرێ چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، چۆن بیرەوەری پرۆژەیەکە لەدوای مردنەوە نەبێت نایەتەدی، مانەوەی کێلی ئەو گۆڕەش لە گۆڕستانێکی وێرانبوو، لای پیری بەفر پرۆژەیەکە، لە کردەی گێڕانەوەی بیرەوەری خۆیدا، ژێدەرێکی ئیلهام بەخشە، گوندی کەتناوە وەڵامی ئەو پرسیارە نەزانراوانەیە کە بۆ تەواوکردن و نووسینی دەستنووسی ڕۆمانەکەی، حیکایەتخوان هەمیشە گەڕانی بۆ دەکات، بە دیوێکی دیکەدا دەکرێت ئیمەی وەرگر، لەنێوان مانەوەی کێلی گۆڕەکە، لەگەڵ ناوی خاوەن گۆڕەکە پەیوەندیەک بدۆزینەوە، واتا لەگەڵ گەنجۆ بەپێی گێڕانەوەکانی پیری بەفر، کە بە تاق و تەنیا ڕادەستی ئاینی نوێ نەبووە، پێداگری و سووربوونی لەسەر پرینسیپی ئایین و تێڕوانینی خۆی کردووە، جیابوونەوەی لەوانی دی مانایەکی جیاواز بە ژیان و مردنەکەی دەبەخشێت، هەستی بوونایێتی لەو ساتەوەختەوە دەستەبەردەبێت کە هاودژبوونێک، نەک لە مانای ژیان بەڵکو لە مردنیشدا، ڕەنگدەداتەوە.

ئاسەواری جیاواز لەپاش خۆی بەجێدەهێڵێت، پرینسیپی سووربوون، مانەوە و ڕادەستنەبوون شوێنەوارێ بۆ مێژوو دەهێڵێتەوە، ئەوانەی کە ڕادەستبوون، ئاینیان گۆڕی، شوێنیان لە گۆڕستانەکەدا نابینین، بە چەتۆی تاقە کوڕەکەشیەوە کە ڕادەستی ئاینی نوێ بوو، بۆیە دەبینین سەرجەم گۆڕەکان وێران بوون، تەنیا یەک گۆڕ گەواهی مێژوویەکە، لە شوێن و داکەوتەکانی ئەو گۆڕستانە، لە نیشتمانێکدا ماوەتەوە، ئایا ئەو ڕۆژە مێژووی سەرفرازی نیشتمان لە گۆڕ نرا! یان بە ئاراستەیەکی دیکە، گۆڕا بۆ چوارچێوەی بەرگری، ئایا ئەو ڕۆژە شۆخی نیشتمان کۆتاییهات، گەنجۆ وەکو نوێنەری نەتەوەیەک، هەر لەو قاڵبە خێڵایەتییەدا مراندی، ئەوی لە ئێستای گێڕانەوەدا بە نەمری ماوەتەوە، کێلی خەونێکە نەهاتە دی، نەوەی کوڕە تاقانەکەیەتی، کە پیری بەفرە، نەوی چەتۆیە، خەڵکی گوندە، چەتۆ جگە لەوەی ناوی کەسێکە، لەهەمان کاتدا، دەکرێ وەکو ئاوەڵناوێ وەریگرین، کە خەسڵەتی ئازایەتی دەبەخشێت، چەتۆی بێ پرینسیپ، وەکو زۆربەی ئەوانی دی کە لە ئاینی باوباپیرانیان لایاندا، لە دوای ئازایەتی و هەستکردنی بە کەرتبوونی شوێن و غەریزەی مانەوە و مردن، نامۆبوونی خود لەتەک بابەت، داپچڕانی یەکبوونیان، کتومت وێنەی نەتەوەیەکە، کە ناتوانن مێژووی خۆیان بنووسن، گۆڕانکاری لە چارەنووسی خۆیاندا بکەن، ئازان، شەری بەرگریان زۆرکردوە، بەڵام ئەمانە وەکو ڕووداو ماونەتەوە، نەیانتوانیوە گۆڕانکاری لەنێو مێژوودا بکەن، هەروەکو گۆڕستانەکە بە وێرانی ماوەتەوە، خەڵکی ئەم گوندە دووسەد کەسن، حەڤدە ماڵە، سەر بەهیچ شوێنێک نییە، لە ڕووی مێژووەوە لە هەریەک لە شارەکانی، ئەستەمبووڵ، تاران، بەغدا، کۆنترە. کەریم کاکەی ڕۆمانووس زۆر بە وردی بە تۆبۆگرافیانە، ڕووماڵی شوێنەکانی کردووە، هەر لە ماڵ، ڕووبار، جۆگە، هەردوو دۆڵ و شوێنی چیاکان، داروبەرد و تەنانەت وەرزەکانیش سیمبولێکن لەنێو کارەکتەرەکاندا دەرەوشاندنەوەی هەیە، ئەم شوێنە گشتییە، خاڵی بەیەکگەیشتنی سێ لای سێگۆشەییکە، لەسێ لاوە، سێ ڕێگای لێدەبێتەوە، بە ئاراستەی باکووردا ڕێک دەچێتە نێو ئەستەمبوول، بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێتە تاران، بەرەو

> **لێسەندنەوەی ناو لە شوێن، کردنی بە ناشوێن، باگراوندی گومانێ فەراهەم دەکات، نە لە ئێستای گێڕانەوەدا، نە لە ڕابردوویشدا سەقامگیری تێدا بەرجەستە نابێت**

خوار لە بەغدای، لە ئاست دوورو نزیکی مەوداکانی، هەر سێکیان بە پێوەری بڕینی شوێنێکات، بە مانگ و هەفتە و ڕۆژ یەکسانن، پۆلینکردنی مەودای شوێن بە کردەی شوێنکاتەوە، پێدزێکە، گرێدانێکە، بە ڕووداوەوە بەستراوە، پەیوەندی بە جووڵاندنەوە و خەسڵەتی کەسایەتییێکانەوە هەیە، پێوانی کات لە پێدراوەکانی شوێندا، بە ڕێژەی جیاواز کاریگەری ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتییەکان جێگیردەکات، لە ڕێگای شوێنەوە دەکرێ باری دەروونی و تێڕوانین و گۆشەنیگایان دیاریبکات، سێبەری ڕووداوەکان بەپێی جووڵەی کەسەکان لە شوێنکاتدا ئاسەواری نەخشەیێک لە شوێندا بەجێدەهێڵێت، ڕەنگدانەوەی خۆی تۆخدەکاتەوە، ئەوەتانی کەتناوە وەکو شوێن کاریگەری پێگەی جوگرافی تەنراوە بە سێ ڕێگاوە، بە سێ کەلتوور، بە سێ میللەت و بە سێ بیرکردنەوە و بۆچوونی جیاواز، بەم هۆیەوە، ناو و شووناسی جێگیری نییە، هەر کەسێک دێت ناوێکی لێدەنێت، حیکایەتخوان، کە دەنگی دووەمی نووسەرە، بە کەتناوە دەیناسێ، لێسەندنەوەی ناو لە شوێن، کردنی بە ناشوێن، باگراوندی گومانێ فەراهەمدەکات، نە لە ئێستای گێڕانەوەدا، نە لە ڕابردوویشدا سەقامگیری تێدا بەرجەستە نابێت، بەپێی گێڕانەوەکانی پیری بەفر، بە درێژایی مێژوو، لەژێر کاریگەری فاکتەرەکانی دەرەوەیدا، لە ناوەوەدا سیما سروشتییەکانی سەقامگیری لەناو شوێندا تێکشکاندووە، هەر لە پەلامار، هێرشبردن، سووتاندن، ماڵوێرانی، ئاسەوارەکانی تۆپبارانکردن و توندوتیژیی جەنگە نارەواکان، ڕەنگدانەوەیێکی نەرێنی لەسەر کەسەکان هەیە، جارێک دەکەون، بۆ جارێکی دی کە هەڵدەسنەوە، ناگەنە کۆتا چارەسەری کێشەی مانەوە، هەرلەو قاڵبەدا دەمێننەوە، بۆیە لە ئێستادا، ئایندەیێک بەدی ناکەن، مانایان پێ ببخشێت، ناسنامە هەڵگرن، لە شوێنێکی سەختی دوورەدەستن، لە سێگۆشەیێکن، نە مەنفاییێکی فەرمییە، نە نیشتمانێکی ئازادە، خەون و بیر و پلانی دواڕۆژیان پێ نییە، تا پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی پێوەببەستن، ناو و شووناس هەڵگرن، مارک ئاوگە لە شوێنێکدا دەڵێت «جیاوازی شوێن و ناشوێن لەوەدا دەبینێت، شوێن پەیوەندییێکی پۆزیتیڤ و شوناسچێنی لەگەڵ کارەکتەر و هۆشیارییدا هەیە «٢

بەپێی پێدراوەکانی دەقی بەردەستدا، کەریم کاکە لەسەرجەم ئاستەکاندا، زیرەکانە توانیوێتی ئاماژە بە ڕەهەندەکانی ناشوێن بکات، یەکەم وەکو پەرچەکردارێک لە پەیوەندییێکی ئەرێنیدا، قەربووی شوێنی ڕاستەقینە دەکاتەوە و بە سێ شوێنی یوتۆبییەوە گرێدەدات، وەکو درەختی هاوینە، دۆندی پاڕانەوە و درەختی وشە، کە شووناسی تاک بە شوێن و ناسنامەوە پابەند دەکات، چاوپۆشین لە شوێنی ڕاستەقینە، پەنابردن بۆ شوێنی یوتۆبی، لادانێکی ئۆنتۆلۆجییە لە زانراوێک، پرسیاری نەمر لە ناشوێن دەکات، داوای وەڵام و شووناس دەکات، ناتوانێت لە چوارچێوەیێکدا بیدۆزێتەوە، سنووری بۆ دانێ، کاریگەری ڕابردووی ئەم شوێنە جوگرافییە، کارێکی وا دەکات ناسنامەی شوێن پێشهاتنی حیکایەتخوان، بە نەزانراوی بمێنێتەوە، تەنانەت ئەمی حیکایەتخوانیش ناتوانێت ناوی لێبنێت، ناو واتە شووناس، ناسنامە، نەک خەسڵەت، کەتناوە، خەسڵەتێکە، بە مەبەستەوە بێت، یان بێ مەبەست، شوێن ناووناسنامەی لێسەنراوە، بە خەسڵەت دەناسرێتەوە، ئەی لە دیاریکردنی سنووری جوگرافیای بەرجەستەکراودا چیی هێشتووەتەوە بۆ ڕەسەنایەتی شوێن و ناوی ڕاستەقینە، چۆن وەڵامی مێژوو دەداتەوە، ناو داماڵراو نییە لە جەستە، شوێن سڕینەوە و ئاسەواری ناووشوێنە، ڕێک دووبارە بوونەوەی ئەو گۆڕستانە ویرانەیە کە نە ناو و نە ئاسەواری گۆڕیان نەماوە، ئەوەی ماوەتەوە هێڵی سوورە، بەڵگەی مانەوەی ناوێکە مێژوویێک هەڵدەگرێت، کێڵی گەنجۆیە، لە کاروانی مێژوودا ناسنامەیێکی نەخوێندراوە، فەرامۆشکراوە، لە بیرەوەری و گێڕانەوەی سەرزارەکیدا ماوەتەوە، جارجار پیری بەفر باسی دەکات، بەڵام ئەوەی جێی داخ و کەسەرە، ماکی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەوار و بێ ئاگایی تاکە، پەیوەندی بە ناو و شوێنەوە پچڕاوە، پێچەوانەی هاونیشتمانییە، کە تا ئێسک لکاوە بە نیشتمانەوە، نامۆ نییە بە شوێنەوە، ئەوەی خەسڵەتی کەتناوەی سەپاند، کردییە ناوونیشانی دەستنووسەکەی، لەنێویدا بە شێوازێکی ئۆتۆبایۆگرافیایی خەیاڵئامێز بیرەوەرییێکانی خۆی و پیری بەفر و کارەکتەرەکانی دیکەی تێدا نووسی، کەسێکی هاوزمانە خوێندەوارە، لە بارەگاییێکەیدایە، بەناو چەکدارە، ئێستا ساچمە لە لاقی دایە، وازی لە چەکداری هێناوە، هەڵبژاردن و سەپاندنی ناوی کەتناوە، بەدەرنییە لە ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی، چەندین جار لەنێو دەقی گێڕانەوەدا بەرکەوتن لەتەک شوێن و ڕووداو و کەسەکاندا دەکات، هەرجارێ بەمەبەستێ ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ نموونە «من دوعا گەرمەکانی دایکم بیردەکەوێتەوە، ئەو کاتانەی کەتنێکم دەکرد «ڕۆمان ل٨١،

«له دوایی بزربوونی من، مەریەم ئەو کەتنەم لای کەس ناگێڕێتەوە «ڕۆمان ل١٣٢،

«هەرچی هەیە بە پەنجە خوارەکەی بکەم ئەو کەتنەی بە من کرد «ڕۆمان ل١٢٦ چۆن حیکایەتخوان ناپاکی لەتەک ناوی شوێندا دەکات، بەرکەوتنی هەندێ لە کارەکتەرەکانیش لە شوێندا ناپاکی لەتەک ئەمدا دەکەن، باگراوندی ئەم ناپاکییە وادەکات ناوە ڕاستەقینەکەی بە نەزانراوی بمێنێتەوە، بە خەسڵەتێ بناسرێنەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەزموونەکانی خودی حیکایەتخوانەوە هەیە، بەهەمان شێوەش شوێن ئاوێنە ئاسا ڕووخساری کارێکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە هەڵدەگرێ، ئەوانیش بێ ناون، بە خەسڵەتی ڕوونکردنەوە دەناسرێنەوە، وەکو پیری بەفر، حیکایەتخوان بە ساچمە لە لاقیدایە دەناسرێتەوە، پەنجەخوار، کە لە دواجاردا مەریەم مێردی پێدەکات، چاوکەسکەکە بە دەنکی مەریەم ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەریێک لەم کارەکتەرانە لە ناوکۆی ئەجیندای هاوکێشەییێکن، دڵنەوایی بە ڕەوتی دەقی خوێندراو دەبەخشن، هەر یەکێکیان تابلۆیێکە لە وەرگێڕاوەکانی چەمکی کەتن، لە پێدراوەکانی دەقی نووسراوی حیکایەتخواندا نیشتەجێ بوونە، بۆ نموونە پیری بەفر لە کەتنی چاوەڕوانیدا، لە پاییزەوە بۆ هاوین، واتا سێ وەرز بە تەماحی بەهەشتێکی دونیایی بە یوتۆپیای درەختی هاوینە و دۆندی پاڕانەوە ڕایدەگرێت، چاو کەسکەکە پیرۆزی مەریەمی دڵخوازی لێ زەوتدەکات، لەهەمان کاتدا، ئومێدێکی پێدەبەخشێت، بەوەی هەندێ لە پیرۆزیی مەریەمی بەرکەوێت، پەنجە خوارەکە بە غەیوری خۆی تا ئەم لەسەر ڕێگای پیرۆزی مەریەم هەڵکەنێت، بەردەوام بە خراپە ناوی مەریەم دەهێنێ و بریندراری دەکات، لەناوکۆی دەقدا، تابلۆیێک لەگومان وەردەگیرێت.

جولیا کریستیڤا دەڵێت: «هەموو دەقێک بریتییە لە تابلۆیێک لە وەرگێڕاوەکان»٣

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، ئەم تابلۆیانە، فاکتەرێکی سەرەکی کەتنەکانی حیکایەتخوانن، ڕەنگدانەوەی کەتنەکان بنەماییێکی دی دەخاتە سەر بابەتی ڕووداوەکانی نێو شوێن و جەستەی ناڵەبار و هەستونەستی حیکایەتخوان، بە جۆرێک نە ناوی خۆیمان پێدەڵێت، نە ناوی ئەوانەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەتەکیاندا هەیە، جگە لە ناوی مەریم نەبێت، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی مەریەم، لە ناجێگری خۆیدا ئاوێنە ئاساییێکە، لە ناشوێنی دا نامۆبوون، لە گرتە جیاوازەکانی گێڕانەوەدا، وێنەی شکستی خۆی تێدا دەبینێ، هەڵبەت بەهەمان تێڕوانینی چەمکی بێ ئومێدی شکستیەوەش، نەگەیشتن بە خەونەکان، هاوتەریبێکی هاوسۆزانە لەتەک دەستبەرداربوونی ڕەهەندەکانی جێگری شوێن لە ڕەنگدانەوەی ڕووخساری ناجێگیری مەریەمدا بەدیدەکات، لە ڕۆمانی نوێدا لەنێو نەزانراوەکانی دەقدا توانەوەی ناو و ڕووخساری ئەوانەی ناویان نەهاتووە، بە چڕبوونەوەییێکەوە گەماڕۆدراون، ڕێگا دەکەنەوە بۆ کەساندنی ئەوانەی ناویان هاتووە، بوونەتە ژێدەرێک لە نواندن و ڕێکخستنی بارودۆخێکی گواستنەوە لە وێنەییێکەوە بۆ وێنەییێکی دی.

**نهێنی بەهار و شکستی هاوینە:**

لەناو کۆی پەیوەندییەکانی بە کەسانی دیکەوە، بەپێی ئەزموون، پێگەی کۆمەڵایەتی، خەسڵەتەکانی پێکهاتەی کەسایەتی وەکو دالێک ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر مەدلوول، بە پێچەوانەشەوە دروستە، ڕەهەندەکانی ئەم پەیوەندییە بە گوێرەی پێشهاتەکانی ڕووداو دەجووڵێن، لە دیمەنێکەوە دەچنە دیمەنێکی دی، لە ئاست کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی شقڵی جیاواز، یان لێکچوواندن وەردەگرن، بەهەندێ داگری ڕەنگە دەرگاکانی لادان و هەڵخلیسکانیش لە پەیوەندییە سروشتییەکانی مرۆڤدا دەستەبەربکات، قین و ئەوین ئاوێزانی یەکدی بکات، هەڵبەت نەخشەی جومگەکانی بونیادی کەسایەتی، بێ بنەما لە جوگرافیایی دەقدا نایێتە سەر مێژووی ناساندنی کەسەکە، گەر ماناییێکی پێنەبەخشێت.

فیلیب هامۆن لە شوێنێکدا دەڵێت: «لە میانە و ناکۆی دەقدا نەبێ کەسایەتی نە ژێدەر و نە مانای هەیە»٤

گەڕان بە دوای مانادا، لەدوای بەیەکگەیشتنی ئەو خەسڵەتانەوە دەستپێدەکات کە کاریگەری بەشە بەربڵاوەکانی چەمکی زانین ڕاستەوخۆ بلکێنین بە بارودۆخی دەرکەوتنی کەسەکان، ئەم کردەیەش لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دیمەنانەی کە دەکرێنەوە، ئاڵۆزییێک بە خۆوە دەبینن، بە ستایلێکی بازنەیی هەوڵدەدەین، خوێندنەوەییێکی شاقوڵی بۆبکەین، تەوەری سێکسی وەکو لێکەوتێک بۆ بکەینە دەستەبژێرێکی گونجاو، بارودۆخی کەسایێتی حیکایەتخوان و ئاستەکانی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان، لە ڕیچکەی بەرکەوتنی لەتەک دەوروبەردا بکەینە بنەماییێک بۆ ئاشکراکردنی ڕایەڵەکانی نهێنی و لەزەتی دۆزینەوە دژەوارەکانی، لەنێوان پێوەر و جیابوونەوەدا، کە دەبنە هاندەرێک بۆ ڕامکردنی پەیوەندییێک، بە حەسرەتەکانی ئەوین و تێرکردنی دواکانی جەستە گەماڕۆدراوەکان، بە پێڵێنانی کەسایەتی حیکایەتخوان خۆی بە مۆنۆلۆگ، گوزارشت لەوە دەکات، بەوەی زووگوورتیە، لە دونیای ژندا هیچ ئەزموونێکی نییە، ئەوانەی بەزای ئەون خەریکە دەبنە باپیرە، کەچی ئەمیش هەروا ماوەتەوە، خالییە لە تام

**ڕۆمانەکە لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کاتێ حیکایەتخوان لە گرتەیەکدا، پێ لەوە دەنێت، زۆر نییە پیری بەفری ناسیبێت**

و کامی مێینە، بێ مێینە ئاوێنەی یادەورییەکانی تەڵخ و ناتەواوە، لەزەت ناکات، گەر جوانییەکانی پیاوەتی خۆی لەگەڵ مێنەدا نەبینێ، دەترسێت نەگات بە لەزەتی ئەو نەهێنییەی کە توانەوەی ڕەنگی جەستەی خۆی لە ڕەنگی جەستەی مێینەدا بەدی نەکات، ئای لە سیحری تێکەڵبوونی ڕەنگەکان، ئای لە مێینە و جوانییەکانی، بەتایبەت مەریەم، کە بە گوێرەی حیکایەتخوان، گشت جوانی کیژانی دونیا لەودا دەبینێ، مەریەم و شۆخییەکەی بوونێکی هایدگەرییە، ئاوێنەییکە خۆی تێدا دەبینێ، ماڵێکە چۆن ئەو تێدا نیشتەجێ بووە، دەیەوێت ئەمیش تێدا نیشتەجێ بێت.

باشلەر دەڵێت: «دەبینین وێنەکانی ماڵ، بە دوو ئاراستەدا دەجووڵێنەوە، بە دیوێکدا ئەوان لەناو ئێمەدان، بە دیوێکی دیکەیشدا ئێمە لەناو ئەواندایـن»٥

بەڵام ئایا مەزندە و ویستی حیکایەتخوان، بە شێوازێکی ئەرێنی بەپێی نەخشەی ئەو ماڵەی ئەم لە چینە قووڵەکانی خەون و بێئاگاییدا دایڕشتووە، دەجووڵێتەوە، یان بەردی گوناهێک، دەبێتە لەمپەڕێک تراژیدیایی شکاندنی ئاوێنەییک لەخۆدەگرێت، ئەمی حیکایەتخوان مەریەمی تێدا دەبینێ، چ کارەساتێکە خۆی بە قوربانییک دەبینێت، تاوانبار ئاسا سروشتی بوونایێتی خۆی، لە لێکچواندنی سروشتی هاوێندا بەدی دەکات و دەڵێت: من پیاوێکی هاوینەم، وشک و برینگ، بێ هەوری مێینە و بارانی بە یەکگەیشتن، گلەیی و گازندە لە مەریەم ناکات، بەڵکو سەرجەم ژنی دونیا غەدریان لێکردوە، هەستکردن بەم غەدرە لە ئێستاوە نییە، ڕابردوویێکی لە مێژینەی هەیە، گرێیەکە بە نەمری ماوەتەوە، کاتی خۆی لە پۆلی سێی ناوەندی، مامۆستایێکی ژن وانەی بیرکاری پێ گوتووە، ڕێک سەیری ناوچەوانی کردوە پێی گوتووە «هەندێک سەروسیما هەیە هیچ ژنێ حەزی پێ ناکات «ڕۆمان ل١٣.

حیکایەتخوان دەڵێت: کەس وەکو ئەو مامۆستایە منی نەناسییەوە، واژووکردنی ئەم پێڵێنانە، ئاماژەییکی ڕاستەوخۆی ڕادەستبوونە بە لێسەندنەوەی بەهاری گەنجێنی، قۆناغی هەرزەکاری، پووکانەوەی هەستی خۆشەویستیی بەرانبەر بە ڕەگەزی مێینە، ڕۆچوونە بۆ نێو وەرزی هاوینە، بەنێو تین و گەرمای نامۆبوونی سێکسی، بازدانە لە بەهاری پەیوەندی دڵداری بۆ هاوینێ کە ناتوانێت، تیونییەتی ئاه و حەسرەتەکانی بەهاری دڵ بشکێنێت، هاوینێکی تەنیا، بێئومێد، بێبەشە لە پاشخانی بەهاری، وەرزێکی ناتەواوە، بێ قۆناغ و دۆگمایە، هەست بەکەمی دەکات.

تا بڵێیت شەرمنە، ناتوانێت گوزارشت لە دڵداری بکات، پشتڕاستکردنەوەی قسەی مامۆستاکەی کردووەتە ڤیزای مینبەرێک، بەردەوام چەوساندنەوە و ستەملێکردنی خۆی تێدا نوێدەکاتەوە، بەوەی کەسێکی ئێسک قورسە، دڵگیر نییە، ئەم هەستکردنە گیانێکی شەڕانگێز و دڵڕەق و خەسڵەتێکی هاوینەی پێدەبەخشێت، پاڵنەرێکە پەی بە ڕێگای سروشتی نابات، بیگەیەنێتە مەبەست، ڕاستەوخۆ قەدبڕێکی میکانیکی دەگرێتەبەر، لە ڕێدا، زیاتر بیر لە دەسکەوت و لەزەتی جەستەیی دەکاتەوە، وەک لەوەی بیر لە پەیوەندی ئەویندارى بکاتەوە، درککردنی بە دڵەڕاوکێ و نەبوونی پەیوەندی ئەوینداری ڕاستەقینە، دەیخاتە ژێر فشاری پرسیارە تێکشکێنەکانی خود، چ گوناهێکی کردووە، ڕەزای قورسە، لە سێی ناوەندییەوە، قوربانی دەستەواژەیێکە، وەکو تاوانبارێک خۆی دەبینێت، ناچێتە دڵی ژنەوە، دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دونیایی سۆز و جوانی ژن، بە لێبوردن، چاوپۆشین لە ئێسک قورسی بکرێت، پیرۆزی بە دەستبهێنێ، بێ ترس، بە ئومێدەوە خۆی یەکلابکاتەوە، بێتەوە نێو ئامێزی کەسکی بەهارانە، بێتە لای مەریەم، مەریەم گوزارشت لەو پەیوەندییە دەکات، کە لە هاوینەوە دەیگێڕێتەوە بۆ قۆناغی پێشتر باوەشێکە لە سۆز، دەیگێڕێتەوە بۆ بەهاری چاوە سەوزەکانی، بۆ سروشتی پەیوەندیی دڵداری، کە لەهەر سێ ڕێسای ئایدلۆژیا و سایکۆلۆژیا و لەدوا جاردا لەتەک سێکس دا کۆکن، بەڵام تێزی ئەم ڕێسا سروشتییە لەتەک پەیوەندی دڵداری عوزری یەکنایەتەوە، ئەویش نەکرانەوەی بەهارە، نەبوونی سێکسە، داخران و قەتیس بوونی دەروونە، لەنێو وەرزی نەبوونی و وشکە ساڵی هاوینەدا، هەست و لاقەنەکردنی پیرۆزییە، مانەوەیە لەنێو بێگەردیدا، سەرسامبوونی بەجوانی، تەقینەوەی خۆشەویستییێکی ئاوهانە، بچووککردنەوەی خۆی و گەورەکردنی ئەوی دڵخواز، وای لێدەکات ئەو بە پێمێردی پیرۆز، بێ سێکس سەیرکات، ئایا بیرکردنەوە لە چەمکی جوانی ڕەها لە خود دا، مانای نەمرێک نابەخشێت کە کردەی سێکس تێدا بە تاوان هەژماربکرێ، لەهەمان کاتدا درزێک فەراهەم ناکات لەتەک مردنی حەز و خولیای گەیشتن بە کردەی سێکسی، بەجۆرێک لە جۆرەکان، جوانی پەیوەست ناکات بە پاکامێنی و بێگەردی، گەر

لەئاستی بینیندا دوالیزمەی ڕووە ئەرێنییەکی جوانی بێتاوانی بێت، ئەوا ڕووە نەرێنییەکی جوانی ناشرینی و هەست بەخشینە بە تاوان، بە گوناهبوون، ئافرەت پەرستگاییکە شوێنی گوناهکار و تاوانباری تێدا نابێتەوە، بەهارێکە شوێنی هاوینی تێدا نییە، پرسیارێکە تەنیا وەڵامێکی تێدا نییە، گەر زۆری بۆ بێنی هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ دونیایی دەرەوە، یان بۆ ڕابردووییێک، لە ناسنامەی وەرزێکدا، وەکو تاوانبار و گوناهبارێک ڕەنگوبۆی داوەتـــەوە، خـۆی بـە پیاوێکی هاوینەی دەخوێنێتەوە، ئەم زەمینەیەش هاوشانە، یەکدێتەوە لەگەڵ گەیشتن بە درەختی هاوینە، یان درەختی ژنانە، ژنان لە گەرماوەکەی مێرێ بۆی ڕووت دەبنەوە، مەراقی ئەمیش بینینی جەستەی مەریەمە بە ڕووت و قووتی، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزی مانەوەیتی لە کەتناوە، بەو هۆیەشەوە دان بەخۆیدا دەگرێت، بەناچاری بەرگەی چاوەڕوانی سێ وەرز دەگرێت، هەر لە پاییزی گەیشتنییەوە بۆ زستان، بەهاری درێژ و ئینجا هاوینی مەبەست، ئەم کە تەمەنێکی بەهاری لەدەستچووە، ڕقی لە بەهارە، جوانی سروشت لە هاویندا دەبینێ، ئەم بینینە بەدیوێکدا یەکدێتەوە لەتەک پێکهاتەی وشک و برینگی بووندا، بەدیوی سروشتیش دا، پارادۆکسێ لەتەک بەهاری سەوزی دوورو درێژی کەتناوە دا، فەراهەمدەکات، کە پرە لە گوڵ و گوڵزار، بە دیویکی دیکەشدا لەتەک چاوسەوزەکەی هاوڕێی، ئەم پارادۆکسە نوێ دەبێتەوە، بە کردار لەتەک مەریەمی چاوکەسکدا یەکدێتەوە، بەوەی هەردووکیان بە جووتە دوو بوونەوەری بەهارین

«بە چاوی خۆم لە درزی بەردێکەوە دیتم، وا لە ژێر برادەرە چاو کەسکەکەم ڕاکشاوە ماچی دەکات، نازانم چیی دیکەیان دەکرد» ڕۆمان ل٧٦

ئەم بینینە، شاهیدی یەکەمە، لە ناوەخوندا، بڕیاردەدات، چیتر بینەر نەبێت، لە ساتی ڕوودانـی گوناهەکە کە لەوێ بوو خۆی نەگرت، هەڵهات، لە ئاستێکدا هەقیقەتی کەسێکی بە دەستهێناوە، لە مەزندەیدا نەبوو ئاوها نەبێت، لە ئاستێکی دیکەدا لە ڕادەستبوون و پەرتبوونی جەستەی ئەو بەهەشتە پیرۆزە هەڵدێ کە ڕۆحی خستە نێو دۆزەخی دۆڕانـدن، گەڕاندییەوە بۆ هاوینی قاتی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا، دارمانی زەمینەی پۆلینکردنی ڕەهەندەکانی سیحری خۆشەویستی عوزرییە، سەرەتای خاڵی وەرچرخانە بەرامبەر بە داکەوتە سروشتییەکانی چەمکی سێکس، چاولێکردن و بە ئاگاهاتنەوەی باڵاڕۆی خودە لە بیرۆکەیێکی جێگر، مەریەمەکەی جارانی تێدا نابینێ، دەرکردنە لە بەهەشتی پاکدامێنی بۆ دۆزەخی سێکس، شۆکە، ڕاساندن و باوەڕهێنان بەو گرتەیە، تێزی گووشارێکی چەواشەکاری هەڵدەگرێت، تەشەرەییکە گیانی نەرسیسی زامارەکات، وەکو بەرگری و پەرچدانەوەییێک، شێمانەی پەڕگرتن لە هەردوو کارەکتەری ئەو گرتەیە هەڵدەگرێت، کە نەیتوانی تا دوا ساتەکان، منەی کوژاندنەوەی ئاگری ئەو لەزەتە بکات، دوو بوونەوەری بەهاری نەیانتوانی لەنێوان ئەرێنی و نەرێنی دا جیاکاری بکەن، لەنێوان بێگەردی و باجی ناپاکیدا، چاوکەسکی هاوڕێم و مەریەم، بە خودوخەدوە لە بەیەکگەیشتنی دوو جەستەدا، حەزێک دەکوژن، ئەمی بگێڕیرەوە بە تەماشاکردنێکی پێدزییەوە حەزێک دەیکوژێت، تۆڵەییک دەیگرێتەوە، ئەم وەکو پیاوێکی هاوینە، ناتوانێت بگەڕێتە دواوە، بەر لە دوو کەسی بەهاریی بگرێت، بەر لە مەریەم و چاوکەسک بگرێت، بەهار وەرزی دڵداری و جوان پەرستییە، ئەم لە سۆنگەی ئەوەی پەککەوتەیە، ساچمە لە پێیەکانیدایە، لە هاوینی تەنیایی بۆ بەهاری تەبایی و جووتبوون، نە پێی پەڕینەوە، نە پێی گەڕانەوەی هەیە، ناتوانێت پەیوەندی دروستبکات، لە کوێ جوانترین کچی دونیا بە پیاوێک ڕازی دەبێت، کە خۆی دڵنیایە، هیچ کچێ حەز لە چروچاوی ناکات، ئای مەریەم چۆن لە دۆندی پاڕانەوە، لە پیرۆزییەوە منت پەڕاندەوە بۆ دوزەخی تۆڵەکردنەوە، ئەی چ جێگۆڕکەیێکی کرد، ڕێرەوەکانی سروشتی گەیشتنی لە مێنەوە گواستەوە بۆ چاوکەسک، نازانێ چۆن بنەماکانی پەڕگرتنی سێکسی، قەربووی ڕایەڵەکانی پیرۆزی دەکات، چ کەتنێکت بەرپاکرد، ئەدی نازانی پیرۆزیی، توندوتیژیی و پەڕگرتنی بە دواوە دێت، پیرۆزیی تۆ نەبوایە، کە بە ئاسانی ڕادەستی چاوکەسکت کرد، من چیم دابوو لە چاوکەسک، بۆ ئاشقی دەبووم، کە من نەگەم بە تۆی مێینە، خۆ وەکو پیاوێک بۆ سەلماندنی بوونایێتی خۆم، ڕازیکردنی نەرسیسی بریندارم، ناچارم سیمای تۆ لـەودا ببینم، دەتوانـم تۆڵە لـەو بکەمەوە، پیرۆزی تۆ بگێڕمەوە، چـاوی بشکێنم، چاوشکاندنی ئەو، گێڕانەوەی تۆیە بۆ من، ئاوڕدانەوەی بەهارە بۆ سەوزکردنی هاوین، ڕەتکردنەوەی ئەو تێزەیە کە هیچ کچێ حەز لەم جۆرە پیاوانە ناکات، بەڵام لەم کەین و بەینەدا، ئەوەی مەریەم دای بە چاو کەسک، نەیدا بە حیکایەتخوان، کاتێ لە گەڕانەوەیدا، ڕێگا بە مەریەم دەگرێت و پێی دەڵێت: «یێک جار ئەوە لەگەڵ من بکە، لە تەمنم بیر لە درەختی هاوینە ناکەمەوە « ڕۆمان ل٧٥.

لە ڕەشبردنەوەی پاکدامێنی مەریەمدا هۆییێک بۆ مانەوەی خۆی نادۆزێتەوە، بۆیە هەوڵدەدات خۆی لەنێو بـبات، پیری بەفر بە هاتنی وەرزی هاوین، بە سەیرکردنی ژنی ڕووت و قووتی درەختی هاوینە، ساردی دەکاتەوە، چاو کەسکە پێویستی بە هاتنی هاوین و درەختی هاوینە نییە، هەردووکیان دوو کارەکتەری بەهارین، بەکردار کاری خۆی لەگەڵ مەریەمدا کردووە، پیرۆزی لێ وەرگرتووە، ڕەنگی یەکیان گرتووە، هاوشێوە بوونێک لەچاو و

> **بەپێی پێدراوەکانی دەقی بەردەستدا، کەریم کاکە لەسەرجەم ئاستەکاندا، زیرەکانە توانیویێتی ئاماژە بە ڕەهەندەکانی ناشوێن بکات**

لێوی مەریەم و چاوکەسکدا ڕەنگیداوەتەوە، چاوکەسک دەکاتەجێگرەوەی مەریەم، چۆن لەپەیوەندی ئەویندارى دا، تاوان دەبێتە جێگرەوەی عیشقی تاک لایەنی، لاسەنگی، شـەرم و ڕەنگ پەڕینی لێدەکەوێتەوە، ئەو شەرمەی لە بەرانبەر مەریەم دا، لە ڕووخساری حیکایەتخواندا ڕەنگی دەدایەوە، ئێستا لە بەردەم چاو کەسکدا، بەهەمان شێوە یەق دەداتـەوە، ئەوەی ویستی لەگەڵ مەریەم دا بیکات بۆی نەکرا، ئێستا دەیەوێت لەتەک چاو کەسکدا بیکات، هەتا دەهـات شوێنی مەریەم لەق دەبوو، جێی چاوکەسک جێگیر دەبـوو، لە شوێنێکدا بە مۆنۆلۆگ دەڵێت: «من برادەرە چاو کەسکەکەم بەهی خۆم دەزانم حەزم نەدەکرد کەس لێی نزیک بێتەوە «ڕۆمان ل٧٨.

چاوکەسک هەستی پێ کردبوو، تووخنی نەدەکەوت، دەترسا ئەوی لە تەک مەریەم کردی، هەمان شتی لەگەڵ بکرێت، گەر مەریەم لە دونیای مندا هێمایێک بێ بۆ پاکدامێنی، ئیدی چۆن لە پێناو هەڵگرتنی گوناهەکانی، شکاندنی تابوتەکانی خۆشنودی، نەبم بە عیسایێک، لە خاچ نەدرێم، پیرۆزی و نەمری نەگێڕمەوە، دوانەی پیرۆزی و گوناە لە دژوابووندا، چ لەمپەڕێک لە جیاوازی دوورکەوتنەوەدا، بەدەستدێنێ، ئیدی چۆن تەبایی و سڵاو و نزیکی لە نێوانیاندا دەمێنێ، بەچ ڕێسا و پێوەرێک، سڵاو لەنێوان حیکایەتخوان و چاو کەسکدا دەمێنێت، لەترسی ئەوەی نەبادا لاقە بکرێت، لێی دووردەکەوێتەوە، ئەم دوورکەوتنـەوەیە، شکستێکی دیکە دەخاتە سەر خەمەکانی حیکایەتخوان، ئەگەرکانی پاکبوونەوە، لە گوناە بەرتەسکتر دەکاتەوە، بە ڕێـرەوی ڕووبـارەوە، چەندین نامە بۆ مەریەم دەنێرێت، بێدەنگی مەریەم و وەڵامنەدانەوەی وای لێدەکات، پەنا بەرێتە بەر پلان دانان و تۆڵەکردنەوە لە مەریەم، کەشفکردنی ڕێگا و شوێنی درەختی هاوینە، کاتێ دەمەوبەیان دەگەڕێتەوە بۆسـەر کارەکەی، حەرەسەکەی هاوڕێی پەنجەخوار گومانی لێدەکات، وادەزانـێ شەوخۆی بە مەریەم گەیاندووە، سەرسام دەبێت، باوەڕ ناکات «بەڕاست مەریەم ئەوهایە ماچ دەداتە هەموو کەسان بۆ هەموو کەسێ ڕادەکشێ، بەس لەگەڵ من و ئەو کوڕە لەمن بەدبەختتر ئەوهایە» ڕۆمان ل١٢٠.

دەرخەی ناجێگیرییێک، نەبوونی متمانە و گومانێک لە تێڕوانینی حیکایەتخواندا بەدی دەکرێت، یەکەمجار گومان لە تواناکانی خوی دەکات، نەگات بە مەرامی خۆی، هەر لە ڕێگای خەیاڵەوە بە مۆنۆلۆج چەندەها ئەمسەر و ئەوسەر لەگەڵ مەریم دا دەکات، ناگات بە ویستەکانی دڵی، دووەمجار گومان لە پیری بەفر دەکات، کاتێ باسی درەختی هاوینە، یان درەختی ژن و دۆندی پاڕانەوەی بۆ دەکـات، سێیەمجار گومان لە مەریەمێک دەکـات، کە بە سێ مەریەم دەیبینێ، مەریەمێکی پاڵ بەردەکە، لەگەڵ چاو کەسک دا بوو، شایەدی یەکەم بوون، بە چاوی خۆی بینی، بوێری نەکرد تا کۆتای تەماشای بکات، دووەم مەریەمی گریمانکراو بوو، پەنجەخواری هاوڕێی ناساندنی بە خراپە باسی لێوەدەکات، سێیەم مەریەمەکی بەر دڵی خۆی بوو، ئێستا چیبکات، چۆن گومان لە ڕاستی جیاکاتەوە، باوەڕ ناکات، ئەمە مەریەم بێت، لە سەرەتادا، چاوکەسک لە دواجاردا پەنجەخوار، توانی کۆتایی بە ڕۆڵی پاکدامێنی مەریەم بێنێ، تێزی هاوکێشەیێکی دژوار بخولقێنێ، لەتەک تاواندا بەرکەوتن بکات، پلەو پایەی پیرۆزی لە موقەدەس، وەرگرێتەوە، بازنەی موقەدەس بشکێنێ بەوەی «هیچ سەنتەرێکی موقەدەس نییە، بازنەیێک بە دەوری خۆیدا نەکێشێت»٦

لە ڕوانگەی حیکایەتخوانەوە، مەریەم سەنتەری پیرۆزی لە موقەدەسـەوە وەرگـرتـووە، لـە لێکەوتەی بازنەی پەیوەندییەکانییەوە، درک بە دەرهاویشتەی چەندین ململانێ دەکات، بە دیوێ، بە چارەنووسەوە گرێیدەدات، بە دیوێکی دی، ئەم ململانێیە شـاراوە نییە، ململانێ شوێنکات نییە، بەڵکوو کێشـەو بـردەی پێدراوەکانی داکەوت و هەقیقەتە، داکەوتی پەیوەندی حیکایەتخوانە بە مەریەمەوە، بەڵام هەقیقەتێ لە نێوانیاندا دەوەستێ، ئەویش چاوکەسکی هاوڕێیەتی، کە دونیای بێگەردی لەکەدار کرد، پەنجەخواریش وەکو لێکەوتێ دەرکی، زیاتر بازنەی ئابرووی مەریەمی پیسکرد، لە دونیای تـۆڵـەکـردنـەوەدا، هـەوێنی کەتنێکی دیـی خۆشکرد، چاوکەسکی لە دەستچوو، بەڵام مەریەم و پەنجەخوار، هێشتا لەبەر دەستن، ماوەنەتەوە، یەکەم مەریەم بە زۆر ئیشی خۆمی لەگەڵ دا دەکەم، گەر لەزەتی جەستە، پیرۆزی نـەدا پێم دەیکوژم، بەڵام کە پیرۆزی دەست نەکەوت، وەکو پەرچەکردارێک، پەلاماری پەنجەخواری دا، لەگەڵ یەکەم دەستوەشاندنیدا، پەنجەخوار لێیهاتە دەست، تێروپری لێدا، بەزۆر لەبن دەستیان دەرهێنا، بۆ دووەمجار شکستی هێنا، جاری یەکەم لەگەڵ چاوکەسکدا بوو، ویستی بە ڕێگای هاوڕەگەزخوازییەوە چاوی بشکێنێ پیرۆزی مەریەمی لێ وەرگرێتەوە، جاری دووەم ڕێچکەی توندوتیژی گرتەبەر، ویستی ماف و پاکدامێنی مەریەم بگێڕێتەوە، لێرەوە دەکرێ، ڕەچاوی پەیوەندییێک لەنێوان

سێکس و تووندوتیژیدا بکەین، لەهەر شوێنێ پێوەرێک نەبێت بۆ سێکس، پێوەرێکیش نابێت بۆ توندوتیژی، گەر سێکس لە چوارچێوەی مرۆڤبووندا، بەهاو حورمەتی ڕۆحی لەپشت نەبێ، بگۆردرێت بۆ ئامرازێکی بێ دڵ، بۆ کوشتن و دامرکاندنەوەی ئارەزووی ڕاگوزەر، ئیدی چ جێگیرییێک دەهێڵێتەوە بۆ پتەوکردنی بەهاکانی مرۆڤبوون و گیانی قوربانی و حیرس و خورپەکانی ئەوینداری، بەدەر لە کردەی ئەوینداری، لەنێوان کوڕو کچدا چ هاوسەنگییێک دەمێنێتەوە، ئەی چۆن شانازی لایێکیان نابێتە هۆی سووککردنی لاییکەی دیکە، پارادۆکس ئەنجام نادات، ئەم نادادوەرییە، جیاوازیی نێوان کوڕ و کچ، ڕەتکردنەوەییێکی زەقی پرینسیپی لەزەتە بەرانبەر بە بەهاو نرخ، دەسکەوت و بردنەوەی لاییکە بەرانبەر بە دۆراندنی ئەویدیکە کە لە کچدا خۆی نمایشدەکات، بێ نرخکردنی سێکس، بێ نرخکردنی مرۆڤە، شکاندنی حەز و لەقکردنی پیرۆزی دیوە جوانەکەی سروشتە کە ئافرەتە، ئایا مەریەم وەکو ئافرەتێک لە کوێی سروشتی ناپاکیدایە، یاخود لە کوێی پاکدامێنی و بێ تاوانیدایە، کاتێ حیکایەتخوان وەکو بکەرێک چەمکی تێگەیشتن بە ڕاستینەوە گرێدەدات، بە ڕێساکانی چۆنایەتی گەیشتن بە یەقین، هەوڵدەدات پەیوەندی خۆی لەتەک کەسایەتی مەریەمدا هەڵسەنگێنێ، لەسایەی سیمۆلۆژیای سۆز و چڕکردنەوە دا، دەیەوێت تواناکانی کار لە بکەرەوە بگۆڕێت بۆ کردار، لە ژێر جومگەکانی ئەم جیاکارییەی گریماسەوە، دەبێت لە کوێدا، باوەر بە پاکی و ناپاکی مەریەم بکات، کە بەم جۆرە دەکرێت پۆلینبکرێت «یەکەم ڕاستینە یەکسانە بە دەبێ، پێدەچێ، دووەم نهێنی یەکسانە بە دەبێ، پێناچێت، سێیەم درۆ پێدەچێت نابێت، چوارەم بەلارێبردن و چاو هەڵخەڵەتاندن پێناچێت نابێ»٧ ئەم ئەگەرانە دەبنە هاندەری دزەکردن بۆنێو ژیانی مەریەم، لە لەزەتی دۆزینەوەی زیندگی دا، قەرەبووی شتێکی ونبووی پێبکات، کە لای ڕەگەزی مێینە چەسپاوە، لای مەریەمیش شقڵی گرتووە، ئێسک قورسییەتی کە ناچێتە دڵـەوە، لەپاش ئـەوەی نەیتوانی نهێنی ناخی مەریەم بخوێنێتەوە، دەبێت هێزی خۆی لە بینینی نهێنی جەستەی مەریەم دا ببینێت، خۆی دەرخات، دەبێت بەڵگە لەسەر بینینی جەستەی مەریەم بە دەست بێنێت، وەکو دوا چەکی نەیارێک، یەکەم دەتوانێت مەریەمی پێ بکوژێت، دووەم دەیـەوێت بـەهـاری پـەیـوەنـدی ئـەویـنـداری لە دۆزەخی هاوینی دا کورتبکاتەوە، بەدەر لە خۆشەویستی یەکسەر بێتە سـەر سێکس، مـەریـەم کـاری وای کرد وەرزەکانی بەیکگەیشتنی تێکدا، پەیوەندی نێوان بەهار و هاوینی پچڕاند، ئەوی ماوەتەوە هاوینی چاوەڕوانییە، درەختی هاوینە و حەمامی ژنانە، لـەدوای سێ وەرز لە چاوەڕوانی، بۆ دواجار گەیشتە دوا خەون، وەرزی چوارەم، ئێستا لە پەناییێکەوە سەیری نێو حەمامی ژنان دەکات، لە ئەشکەوتەکەدایە، وا مەریەم بە ڕووتی دەبینێ، بەرگە ناگرێت تەماشای کامیان بکات، هەموو جوانن، مەمک، ڕان، سمت، یەک موویان پێوە نییە، تەنیا یەک دوانێکیان نەبێت، یەک لەوان مەریەم بوو، ناوگەڵی پربوو لە موو، سەیری ئەو مەمکە توند و تۆڵە بکە، بڕواناکەم دەستی کەسی بەرکەوتبێ، برادەرە پەنجە خوارەکەم درۆیکرد، چاوی منیش بەهەمان شێوە درۆیکرد، ئەو ژنەی بن برادەرە چاو کەسکەکەم مەریەم نەبوو، لەش و لاری مەریەم، بەهی کەس ناچێت، جوان دیقەتم داوە، هەتا ماوم چاکەی پیری بەفرم بیرناچێت، بەهەشتی پێ نیشاندام، پیری بەفر با تامی بکەم، خۆم ناگرم، با بگەمە نێو سێ گۆشەکەی بەینی ڕانی، لە دوای ئەم دیمەنە خۆشەوە، حیکایەتخوان هەست بە سەرکەوتنێ دەکات، ڕاچیتەی نهێنی جەستەی مەریەمی پێیە، فشارێکە بۆ دەسکەوتنی لەزتی جەستەیی، ڕەش لە سپی، پاک لە پیس، بەهار لە هاوین، گومان لە ڕاستی دا دەدۆزێتەوە «ئـافـرەت تەنیا بـۆ ئـەوانـە داخــراوە کـە کلیلەکەیان بزرکردووە»٨

ڕێگای پێدەگرێت، لە دیالۆگێکدا، لە پاش هەوڵدانێک، خۆشەویستی بەری تێدا ناگرێت، دێتە سەر باسکردنی نهێنییەکانی جەستە، دواجار تۆخی دەکاتەوە پێیدەڵێت: «باشە بۆچی مووی بن هەنگڵت کردووە، کەچی هی ناو ڕانت نەکردووە» ڕۆمان ل٢٠٤.

کە دەڵێت بە چاوی خۆم دیومە، مەریەم ملنادات ڕەتیدەکاتەوە، ئەوجا پێدەڵێت، ئەوە من بووم تۆم بینی لە بن کورە چاو کەسکەکە پاڵکەوتبووی، ئەمجارەش مەریەم لەدەستی هەڵدێ و شکستێکی دی دەخاتە سەر شکستییەکانی، شکست لە دوای شکستی ئاوێزانی پێدراوەکانی واقیع دەبن، لە خەونی ناخۆش زیاتر هیچی بۆ نامێنێتەوە، ئایا خەون دەست بەسەرداگرتن و داکشانی بێ ئاگایی نییە، پەڕینەوە نییە بۆ دونیایی ئاگایی، لەسەر ترۆپکی ڕەشبینیدا یەک ناگرن، حەوت شەوە مەریەم شووی کردووە، کە بردیان لەبن تاراوە بزەی ماڵئاوایی لێکرد، لەدوای ئەو حەوت شەوە، حیکایەتخوان خەون بە دۆندی پارانەوە دەبینێت، پیری بەفر لەبەر خاتری مێرێ ئەم گوریسەی شۆڕکردووەتەوە، دەبینێت ژنەکان دەستی بۆ درێژ دەکەن تا هەڵیکێشن، ئەوە مەریەمە دەستی داوە تا بمکاتە ئامێزی، لەپڕ گوریس دەپچڕێت، دەکەوێتە سەر زەوی، لە ئێوارەی ئەو خەونەدا بوو، پیری بەفریش کۆچی دوایی کرد، تەنیا مەریەم و پەنجەخوار، ئامادەی پرسەکەی نەبوون، ئەو هەفتەیە سێ شتی گەورە لە ژیانی حیکایەتخواندا ڕوویدا، یەکەم مردنی پیری بەفر، دووەم شووکردنی

مەریەم، سێیەم خەونەکەی بوو، بەر لەمردنی پیری بەفر بە ڕۆژێک هەواڵی ڕەدووکەوتنی مەریەم هات، شەوێک لای زاوا بوو، بۆ شەوی دوایی لەگەڵ سیامەندا کە جوانترین کوری دونیایە، چاوەبڕکێی کرد و هەڵهات، لە شووکردنی دووەمدا کەس نازانێت بۆ کوێ چوون. سێگۆشەی ئۆدیبی و گەمەکانیی سێیانەیی:

« چەند سەیرن، سروشت و دایک! هەردووکیان بە میهرەبانی ناسراون کەچی سەرچاوەی هەزاران کارەساتی گەورەن»٩

جێناوی منی قسەکەر جێناوی ڕاز و سەدای دەنگێکی گێڕانەوەیە، دەتوانێت ڕۆبچێتە نێو دەروونەوە، مەبەستە شاراوەکانی بگێڕەوە ئاشکرابکات، منی قسەکەر ئاوێتەی خوێندنەوەی گێڕانەوەی دەق بکات، پەردە لەسەر دەرچەکانی خود هەڵماڵێ، لە ناوەخنەوە بۆ ناوەوە، یان لە ناوەوە بۆ دەرەوە، ئەمەش بە زەمەنی خودیی، یان دەروونییەوە پەیوەستە، کە دەتوانێت بابەتێکی ئاسایی

**چۆن حیکایەتخوان ناپاکی لەتەک ناوی شوێندا دەکات، بەرکەوتنی هەندێ لە کارەکتەرەکانیش لە شوێندا ناپاکی لەتەک ئەمدا دەکەن**

بکاتە نائاسایی، پێچەوانەکەشی دروستە، ڕەنگە لەنێو پێدراوەکانی دەقدا، هەندێک دەستەواژە ببێتە ڕاچیتەیێک بۆ چوونە نێو دونیا تایبەتەکەی حیکایەتخوان، کە لەچەند ویستگەییێکدا خۆی دەنوێنێ.

ویستگەی یەکەم: کاتێک ڕادەستی غایلەییێک بوو، مەریەمی گەیاندە هەلهەلەی ئاسمان، وەکو پیرەمێردێک سەیری کرد، لە حەز و ئارەزووی زەمینی دایبڕی، لە جوانی و پیرۆزی دا لەهەموو کچی دونیا جیایی کردەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەروونێکە، پەروەردەی سۆزێکی نادروستە، ناتوانێت هەوێنێک بۆ جەستە، مانایێک بۆ لەزەت بدۆزێتەوە، پێشتر گوتمان هێمایێک بوو بۆ پاکدامێنی، مەزەندی ئەوە ناکات جوانێکی ئاوەها ماچ بکرێت، یان کەسێک هەبێت بوێری ئەوە بکات، دەستی لێبدات، جوانی وا تەنیا هی سەیرکردن و ستایشە، نەک دەستلێدان، لەنێو جومگەکانی پیرۆزیدا، وروژاندن ناتوانێت وێنەی خۆی بکێشێت، ئەوە کاریگەری وێنەی دایکە دەتوانێت لە هزر و دەرووندا وێنەیێکی بێ لەکە بنەخشێنێت، سامپڵی دەسەڵات و ڕەوشتمەندی هەڵگرێت، هۆکاری شکستی پەیوەندی ئەوینداری حیکایەتخوان، دەگەڕێتەوە بۆ کردەی خۆداخستن، ناتوانێت لێی قووتاربێت، ئامادەبوونی وێنەی پیرۆزی دایکی کە دەسەڵاتی خۆشەویستییەکی ئەوتۆی لەسەر دەروونییدا بەجێهێشتووە، لەو ساتەی مامۆستاکەی پێی گوت، ناچیتە دڵەوە، بۆشایی سۆزداری پووکانەوەییێک لەنێوان دایکی و مەریەم دا پڕدەکاتەوە، بەیەک نەگەیشتن لە پەیوەندی ئەویندارییدا، دووچاری کێشەییێکی بووناگەریی دەکات، چارەی بۆ نادۆزێتەوە، یان لووتکەی خۆشەویستییەکی ڕەها تا ئاستی پەرستن، دوور لە غایەی سێکسی، یان ڕۆچوونی یەکسەری بۆ نێو دونیایی سێکسی پەتی، بێ خۆشەویستی سۆزداری، یان سۆزانی پەتی، ڕۆحی بێ جەستە، یان جەستەی بێ ڕۆح، مەودایێک لەو نێوەندە نییە بە خۆشەویستیی بەرکەماڵ بێ، بۆیە لە مەریەمی بێ حەز و سێکس، دایکی ئاسا شایستەی خۆشەویستییەکی ڕەها و بێ کۆتاییە، خۆشەویستی لەو بارە ڕۆحییەدا لەتەک پیرۆزیدا درز دروست ناکات، بەر نەفرەت دەکەوێت گەر بیر لە هەوەس و شەهوەت بکاتەوە، تا ئێرە مەریەم فەرزەندەییێکی ئاسمانی ڕۆحییە، ڕوویێکی پاکی دایکانەیە، بەڵام لەدوای ئەو  تاوانەی چاوکەسکی هاوڕێی کە لەتەک مەریەم دا ئەنجامیدا، لە دۆخێکی شەرمنانەدا بینی، نەیتوانی سەیری شکاندنی وێنەی دایک بکات، کە لە مەریەم دا بەرجەستە بووە، هەڵهات، لە بەهەشتی  سۆزی دایکانەوە فرێدرایە دۆزەخی پەشیمانی، بە تێپەڕاندنی وێنەی دایک لە پیرۆزییەوە، بۆ ناپاکی و داوێن پیسی چووینە.

ویستگەی دووەم: چ کارەساتێکە، ئەم دوو وێنەیە چۆن لە مەریەم دا کۆبووەتەوە، چ دوو ڕوویەکە لە چوارچێوەییێکدا دەقی گرتووە، ئەی چۆن ڕەنگدانەوەی ئەم وێنەیە پارادۆکسێ لەگەڵ دونیای ئەمدا ئەنجام نادات، ناتوانێت جێگای بکاتەوە، پاراستنی وێنەی ئەم ڕووداوە، لەتەک چەمکی مانەوەی هیچ و پووچیدا یەکنایەتەوە، بەڵگەی ناپاکییەکە، ناکرێت لە ڕووخساری دایکێکی دووڕوودا بشاردرێتەوە، ڕوویێکی لە وێنەی دایکیکدا، حیکایەتخوان دەیناسێت، ڕوویێکی دی چاو کەسک ئاشکرای کرد، هەڵبەت بە پێی ئەم بنەمایانە دژوار نییە، لە سێگۆشەی ئۆدیبییەوە، ڕانانی بۆ بکەین، لاییێکی بنکەی سێگۆشەکە، دایکێکی ناپاکە، لە مەریەم دا خۆی نمایشدەکات، لایەکەی دیکەی بنکەکەدا چاو کەسکە، ئەمانە هەردووکیان، بەرانبەر حیکایەتخوانن، لە بنکەی هاوکێشەی پەیوەندییێکدا، نزیکبوونەوەی نێوان مەریەم و چاو کەسک، بۆشایی ڕق و کینێکی هاملتانە لای حیکایەتخوان گومان بە تۆڵە بارگاوی دەکات، نزیک

بوونەوەی مەریەم لە هەرییێک لەو دوانە، بە دەرکردنی یەکێکیان کۆتایی دێت، پەنجەخوار، لێرەش حەرەسە لە دەرەوەی سێگۆشەکە وەستاوە، چاوەڕێی هەڵ دەکات، پەلان دادەڕێژێت، نزیکبوونەوەی حیکایەتخوان لەچاو کەسک، ترسی ئەتککردنی بە دواوەوە بوو، بۆیە هەم لە مەریەم، هەم لە حیکایەتخوان دووردەکەوێتەوە، حەرەس بە وتەوت، پێداگری لە سووککردنی مەریەم دا دەکات، بەشێوەیێکی ناڕاستەوخۆ، دەیەوێت حیکایەتخوان لە مەریەم دوورخاتەوە، بە ژێرەوانکی ڕوومالی خۆشەویستییەکی نەهێنی بەرانبەر بە مەریەم هەیە، ئیرەیی دەکات، دەیەوێت مەریەم لەپێش چاوی حیکایەتخوان بخات، هەموو جووڵە و قسەکردنێکی دیاربێ، یان نا، شاراوەییێک هەڵدەگرێ، چاوگەکەی چەوساندنەوەیە، تیژکردنی گیانی دوژمنایەتی و غەیوورییە، بەد پلانییە، تا ئاستێک دیاردەکانی هاوڕێیەتی وەردەگێڕێتە سەر دژەکەی، وەهمی ئەوەی تەنیا ئەم و حیکایەتخوان ماونەتەوە بگەنە مەریەم، دووپاتکردنەوە و گێڕانەوەی ئەم قسانە بەو جۆرە مەدلوولی دوانەیێک لەخۆدەگرێت، خۆشەویستی حیکایەتخوان دەگۆڕێت بۆ قین، وەلێ پێش ئەوەی مەریەم بگێڕێتەوە بۆ خۆی، حیکایەتحوان بەشەڕ کۆتایی پێهێنا، حەرس بە ڕاگواستن، خۆی لە کەتناوە و مەریەم دوورخستەوە، لەدوای ئەم ڕووداوانــەوە حیکایەتخوان زۆر ڕقی لەخۆی دەبێ، ئەم ڕقە بە خۆ لەناوبردن نەبێت کۆتایی نایەت، چەند جارێ هەولی بۆ داوە، چیدی ناتوانێت هەستی گوناە لە چوارچێوەیێکدا بشارێتەوە کە هەمیشە خۆی دەنوێنێت، لە ئاستی ئۆدیبیدا هەستکردن بە گوناە هەوێنێکی لەبارە بۆ لە دەستدانی ئاوەز، یان خۆلەناوبردن، هەر لە گۆشەنیگای ئۆدیبییەوە، هەستکردن بە گوناە دەگۆردرێت بۆ تاوانبارکردن، لە دەرەوەدا لە ڕوانگەی ئۆدیبییەوە بە دیاریکراوی دایک پابەندە بە خۆشەویستییەوە کە دەکاتە مەریەمی پێش ناپاکی، یەکسان نییە، بە مەریەمی دوای ناپاکی، مەریەم تاقە کەسێکە دەتوانێت پارچە تێکشکاوەکانی، حیکایەتخوان لەیەک نزیک بکاتەوە، لە سێگۆشەی کەتناوەدا بیهێڵێتەوە، کە سێ نهێنی لەخۆگرتووە،

**یەکەم: دۆندی پارانەوەیە بۆ خەو بینین بە سێکسەوە.**

دووەم: درەختی هاوینەیە (حەمامی ژنانە)، بینینی جەستەی ژنە هی مەریەمە بە تایبەتی، حیکایەتخوان لە دۆندی پارانەوە، بە پچڕانی گوریسکە، کەوتنەخوارەوە و شووکردنی مەریەم بە کەسێکی بێگانە و نەناسراو، نەیتوانی بگات، نە بە مەریەم، نە بەخەونەکەی، بەڵام لە حەمامی هاوینە مەبەستی پێکا، بە جوانی بە دیقەتەوە، بە چاوی خۆی سێگۆشەکەی بینی ڕانی مەریەمی بینی، هەر وەکو نەخشی سێگۆشەی بەهاری کەتناوە، هەردوو بۆ ئەم هاوشێوەن، ئەم وەکو هاوینێکی تەمەن کورت و بێ مەودایە وەکو بن هەنگڵی مەریەم سافکراوە، بێتووکە، شاراوە نییە پۆلینکردنی ماملەی مەریەم لەگەڵ دوو هەست وورژێنی جەستەی دا، بە تاشینی بن هەنگڵی، نەتاشینی مووی سێگۆشەی نێو ڕانی، جیاکاری هاوین و بەهارە، لێسەندنەوەی بەهارە، لە هاوینی حیکایەتخوان، هاوینێک وەکو بن هەنگڵی مەریەم ساف و لووس کرابێت، گەر پلەی مەریەم لە دایکەوە دانەگرێ بۆ سۆزانی، چۆن ڕێگا دەدات پیرۆزی سێگۆشەی بەهار بشکێنرێت، ئەدی چۆن لە دوو تێڕوانینی دژوازدا، هاوین و بەهار، ساف و تووک یەکدەگرن، دوو تێڕوانین لە یەک کەسدا، بەرانبەر دووکەس لە یەک تێڕوانیندا، چۆن یەکدێنەوە، کە لە مەریەمدا خۆی دەبینێتەوە، سێگۆشەی کەتناوە، سێ ڕێگای لێدەبێتەوە، سێگۆشەکەی نێو گەڵی مەریەمیش سێ ڕێگای لێدەبێتەوە.

یەکەم ئەوەی بینیوەتی و تامی نەکردووە، شەڕ بۆ پیرۆزی دەکات، چاوی ئەوەش دەشکێنێ کە تووخنی دەکەوێت، دووەم ئەوەی تامی کردووە، لە ترسانا دەستبەرداری دەبێت، نە بادا خۆی بدۆرێنێ هەڵدێ، کەسی سێیەم پەنجەخوارە حەرسەکەیە، خۆی ماتکردووە، لە هەڵ دەگرێت، لە پاش حەوت ساڵ، لە دوای دوو شوو مەریەم دێتەوە، بۆ سێیەم جار هاوسەرگیری لەتەک حەرس دا دەکات، سێیەم درەختی وشەیە، بەسەرهات و بۆشاییەی ئەو خۆشەویستییەی حیکایەتخوان بۆ مەریەمی جێهێشت، کە تێدا ئاویزانی بوو، بە هەمان ڕادەی ئەو بۆشاییە، مەریەم ستەمی لێکرد، چەوساندییەوە، ئەمەش پارادۆکسێ لەتەک وتاری فێمێنیزم دا ئەنجامدەدات، پێچەوانە دەسەلمێنێ، لەبری کچ، کوڕ بە دەستی کچ چەوساوەتەوە، مەودای ئەم چەوساندنەوەیە، دێرینە، تەنیا لە مەریەمەوە نییە، لەو ساتەوەیە، مامۆستا کچکە پێی گوت تۆ جۆرێکی ناچیتە دڵی هیچ کچێکەوە، ئەو مەودایە لەنێوان حیکایەتخوان و مەریەم دایە، هەمان ئەو مەوداییەی نێوان هەرزەکاری و کامڵبوونە، نێوان، خەیاڵ و هەقیقەتە، گەشبینی و بێ ئومێدییە، نێوان بەهار و هاوینە، بن هەنگڵی مەریەم و سێگۆشەی نێوگەڵییەتی، حیکایەتخوان، سێ بەرکەوتنی لەتەک مەریەمدا هەبوو، یەکەم جار وەکو خواوەند تەماشای دەکرد، تەنیا ڕۆح بوو، دووەمجار لە پاش چاو کەسکەوە شەرمی لێدەشکێ، دێتە ڕیزی مرۆڤ، دەبێتە ڕۆح و جەستە، سێیەم جار کە لە حەمامی هاوینە بە ڕووت و قووتی دەیبینێ، ڕۆحی لێ وەردەگرێت، دەبێت بە جەستەیێکی پەتی، بە سۆزانی سەیری دەکات، لە گرتەییێک دا پێیدەڵێت، ئەوەی لەگەڵ خەڵک دەیکەی لەگەڵ منیش بیکە، پارەشت دەدەمێ، مەریەم بەجوانی

دەیخوێنێتەوە، کە شووی یەکەم دەکات بە چاو، بە زەردەخەنەیێکەوە، ماڵئاوایی لێدەکات، حیکایەتخوان بە ڕەزامەندی و ئاشتبوونەوە تێیدەگات، مەریم بە بەزیی وبە هەڵە تێەگەیشتنی پەیوەندی کوڕ و کچ سەیری دەکات، مەریەم لە پاش دوو ئەزموونی هاوسەرگیریی، بۆ جاری سێیەم شوو بە پەنجە خواردەکات، حیکایەتخوان، لە بن درەختی وشەدا، بەسەرهات و گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بە سیوسێ بەش، بە گوێرەی تەمەنی لە ڕۆمانەکەیدا کۆیاندەکاتەوە، لە دوای شووکردنی یەکەمی مەریەم، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێی دا، چۆن لە پێناو هەڵگرتنی گوناهەکانی، شکاندنی تابۆکانی، نابێتە عیسایێک، لە خاچ نادرێ و دیار نامێنێ، ڕۆمانەکە لە ئاست دەق و بنیادی گێڕانەوە دا، لە سێ کەس پێکهاتووە.

یەکەم پیری بەفرە، بە گفتەلێو بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە. دووەم حیکایەتخوانە لە دەفتەرێکدا، کاتێ دەینووسێ، بە سێ شت ڕێکی دەخات، کە چای و قاوە و جگەرەیە، لە دڵەڕاوکێ نووسینیشدا، باس لە سێ تەکنیکی نووسین دەکات، کە ڕەشکردنەوە و بۆشایی و پڕکردنەوەیە.

***گەران بە دوای مانادا، لەدوای بەیەکگەیشتنی ئەو خەسڵەتانەوە دەستپێدەکات کە کاریگەری بەشە بەربڵاوەکانی چەمکی زانین راستەوخۆ بلکێین بە بارودۆخی دەرکەوتنی کەسەکان***

سێیەم پەنجەخوارە، پێیدا دەچێتەوە، لە پاش حەوت ساڵ دەفتەرەکە، دەدۆزێتەوە، دەیگەیەنێت بە ئێمەی وەرگر، ڕۆمانەکە، لە سی و سێ پاژ پێکهاتووە، پیری بەفر لە دوای یانزە پشتەوە هاتووە، هەرپشتێکیان مێژوویێکی نادیارە لە مێژووی نەزانراوی کەتناوە، سی و سێ پاژ دابەش یانزە پشت بکە، دەکاتە سێ، ئەم سێیە، وەکو ناوێک لە مێژوودا، ماونەتەوە، یەکەم گەنجۆیە نە هاتە سەر ئاینی نوێ، تەنیا ئاسەواری گۆڕەکەی ماوەتەوە، دووەم چەتۆیە، هاتە سەر ئاینی نوێ، سێیەم پیری بەفرە، کەسێکی ئەفسانەییە، زاوای هەموو دونیایە، ڕەوشتی زۆربای هەیە، بزۆێنەرەکانی گێڕانەوە، لە سێگۆشەی کەتناوە، سێ کارەکتەری سەرەکی بوون، لە سێگۆشەیێکدا ڕۆلی سێ تێڕوانینی جیاواز دەبینن، یەکەم پیری بەفر، بە هەموو پێوەرێک کارەکتەرێکی کلاسیکی بوو، هەر لە ئازایەتی و مەردایەتی و ڕەوشت بەرزی و لێبوردەیی، مامڵەی جوانی لەتەک ئافرەتاندا، دووەم حیکایەتخوانە، کارەکتەرێکی دۆنکیخۆتیە، تەژییە بە شکستی و تراژیدیای فرەدنگی و نەهامەتی، بەمەش دەتوانێت پایەکانی ڕۆمان لە کلاسیکەوە بگوێزێتەوە بۆ ڕۆمانی مۆدرن، سێیەم مەریەمە، ئافرەتێکە بزاڤی فێمێنیزمی هەیە، لە هەستیدا پیرۆزی خۆی دەدۆزێتەوە، لە بڕیاریاندا دوو دڵ نییە ئازادە، مەریەم لە سێ بار، باز بەسەر خۆیدا دەدات، ئەوجا لەنگەر دەگرێت و دەگیرسێتەوە، مەریەمی سەرەتای پێش ناپاکی جیاوازی دروستدەکات لەگەڵ مەریەمی دوای پاکدامێنی، لەگەڵ هاوسەرگیری سێیەمیشدا دەگەڕێتەوە لەتەک شوێن دا یەکدێتەوە، پێگەی خۆی لە کەتناوە دا دەدۆزێتەوە، ڕۆمانەکەی بە دیاری پێشکەش دەکرێ، حیکایەتخوان لە یەک کاتدا لە سێگۆشەیەکدا، بە سێ نەهامەتی ئابڵوقە دەدرێت، یەکەم مردنی پیری بەفر، دووەم شووکردنی یەکەمی مەریەم، سێیەم خەونە ناخۆشەکەی، لە یەکەمدا مردنی ڕووە بەهارییێکەی بوو، لە دووەمدا گەڕانەوەیەتی بۆ هاوین، ڕاگواستنە لە سێگۆشەی تەڕ و پڕەوە بۆ بن هەنگڵی ڕووت و وشک، لە سێیەمدا ڕادەستبوونە بە سەرهەڵگرتن، بێهوودەییە لە ونبووندا:

پیری بەفر، کارەکتەرێکی ئەفسانەیی ئەرێنییە، دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەوروبەردا دروستبکات، بە زمان و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە پەیوەندی بە پێکهاتەی دەقەوە دەکات، گوزارشت لە مەبەست و ئەزموون و دونیابینی خۆی دەکات، بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات، کە هەژدە ژنی هێناوە نە کەسیانی تەڵاق داوە، نە ئازاریشی داون، هەرگیز لە یەک کاتدا دوو ژنی پێکەوە نەبووە، مامەڵەی لەگەڵیاندا مەردانە بووە، سەربازی نەکردووە، لەگەڵ سەربازانی ڕووس و عوسمانلی عەرەب و عەجەم شەریکردووە، شەری برا کوژی نەکردووە، بێ برینداری سێ جار تا سەد بژمێرە، تورک، عەرب، فارس و جاشی کوشتووە، پەنجا ساڵە جگەرەی تەرک داوە، باس لە دوو شوێنی فانتازی دەکات.

یەکەم باس لە دۆندی پاڕانەوە دەکات، چۆن گڵۆپەکانی سەر قەڵای لێوە دیارە، هاوینێک بۆ خاتری مێرێ حەوت گوریسی لەگەڵ خۆی دا بردبووە دۆندی پاڕنەوە، مێرێ ئەو ناوەی لێنا، ئەو شەوە لە دوای سەرجێی و بیسمیل کردن، بەدەم سەماوە بۆ منداڵ لە خودا پاڕانەوە، گەر مێرێ نەبوایە ئەو دۆندە بە دۆندی شەیتان ناودەنرا، هەرچی ژنی دونیا هەیە بە ڕووتی دێنە وێژەت، شەیتانی دەبیت، پیری بەفر چەندین جار لەوێدا لەگەڵ ژنانی دونیا شەیتانی بووە.

دووەم باسی درەختی ژنـان، یـان درەختی هاوینە

دەکات، دۆندی پاڕانەوە و درەختی هاوینە دوو ڕووی دراوێکن لە خەزێنەی غەریزەدا مامەڵەی سێکسیان پێوە دەکرێت، لە یەکەمدا خەیاڵ بەرکەماڵە ڕوویێکی هاوینییەیە لە حیکایەتخواندا ورد دەکرێتەوە، لە دووەمدا ڕاستینەیە ڕووە بەهارییێکەیە کە پیری بەفر پەنجا جار زیاتر چووەتە خزمەت ئەو درەختە، ژنانی بە ڕووتی بینیووە، لەوێ گوڵنازی بینی، باوکی ناچار کرد گوڵنازی بۆ بهێنێ، گوڵناز ژنی یەکەمی پیری بەفربوو لە داخی بێ منداڵی کۆچی دواییکرد، پێش مردنی گوڵناز، پیری بەفر لە گەشتێکیدا بۆ باکوور لە گوندێکدا بەفر ڕێگایان لێدەگرێت، بێری ناسی و حەزیلێکرد، لە شەوێکدا لاقەی دەکـات، گفتی پـێـدەدا، کـە بگەڕێتەوە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، کە لە ئەستەمبووڵ دێتەوە بووکێ تورکی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، نێوی سەحرە، لەگەڵ سەحر کە دەگەنە هەمان گوند هەواڵی کوشتنی بێری دەبیستێ، کە دووگیـان بـووە براکانی کوشتوویانە ئەو ساوایە تاقە وەچەی پیری بەفر بوو لە سکی بێری دا مرد، لەو هەژدە ژنەی هەیبوو هیچیان منداڵیان نەبوو، هەموو بەو داخەوە سەردەنێنەوە، نۆ لەو ژنانە لە گۆرستانێکدا ، لە ژێر سێ دار مێو کەپرێکیان بۆ دروستکردووە، بە تەنیشت یەکەوە نێژراون، کێلی گۆڕەکان یەک جۆر و یەک ئەندازەن هەرکەسێ بە ئایینی خۆی نێژراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، پیری بەفر بەیێک چاو سەیریان دەکات، یەکیان نەبێت هەموو ژنەکانی بە گەنجی مردون، گۆڕی ژنەکانی دیکەی هەریەکیان لە مەملەکەتێکە، لە چەند مانگێکدا سەردانیان دەکات، پیری بەفر کۆدێکە بۆ خوێندنەوەی مێژووی کورد، حەزی لە خزمایەتییە، هاوسەرگیری لەگەڵ سەرجەم میللەتانی دونیادا کردووە، بێ ئەوەی وەچەیێک بخاتەوە، ناو و ناسنامەی هەڵگرێت، هەموو ئەو ژنانەی هاوسەرگیری لەگەڵدا کـردوون، هـەمـوو نـەزۆک بـوون نە دۆنـدی پـارانـەوە، نـە نـزا و پارانەوە لە خودا، نە درەختی هاوینە، نە خەیاڵ نە واقیع، نە هاوین نە بەهار، کەڵکی نەبوو، ئەوە تەنیا کوردە بە دیار مێژووی لە گۆڕنراوی خۆیدا بە ئەمەکەوە لە پاییزدا بۆ ڕابردووی خۆی دەگەڕێت، بە دیار نۆ گۆر، نۆ نەزۆکەوە، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی پیری بەفردا کۆچی دواییانکردوە، لەهەمان کاتدا ڕێک وەکو مێژووی گوندی کەتناوە، لە بەغدا، تاران و ئەستەمبووڵ کۆنترە، کەچی لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، گەورە نەبووە، نەبووەتە پایتەخت، هـەر لە هەناوی جوگرافیادا بەو مێژووە نەزۆکە، بە گوند ماوەتەوە، پیری بەفر باسی سێیەم ژنی دەکـات، ژنێکی ئەرمەنی بوو، ناوی مێرێ بـوو، حـەوت سـاڵ ژنـی بـوو، بە جوانی پیری بەفری فێری سەماکرد، لەسەر خواستی مێرێ بوو گەرماوێکی ژنانەی دروستکرد، لەکاتی مردنی مێرێ، پیری بەفر بۆ یەکەمجار نەخۆشکەوت، لە تاران دختۆرە ڕووسییەکە پێیگوت دەردەکەت چاری نییە، سێ هەفتە زیاتر ناژیت، لە گەڕانەوەدا، نزیک ورمێ، کاتێ لە ماڵی برازای سمکۆی شکاک لایدا، تورک هێرشی هێنا شەری مردنی کرد، بەڵام نەمرد، هەندێجار حەزی لە مەجلیسی دەروێشان دەکرد، لە نزیک منارەی چۆڵی، لە نێو دەروێشەکانی شیخی نەهری دڵی چووە دەروێشێک و هێنای لە هەمووان جوانتر حاڵی لێدەهات، سەمای مەستانەم بینی، دەفی دەژەن، بۆ زگ پڕبوون حاڵی لێدەهات، زیکری دەکرد، دەنگیشی زۆر خۆشبوو، پیری بەفر گوێی لە سێ سەد و سی و سێ گۆرانی حەسەن زیرەک بووە، بەڵام شەوێکیان، مەستان دەنگی لەو خۆشتربوو، مەستان خەڵکی زێی بادینان بوو، زیکری ئاگر دەکات، بنەماڵەی ئەو لە نێوان زەردەشتی و محەمەدییە، دوای ئەم جوانترین کیژی کرمنشانی هێنا، ناوی فەتانە بوو لە پێشدا داوای کوڕی کرد، دوایی کردی بە کچ، ڕۆژ بە ڕۆژ لە خەفەتی بێ منداڵی ڕووی لە کزی دەکرد، شێت بوو، بۆ چارەسەر بردی بۆ تاران، بەشێتی کۆچی دواییکرد، لە دواجـاردا باس لە غەزال دەکـات، بۆ سک وزا بە هەموو زمانێک دوعـای کرد، ناوی هەموو پێغەمبەرەکانی هێنا، ئەویش بەو داخەوە مرد، پیری بەفر زمانی تورکی، عارەبی، فارسی و تۆزێ ڕووسی زانییوە، سووڕەتەکانی قورئانیشی لەبەربووە، خوێندەوار بوو هەموو شیعرەکانی حافز سەعدی، مەلا جەزیری و نالی ئەز بربوو، جارێ لای شێخ نەهری وەفـایـی بینیووە، شیعری شیرین تـەشی دەڕێسی نووسیووە، پیری بەفر دیوە بزربووەکەی حیکایەتخوانە، ئەو دیوە خەیاڵئامێزەی دۆنکیخۆتە کە خەون بە ژیانی زۆرباوە دەبینێت، لە شکستی و گریاندا، لە ڕەشکردنەوە و چڕکردنەوەی کردەی نووسیندا، لە سێبەری درەختی وشـەدا هەوێنی تیامانێک دەگرێتەوە، لە ئاسۆی دەقدا بە خۆرێکی زۆرباویانە سەمای وشـەکان، هەڵچوون و داچوونی هەستی ڕادەگرێت، بۆ وەکو پیری بەفر زۆرباویانە ڕەفتار ناکەم، هەموو کچێ حەزی لێدەکات، کەسێکی پراکسیسی (کردەی)ە

جگە لە نەبوونی وەچـە، هیچ تەنگەژەییێکی سۆزداری نییە، متمانەی زیاتر بە جووڵەو کردارە، نەک بە تیۆر و نووسین، گەر بیەوێت گوزاریشت لە هەستێک بکات زۆربا ئاسا، بە سەما دەریدەبڕێت، بە سەما دەتوانێت جێ بەگومان لەق بکات، خوێندەواری هەیە، بەڵام هیچ نانووسێت، پێچەوانەی حیکایەتخوانە، وەکو بیسەرێک دەمڕاستـی گـێڕانـەوەیـەی هـەمـان شـتـزانـە، کـە بۆی دەگێڕێتەوە، چی دەبیستێ و دەبینێت دەینووسێتەوە، زانیارییەکانی یەکسان دەبێت بە زانیارییەکانی پیری بەفر، لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا کە وەسفکردن جێگا بە گێڕانەوە چۆڵناکات، لە ڕێگای زمانەوە بە ڕووی

ڕووداوەکاندا دەکرێنەوە، بە ستراتیژی هونەرمەندێک لە بری هەموویان دێتە قسان و دەنووسێت.

ئـانـدری تـارکـۆفسکـی دەرهـێـنـەری ڕووس دەڵـێـت: «هونەرمەند لە جیاتی تەواوی ئەو کەسانە قسان دەکات کە توانای قسەکردنیان نییە «١٠

گەر زمانی پیری بەفر جووڵە و کردار و سەما بێت، زمـانـی حیکایەتخوان بێدەنگی و هـونـەری نووسینە، دەستبەردار بوونیی هەڵوێستی سـۆزداری لە شوێن ڕەنگدانەوەی نووسین، دەبێتە ئامانجێک لە ڕووخساری پشت تێکردنی مەریەمدا یەق دەداتەوە، لە ژێر درەختی وشەدا بەردەگرێت، پیری بەفر خەون بە ژنەوە نابینێت، هەژدە ژنی هێناوە، کەچی تۆی حیکایەتخوان نەتوانیت تاقە ژنێک بهێنیت، بە خەونیش بێت نەتوانی بگەیت بە مەریەم، لە دۆندی پاڕانەوە دا بوو گوریسکەت پچڕا، کـەوتـیـت، نەگەیشتی بە مـەریـەم، دۆنـدی پاڕانـەوە ڕنینەوەی مووەکانی خەون و خەیاڵت بوون، لەمپەرێک بوو لە جیابوونەوەی ئەزمـوونی دۆنکیخۆتە لە دونیای زۆربا کە نزیک بوونـەوەی چاو کەسک و دەرکردنی مەریەمی لێکەوتەوە، وەکو پیری بەفر ناتوانێت سەما بکات، گریانیش دادی نـادا، تا بە سەما گوزارشت لە هەستی بکات، پیری بەفر چۆن دوورکەوتەوە، دنیاییەک کێشەو ئاڵۆزی بۆی نایەوە، دوو هاوینە مردوویت، زوو مردیت، نەیهێشت جیاوازییەکان کەمبکاتەوە، ئیدی چیی بنووسێت، لەگەڵ مردنی تۆ، شووکردن و کۆچکردنی مـەریـەمـدا، تراژیدیایی حیکایەتخوان سـەرهـەڵدەدات، ڕادەست نەبوونی بە پێدراوەکانی واقیع، سەرهەڵگرتن و سەفەرکردنەکەی بۆ نادیار، پشتکردنە، لە دونیای ژن، گومانە لـە تـوانـای خـۆی، گومانە لـە کـردنـەوەی پاژێکی نوێی نووسینە لـە سـەر درەخـتـی کـەتـنـاوە، پۆلینکردنی پەیوەندییەکانی نیوان واقیع و فانتازیایە، ئایا نووسینەکەی بەشی ئەوەی تێدا ماوە کە لە گومان بیپارێزێت، لە کردەی نووسینیدا، لە ژێر درەختی وشەدا، ئایا بە دوای سەقامگیری بزربوودا دەگەڕا، یان وەکو کارەکتەرێکی دۆنکیخۆتی شکەستییەکانی خـۆی بە سەرکەوتنەکانی کارەکتەرێکی زۆرباوی وەکو پیری بەفر بەراوورد دەکرد، یان گومانکردنی لەوەدا تۆخ نابێتەوە کە مەریەم حەزی لێ نەبوو، ڕووخساری ئاوێنەیێک بوو دڵشکاندنێ گەورەی تێدا بوو، کە هیچ کچێ حەز لەو چروچاوە ناکات، ئەم بیرخستنەوەیە بەر لەوەی گومان لە مەریەم بکات، گومان لە خۆی دەکات، ئەوەندە بڕوای بە نووسینە، بڕوای بە خۆی نییە، بڕوای بەوە نییە کە بتوانێت مەریەم بگۆڕێت، پەرجۆ دەستەبەرکات، ویستی بە کـردەی نووسین قـەرەبـووی هەست بە کەمکردنی بکات، داهێنان دروست بکات، گومان بزوێنەری نووسینە لەتەک دونیای دڵنیایشدا پارادۆکس فەراهەم دەکات، قەد لەگەڵ یەکدیشدا پاک نابنەوە.

بەختیار عەلی دەڵێت: «پـاک بـوونـەوە لـەو گومانانە پاکبوونەوەیە لە ڕیشەکانی هونەر «١١ لە کۆتاییدا حەسرەتەکانی ڕابردوو لەنێو خود و ئایندەی بەجێماوی دەست نووسەکە، لە درەختی کەتناوەدایە، ئایندەش لە دەرەوەی ڕابـردوودایـە، لە ئێستادا مەریەم نییە، پیری بەفریش نەماوە، ئەدی من بۆ هەبم بۆ کەتنێکی تر، بۆ داوای لێبوردنێکی دیکە کە منی حیکایەتخوان لەوی نووسـەر جیادەکاتەوە، گەر ئەو بەهاری ڕابـردوو بێ، ئەوا من لە ئێستادا هاوینی بەسەرچووم، لە پاییزییێکی نادیاردا بەرەو نەزانراو هەڵدێم.

### ژێدەرەکان


١- کـەریـم کـاکـە ـ درەخـتـی کـەتـنـاوە ڕۆمـــان ـ لە بـڵاوکـراوەکـووانـی یەکێتی نـووسـەرانـی کـورد، لقی کەرکووک ژمارە ٩١ ـ چاپخانەی: ئاربخا، کەرکووک ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی ٢٠٠٧ ٢ ـ بەختیار عەلی ـ ناشوێن ـ چاپخانەی: کارۆ ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی ٢٠١٩ ـ ل ١٥٥ *بۆ زیاتر تەماشای لاپەڕکانی ٨١ ،١٤٠ ، ٢٠٣ ، ١٦٣ ،ی سەرچاوەی ژمارە ١ بکە ٣ ـ ئەنوەر حوسێن ـ ئاشنا بوون بە دریدا ـ گۆڤاری ئایدیا ـ ل١٣١ ٤ـ فلیب هامۆن ـ سمیولوجیه الشخصیات الروائیه ـ ترجمە: سعید بنکراد ـ تقدیم عبدالفتاح کلیطو ـ دار الحوار للنشر والتوزیع ـ الطبعه الاولی ـ ص٤٣ ٥ ـ بەختیار عەلی ـ گوتاری مانەوە ـ چاپ و بڵاوکردنەوە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند ـ چاپی یەکەم ـ ٢٠٢١ ز ـ ل١١٢

٦ ـ بەختیار عەلی ـ دوا خەندەی دیکتاتۆر ـ چاپخانەی کارۆ ـ چاپی یەکەم ـ ساڵ ٢٠٢٠ ـ ل٢٥٧

٧ـ د صلاح فضل ـ بلاغه الخطاب وعلم النص ـ عالم المعریفه صدرت السلسله فی شعبان ١٩٩٨ بأشراف أحـمـد مـشـاری الـعـدوانـی ١٩٢٣ ـ ١٩٩٠ـ ص٢١١ ٨ ـ جـورج طرابیشی ـ ـ فی الـروایـه العربیه ـ دار الطلیعه للطباعه والنشر ـ الطبعه الاولی ـ ١٩٨٢ ص١٨٥ ٩ ـ کاروان عومەرکاکەسوور ـ (ڕێگاکانی ژەهر) ڕۆمان ـ ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی ٢٠١٧ ـ ل٥ ١٠ـ عەبدولخالق یەعقووبی ـ دیالۆگ و داهێنان ـ چاپخانەی خانی دهۆک ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی ٢٠٠٩ ـ ل١٣٧

١١ ـ بەختیار عەلی ـ ئاورەکەی ئۆرفیۆس ـ چاپخانەی ڕجایی/ تاران ـ چاپی یەکەم ـ ساڵی ٢٠١٤ ـ ل٢٠٥

# جەلیل کاکە وەیس:

# نایشارمەوە بەرهەمەکانی کەریم کاکە لەڕووی ئەدەبی و فیکری و تێڕوانین بۆ ئایندە تاسەی زۆرمان دەشکێنێت

کەریم کاکە یەکێکە لەو نووسەرانەی کە خاوەن پەیامن، قەڵەمێکی دونیای ئەمڕۆمانە، من زۆربەی بەرهەمەکانیم خوێندووەتەوە، هەم بیرەوەرییەکانی، هەم ڕۆمانەکانی، لە دونیای بیرەوەریدا یەکێکە لەو قەڵەمانەی ڕاستگۆیانە ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە، ڕاستگۆیانە باسی ئەو هەڵوێست و کەسانەی کردووە، کە لە ڕۆژگاری شار و پێشمەرگایەتیدا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون، هەست دەکەم جۆرە سۆزێک، گەرموگوڕییەک لەو گێڕانەوانەیدا هەیە.

کەریم کاکە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا زیاتر لە



دونیای ڕۆمان نزیک دەبێتەوە، چونکە گێڕانەوە ڕەگەزێکی گرنگە لە دونیای پەخشان، گێڕانەوە کەرستەی خۆی دەوێت، نابێت لێکترازانی تێدا بێت، دەبێت هەموویان پەیوەستی یەک بن و پێکەوە گرێدرابن، چونکە لە کۆتاییدا ئێمە دەقێک دەخوێنینەوە، کە ئەویش دەقێکی پەخشان ئامێزە.

کاتێک دێینە سەرباسی ڕۆمانەکانی کەریم کاکە، هەست دەکەم دونیایێکی فراوانتری لە خۆی گرتووە، بەڕاشکاوی دەڵێم، ڕەگەزی ڕۆمانی تیدایە، چونکە زاڵە بەسەر گێڕانەوە و ڕووداوەکاندا، کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانی هیچیان لەبیر ناکا و فەرامۆشیان ناکات، لەکات و ساتی خۆیدا دەگەڕێتەوە سەریان و بەسەریان دەکاتەوە، بۆیە من بە ڕۆماننووسێکی کارامەی دەزانم.

بەلای منەوە زمان گرنگە هەم لە ڕۆماندا، هەم لە پەخشاندا، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە هەوڵدەدین زمانێکی ستانداردمان هەبێت و خۆمان بەشار و ناوچەوە زۆر نەبەستینەوە. کەریم کاک لەم ڕووە کەمتەرخەمی نەکردووە وشەی کرمانجی و وشەی گەرمیانیش بەکار دەهێنێت، وشەی هەولێریش بەکار دەهێنێت، بەڵام شەقڵی گشتی نووسینی کەریم کاکە خوێنەر دەیناسێتەوە کە خەڵکی شاری هەولێرە، بۆیە ئەگەر ئەمە بەخەوش دانەندرێت پێویستە کەریم کاکە لەم ڕووەوە کەمێک زمانەکەی فراوانتر بکات و بەرەو ستانداردی بەرێت، چونکە زمان هێندە گرنگە، بە بڕبڕەی پشتی گێڕانەوە دادەنرێت، بەشێوەیەک دۆخی نووسین دەگۆڕێت، دۆخی نووسین لە قۆناغێکەوە دەباتە قۆناغێکی دیکە، ئێستا زۆر کەس هەن زمانی گێڕانەوەیان هەیە، بەڵام نەیانتوانیوە بەسەریدا زاڵ بن، چونکە گێڕانەوەش خۆی هونەرێکی گەورەیە، بۆیە کەس ناتوانێت نکۆڵی لە کەریم کاکە بکات، کارەکانی لەو کارە جوانانەن بۆشاییەکی زۆری پڕکردۆتەوە. من نایشارمەوە بەرهەمەکانی کەریم کاکە لەڕووی ئەدەبی و فیکری و تێڕوانین بۆ ئایندە تاسەی زۆرمان دەشکێنێت.

# فازیل شەوڕۆ: کەریم کاکە دەنگێکە لە ئەفسانەی خامە، دەنگدانەوەیەک لە خەیاڵدانی واقیع

ژیان، هەرچەندە بۆ خۆی کۆمەڵە چیرۆکێکە لە دووتوێی کتێبێکی نەخوێندراوە، تا مردارنەبێتەوە و بەردەوام ڕۆحی لەبەردا بێ، هەمیشە پێویستی بە چیرۆکە داهێنراوەکانی ئێمەیە. چیرۆکیش، بە هەموو تەرز و شێوەکانیەوە، ئاوێنەی خەونە واقیعبینەکانی ئێمەن، تەنانەت لە تاریکترین دیمەنەکانیشیدا. ئەگەر سینەما، وەک باوکی خڕ هونەرەکان، نمایشکەری چیرۆکەکانی ژیان بێ، ئەوا ڕۆمانیش، وەک باوکی گشت ڕشتەکانی ئەدەبیی، حیکایەتخوانی قارەمانە جوان و ناشیرینەکانی شەرگەی ئەو ژیانەن. لەم دەیەی دواییدا، کەم نین ئەو کوردە قەڵەمبەدەستانەی، قوڵی ڕۆماننووسینیان لێهەڵماڵیوە، هەر قەڵەمە و بە سەنگیی خۆی، پەرەکانمان بۆ دەنەخشێنن. لێ، تێیاندایە ئەستێرەئاسای تاریکە شەوانی هاوین، گەشتر، درەوشاوەتر، جوانتر دێنە بەرچاو و بەردڵان.

ستایش نییە، بڵێم کەریم کاکە، یەکێکە لەو ئەستێرە درەوشاوانەی ئاسمانی ڕۆمان و ئەدەبی کوردی هاوچەرخ.

وەک خوێنەرێکی بەسەلیقەی، زۆربەی ڕۆمانەکانی ئەو زاتە، لە دیدی مندا، قامتێک خەسڵەت و جیاوازیی و تایبەتمەندیی ئەدەبی و زمانەوانی و هونەری و ئەفراندن لە داهێنان و خەلقکردن، ئەو قەڵەمەی، ئەستێرە ئاسا، لەبەرچاوم نەخشاندووە:

دوو کتێبی ژیکەڵەی ڕۆحسووک، هەمیشە لە بەرکی ئەو قەڵەمزادە خاکییەدا هەنە: یەکێکیانی بۆ ڕۆحی تینووی خوێنەران ئامادەکردووە و ئەویدیکەیان، کەشکۆڵی خۆیەتی، بۆ ئامادەکردنی کتێبێکی نەنووسراو، لە نێوان ئەو دوو کتێبەشدا، چەندان جیهانیی شاراوە هەنە، مەگەر هەر بە چرای هزریی ڕۆشنبیریی بتوانی بیاندۆزیتەوە. ئەو جادووگەر نییە، لێ، لە داڕشتن و گوزارشتکردن و هۆنینەوەدا، دەستی لەگەڵ جنۆکەکانی نووسین و زمان تێکەڵ کردووە، دەنا ئەگەر وانەبێ، ئەو قەلب و قالبە زمانەوانی و فەرهەنگی و فەلسەفی و ئەدەبییە لە کوێ دێنێ؟ بۆچی ئێمەمانان دەروەستیان نایەین و بۆمان وەگیر نابن؟

مەزنایەتیی نووسینەکانی، هەر لە پەیامە پیرۆزەکانی دانییە، ئەگەر هەر پەیام مەبەست بێ، ئەو هەموو شەکەتی و شەونخونییەی پێویست نییە، دەکرێ، لە بۆتەی وتارێکدا بیانگەیێنێت، مامۆستای زمان و ئەدبی کوردییە و کێشەیەکی نییە! دەستنیشان کردنی ناوونیشانی بابەتەکانی، جا هەر ڕشتەیەکی ئەدەبی بێ، خاڵی نییە لە مەزنایەتی. ئەوەی شکۆی ئەو مەزنایەتییە باڵاتر و بڵندتر دەکات، ئاوێتەکردنی ئەو ناوونیشانانەیە لەگەڵ خەیاڵ و مێژوو و فەرهەنگ و فۆلکلۆر و ئەفسانە و کەلتوور و واقیع. چەند سکم بەوخوێنەرانە دەسووتێ، کە کتێبێکی ئەو زاتە دەگرنە دەست و پاشخانێکی قوڵی ئەدەبی و فکری و زانستی و مەعریفییان،



هەر نەبێ دەربارەی نەتەوەی کورد، نەبێ. یەک ڕستە، یەک دەستەواژە، بگرە یەک تاقە وشەی ئەو لە نووسینەکانیدا، دەتوانن دەستت بگرن و لە جیهانێکەوە بتبەنە جیهانێکی دێ. لە لای خوێنەری هەژار، ئەوانە هەر ڕستوکە و دەستەواژۆکە و وشەیەکی ئاسایین، لێ بۆ ئەوانەی دەتوانن، ئەوانە بگەڕێننەوە بۆ سەرچاوە و ژێدەرەکانیان، دەزانن، ئەو قەڵەمە، چ ئاگرێکی کردۆتەوە، چ گزنگێکی فەراهەمکردووە، چ جیهانێکی داهێناوە. خوێنەری دەوڵەمەند، دەبێتە گەشتیار لە نێوان هەوارەکانی ئەدەب و فۆلکلۆر و فەرهەنگ و مێژوو و داستان و ئەفسانە و ئاوازسازی و وشەسازی و هزرسازیدا. ئەمەش وایکردووە، چەندە زمانەکەی کەریم کاکە، بە ڕواڵەت، هاسان و ڕەوان و سووک و سادە و کوردیی بێتە بەرچاو و بەرگوێ، دە هێندە قورس و ئاڵۆز و زەحمەت و تەمومژاوی بێ، بۆ ئەوانەی لە ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگ و فۆلکلۆر و کەلتووری کوردیدا، کەمئاشنان.

داهێنانەکانی کەریم کاکەی لووتکە، لە چیرۆک و سەفەرنامە و شیعر و پەخشانەکانیدا، چەندە باڵا بن، ئەوا لە داڕشتنی ڕۆمان و یاداشتەڕۆمانەکانیدا پۆپەی قەندیل و هەڵگوردن.

بەدەر لە دەنگی قەڵەمەکەی، ڕابردووی پڕ سەروەری، خەباتی نەپساوەی بێ خۆویستی، هەڵوێست و خۆڕاگری و مرۆڤدۆستی و جواندۆستیی هەمیشەیی ئەو، فەخرێکی پیرۆزە، لەلای ئەوانەی بە ویژدانەوە، قەڵەمەکان دەنرخێنن.

کەریم کاکە بۆخۆی ڕۆمانی ڕۆمانەکانە! دەنگێکە لە ئەفسانەی خامە، دەنگدانەوەیەک لە خەیاڵدانی واقیع.

# دەق

- ***نانەواکە***

فێردیناند فۆن شیراخ – لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

- ***داگیرسان...کوژانەوە***

ڕۆژ هەڵەبجەیی

- ***ژنێـکی شـــاعیر***

بەناز کاوێس ئاغا



# نانەواکە

فێردیناند فۆن شیراخ
لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

نانەواخانەکە، وەکوو زنجیرە نانەواخانەکانی دیکە بوو، شوێنێکی بچووکی ڕێکوپێک سەموون و شیرینەمەنی تێدا دەفرۆشرا. بەیانییان هەویری ئامادەیان بۆ دەهات لەسەر پەلێتەی پلاستیکی سەوز لە مەمەڕەکە دادەنران، هێواش هێواش دەیان شێلا، سەموون و کێکی جۆراوجۆریان لێ دروست دەکرد و شەکری سپییان بە هەندێکیاندا دەکرد، کە بە پەنجەتەوە دەنووسا. قاوەکە لە مەکینە ستیلەکە تێدەکرا، فوول ئۆتۆماتیک بوو، بەڵام دەنگێکی زۆر ناخۆشی لێ بەرزدەبووەوە، بەتایبەتی کاتێ شیرەکەی ڕادەکێشا.

نانەواکە قەڵەو و دەموچاوی سوور و دەستەکانی بچووک بوون، لە جێی ئێسکی پەنجەکانی تەنیا کون دیار بوو، لەکاتی ئیشکردن بەروانکەیەکی سپی لەبەر دەکرد، لەسەر شانی لۆگۆی کۆمپانیاکەی لێدابوو، بە خێرایی دەجوولایەوە، شوێنەکەشی زۆر تەسک بوو، سینگی متبەقەکە سکی کردبووە دوو پارچە و بە ئاردی سەموونەکان خەتێکی پێداهاتبوو، نانەواکە دانیشتووی گەڕەک بوو، بۆیە خەڵکەکە خۆشیان دەویست. تەمەنی چل و حەوت ساڵ بوو، کاتێ گەنج بوو، شیرنەمەنی و قاوەخانەکەی باوکی بۆ بەجێمابوو و بەڕێوەی دەبرد. هەموو شتێک باشبوو، بڕوانامەی ماستەری لەو بوارە وەرگرتبوو، ژنی هێنا و کوڕێکیان بوو، خانووە تازەکەیان لە قەراخ شار دروست دەکرد، هەموو کۆتایی هەفتەکان دەچوون سەریان لێدەدا و دەیانهێنا پێش چاویان  کە چۆن لە ناوی دەژین. ئەو ڕۆژەی هەموو شتێک لە ژیانی نانەواکە گۆڕا، ئەوە بوو زوو ڕۆیشتەوەماڵەوە تا بیکاتە موفاجەئە بۆ ژنەکەی، پیاوێکی باڵابەرزی باریکەڵە، پرچێکی بریسکەداری هەبوو، لە ناو دەرگەی ماڵەکەیان وەستابوو، نانەواکە دەیناسی، لە دوکانی کەلوپەلی ناوماڵ (مۆبیلیات) فرۆشیار بوو، پیاوەکە ماڵئاوایی کرد و ژنەکەشی دڵخۆش و گەشاوە دیار بوو، نانەواکە یەکسەر هەستی کرد کە ژنەکەی خیانەتی لێ دەکات. شتەکان زۆر خێرا ڕوویان دەدا، دەستی دایە خاکەناسی باخچەکەی کە لە پشووەکان کاری پێ دەکرد، خاکەناسێکی لە ملی کابرا دا، دەوی خاکەناسەکە خۆڵی پێوەبوو، نانەواکە هاتە پێش چاوی چۆن خۆڵەکە چووە ناو ملی کابرا و پاشان سەیری کرد کە چۆن خوێن لە ملی فیچقە دەدا و دەڕژێتە سەر مافوورەکەی پێش دەرگا و تابلۆیەکی سەیر دەنەخشێنێت. مافوورەکە گرانبەهایە، ژنەکەی گوتی زۆر جوان و باشە، ئەویش شەرمی کرد لە پێش فرۆشیارەکە باسی پارە لەگەڵ ژنەکەی بکات، بۆیە ڕازی بوو بیکڕن. ژنەکەی گاڵتەی لەگەڵ فرۆشیارەکە دەکرد، دەیگوت هاتنەژوورەوە نا، چوونە ژوورەوە ڕاستە بۆ ئەو تابلۆیە، نانەواکە خۆی بە گەمژە هاتە بەرچاو. ئێستا فرۆشیارەکە لە پێشی کەوتووە و لا ملێکی لێبووەتەوە، دوای ماوەیەک چیتر خوێنی لێنەهات، نانەواکە هەستی کرد ئێستا فرۆشیارەکە بەتاڵ بووە لە خوێن، ئەوەشی پێ مردنێکی سەیر بوو.

داواکاری گشتی گوتی هەڵەیەکی کوشندە

ڕوویداوە، چونکە ئەو پیاوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو ژنە نەبووە، تەنیا هاتووە ژووری نووستنی بۆ پێواوە، دادگای دەروونی ڕوونی کردەوە نانەواکە نەخۆشی دەروونی هەیە و کۆمەڵێک زاراوەی تەندروستی بەکارهێنا، کە نانەواکە تێیان نەدەگەیشت. ئەوە دەمێکە ڕوویداوە و نانەواکە هەر لە بیری نەماوە، کاتێ کڕیاری نەدەبوو لەگەڵ خاوەن کوشکی ڕۆژنامەفرۆشەکە دادەنیشت، چەند کورسییەکی داری هەبوو لەسەر شۆستەکە دایدەنا، کەسێکی کەمدوو بوو، ناوە ناوە ڕەخنەی لە خۆی دەگرت، کە ئەو ماستەری لە بواری شیرنەمەنییەوە هەیە، بیری ئیشی پێشووی دەکرد، بەڵام ئەوەشی پێ خراپ نەبوو بۆ خۆ دەربازکردن لەو ماوەیەدا، خاوەن کوشکەکە سەری بۆ دەهەژاند و هیچ پرسیاری نەدەکرد، ئەویش نەیدەتوانی باسی نۆ ساڵ زیندانیی خۆی بۆ بکات، نەیدەتوانی ڕۆژە سەختەکانی چاوەڕوانی و تەنیایی خۆی بۆ باس بکات.

هەموو بەیانییەک نانەواکە لە نێو زەرفێکی کاغەز سەموونی دەگەیاندە بەردەرگەی ماڵەکان، کڕیارەکان هێشتا لە خەو هەڵنەستابوون، دوو کاتژمێری پێویست بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە، چونکە نانەواخانەکە داهاتی ئەوەندە نەبوو، دەبووا ئەو کارەش بکات.

ئەگەر لە خانووێک کڕیارێکی هەبووایە، ڕۆژی دواتر کڕیاری تازە داوایان دەکرد، چونکە بۆنی سەموونەکان زۆر خۆش بوون کاتێ لەنێو مەمەڕەکان دایدەنان.

خانووێک، کە ئەو هەشت کڕیاری تێدا هەبوو، کەوتووبووە سەنتەری سەڤیگنی پلاتس. کلیلی دەرگا سەرەکییەکەی لابوو، هەموو بەیانییەک بە ئەسانسۆرەکە تا کۆتایی سەردەکەوت و بە پەیژەکان دەهاتە خوارەوە، زەرفە کاغەزەکانی بەدەستەوە بوو، لە نهۆمی دووەم ژنێکی یابانی دەژیا، پرچ و چاوی ڕەش بوون، زۆر لاواز بوو، نانەواکە دەیبینی کاتێک لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیک دەگەڕایەوە، جانتایەکی بچووکی کەمانەکەی بە ملییەوە بوو، لێوەکانی سوورێکی تۆخ بوو، ئەو کاتانەی نانەواکە لەبەردەم دووکانەکەی دادەنیشت، ژنە سەری بۆ نەوی دەکرد، یان بە زەردەخەنەوە ڕۆژێکی خۆشی بۆ دەخواست. هەفتەی جارێک دەهاتە نانەواخانەکە و پارەی دەدا، هی ئەو ڕۆژانەی سەموونی بۆ هاتبوو، کەمێک دەربارەی خوێندنی موزیک، یان مانگرتنی میترۆ، یان ئاو و هەوا قسەیان دەکرد، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی نازناوی ژنە دەرببڕێت، دەبوا بە ساکورا ناوی بێنێت، ژنە وای گوت. ناوی خۆی ئاسانتر بوو بۆ ئەڵمانەکان. نانەواکە عاشقی بوو.

بیری دەکردەوە چۆن پێی بڵێت، پاشان بیرۆکەیەکی بۆ هات کە دەبێ چی بکات. خۆی وەستای شیرنەمەنی بوو، هەر خۆشی نرخی بۆ دادەنا، ڕۆژی دواتر دەستی پێکرد، مەتبەخەکەی پاک کردەوە و ئامادەی کرد، دەبوا کێکەکەی پێنج قات بێت، هەروەها وەکو کێکی ئاسایی نەبێت، کە لە هەموو شوێنێک بکڕدرێت، بە درووستکردنی ستوونەکە دەستی پێکرد، بە شەکری تۆز و سپێنەی هێلکە و لیمۆ و ئاوی گوڵ، ناوەوەی کێکەکە شوکولاتەی شل، هەفتەیەک خەریکی دروستکردنی تێکەڵەیەکی شوکولاتەکە بوو، چەندین ڕەنگی لە لیکۆری جۆراوجۆر بەکارهێنا. کێکەکە ئەوەندە ناسک بوو، ناوەوەی دیار بوو. نانەواکە هەر پێنج قاتی کێکەکە (تۆرتە)ی ڕەنگ و شیرینییەکەیان جیا بوو، لە خوارەوە بۆ سەرەوە: گێلاسی ترش، کشمیش، گێلاس، پرتەقاڵ، لالنگی، هەر چینێک لە چوار کێکی گەورە و یەکێکی بچووک پێکهاتبوو. بە جوانی داینابوو، لە سەرەوە وەکو گوڵ خۆی دەنواند. کارێکی درێژخایەن و سەخت بوو، زۆر هیلاک بوو تا تەواوی کرد. شەوەکەی لەبەر ماندوویەتی خەوی خۆش نەبوو، بەیانی کە کێکەکەی لەنێو سندووقێکی دارین لەگەڵ چەقۆی نانەواخانە و چەنگاڵی تایبەت پێچایەوە، کاتێک زەنگی دەرگای ساکورای لێدا، هەناسەی تەنگ بووبوو، نەیدەزانی کە دەرگاکەی کردەوە چی پێ بڵێت. ئەو پیاوەی دەرگاکەی کردەوە، تەنیا دەرپێیەکی کورتی لەبەر دابوو، سنگ بە موو و ملوانکەیەکی زێڕ پڵێنگێکی پێوە هەڵواسرابوو، لە مل دابوو. پیاوەکە خۆی بە دەسکی دەرگاکە گرتبوو، پرسیاری لە نانەواکە کرد، چیت دەوێت؟ لەبن دەستییەوەڕا نانەواکە سەیری شوقەکەی کرد، تەنیا ژوورێک بوو، هەروەها گوێی لە شوڕەشوڕی دووشی حەمامەکە بوو. نانەواکە چاوی لەسەر پڵێنگەکەی سەر سنگی پیاوەکە بوو، چاوە بچووکەکانی پڵێنگەکەی دەبینی، سکی بە پڵێنگەکە سووتا کە بەم ملوانکەیە بۆ هەتا هەتایە هەڵواسراوە. لە زیندان



پێیان گوتبوو که هیچ شتێک ناگۆڕدرێت، بۆیە نانەواکە دەبووا بیر بکاتەوە.
نانەواکە سندووقی کێکەکەی بردە خوارەوە و لەسەر کورسییە بەردینەکەی حەوشەکەی دانا. قەپاغی سندووقەکەی کردەوە، کێکەکە زۆر جوان بوو لەژێر تیشکی خۆری زستانە ڕەنگی پرتەقاڵی و سووری تۆخ دەبریسکانەوە. ماوەیەک لێی ڕوانی، پاشان پەنجەیەکی بەسەرەکەیدا هێنا، تامی زۆر خۆش بوو، ئەوە باشترین کێکە کە من دروستم کردبێت، نانەواکە وای گوت.
پارچەیەکی خوارد، پارچەیەکی دیکەیش، دوو کاتژمێر لەسەر ئەو کورسییە دانیشت، لە کۆتاییدا هەموو کێکەکەی خوارد و ئەو پلێتەی کێکەکەی لەسەر ڕاگیرکرابوو ئەویشی لێستەوە، چەقۆ و چەنگاڵی هەڵگرت و سندووقەکەی فڕێدا ناو زبڵدان.
دوای نیوەڕۆ لەبەردەم دووکانەکەی، خاوەن کوشکەکەی دراوسێی بینی. نانەواکە بەروانکە سپییەکەی لەبەر نەبوو، بەڵکوو قەمسەڵەیەک و ملپێچێکی سوور، دووکانەکەی داخرابوو، سەر کورسییە دارینەکانیش زۆر سارد بوو. نانەواکە دوو گڵاسی لەسەر سنییەک هێنا و لەسەر کورسییەکەی ناوەڕاستی خۆیانی دانا، سنییەکە دەلەرزی، قاوەکە دەرژایە ناو ژێر پیاڵەکە، نانەواکە دانیشتەوە، دەستەکانی لە چۆکی گیرکرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاشان پێکەنی.

ئەوە دوا قاوەیە، ئاوای گوت، دووکان و سەیارە و ناوماڵیشم دەفرۆشم.
ئەدی بە نیازی چیت؟ خاوەن کوشکەکە پرسی.
دەچمە یابان، نانەواکە گوتی، کەمێک وەستا و سەیری کاردانەوەی خاوەن کوشکەکەی کرد، دەچمە تۆکیۆ لەوێ دووکانی شیرنەمەنی دادەنێم، سی و پێنج ملیۆن مرۆڤی لێیە. دەزانی یابانییەکان زۆر حەزیان لەو جۆرە کێکەیە (تۆرتە) لە ڕۆژنامە خوێندوومەتەوە، بەتایبەتی کێکی بە گێلاسی ناوچەی دارستانی ڕەش، منیش دەتوانم کێکی زۆرباشی دارستانی ڕەش دروووست بکەم.
بێگومان زۆرباش دەبێت، خاوەن کوشکەکە گوتی.
ئەوانەی دارستانی ڕەش زیاتر پەیوەندی بە جۆری گێلاسەکە هەیە، دەبێت گێلاسی باش لەگەڵ خۆم ببەم، دەبێت میوەکانیشت باشبن، نابێت ڕەزیلی بکەیت، ئەوە نهێنی کارەکەیە.
قاوەکانیان خواردەوە، کە لۆگۆی کۆمپانیاکەی لەسەر بوو. دەبێت لەوێ سەردانم بکەیت، تەلەفۆنت بۆ دەکەم، ئەگەر کارەکەم بە باشی بەڕێوەچوو ئەوجا وەرە.
خاوەن کوشکەکە سەری بۆ جوولاند. نانەواکە دەستەکانی بە پانتۆڵەکەی سڕییەوە. ژنی یابانی حەزیان لە پیاوی قەڵەوە، بە هێواشی ئەمەی گوت و چیدی سەیری خاوەن کوشکەکەی نەکرد، سومۆ ڕینگە لەوێ وەکو پۆپ ستارە، لەوانەیە پاشان کوڕەکەشم بێتە یابان، تێدەگەیت، ئەگەر بە خۆی بتوانێت بڕیار بدات.
شەو کاتێک نانەواکە لەسەر جێگەکەی ڕاکشا، بیری لە ساکورا کردەوە، دوای ئەوەی خەوی لێکەوت، خەونی بەوە بینی کە یابانییەکان کێکی بە گێلاسی دارستانی ڕەش دەخۆن، کە بە خەبەرهاتەوە، چیدی بیری لە ساکورا نەکرەوە.
ملوانکەکەی کە پڵینگی پێوە هەڵواسرابوو هەڵگرت، هەمووی خوێن و پێست بوو، جوان جوان شووشتییەوە و ماوەیەک سەیری کرد، هەموو شتەکانی لێ تێکەڵاو بووبوو، بەڵام نەیدەزانی ئەو بیرکردنەوەیە چییە.. چاوەکانی داخست و لە پەنجەرە کراوەکەوە گوێی لە بارینی تەزرە بوو.

**سەرچاوە:**
Ferdinand Von Schirach
Carl Tohrberg

# داگیرسان...کوژانەوە

بۆژ هەڵەبجەیی

(١)
درەخت ئاوەدانی باخچەیە
ئەمە چلێکە لەداگیرسان..
بەرد چاو دائەگرێ لەتەنهایی،
ئەمە کوژانەوەیەکە،
لەڕۆحمان!!
(٢)
خەیاڵێک دائەگیرسێ،
لەگوڵەگەنمێکدا خەونی
برسییەکان...
خەیاڵێک دەکوژێتەوە،
گوڵاڵەسورەیەک نەخۆش
بەقاچی ڕەشەبا!
(٣)
منالێک دائەگیرسێ بە،
بەرز بوونی باڵای...
پیرێک دەکوژێتەوە،
بە دەست هەڵبڕینی مردن!
(٤)
باڵندەیەک قریوە دەپۆشێ،
ئاسمان بەدەستەسڕی،
شین دائەگیرسێ..
باڵندەیەک بەترسێک دەکوژێتەوە،
ئاسمان بەهەور دەپژمێ!
(٥)
(با) لەئینجانەدا هەناسە ئەدا،
ئەمە داگیرسانی گوڵێک..
(با) لەتابووتێکدا ڕادەکشێ،
ئەمە کوژانەوەی ئینسان!
(٦)
شتێک دائەگیرسێ،
لەپشت سەری ئینجانەی گوڵەکانەوە،
چیمەنێکی باریک قاقا دەکێشێ!!
(٧)
لەخوار قاچی جۆگەلە لێڵەکانەوە،
ڕووبارێک لەڕوونیا خۆی دەشوا
دواتر دائەگیرسێ بەدەریا!
(٨)
لەناو تارکییەکی مەستەوە،
پێڵاوێکی ڕووناک سەفەر لەبەر دەکا
دواتر دائەگیرسێ بە هەڵکردنی ڕێگا!
(٩)
حەقیقەتێک دەگری،
عیشقێک درزی تێدەکەوێ،
کچێک تەنیایی پێدەکا!
(١٠)
وەرزی خۆشەویستی خامۆش دەبێ،
پیاوێک پێکێک شەراب هەڵئەدا،
ژنێک تاریکی لەبەر دەکا!
(١١)
شتێک ڕوو لەکوژانەوە دەکا،
چیا ناخی قوڵپ ئەدا لەگریان،
هەڵۆیەک ڕیشی بەپاییز دەشوا!
(١٢)
هەنارێک لەسوری مانگانەی دەکەوێ،
مەرگ ختوکەی ئەدا،
ئۆرگازمی چەقۆیەک دائەگیرسێ!
(١٣)
کورسییەک بۆگەن دەکا،
کوژانەوە بەردەبێتە دیکتاتۆری،
کێبڵ و قامچی دەبێتە تابوتی...
(١٤)
کوڵانێک پێدەکەنێ،
کورسی کورسی دائەگیرسێ،
بە منداڵ...
کوڵانێک گریان هەڵدەکا،
بە واژۆی مەرگ،
کوژانەوەی دایکێک!
(١٥)
ئومێد لەدەمارەکانما چەکەرە دەکا
خەون خاڵ خاڵ دائەگیرسێ..
ئومێد لەقەفەسی سینەمدا دەنوێ،
کوژانەوەی خەون کەم کەم دائەبەزێ!



# ژنێکی شاعیر



بەناز کاوێس ئاغا


ئێوارەیەکی ئارام و گەرمی سیپتێمبەر بوو
لەبیرم نییە چەند کەس لە شەقامەکە بوون
لەبیرم نییە من دەستم بە قسە کرد، یان تۆ
لەبیرمە کە دەستت گرتم
بازنەکەم پچڕاو مرواریەکان پرژانە سەر زەوی
تۆ لە هەوڵی کۆ کردنەوەی بازنەکەم
بیرت چوو
تنۆک تنۆکی حەزەکانی دڵم کۆ کەیتەوە..
چی لەم هەموو کولیلکەی
ژێر چەتری ئەم شەقامە بکەم
کە نەتوانم لە ئێوارەیەکی درەنگدا
باوەشێکت پیا بکەم..
چی لە کاتژمێری ناوەراستی شار بکەم
کە لە ساتە خۆشەکاندا
چرکەکانی خەونێکمان دەدزێت..
هەوڵ دەدەم بێدەنگ بم
تا بەبێ وشە قسەت لەگەل بکەم
بەبێ وەستان وەکو ڕووبار
لەناو هەریمی دڵت ڕا بکەم..
لە شەوێکی ڕەش و سپیدا خەونم پێتەوە دی
لەسەر مێزێکی مەڕ مەڕ لەژێر تریفەی خۆی
مانگ یادەوەریەکانی دەنووسییەوە
گوڵدانێک و فنجانێک قاوەی لەلا بوو
ناوی تۆ لەسەر گوڵەکان بەجێما و
چیرۆکی منیش لەناو فنجانی قاوەکە..
هەرکە لە ژوورەکەم وەنەوزێک دەدەم
شیعرێکی شێواو دەنوسم
لەم ژووره پێکەکان نیوە بەتاڵن
قسەکان دووبارەن
ئاوێنەش بەدەیان جار بەجێی هێشتوین

تۆ لە هەتاو لە دایکبووی
من لە ئاگر..
ئێستا تێدەگەم بۆ ئاگر لەناو ڕووناکی ون نابێت
قەت بیستوتە شاعیرێک
دیلی ناو خاڵی وشەکانی خۆی بێت؟
قەت بیستوتە مۆم گلەیی لە بڵێسە بکات
چونکە کزەی سوتان، ناو ڕۆحی ئازار دەدات
کە لەگەڵ فرمێسکەکانت گەورە دەبی
ئیتر گۆناکان جێ دەهێڵن و
تیکەڵی ناو دەمارەکان دەبن..
ئێمە نەوەی سەردەمی جەنگی عەرشین
ئەوکاتەی کۆلارەکانمان
پێشبڕکێیان لەگەڵ فڕۆکەی دوژمن دەکرد
تاوانی چارەنووس نییە
کە فریشتەی پاسەوان دەبێتە بکوژ
ئەوە عاشقەکانی نیشتمانن
لە تەنیشت گۆڕەکانیان لە دایک دەبن..
ئەبێ ڕەشەبا بەرەو کوێمان ببات؟
ڕەنگە بۆ ڕێگایەک کە دوو دڵ و هیلاکە
یان بۆ جێگایەک چۆڵە وەک گۆڕستان
یان شەقامێک کە پاشماوەی شارێکی وێرانە..
دەرگا داخراوەکانی ڕابردوو مەکەرەوە
با نەبینە ڕیکلامی سەرشەقامەکان
بێ ئامانج بێین و بڕۆین
وەکو یادەکانی نیشتمان
تەنیا لە بۆنەکاندا عیشقی منت بیر دەکەوێتەوە
تەنیایی بە دوامانداا دەگەڕێ
تکایە مەهێڵە بماندۆزێتەوە
بەخت عاشقی هەموو کەسێک نابێ
کە دڵی ژنێکی شاعیر دەشکێنی
ئەبێ بزانی بۆ تۆڵە سەندنەوە
بە وشەکانی هەزاران پیلانت بۆ دادەنێ
دەتکا بە مانشێتی تاوانبارەکان
بە پاڵەوانی شیعر
دەتخانە ناو زیندانی پیتەکان
ناو کەوانەی حاشیەکان
ئەوەندە دەتنوسێتەوە
تا لەناو شیعرەکانی دەبیت بە مەرەکەب
بۆیە ئاگادار بە
هەرگیز دڵی شاعیرێک نەشکێنی کە ژنە.

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **٢٩ی ئادار بۆ ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٠ بڵاوبونەوەی پەتا گوازراوەکان لە کوردستاندا (لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتە گشتییەکانی تەندروستی ئەمەریکادا)**

موحەممەد گەڵاڵەیی



### ٢٩ی ئادار بۆ ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٠

# بڵاوبونەوەی پەتا گوازراوەکان لە کوردستاندا

## لەژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتە گشتییەکانی تەندروستی ئەمەریکادا



محەممەد کەلالەیی*

**پێشەکی**

لە دەیەی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کوردستان شوێنگەیەکی گەورەی لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا بە ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و قاجاری پەیداکردبوو. بۆیە لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا، پەیتا پەیتا نێردەکانی ئەمەریکی (مسیۆنێرەکان-موژدەبەخشە مەسیحیەکان) هاتنە نێو ژیانی جڤاکی کوردی، سەرئەنجام دەستیان بە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سەر خاکی کوردستان کرد، نێردە ئەمەریکییەکان شێوازی کارکردنیان دابەشی سەر دوو شێوەی کارکردن کردبو.

**یەکەمیان:** نێردەی مسیۆنێرەکانی ئاینی مەسیحی.

**دووەمیان:** نێردەی دیپلۆماتی، کە ئەرکی سەرەکییان پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری، ئاینیەکانی دەوڵەتە فراژبووەکەیان بوو لە هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاری دا.

نێردەی دیپلۆماتی ئەمەریکی وەکو هەموو نێردە دیپلۆماتییەکانی وڵاتانی ئەوروپی، یاخود وەکوو کارێکی ڕۆتینی نێردە دیپلۆماتییەکان یەکێ لە کارە سەرەکییەکانیان کۆکردنەوەی زانیاری هەمەچەشن بوو لەسەر بارودۆخی جڤاکی هەر دوو ئیمپراتۆریەتەکە، ناوەندە دیپلۆماتییەکانی ئەمەریکی لە شارەکانی عوسمانی بەبەردەوامی ڕاپۆرتیان بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بەرزکردۆتەوە لەسەر بارودۆخی تەندروستی؛ بۆیە بەشێکی زۆری ئەو ڕاپۆرتانە لە گۆڤاری تەندروستی گشتی ئەمەریکی بڵاوبونەتەوە (Public Health Reports) زۆرینەی زانیارییەکان لە شارەکانی ئیستانبوڵ و بەغداد بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا گەیێندراون، ئەوانیش وەکو زانیارییەکی میدیایی بەو گۆڤارەیان داوە کە لەماوەی ساڵانی (١٨٩٦-١٩٧٠) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەرچوێندراوە و تایبەت بووە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گوتاری زانستی دەربارەی بارودۆخی تەندروستی لەسەرانسەری جیهاندا، بەتایبەتی گرنگییەکی زۆریان داوە بە هەواڵ و ڕەوشی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا گوازراوەکانیان لە جڤاکی جیهانیدا.

**یەکەم: بڵاوبوونەوەی پەتای چاوقوڵکە (تاعون) لە کوردستان:**

**بڵاوبونەوەی تاعون؛** هەروەها چاوقوڵکێشی پێ دەڵێن، لەسەدەکانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەربڵاو لە کوردستان بڵاوبۆتەوە، بۆتە هۆکاری گیان لەدەستدانی هەزاران کەس لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە ئامارێکی وردمان لەو بارەیەوە نییە کە ژمارەی مردووانی کورد کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو پەتا مرۆڤکوژە بۆ توێژینگەی کوردی دیاری بکات، بەهەرحاڵ نێردراوانی ئەمەریکا لەم بوارەدا دەستەوەستان نەبوونە، وەکوو لە ڕاپۆرتێکی سپاریدیان.سی. زاڤیتیزیانۆ (.Spiridion C Zavitiziano) لە ٢٩ی ئاداری ١٩٠٠ دا لە ژێر ناوونیشانی (تاعونی غودەیی [١] لە کوردستانی فارس)دا لە ئیستانبوڵ بە ژمارە (٢٤٢) بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای ناردووە، تێیدا نووسیویەتی: شەرەفمەندم کە پێتانڕابگەیێنم کە دوێنێ پاش نیوەڕۆ سەرۆکی دێر و کۆمیسیۆن و نێردراوەکە لە بانگهێشتنامەیەکدا کە هەڵاوێردی بۆ یەکتر دیتنەکە کردبوو پەیوەست بەنەمانی تاعون و ڕشانەوە لە جوانرۆ (Djvianro) لە کوردستانی فارس، ئەمە و سەنتەری پزیشکان لە

بەغداد هەواڵی زۆر بەکاریگەر ڕایدەگەیەنن، کە لە نووسراوێکدا کە بە زمانی فەڕەنسی نووسراوە شەرەفمەندم کە وێنەیەکی بۆ وەزارەت (مەبەستی وەزارەتـــی دەرەوەی وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە) بنێرم، جوانرۆ دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی دالاهــۆ (Dallaho)[٢] و سالاهۆ(Sallaho)[٣] شەش هەزار پێ لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزترە، لە سەر هێڵی سنووری تورکیا و فارس دایە. لەوێ چوار هۆز هەن و هەندێک جار هەندێکیان دوژمنی یەکترین، وەکو هۆزەکان خۆیان دەڵێن، یەکێکیان لە جوانرۆیە کە هەورامانە (Avraman)[٤] کە لە باکووری دوایین شوێنە دەژین کە باسمانکرد، هەروەها پـرۆڤـانـسـەر-ڕەوانـسـەر(Provansir)[٥] لە خۆرهەڵاتەکەی دەژین، هەروەها گوڵعەنبەر لە خۆرئاواکەی دەژین، هەروەک هۆزەکان دەڵێن: سەربەخۆن و ژیانێکی مامناوەندییان هەیە کە نزیکەی پەنجا گوندێک دەبن و بەتایبەتی لە وەرزی زستان دەمێننەوە، بەڵام هەر زووبەزوو لەگەڵ هاتنی بەهار ئەوان گوندەکانیان بەرەو چۆڵبوون دەچن و دەڕۆن بۆ سەر چیاکان و لە ژێر ڕەشماڵە ڕەشەکانی نێو چیاکاندا بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و مانگا، یان چاندنی برنج ژیانیان دەگوزەرێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕایبگەێنم کە لە کوردستان و میسۆپۆتامیادا تاعونی غـودە بریتییە؛ لە نەخۆشییەکی درێژ خایەن و بڵاو وەکو نەخۆشیە درمییەکان، ئێستا بەرەو لەناوچوونە، هەروەها ئەو پاشماوەی ماوە لەم نەخۆشییە درمییە لە چوارچێوەی سنووری پارێزگاکان دایە، وەکوو وڵاتی چین و هیندستان نییە کە تاعون ناوچە بە ناوچە بڵاوبێتەوە، دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا ڕاهاتوون! ئەوان بەشێوەیەکی پراکتیکی سوودەکانی کەرەنتینەی

**ئەو جلخوارانە ویستویانە کوردستان سەربەخۆ نەبێت و هەر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بمێنێتەوە بەسەرکردایەتی حزبی ئیتحاد و تەڕەقی تورکەکان**

تەندروستی دەزانن. پێش هەمو شتێک لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەم نەخۆشی گوازراوە هەمو دانیشتوانە ساغەکە، یان هەموو ئەو کەسانەی ساغن و نیشتەجێن بۆ چیاکان ڕادەکەن! تەنیا نەخۆشەکان لە گوندەکان دەمێننەوە، کە لەلایەن یەکێ لە کەرەنتینیەکی تەندروستی، یان لە چوارچێوەکەی و سنوورەکەیدا دەورە دراوە، بەو هیوایەی بەر لە بڵاوبوونەوەی تاعونی غودە لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی بگرن، ئەم بیرۆکەیە لە هیندستان نەهێنراوە، ئەگەر ئەمە لە هیندستان هێنرابووایە زۆر مەترسیدار دەبوو، لەوانەیە ئەم خەڵکانەی لەو شوێنەی دیاریکراوە دروست نەبووایە هەر لە سەرووی ئەمانە بۆ بیرهێنانەوە هۆزە سەربەخۆکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حکومەتەکانی فارس، یان تورک هیچ دەسەڵاتیکیان بەسەر ئەواندا نییە.

سەرۆکی کۆمیسیۆنی تەندروستی بڕیاری ئەوەی داوە کە بنکەیەکی تەندروستی لەسەر هێڵی سنووری وڵاتی فارس- تورک دابمەزرێنێت، هەندێک لە نۆژدارەکانی تەندروستی بەرەو ئەو شوێنە دیاریکراوە بنێردرێن، لەنێو ئەو پزیشکانەی کە دانراون بنێردرێن لەوانە سەنتەری پزیشکی بەغداد و خانەقینن(Haneqain)[٦].

لەم ڕاپۆرتەدا بەدیار دەکەوێت کە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی پەتای تاعون، وەکوو پەتایەکی قڕکەری مرۆڤەکان شێوازی ڕووبەرووبونەوەی لە وڵاتانی چین و هیندستان پێشکەوتووتر بووە، کە دەرئەنجامێکی تەندروستی-مرۆیی بۆ خزمەتی گشتی لێکەوتۆتەوە و کەمترین کەس تووشی پەتای تاعون هاتوون و مردوون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بیر لەناوچە سنوورییەکان کراوەتەوە، کە سەنتەری پشکنینی تەندروستی تێیدا بکرێتەوە بەتایبەتیش لە شوێنێکی وەکو خانەقین کە خاڵی سنووری نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاری بووە، چونکە لەو خاڵە سنوورییە زیارەتکارانی شیعە مەزهەب بۆ ناوچەکانی بەغداد و کەربەلا و نەجەفی بۆ مەبەستی زیارەتکردن و مانەوە لە شوێنە ئایینەکانی ئەم ناوچانەی ئاماژەمان پێکردوون ساڵانە دووبارە بۆتەوە، ئەمەیش ئەو ئەنجامە دەخاتەڕوو کە هەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاری دەستەوەستان بوونە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاووڵاتەکانیان.

ڕاپۆرتی ژمارە (٢٤٤)ی سەنتەری تەندروستی لە ئیستانبوڵ کۆمەڵێک هەواڵ و ڕاپۆرتی لەسەر

**“ ناوەندە دیپلۆماتییەکانی ئەمەریکی لە شارەکانی عوسمانی بەبەردەوامی راپۆرتیان بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بەرزکردۆتەوە لەسەر بارودۆخی تەندروستی؛ بۆیە بەشێکی زۆری ئەو راپۆرتانە لە گۆڤاری تەندروستی گشتی ئەمەریکی بڵاوبونەتەوە ”**

ڕەوشی تەندروستی ناوچە جیاجیاکانی عوسمانی و قاجاری نووسیوە، بەتایبەتی لەماوەی مانگی نیسانی ١٩٠٠ دا لەسەر ناوچە سنوورییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تێپەڕاندوە، بەڵکوو لەودیو سنووری کوردستانی سەردەمی عوسمانی بۆ کوردستانی سەردەمی قاجاری (ئێرانی ئێستا) پەڕیوەتەوە، زۆر بەوردی باسی بارودۆخی تەندروستی ناوچەکانی کرماشان، جوانڕۆ و هەورامان دەکات. بۆیە لە ڕۆژی ١٣ی نیسانی ١٩٠٠ دا، دکتۆر تاچدیجیان ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی تەندروستی کرماشان دەنووسێت و باس لە نەبوونی دڵنیایی تەندروستی و ڕێگرینەکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە ناوچەی ئاماژەپێکراو دەکات، هەروەها ڕەوشی تەندروستی ناوچەکانی جوانڕۆ و هەورامانیش دێنێتە بەرباس و هەتا دەگاتە ناوچەی گوڵعەنبەر(خورماڵ) و دەنووسێت:

لە لالسنات (Lalsnat) دەستمان بەکارکردووە، چووینە نێو ئەو ماڵانەی کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگری نەکرابوو لە بڵابوونەوەی نەخۆشی، کاربەدەستانی ئەویٚ ئەمەیان ڕەتکردەوە هەر لەیەکەمین سەردانماندا، پێش ئەوەی نۆژداران سەردانی کرماشان بکەن، دانیشتوانی مالاڤۆنرا (Malavonra) کە لە ژێر ڕەشماڵەکاندا نیشتەجێن، گواستنەوە و شوێنگۆڕینیان بۆ هەر مەبەستێک بێت ڕێگەپێدراو نییە، دوایین قوربانی (لەویٚ) چل و دوو ڕۆژ پێش ئێستا بووە، واتە لە ١٣ی نیسانی ١٩٠٠ لە مارۆڵ (Marual)[٧] دوو کەس مردبوون کە لە لالسنات پێمان گەیشت، پەیوەندیکردن بەتەواوی قەدەغەکراوە، ئەم گۆشەگیرکردنە بەو پوختی و تەواوییە باوە بەومەترسی دوورمەودابیە ناکرێت کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکردن و بەدواداچوون بڵاوبۆتەوە لە گوندەکانی کوردستان (Village Kurdish) و (جوانڕۆ-Cavallario)[٨] بۆ ناوچەی گوڵعەنبەر(Gullamber)[٩] لە چوار ڕۆژی ڕابردوودا، ئێمە لە چاوەڕوانی کاربەدەستانی کرماشان داین[١٠].

لە خوێندنەوەی ئەم زانیاریانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە مەترسیدارەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی قاجاری بۆ عوسمانی بەدرێژایی سنووری نێوانیان ڕێگری لێنەکراوە، هەروەها لەناوچەکانی کرماشان و دەوروبەری خزمەتگوزاری تەندروستیان دابین نەکردووە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر

> “
> لەم ڕاپۆرتەدا بەدیار دەکەوێت کە شێوازی بەرەنگار بوونەوەی پەتای تاعون، وەکو پەتایەکی قرکەری مرۆڤەکان شێوازی ڕووبەڕوو بونەوەی لە وڵاتانی چین و هیندستان پێشکەوتووتر بووە
> ”

> نامەکان لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٠٠ لە بەغدادەوە بە زانیاری جیاواز بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نێردراون، کە تێیدا بەڕوونی باس لە بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون لە کوردستان لە ڕۆژانی ٥ تا ٢٣ی نیسانی ١٩٠٠ دەکات

دواکەوتوویی سیستەمی تەندروستی ئێرانی بەجیاوازیش لەگەڵ شارە گەورەکانی ئەوکاتی ئێراندا، هەروەها ئەو وڵاتانەی ئەوروپی کە لەو شوێنانەدا ئامادەییان هەبووە، بەتایبەتی بەریتانیا و ڕووسیا، لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا دوو وێنەمان بۆ دەگوازنەوە.

**یەکەمیان:** بەشێک لە دانیشتوانی ئەم ناوچانەی کوردنشین، هەر لە ژێر ڕەشماڵ و چادرەکاندا ژیانیان بەسەربردووە و نەچوونەتە ناو قۆناغی نیشتەجێبوونی هەمیشەییەوە و بەتەواوی ئەو پرۆسەیە لە کوردستان دەستی پێنەکردووە، یان جێکەوت نەبووە.

**دووەمیان:** بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە مەترسیدارەکان، بەتایبەتی نەخۆشییە گوازراوەکان و درمیەکان بۆ ناوچەکانی دەوروبەری کرماشان وەکو جوانڕۆ و لەوێشەوە بۆ قەزای گوڵعەنبەر (خورماڵ) لە سەنجەقی سلێمانی لە ویلایەتی موصڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەوکاتدا، کە دووری نێوانیان ماوەی چوار ڕۆژە ڕیٚ بووە. نۆژدارەکە بەسەرسوورمانەوە و باوەڕنەبوونی لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتاکە پیشاندەدات، کە بڵاوبوونەوەکە گەیشتۆتە سنوورەکانی عوسمانی و پەڕیوەتەوە بۆ شوێنی دوورتر.

**سێیەمیان:** دەسەڵاتدارییەتی ناوەندی قاجاری لە ناوچەی کرماشان و بەتایبەتی لالسنات بەهێزبووە، ڕێگەی نەداوە هۆزەکانی ژێر ڕەشماڵ، یان ڕەشماڵ نشینەکان ماڵەکانی خۆیان

بۆ ناوچەیەکی دی بگوێزنەوە لە ترسی گوێزانەوە و بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون، بەڵام مەرجیش نییە لەبەر بڵاونەبوونەوەی پەتای تاعون بێت، بەڵکوو بۆ پیشاندان و سەپاندنی دەسەڵاتی ڕەهای قاجاری بەسەر هۆز و خەڵکی کوردی دانیشتووی سەر سنوورەکان بێت، کە ناوچە سنوورییەکان بەبەردەوامی خاڵی هەستیار بوونە لە پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و صەفەوی و قاجاری دا.

دوو ڕۆژ دواتر دکتۆر تاچیدجیان باس لە کۆمەڵێک ژمارەی مردن لەناوچەکانی جوانرۆ و گوندەکانی تۆمارکراون دەکات، کە لە ڕۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٠٠دا دەنووسێت: بەچاوی خۆم بینیم کە نۆژداریان بۆ ئەو شوێنانە نارد کە ڕەزامەند نەبووم بۆ ناوەوەی شارۆچکەی جوانرۆ و گوندەکانی ئەڵای ئاباد(Allayabad)[١١] کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ١١٥ کەسە، ٥٢ کەسی نەخۆشی هەبوون، ٢٧ کەسیان مردوون، هەروەها سەفی ئاباد (Sefiabad)[١٢] دانیشتوانەکەی ٢٠٠ کەس بوون، ٨ کەسیان مردوون، هەروەها گوندی هەرکەڵا یان هەر قەڵا (Harkalla)[١٣] دانیشتوانەکەی ٥٠ کەسە، ٤ کەسیان مردوون. بۆیە دوو کەس سەردانی تاقیگەیان کرد و گەڕانەوە مەسکین ئاباد (Meskinabad)[١٤] خۆیان و دایکیان لەماوەی شەش ڕۆژدا گیانیان سپارد، لە ئەڵای ئابادیش سێ منداڵ بە دەرمان چارەسەرکران هەر یەکێکیان دەستیان بە بووژانەوە و چاکبوونەوە کرد، دوای سێ ڕۆژ دوای ئەوەی پارێزگاری سنە (Governor of Sinah)[١٥] ڕای سپاردم کە زۆر توندوتیژ بم بەرانبەر ئەو گوندانەی کە گۆشەگیر و داخراو و پیس و پۆخڵن[١٦].

بەپێی زانیارییەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتە بێت پەتای چاوقوڵکە (تاعون) و دومبلی بەخێرایی بڵاوبۆتەوە و پەتاکە زیانێکی زۆری هەبووە، بۆیە لە ڕۆژی ١٣ی نیسانی ١٩٠٠ دا دکتۆر تاچدجیان پێشبینی بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایەی کردبوو، بەڵێ قسەکەی بەڕاست گەڕاوە و لە سنووری ناوچەکانی جوانرۆ و گوڵعەنبەر (خورماڵ) و ناوچەکانی دەوروبەرییان، بەتایبەتی لەوکاتیدا کە حاکمی سنە زۆر ناکارا بووە، لە چارەسەرکردنی پەتا و نەخۆشییە درمییەکان، کە لەناوچەکانی ئاماژەپێکراو بڵاوبوونەتەوە، بۆیە نۆژدارەکانی ڕاسپاردبوو کە لەگەڵ خەڵکی کورد و بەتایبەتی لە گوندەکاندا ڕەفتاری توندوتیژ بەکاربهێنن، کە دەکەونە ناو ئەو بازنەیەی کە گوندەکانیان ژینگەیەکی پاک و خاوێنیان نییە!

ئەم ڕێژە زۆرەی خەڵک، کە لە سێ گوندی ناوچەی جوانرۆ بەپەتای چاوقوڵکە مردوون بۆ ئەوکات ڕێژەیەکی بەرز بووە، بۆ نموونە: لە گوندی ئەڵای ئاباد کە تێکڕایی دانیشتوانەکەی ١١٥ کەس بووە، نزیکەی ٢٧ کەسیان مردوون، کە دەکاتە ڕێژەی لە (٢٣,٤٧٪)ی دانیشتوانی گوندی ئاماژەپێکراو. بێجگەلەوەی کەوا ڕێژەی لە ٤٥٪ دانیشتوانی گوندەکە نەخۆش بوونە، کەواتە ئەمە ڕێژەیەکی بەرزی بڵاوبوونەوەی پەتاکانی وەکو: تای زەرد و گرانەتا و ڕشانەوە(تاعون) لە ناوچەکەدا بووە. بۆیە بەبێ هیچ خۆئامادەکردنێک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو پەتایانەدا، پەتای تاعون و ڤایرۆسی دومبلی لەم ناوچانەدا بڵاوبۆتەوە.

**دووەم: بڵاوبوونەوەی تاعون لە ڕواندز تا زەرباتییە:**

هەر لەم ڕاپۆرتەدا کە بەناوونیشانی تاعون لە کوردستاندا ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە لە کوردستان دەکات، بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران زۆربەی ڕاپۆرتە پزیشکییەکان لە ژێر سەردێری (لە وڵاتی تورکیا) یان (لە وڵاتی فارسەوە-Persia) نووسراون و بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا نێردراون، بەتایبەتی بۆ بڵاوکراوەی تەندروستی ئەمەریکی کە سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم وتارە زانستییەیە.

هەر بەپێی زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە کە لە ٣١ی ئایاری ١٩٠٠ لە واشنتۆن دی سی لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا بەناوی (جۆن هەی-John Hay)[١٧] وێنەیەکی بۆ وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکی (Secretary of Treasure) ناردووە، تێیدا ئەم زانیاریانەی خوارەوەی دەق کردوە:

بەڕێزم بەشەرەفمەندییەوە دەمەوێت لە نزیکەوە پێتان ڕابگەیێنم کە پاڵپشت بە زانیارییەکانی جەنەڕاڵ سێرگی لە نەخۆشخانەی مارینای خزمەتگوزاری بەهاوپێچ لەگەڵ دوو نامەی لەبەر گیراو، کە لەلایەن جێگری کونسوڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەغداد نێردراوە، دەربارەی بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون لە کوردستان و نامەی دووەمی دەربارەی ڕێنمایی و قانوونە ڕوون و ئاشکراکانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی تەندروستی بەغداد گیراوەتەبەر نێردراوە[١٨].

“ **بڵاوبونەوەی تاعون؛ هەروەها چاوقوڵکێشی پێ دەڵێن، لەسەدەکانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەربڵاو لە کوردستان بڵاوبۆتەوە، بۆتە هۆکاری گیان لەدەستدانی هەزاران کەس لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا** ”

وادیارە نامەکان لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٠٠ لە بەغدادەوە بە زانیاری جیاواز بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا نێردراون، کە تێیدا بەڕوونی باس لە بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون لە کوردستان لە ڕۆژانی ٥ تا ٢٣ی نیسانی ١٩٠٠ دەکات، کە دەکاتە ماوەی سێ هەفتە و زانیارییەکان دەربارەی ژمارەی نەخۆش و مردووان چڕ کراوەتەوە، کە بەنامەی ژمارە (١١٤) کە لە ٢٦ی نیسانی ١٩٠٠ دا کە تێیدا نووسراوە: بەڕێزم؛ لەبەدواداچوونی بەندەدا کە بە ژمارە (١٤١) لە ١٥ی نیسانی ١٩٠٠ دا هاوپێچ کراوە، زانیاریتان پێدەدەم کە نەخۆشییەکی (درمی) لەناکاو لەسەرووی سنوورەکانی وڵاتی فارس بڵاوبۆتەوە، خۆم بەشەرەفمەند دەزانم ئەم زانیاریەشتان بۆ زیاد بکەم، بەگوێرەی ئەو تێبینیەی گشتێنراوە بە ژمارە (٢٣) لە ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٠٠ دا، دەربارەی بنکە ناوخۆییەکان بۆیە چاوقوڵکە (تاعون) لەهەشت گوندی کوردستان هاتۆتە ئاراوە (دەرکەوتووە) لە دووری دە بۆ بیست و سێ کاتژمێر لە دووری کرماشان، هەروەها لە ١٥٨ کەسدا ١٢٢ کەس مردوون[١٩].

> "نامەکان لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٠٠ لە بەغدادەوە بە زانیاری جیاواز بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا نێردراون، کە تێیدا بەڕوونی باس لە بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون لە کوردستان لە ڕۆژانی ٥ تا ٢٣ی نیسانی ١٩٠٠ دەکات"

### ئیمزا جێگری کۆنسوڵی ئەمەریکا لە بەغداد (ڕۆدۆڵف هێرنەر-Rudolph Hurner)

شایانی باسکردنە لە ٢٥ی نیسانی ١٩٠٠ دا لە ڕاپۆرتی یەکێک لە پشکێنەران و چاودێرانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە بەغداد بەناوی (سی.جۆ دام-C.Cou.Dam) دەربارەی بڵاوبوونەوەی تاعون لە کوردستاندا، ڕاپۆرتێکی داوەتە کونسوڵی ئەمەریکا کە ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان ڕواندز(Ravandooz) و زەرباتیە (Zerbatich)[٢٠] کە دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی تەندروستییەوە (مەبەستی ئەنجوومەنی ویلایەتی بەغداد-کاروباری تەندروستی) بێت. دەربارەی سنووری تورک-عوسمانی و وڵاتی فارس هاتوچۆکردنی گەشتیارانی لێ قەدەغەکراوە و داخراوە لە وڵاتی فارس (ئێران)دا، گەشتیاران تەنیا لە دوو ناوچەی سنوورییەوە دەتوانن بێنە ناو خاکی کوردستانی سەردەمی عوسمانی ئەوانیش لە پێنجوێن (Pendjauvine)[٢١] و خانەقین(Haneguine)[٢٢].

لەو شوێنانە بەشێوەیەکی قانوونییە و مەبەست لەم سنووردارکردنە ئەوەیە کە گەشتیاران کەرەنتین دەکران، هەروەها ئاماژە بە بارودۆخی گەشتیارە

> بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمییەکان و پەتاکانی وەکو چاوقوڵکە (تاعون) و دومبلی هۆکاری سەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی ئەم نەخۆشی و پەتایە لەناوچەکانی دەرەوەی کوردستان بۆ ناوەوەی کوردستان

شیعەکان بۆ عێراق دەکات، کە بەمەبەستی حەجکردن (زیارەتکردن شوێنە پیرۆزەکانی ئەو مەزهەبە لەناوەڕاست و خوارووی عێراق) دێن و دەگەڕێنەوە[٢٣].

لە ڕاپۆرتێکی دی مەڵبەندی تەندروستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە سپاردیان.سی. زاڤتیزیانۆ لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٠٠ بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای ناردووە کە تێیدا نووسیوە: کە نەخۆشی تاعون بەتەواوی لەناوچەی جوانڕۆ دەرنەکەوتووە و بڵاونەبۆتەوە، لەم شارۆچکەیەی کوردستاندا بۆ هەمیشە ئەم نەخۆشییە سنووردار بووە، لەوەتەی بۆ یەکەمجار ئەم نەخۆشییە دەرکەوتووە، نزیکەی ١٨٠ کەس مردوون و لەوێدا تۆمارکراون[٢٤].

بەڵام لە کۆتایی ئەم باسەدا؛ پێویستە ئیستێک لەبەردەم قسەی ئامادەکاری ئەو ڕاپۆرتەدا بکەین، کە مردنی (١٨٠) کەس لە جوانڕۆ، کە ئەوکات ڕێژەیەکی بەرزی مردن لەماوەیەکی دیاریکراو بووە، دەنووسێت: تاعون؛ هێشتا بەتەواوی لە جوانڕۆ و دەوروبەری دەرنەکەوتووە، کە ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە و لەهەمانکاتدا ڕاپۆرتەکە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کراوە.

**دەرئەنجام:**

بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمییەکان و بەتایبەتی پەتا گوازراوەکان لە کوردستاندا لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و صەفەوی و قاجاری بەگشتی، کە درێژترین ماوەی حوکمڕانیان لە سەدەکانی شانزەهەم تا بیستەمی زاینی بەسەر کوردستانەوە هەبووە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گەشەکردنی

دانیشتوان داناوە، ئەگەر لێکۆڵینەوەی زیاتری مێژوویی لەمبارەیەوە ئەنجامبدرێت بەهاوکاری لێکۆڵەرانی بواری زانستی مێژووی پزیشکی و زانایانی بواری ڤایرۆسزانی و تاقیگەیی بەشێوەیەکی وردتر لەڕووی زانستییەوە دەتوانرێت کۆمەڵێک دەرئەنجامی زانستی نوێ لەسەر کاریگەرییەکانی ئەم پەتا گوازراوانە بەدیبهێنرێت، بۆیە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمییەکان و پەتاکانی وەکو چاوقوڵکە (تاعون) و دومبلی هۆکاری سەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی ئەم نەخۆشی و پەتایە لەناوچەکانی دەرەوەی کوردستان بۆ ناوەوەی کوردستان، بەهۆکارەکانی چوون و هاتنی کاروانی بازرگانی و هاتنی گەڕیدە و خەڵکانی بیانی و لێقەوماو بۆ کوردستان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی حکومەتە دواکەوتوەکانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و صەفەوی تا قاجاری بۆ هەمیشە بارودۆخی خزمەتگوزاری و تەندروستی ناوچەکانی کوردستانیان فەرامۆشکردبوو، کە دیاری دەستیان ناردنی حوکمڕان و فەرماندەیی سەربازی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان بووە، کاتێک ئەم ڕاپۆرتە پزیشکییانە دەخوێنییەوە کە چۆن حکومەتێکی وەکو ئەمەریکا لەسەرەتای سەدەی بیستەم و دوو وەزارەتی گرینگی وەکو: وەزارەتی دەرەوە و خەزێنە کە چۆن وەزیرەکانیان زانیارییان لەسەر بارودۆخی کوردستان ئاڵوگۆڕ کردووە؟ بەتایبەتی لەسەرکردنەوەی سەنتەرێکی تەندروستی لەسەر سنووری عوسمانی و ئێران لە ناوچەی خانەقین بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشن، پێویستە کەرەنتین بکرێن و نەخۆشی گوازراوە بڵاونەکەنەوە!

ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە لەبەر شەرمی خەڵک و ڕێپێنەدانی حکومەتی کوردستان نەبێت، ڕۆژانە لە مزگەوتەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان شین و ڕۆڕۆ و تازییە باری بۆ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەگێڕن، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و سەردەمی حوکمڕانی و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید بە (جلخوارەکان)[٢٥] بەناو و دەنگ بوونە.

لەوانەیە خوێنەر لەم دوو ڕستەی کۆتایی ئیستێک بکات، بەڵام دەبێت نووسین و توێژینەوەی ئەکادیمی لە خزمەتی هۆشیاری نیشتمانی و نەتەوەیی گەل دابن، نەک لە خزمەتی خۆفرۆشی و شانازیکردن بە بندەستی داگیرکەران و ستەمکارانی بێگانەی سەر خاکی کوردستان.

## لیستی سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) تاعونی غودەی (Bubonic Plague) یان (Glandular Plague): وشەی تاعون لە بنەڕەتدا لە زمانی ئارامیدا (Toouno) هاتووە، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا و لەزمانی کوردیدا بە(چاوقوڵکە) هاتووە، هەروەها تاعون بە دەردێکی بەربڵاوی تەشەنەکردووی مرۆڤکوژ ناوزەدکراوە، سەبارەت بە تاعونی غودەیی کە لە (فەرهەنگی یەکگرتووی پزیشکی: ئینگلیزی-عەرەبی) کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و یەکێتیی پزیشکانی عەرەب پەسەندکراوە، تاعونی غودەیی بەمانای تاعونی ڕەش، یان تاعونی دوبلی هاتووە. هەر لەو فەرهەنگەدا کە زیاتر لە ٢٤ جۆری تاعون تۆمارکراون، لەوانە: تاعونی بەراز، باڵندە، سییەکان، سپی(سیل) سەگ و..هتد..، بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوانە: حبيب تومي: معجم الألفاظ المحكية المشتركة بين العربية والكردية والتركية والفارسية، ط١، منشورات دار اراس للبطاعة والنشر، أربيل، ٢٠١١، ص ٢٧٠. و عبدالرحمن شرفکندی هەژار: هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی، چ٨، سروش انتشارات صدا وسیمای جمهوری اسلامی ایران، تهران، ١٣٩١-٢٠١٢، ص ٢٠٠. و M.H.Khayat(Dr); The Unified Medical Dictionary(English-Arabic)، Fourth Edition، Librarie du Liban Publisher، Lebonan، ٢٠٠٦، p١١٥٥.

(٢) سالاهۆ-شاهۆ(Sallaho): ئەم چیاییە دەکەوێتە نێوان پارێزگاکانی کرماشان و سنە لە خۆرهەڵاتی کوردستان (ئێران)دا و بەرزترین لووتکەی ئەم چیایە دەگاتە نزیکەی ٣٣٩٠ مەتر کە لەئاستی ڕووی دەریا بەرزە. لەوانەیە ئامادەکارانی ڕاپۆرتە پزیشکییەکان بەهۆی نەزانینی زمان و نا شارەزابوونیان لە فەرهەنگ و کولتووری کوردستان ناوی شاخ و گوندەکانیان بە هەڵە نووسیبێت لەبەرئەوەی بەهەڵە گۆیان کردووە و هەر بۆیەش ئاوا نووسیویانە.

(٣) چیای دالاهۆ-دالەهۆ (Dallaho): ئەم چیایە لە خۆرهەڵاتی کوردستان (ئێران) دەکەوێتە شارستانی کرێندی سەر بە ئوستانی کرماشان، ئەم زنجیرە چیایە لەلای یارسانەکانی گۆران بە پیرۆز دادەنرێت (زانیارییەکانم دەربارەی ئەم چیایە، بەسوپاسەوە لە کاک ئیرەج مورادی، ڕاوێژکاری دەرەکی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران وەرگرتووە).

(٤) هەورامان (Avraman): ناوچەیەکە لە نێوان بەشی خۆرهەڵات و باشووری کوردستاندا هەڵکەوتووە، بەریزە چیای سەخت و بەرز بەناوودەنگە و ئەمەش بۆتە هۆکاری پارچەکردنی هەورامان بۆ دووبەشی سەرەکی، هەورامی تەخت لە خۆرهەڵاتی کوردستان (ئێران) هەروامانی لهۆن لە باشووری کوردستان (عێراق) کە زیاتر تەوێڵە و بیارە دەگرێتەوە، ئەم ناوچەیە ڕووباری سیروانی بەنێویدا دەڕوات، شێوەزاری دانیشتواتی هەورامان زاری هەورامییە لە دیالێکتی گۆراندا، دانیشتوانی ناوچەکە بە نزیکەی

(١٥٠٠٠) هەزار کەس دەخەمڵێنرێت، ناوچەکە لە دێر زەمانەوە حوکمڕانی خۆجێی هەبووە بەناوونیشانی سوڵتان، وەکو: حەسەن سوڵتانی کوڕی محەمەد سوڵتانی فەرمانڕەوایی هەورامانی تەخت، محەمەد سەعید سوڵتان فەرمانڕەوایی هەورامانی لهۆن. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە:
یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، بەرگ٣، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٥١٦.

(٥) پرۆڤانسەر(Provansir) واتە ڕوانسەر: ناوەندی ناحیە بووە لە پارێزگای سنە(کوردستان) لە ئێراندا، بەڵام لە ئێستادا قەزایەکە لە چوارچێوەی کارگێڕی پارێزگای کرماشاندا. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر جیۆگرافیای ڕەوانسەردا بڕواننەوە ئەم سەرچاوەیە: فرهنگ جغرافیائی ایران، جلده ٥ استان کردستان، انتشارات دایره جغرافیائی ستاد ارتش، چاپخانه ارتش، ١٣٣١-١٩٥١، ص ٢٠٦-٢٠٧.

(٦) Spiridion C. Zavitiziano; Turkey، Plague in the Persian Kurdistan Public Health Reports(١٨٩٦-١٩٧٦)، Vol(١٥)، No(١٦). (April .٢٠ .١٩٠٠)، P٩٥٢.

(٧): لالسنات(Lalsnat) و مالاڤۆنرا (Malavonra) و مارۆڵ (Marual): بەهۆی هەڵە گۆکردن، یان نووسینی ناوی ئەم گوندانەی بێت، لە زۆرێک لەو سەرچاوانەی بەردەستن ناوێکی لەمجۆرەی تێیدا نەبوون، یەک لەوانە فەرهەنگی جیۆگرافیای ئێران کە یانزە بەرگە و ساڵی ١٩٥١ لەلایەن چاپخانەی ئەرتەشەوە چاپکراوە ناوی لەم جۆرەی تێیدا نییە، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم گوندانە وێران بووبن، یان هەر ئاسەواریان نەمابێت، یاخود ناوەکانیان لە ماوەی ١٢٢ ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتبێت.

(٨) جوانڕۆ-(Cavallario): لەبنەڕەتدا ناوی هۆزێکە لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا، لە شاری جوانڕۆ و مایدەشتی سەر بە ئوستانی کرماشان نیشتەجێن، شاری جوانڕۆ دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی ئێراندا، لە چوارچێوەی کارگێڕی ئوستانی کرماشان دایە، خەڵکەکەی بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، لەماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا و هاتنەکایەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، جوانڕۆییەکان پاڵپشتیکاری سەرەکی کۆماری کوردستان بوون، هەرچەندە دوای ڕووخانی کۆمارەکە لەلایەن سوپای ئێرانی سەردەمی محەمەد ڕەزا شادا هێرشێکی گەورەیان کرایە سەر، بەڵام لەلایەن جوانڕۆییەکانەوە بەرگرییەکی بێ ئەندازە کرا، تا سوپاکەی حەمە ڕەزا شا تێکشکا.
بڕواننەوە: یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، بەرگ٢، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٦٤٣.

(٩) گوڵعەنبەر (Gullamber): گوڵعەنبەر لە مێژووی کارگێڕی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ناوەندی بەڕێوەبردنی پارێزگای ئێستای هەڵەبجە و قەزای پێنجوێن بووە، قەزایەک بووە لە چوارچێوەی سەنجەقی سلێمانی لە ویلایەتی موصڵدا، کە بە قەزای گوڵعەنبەر ناسراو بووە، لە ئێستادا قەزایەکە لە پارێزگای هەڵەبجە لە باشووری کوردستاندا، ١٨ کیلۆمەتر لەناوەندی پارێزگاکە دوورە، لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی قەڵایەکی گەورەی لێ دروستکراوە، بەڵام لەسەردەستی شا عەبباسی گەورەی صەفەوی ڕووخێنراوە و لەسەردەستی خەسرەو پاشا لە ١٦٢٩ جارێکی دیکە بنیاتنراوەتەوە، قەزای خورماڵ (گوڵعەنبەر) شوێنەواری زۆری لێیە کە نیشانەی ژیاری ناوچەکەیە، هەروەها ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە و کە پشت بەسەرچاوەی ئاوی زەڵم دەبەستێت، لەهەمانکاتیشدا کانییەکی تایبەت بە ئاوی گەڕاوی لێیە کە خەڵکی ناوچەکە و گەشتیاران و ئەو نەخۆشانەی کێشەی هەستیاری پێستیان هەیە سوودی لێوەردەگرن. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوەیە:
یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، بەرگ٢، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٧٥٥.

(١٠) Spiridion C.Zavitiano، Dr.Tachdjian and Dr.Pompouras: Turkey Report from Constantinop، Public Health Reports(١٨٩٦-١٩٧٦)، Vol(١٥) No(٢٠). (May .١٨ .١٩٠٠)، P١٢٢٨.

(١١) ئەڵای ئاباد(Allayabad): گوندێکە لە پارێزگای کرماشانی خۆرهەڵاتی کوردستان(ئێران) بەدووری ٩٢ میل(١٥٥کیلۆمەتر) دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی پارێزگاکە، بەپێی ڕاپۆرتێکی حکومەتی هیندی بەریتانی ئەڵای ئاباد، یان ئەکرێ عەلی ئابادیش بێت، بەسەر ڕێگەی بازرگانی بۆ تەورێز ناوزەدی کردووە، هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە لەساڵی ١٩١٠ نزیکەی ١٠ ماڵ بووە، دوای دە ساڵ لە بڵاوبوونەوەی پەتا گوازراوە کوشندەکان لەساڵی ١٩٠٠دا بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوەیە: H.L.Rabino، Esq(Compiled); Report on Kurdistan، British Library: India Office Records and Private Papers، IOR/L/MIL/١٧/١٥/٢١، in Qatar Digital Library، printed in Simla at the Government Monotype Press، ١٩١١، p١٠٣.

(١٢) سەفی ئاباد(Sefiabad): گوندێکە لە باکووری خۆرئاوای شاری کرماشان لە خۆرهەڵاتی کوردستان (ئێران) بەدووری ٤٢ میل (٧١ کیلۆمەتر) هەڵکەوتووە، لەسەر ڕێگەی جوانڕۆ و ڕەوانسەر دایە، لەساڵی ١٩١٠ دا ژمارەی ماڵەکانی (٣٠) بووە، بەبەخێوکردنی ئاژەڵداری و کاری کشتوکاڵی بەناوبانگ بووە، هەروەها نزیکەی ٦ کیلۆمەتر لە شاری جوانڕۆ دوورە. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوەیە: H.L.Rabino، Esq(Compiled); Report on Kurdistan، British Library: India Office Records and Private Papers، IOR/L/MIL/١٧/١٥/٢١، in Qatar Digital Library،

printed in Simla at the Government Monotype Press، ١٩١١، p١٧٤.

(١٣) هەر قـەڵا(Harkalla): بەهۆی هەڵە گۆکردن یان نووسینی ناوی ئەم گوندە بێت، لە زۆرێک لەو سەرچاوانەی بەردەستن ناوێکی لەمجۆرەی تێیدا نەبوو، یەک لەوانە فەرهەنگی جیۆگرافیای ئێران کە یانزە بەرگە و ساڵی ١٩٥١ لەلایەن چاپخانەی ئەرتەشەوە چاپکراوە ناوی لەم جۆرەی تێیدا نییە. هەروەها دەکرێت ئەم گوندەش وێران بووبێت و ئاسەواری نەمابێت، یان ناوەکەی گۆڕدرابێت لەماوەی ١٢٢ ساڵی ڕابردوودا.

(١٤) مەسکین ئـابـاد(Meskinabad): گوندێکە لە چوارچێوەی کارگێڕی شاری ڕەوانسەر دایە، لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی پەهلەوی لە ئێران ١٩٢٥-١٩٧٩ مەسکین ئاباد وەکو گوندێک سەر بەناحیەی ڕەوانسەر لە پارێزگای سنە دابووە، کە بەدووری شەش کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری ڕەوانسەر، لە ئێستادا مەسکین ئاباد سەر بە قەزای ڕەوانسەرە لە پارێزگای کرماشاندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە ئەم سەرچاوەیە: فرهنگ جغرافیائی ایران، جلده ٥ استان کردستان، انتشارات دایره جغرافیائی ستاد ارتش، چاپخانه ارتش، ١٣٣١-١٩٥١، ص ٤٠٣.

(١٥) پارێزگاری سنە (Governor of Sinah): بەپێی ڕاپۆرتێکی چاپکراو لەلایەن حکومەتی هیندی بەریتانی لە ساڵی ١٩١١ دا، لە ماوەی ساڵی ١٩٠٠ دا، شاری سنە سێ پارێزگاری بەدوای یەک دا بۆ دانـراوە، یەکەمیان: میرزا مەحموود خان ناسراو بە ئیحتسامولسەڵتەنە لە ١٨٩٨-١٩٠٠، دووەمیان: عەبدول غەسان خان ناسراو بە ناصرولمولوک، بەڵام ئەم ناوەی دوایی وەکو پارێزگاری سنە لە ڕاپۆرتە پزیشکیەکانی ئەمەریکی کە ناوی نەهاتووە، هەر عەبدولغەسان خان بێت، چونکە لەماوەی ١٩٠٠-١٩٠٥ لە سنە پارێزگار بووە، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی کە ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە ڕۆژ و کاتی دانانی پارێزگارەکانی سنە ناکات کە بۆ ماوەی دووسەدە زیاتر ناوەکانی وەکـو کرۆنۆلۆژیاییەک نووسیـون. بۆ زانیـاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوەیە: H.L.Rabino، Esq(Compiled); Report on Kurdistan، British Library: India Office Records and Private Papers، IOR/L/MIL/١٧/١٥/٢١، in Qatar Digital Library، printed in Simla at the Government Monotype Press، ١٩١١، p٩٦.

(١٦) Spiridion C.Zavitiano ، Dr.Tachdjian and Dr.Pompouras: Turkey، Report from Constantinople، Public Health Reports(١٨٩٦-١٩٧٦)، P ١٢٢٨.

(١٧) جۆن هێی-John Hay)): وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا: ناوی تەواوی (جۆن میلتون هێی)، سی و حەوتەمین وەزیری دەرەوەی وڵاتـە یەکگرتـووەکانی ئـەمـەریکا بـووە، لـە ساڵی ١٨٣٨ لە شارۆچکەی سالێمی ویلایەتی ئەندیانا لە دایکبـووە، دەرچـووی کۆلێژی قانـوون بـووە، دوای ئـەوەی بـەشداری لـە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەبراهام لینکۆڵن کرد، بە سکرتێری تایبەتی سـەرۆکی ئاماژەپێکراو لە کۆشکی سپی دەستبـەکاربـووە، هـەروەهـا لـە پاریس و ڤیەننا و مـەدرید لـە باڵیۆزخانەکانی وڵاتـە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کاریکردووە، لـەدوای ساڵانی ١٨٧٠ەوە ڕووی لە نووسین کـردووە و خزمەتی دیپلۆماتی بەجێهێشتوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٧٩ وەکو یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەستبەکاردەبێتەوە و وەکو باڵیۆز دەنێردرێتە لەندەن لە ٣ی ئایاری ١٨٩٧ تا ١٢ی ئەیلولی ١٨٩٨ دەمێنێتەوە، لە ٣٠ی ئەیلولی ١٨٩٨- تا ڕۆژی مردنی لە ١ی تەمموزی ١٩٠٥ وەکو وەزیری دەرەوە لە سەردەمی هەردوو سەرۆکایەتی ویلیام مەکینلی و تیۆدۆر ڕۆزڤێلت کار دەکات، جۆن هێی وەکو کەسێکی کاریگەر لە مێژووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ناسێنراوە، ئەمە بێجگە لەوەی نووسەر و شاعیرێکی بەناوودەنگ بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە سایتی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دوایین سەردان ڕۆژی ٥ی ئاداری ٢٠٢٢ لە کاتژمێر ١:٣٠ ی پاش نیوەڕۆ: بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سایتە: http://history.state.gov/departmenthistory/people/hay-john-milton

(١٨) John Hay. Rudolph Hurner and C.Codon; Turkey، Plague in the Kurdistan، Public Health Reports(١٨٩٦-١٩٧٦)، Vol(١٥)، No(٢٣). (June ٨، ١٩٠٠)، P١٤٦٢.

(١٠) Ibd: p ١٤٦٢.

(٢٠) زەرباتیـە (Zerbatich): نـاوەنـدی ناحیەیە لە قـەزای بـەدرە لـە پارێزگای واسـت، دەکەوێتە سەرسنووری وڵاتـی عێراق-ئێران، بـەدووری ١٤ کیلۆمەتر لە خۆرهەڵاتی بەدرە و ٧٥ کیلۆمەتر لە دووری شاری کوت دا، لەماوەی شـەڕی عێراق و ئێران دا ١٩٨٠-١٩٨٨ بـەتـەواو چۆڵکراو تووشی وێرانکارییەکی گـەورە هـات و هـەمـوو باخچە و بێستانەکانی لەناوچوون، ناوی شارەکە بۆ کەسێک دەگـەڕێتـەوە کە نـاوی زەربـات (زرباط) بـووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە ئەم سەرچاوەیە:
جمال بابان (المحامي): أصول أسماء المدن والمواقع العراقية، ج١، ط٢، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد، ٢٠١٣، ص ١٤٢.

(٢١) پێـنـجوێـن (Pendjauvine): شـارێـکـی سەرسنووری نێوان باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستانە، بەدووری ١٠٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی، ناوەنـدی قـەزای پێنجوێنە لە پارێزگای سلێمانی، پێکهاتەی کارگێڕی ناحیەکانی (گەرمک و ناڵپارێز) کە بەکۆی گشتی ١٦٢ گوند لە خۆدەگرێت، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان دروستبوونی پێنجوێن دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی شانزەهەم، لە سەردەمی مەلەکی هاشمی عێراقی دا لەساڵی ١٩٣٠ کراوەتە ناوەندی ناحیە، هەروەها پێنجوێن بەپێی


سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ناوەندی قەزا بووە، کە پێشتر ناحیەیەک بووە لە قەزای هەڵەبجە، لەساڵی ١٩٤٦ بە بومەلەرزە شارەکە وێران بووە، شایانی باسە بەهۆی هەڵایسانی شەڕی عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا، شاری پێنجوێن لە ساڵی ١٩٨٢ دانیشتوانەکەی ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگاکانی زۆرەملێ و شارەکە وێرانکرا، بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٩ کۆی ژمارەی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن نزیکەی (٣٨٣١٦) هەزار کەس بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە ئەم سەرچاوانە:
یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، بەرگ١، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٥٢٢. و د.عەبدوڵڵا غەفوور: فەرهەنگی جوگرافیایی سلێمانی، بەرگ ١، بێ-چاپخانە، هەولێر، ٢٠٢٠، ل ١٩٦-١٩٧.
(٢٢) خانەقین (Haneguine): شاری خانەقین دەکەوێتە سەر ڕووباری ئەڵوەند و لەسەردەمی پاشایەتی هاشمی عێراقەوە تا ئەمرۆ ناوەندی قەزای خانەقینە لە پارێزگای دیالە، ٧٠ کیلۆمەتر لە شاری کفری دوورە، بە دووری ١٧٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری بەغداد، شارێکی سەر سنوورە لەسەردەمی عوسمانی و صەفەوییەکاندا لەنێوان ڕێگەی تاران-بەغداد بووە، یەکێ بووە لەو دەروازانەی کە زیارەتکارانی شیعە پێیدا هاتوون بۆ ناوچەکانی بەغداد، کەربەلا و نەجەف، هەروەها بەبەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەناوودەنگە، لەسەدەی بیستەمیشدا یەکەمین پاڵاوگەی نەوت لەو شارە دانرا، بەدرێژایی مێژوو کەوتۆتە بەرهێرشی سوپای وڵاتانی بێگانە، نزیکەی بیست هۆزی کورد لە خانەقین نیشتەجێن، ژمارەی دانیشتوانی بەنزیکەی (٣٠٠,٠٠٠) هەزار کەس خەملێنراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوەیە:
یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، بەرگ٢، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٧٣٩.
(٢٣) John Hay. Rudolph Hurner and C.Codon; Turkey، Plague in the Kurdistan، P ١٤٦٢-١٤٦٣.
(٢٤) Spiridion C.Zavitiano ; Report from Constantinople، Public Health Reports(١٨٩٦-١٩٧٦)، Vol(١٥)، No(٢٦) June ٢٩، ١٩٠٠)، P١٦٧٨-١٦٧٩.

(٢٥) جلخوار: مێژووی سەرهەڵدانی ئەم وشەیە بۆ سەردەمی حوکمڕانی و بزووتنەوە چەکدارییەکانی شێخ مەحموودی حەفید لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٣ دا دەگەڕێتەوە، کە وەکو مامۆستا جەمال نەبەز لە وتارێکی لە ڕۆژنامەی میدیادا کە لە شاری هەولێر دەردەچوو، بەمشێوەیە وەسفی وشەی جلخوار دەکات: کە لە وشەی جلخوارەوە نەهاتووە، بەڵکوو لە (جڕ) بەمانای (خوو ڕەوشت) دێ. لە هێندەک ناوچەی باکووردا دەبێژن (جڕێ وی گەمارە) واتە ڕەوشتی خراپە. کەواتە ئەوانەی جلخواریان لە باشووری کوردستان پێگوتراوە بە ڕەوشت خراپ و کەسی حەزپێنەکراو لەناو کۆمەڵی کوردەواری ئەوکات ناوزەدکراون، چونکە ئەو جلخوارانە ویستویانە کوردستان سەربەخۆ نەبێت و هەر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بمێنێتەوە بەسەرکردایەتی حزبی ئیتحاد و تەڕەقی تورکەکان، کە ئەو جلخوارانە ئەوەیان لەبیرکردبوو کە دەوڵەتی عوسمانی و ئەو حزبە تورکە نەتەوەپەرستە خەڵکێکی زۆریان ڕاپێچی بەرەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی کردبوو، هەروەها برسیەتی و قاتوقڕی و هەژارییەکی گەورەیان لە کوردستان بڵاوکردبۆوە، کە لەمێژووی کورد دا بە گرانیە گەورەکە بەناوبانگە، هەتا ئەو جلخوارانە بە (مونکیر)یش ناوزەدکراون، بۆیە کەسایەتیەکی وەکو شاکیر مەجروم کە بەڕێوەبەری تەلیگرافی سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموود بووە لە سلێمانی، کاتێک کە شێخ مەحموودی حەفید لە دووخراوەیی هیندستان بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوە، شیعرێکی شەش دێری لە سەر زوبانی خەڵکی ئەوکات گووتراوەتەوە، ئەزبەری کردووە و لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ مامۆستا جەمال نەبەز دەڵێتەوە، بۆیە لە شیعرەکەدا وشەی مونکیریان بەکارهێناوە کە مەبەستیان (جلخوارەکان) بووە، هەروەها مامۆستا جەمال نەبەز لەسەر زاری شێخ مەحموودی حەفید دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: جلخوارەکان تاقمێک سەرسەری و بێناموس بوون.
شەش دێرە شیعرەکە ئەمەیە:

**ئەو شەمعی جەمعی عالەمەی، دوێنێ کوژایەوە،**
**ئەمرۆ بە لوتفی حەزرەتی حەق، هەڵکرایەوە.**
**هەی جەژنە، هەی شادمانییە، هەی تەرەبە،**
**سنجاقی فەتح و نوسرەتی کورد، هەڵکرایەوە.**
**ئەی مونکران خەجاڵەتی دیوانی هەق دەبن،**
**ئەم جستوجۆو کەشاکەشە، بەسیە، بڕایەوە.**

وادیارە خەڵک زۆر لەو جلخوارانە (مونکیرانە) پەست و داخ لە دڵ بوونە، بۆیە لە هاتنەوەی شێخ مەحموودی حەفید بۆ سلێمانی بەم چەند دێرە شیعرە شەرمەزاریان کردوون، شەرمەزاری نەک دیوانی شێخ مەحموود و دونیایان کردبن، بەڵکوو شەرمەزاری دیوانی خودای گەورەیان کردوون، یان شەرمەزاری دیوانی دادی خوا و خەڵکیان کردوون لە دونیا و لەڕۆژی قیامەتدا، چونکە وشەی مونکیر، واتە: ناپەسەند، سپڵە، بێ ئەمەک.
بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە ئەم سەرچاوەیە:
ئومێد شێرکۆ شاکر مەجروم: شاکر مەجروم جوامێرێک لە نیشتمانپەروەری و نەبەزین، چ١، چاپخانەی هێڤی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری نما، هەولێر، ٢٠٢١، ل ٥٩.

*** مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب-زانکۆی سۆران.**



# دیدار

# شێرزاد حەسەن

شێرزاد حەسەن ناوێکی دیارە، خاوەن ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆیەتی، بە بۆچوونە تایبەتییەکانی دەناسرێتەوە، ئەگەرچی لە بنچینەدا خەڵکی هەولێرە، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانی سەدی ڕابردوو، بەهۆی دامەزرانی وەکو مامۆستا و ژنهێنانی لەو شارە، لە سلێمانی نیشتەجێ بووە، لە گەنجییەتیدا ئاییندارێکی سەرسەخت بووە، تا ئەو ئاستەی خوشکەکەی لە قوتابخانە دەرهێناوە، بەهۆی ئەوەی لاقی ڕووت بووە، دواتر گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەکانی دادێت، ئێستە ڕەخنەگرێکی سەرسەختی ئایینە، گومان بەشێکە لە ژیانی، پێی وایە ئەگەر گومان نەبێت ژیان دەوەستێت، ڕووداوێک و لە (چاوەڕوانی گۆدۆ)دا ژیانی دەگۆڕن، لەوساوە دەنووسیت، بۆ ئەوەی دواجار ئەویش کاریگەری هەبێت لەسەر کەسانێکی دیکە و بیانگۆڕێت.



## شێرزاد حەسەن:

# لە قەبرستانی شێخی چۆلی، هەموو ساڵێک، لە جەژنی ڕەمەزان و قوربانداه بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەم، لەسەر قەبران (یاسین)م دەخوێند

بەشیعر دەست پێدەکات و لەنێو دونیای ڕۆماندا خۆی دەدۆزێتەوە، مەحموود زامدار ڕۆڵی هەبووە لەوەی واز لە شیعر بێنێت، خۆی بەقەرزداری حەیدەر کەریم و مەلا هەمزە دەزانێت، لە مردن ناترسێت و پێی وایە ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا دەنووسێت، ڕۆژێک دێت سەری بخوات، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتە بڕوای وایە لە دایک نەبووە و بە کیری منداڵی دەمیزێت.

لەم دیدارەدا، بۆ یەکەم جار باسی ئەو مەترسییانە دەکات کە لەسەرەتای نەوەدەکاندا لەسەر ژیانی هەبوونە و ناوی ئەو کەسەش دێنێت کە لەژێر زەمینێکی هەولێرەوە مەترسی لەسەر ژیانی دروست کردووە.

ئەم دیدارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت بۆ هەندێک پرسیاری لەبیرکراو لەڕێی مۆبایلەوە پەیوەندیم پێوەکرد، ئەویش بەشێوەی دەنگ وەڵامی داومەتەوە.

**دیداری/ سمکۆ عەبدولکەریم**

**+ من لەگوڵی ڕەش تۆم ناسی، لەوکۆڕەی کە لە نقابەی کرێکاران کرا، لەوێ گوێم لەناوی تۆ و گوێم لەکۆمەڵە چیرۆکی گوڵی ڕەش بوو، ئایا تۆ بەوە ناسرایت، یان پێشتر ناسرابوویت؟**

- زۆرباشە، یەکەم کەسیت ئەو پرسیارەم لێدەکەیت، نەخێر، من کە لە جەنگی عێراق-ئێران لەسەربازی ڕامکردبوو، بۆ سێ ساڵ لە سلێمانی خۆم شاردەوە، دوای ئەوە بە ماوەییەکی کەم زەماوەندم کرد.

سالی ١٩٨٣ یەکەم کۆمەڵە چیرۆکم بەناوی (تەنیایی) بڵاوکردەوە، بەڵام چیرۆکی تێدایە هی کۆتایی حەفتاکانە، چیرۆکی (ڕیشۆڵە) یەکێ بوو لە چیرۆکەکانی نێو ئەو کۆمەڵە چیرۆکە، کە ساڵی ١٩٧٧ نووسی بووم، کە چوومە سلێمانی بەهۆی ئەم چیرۆکەوە منیان دەناسی، دواتر چیرۆکی (ترس و بێوەژن) ئەوانە ئەو چیرۆکانە بوون کە بەهۆیانەوە پێش گوڵی ڕەش ناسرام.

**+ ئەو ناوەت لەکوێ هێنا (گوڵی ڕەش) لاسایی بوو؟**

- خۆت دەزانی (زنبقة سوداء) هەیە، ڕۆمانێکی کلاسیکییە، هی (ئەلکسندەر دۆما) بەڵام من تا ئێستەش بۆم نەڕەخساوە و نەمخوێندووەتەوە. بیرمە ماڵی چەلەبی جارێک گوڵێکیان هێنا ڕەش بوو، من لەوێ سەعیم دەکرد، برادەرێکم هەبوو گرنگی بە گوڵی ڕەش دەدا و گوڵی هەڵدەگرتەوە، بەردەوام بۆ گوڵی ڕەش دەگەڕاین، دوایی لەکۆمپانیا گوڵی ڕەشم بینی، مەبەستم لە گوڵی ڕەش ئەو گوڵەیە کە دڵی ڕەشە، خەمگینە، مەرگت

بیردێنێتەوە.

کوڕەکە عاشقە، لەبەر ئەوەی قەناعەتی وایە ئەو گوڵانەی ماڵی چەلەبی، کە عاشقی کچەکەیەتی. پێویستە ئەو باخێکی هەبێت هەمووی گوڵی ڕەش بێت، لەبەرخۆی حەسرەت دەکێشێت، باسی حەسرەتی کوڕێکی عاشقی دۆڕاوی تەقلیدی دەکەم، کە خۆمم، هەزاران کەسی دیکەش گوتوویەتی وەڵا منیشم.

**+ بەڵام پێش چیرۆک شیعریشت نووسیوە؟**

– شیعر و شیعرۆکەم دەنووسی و بڵاوم دەکردنەوە، بەڵێ، بەڵێ یەکەمجار لەساڵی ١٩٧٤بۆ کچێکی ئاوریشماوی بە لاسایی عەبدوڵڵا پەشێو، شیعرێکم بڵاوکردەوە، کە بڵاوبۆوە زۆر گریام، بەچواردەوری قەڵادا سووڕامەوە و دەگریام، پێم سەیر بوو ناوی خۆم بینی.

**+ لە چی گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیێک بڵاوکرایەوە؟**

– نازانم هی حزبی شیوعی بوو، ڕۆشنبیریی نوێ بوو، یان بیری نوێ، نازانم بیرم نییە ئەوەندە دەزانم ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوو.

**+ شیعرت زۆر بڵاوکردەوە؟**

– نەخێر، کەم.

**+ بۆ وازت لەشیعر هێنا و چیرۆکت نووسی؟**

– جارێک (مەحموود زامدار) یادی بەخێر گوتی: کوڕم ئەوەی تۆ دەینوسیت هەقایەتە، کارەکتەر و زەمان و ململانێی تێدایە، بۆ مەیل نادەیتە چیرۆک. گوتی: ئەو وێنە تۆپیوانە چییە لەناو ئەو شیعرانە، ئەوکات ئەو ڕابەر بوو، کوردی زان بوو، من ئەوکات کوردیم باش نەبوو، گوتم: بۆ نا، من چیرۆک دەخوێنمەوە، گوتی: بەردەوامبە لەسەر چیرۆک خوێندنەوە.

دوایی خۆشبەختانە (فرانک ئۆکۆنور)م خوێندەوە چیرۆکی (دەنگی تاکڕەو) ئەو پێی وایە چیرۆک خەڵکی نەناس و نادیار و پەراوێزخراو لەخۆ دەگرێت، بەڵام من بەبێ ئەوەی ئەو ئیدراکەم هەبێت، وام کرد.

بیرمە کوڕێکی قەمبور هەبوو لەگەڵ کچەکی کۆرە، یان کوڕەکە کۆرە بوو، لە گەڕەکی کوران دراوسێمان بوون، بەدزییەوە نیوەڕۆیان، کە خەڵکی دەنووستن، ئەوان دەچوون دڵدارییان دەکرد، بەشەرمەوە قسەیان بۆ یەکدی دەکرد خەڵکی ئەو چیرۆکەیان پێخۆشبوو، بەڵام بەدڵم نەبوو، چونکە تەکنیکەکەی خراپ بوو.

دەبێ ئەوەش بڵێم، کە (حوسێن عارف)یش هانیدام گوتی: تۆ هەمووشتێکی عەجیب و غەریب و سەقەت و سقوت دەهێنیت (خەڵکی زۆر فەرامۆشکراو، کە کەس هەستی پێناکات) گوتی: بەڵام کوردییەکەت باش نییە، منیش کەوتمە خوێندنەوەی ئەو کتێبە کوردیانەی (عەزیز گەردی و محەمەدی مەلا کەریم و شکور مستەفا و عەبدوڵڵا حەسەن زادە) ئیدی، هێدی هێدی زمانم باش و پاک بووەوە.

بیرمە، جاروبار شیعرم دەنارد، مەحموود زامدار بڵاوی نەدەکردنەوە، بۆ ئەوەی بتۆرێم، بەڵام هەر چیرۆکێکم بناردبایە بڵاوی دەکردەوە، هانی دەدام و باسیشی دەکردم، دوایی تەنیایی دەرچوو دڵی زۆر پێخۆشبوو گوتی: ئەوەتا ئێستە خۆت دۆزیەوە.

**+ تۆ لەقسەکردندا زۆر ناوی کەژاڵ دەهێنیت، مەسەلە چییە؟ ڕۆڵی کەژاڵ لەژیانتدا و لەژیانی ئەدەبیتدا چییە؟**

– من بەبێ ئەو هیچ شتێک نەدەبووم، ئەو کەشێکی بۆمن دروست کرد، کە کەم کەس دروستی دەکات.

**+ چۆن؟**

– مەسەلەن سێ منداڵی گەورە کرد و دەرسی



شێرزاد حەسەن لە تەمەنی شەش ساڵیدا

**مەحموود زامدار گوتی: کوڕم ئەوەی تۆ دەینووسیت هەقایەتە، کارەکتەر و زەمان و ململانێی تێدایە، بۆ مەیل نادەیتە چیرۆک. گوتی: ئەو وێنە تۆپیوانە چییە لەناو ئەو شیعرانە ”**

> "کوردییەکەم خراپ بوو، لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیرییەکەی من عەرەبی بوو، خوێندنەوەم عەرەبی بوو، ١٠ ساڵ لەمزگەوت لەناو ئاییندا بووم، مەلا هەمزە هەبوو، بیرمە یارمەتیدام ئەمیل زۆلا بخوێنمەوە"



**شێرزاد و دایکی**

پێگوتوون، بەردەوام من لەسەر کورسی بوومە و نووسیومە، بیرم نییە چووبمە بازاڕ، جارێک گوتی من پیاوی ماڵەکەم وایە؟ گوتم: بەڵێ، جا من شانازی دەکەم تۆ پیاو بیت و من مێینە، چ کێشەیەک هەیە.

**+ زۆر باسی ئەوە دەکەیت، لە سەرەتای هاتنە نێو دونیای نووسین، کوردییەکەت خراپ بووە، لەبەرچی، بۆ وابوو؟**

– کوردییەکەم خراپ بوو، لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیرییەکەی من عەرەبی بوو، خوێندنەوەم عەرەبی بوو، ١٠ ساڵ لەمزگەوت لەناو ئاییندا بووم، مەلا هەمزە هەبوو، بیرمە یارمەتیدام ئەمیل زۆلا بخوێنمەوە. جارێکیان (لاسیَّما)م لێ عاسێ بوو، لە مەلا هەمزەم پرسی (لاسیَّما) چییە؟ بۆی شەرح کردم، دوایی گوتی: بڕۆ مونجید بکڕە، گوتم مونجید گەورەیە، گوتی: من هەمە دەتدەمێ، چووم کرێکاریم کرد، مونجیدم نەکڕی، بەڵام هەندێک فەرهەنگی دیکەی (عەرەبی – کوردی) (کوردی – عەرەبی)م کڕی، ئەوانەشم بەکارهێنا. دواتر بەهۆی وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر، توانیم ئینگلیزیش زوو فێربم، بوومە پۆلی چواری ناوەندی، ئیدی بوومە وەرگێڕی ئەو جەنەڕاڵانەی ئەودەم، کە دەهاتنە هەولێر.

**+ بەکورتی و بە پوختی باسێکی ئەو مەلا هەمزەیەم بۆ بکە، کە تۆ هەم زۆر پێی سەرسامی، هەم لە قسەکانتدا زۆر ناوی دەهێنیت؟**

– مەلا هەمزە کابرایەکی چالاکی ڕێکخستنی شیوعی بوو، ئەو چەپ بوو بەمانای وشە، مامۆستای ئەو کەسانە بوو کە دکتۆر و ئەندازیار بوون، مەلایە و فەقێ بوو، لەمزگەوت گەورە بووە زانستێکی خوێندووە بەڵام لەبواری فیکرییەوە زۆر سەعی دەکرد، زۆر دەوڵەمەند بوو، بەردەوام چواردەوری کتێب بوو، ڕاستە خانووی گڵ بوو وەکو ئێمە، بەڵام من مەلا هەمزەم نەبینیوە بەبێ کاغەز و قەڵەم، بیرمە بەقۆپیە مەنشوراتی بڵاودەکردەوە، بڵاوکراوەی حەرام بڵاوکراوەی قاچاخ، زوو زوو دەکەوتە بەندیخانە، من هەمیشە دڵم بەوە خۆشبوو ئەو کتێب و شتانە یەکەمجار ئەو بەمنی دەناسێنێ، وێڕای حەیدەر کەریم.

یەک لەو شتانەی سەیر بوو بەلامەوە باوکم و دەروێش ڕەحمان و مەلا هەمزە، قەت نەمبینی بچنە مزگەفتێ ئەوەش سەرنجی ڕادەکێشام، بەڵام بینیمەوە بە پیریەتی چووە حەجێ، ئەوەش سەیر نییە چونکە نۆستالۆژیات هەیە بەو ڕۆژگارە، یان بەئیمانەوە، ئەوجارە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە مستەفا مەحمود زۆر لیبراڵ بوو وجودی و چەپ بوو، بەڵام دەبێتەوە بەئایینداریکی زۆر سەرسەخت ئەدەبیات نقوم دەکات لەئایین، جاروبار بەپێچەوانەوە ئایینداریکی زۆر دەبێتە چەپگەرایەکی ڕادیکاڵ و سێکولار هەردووکی جائیزە.

**+ لەساڵی چەند فێری ئینگلیزی بوویت؟**

– من ئیدی لەناوەندییەوە بەجدی کۆرس بۆ خۆم دەکەم و وشە و ڕستە لەبەر دەکەم، لەبەرخۆم دەمگوتنەوە، بەڵام کە دەگەمە کۆلێژ، ئیدی کامڵ دەبم و دەچمە بەشی ئینگلیزی، من لەسێی ناوەندییەوە بڕیارمدا بچمە ئەدەبی ئینگلیزی، تاکە کەسیش بووم، چوومە ئەدەبی ئینگلیزی لە بەغدا.

**+ بۆ تا ئێستە، یەکێک لەبەرهەمەکانی خۆت بەئینگلیزی نەنووسیوە؟**

– لەبەر ئەوەی ناتوانم و دەرەقەت نایەم، زمانی ئینگلیزیەکەی من هەولێری و کوردەوارییە، من لەئینگلیزی دەتوانم بەجۆرەها شێوە موسەیتەر بم، کاتی خۆی سێ چیرۆکی خۆم کردە ئینگلیزی، کە داوەتی پێنی جیهانی بووم لەفینلەندا، هەرسێکیان قبوڵ کرد، زۆربەی ئەو چیرۆکانەی

کە وەرمگێڕابوون هی سەردەمی گەنجیەتی بوون، بەدڵیشیان بوو.

**+ لەبەرچی ناتوانیت بە ئینگلیزی بنووسیت؟**

– لەبەر ئەوەی چوار ساڵ بەکالۆریۆس دادی ئینگلیزیەکەم نادات، دەبێت بچییە ناویان و لەگەڵیاندا بژیت، پەیوەندی بە کەڵچەرەوە هەیە، بەڕاستی هەر ئەوە نییە بڵێی ئینگلیزی دەزانم و قسەی پێدەکەم، من موحازەرە دەڵێمەوە، لە زانکۆکانی خۆراوایی قسەم کردووە، دوانزە سەعاتم لەهەفتەیەکدا وەرگرتووە، بەڵام دیسانەوە خۆم بە ئینگلیزیزان نازانم بۆ نووسین و وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی.

**+ زیاتر بە چ زمانێک دەخوێنیتەوە؟**

بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی زۆر دەخوێنمەوە، ئەگەر کتێبی باشیش هەبێت لەکتێبخانەکان و باش وەرگێردرابن، بە کوردیش دەخوێنمەوە، بەڵام ڕاستییەکەی زۆرتر بە ئینگلیزی و عەرەبی دەخوێنمەوە، چونکە سەرچاوەم دەست دەکەوێت.

**+ تۆ کەسێکی ئاییندار بووی؟**

– بەڵێ (١٠ تا ١٢) ساڵ سۆفی بووم، نەک ئاییندار، زۆریش وەرزشی ڕوحیم کردووە، بەڵام من لێکم دەدایەوە، چی لەعیسا جوان بووایە وەرمدەگرت، لە بودا، لە ئیسلام، لە موسا و لەهەموو ئایینە کۆنەکان و کۆنفۆشیۆس و زەرادەشت، ئەوەش نیگایەکی باشی دامێ بۆ قسەکردن، زۆرجار چیرۆکی من ئەو فەزایانەی تێدایە، ئەگەر تەماشا بکەی، گوڵی ڕەش پڕە لەپرسیار و گومان.

**+ ئەوکاتەی کە لە بەغدا بووی کەسێکی ئاییندار بووی؟**

– بەڵێ بەڵێ بەکردەییش وابوو، بەڵام کە کۆلێژ تەواو دەکەم ئیدی واز لەمەزهەب دێنم بەمانا تەقلیدیەکەی، بەڵام ئێستەش سۆفییەک لەناو مندا هەیە، من ئایین وەکو مێژوو، وەکو سیاسەت و بنەماڵە و حزب و هەر شتێکی دیکە، هەتا زانستیش بە گومانەوە لێیان دەڕوانم. گومان بەمانای پرسیار، گومانت نەبێت زۆر خراپە. جیمس جۆیس دەڵێت: ئەگەر گومان لەخێزان و لە مەزهەب و لە ناسیۆنالیزم نەکەیت، ناتوانیت داهێنان بکەیت. لە ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لەتافی لاویدا) کە ئازاد حەمەشەریف کردوویەتی بەکوردی، لەو ڕۆمانەدا ئەو سێ وانەیە بۆ من زۆر گرنگ بوون، گومان لەخێزان، واتە: خێزان پیرۆزە، نەخێر پیرۆز نییە، خێزان پڕە لەکێشە، حەسەن پۆلیس بیست و پێنج ساڵ قوماری کرد، مەلا هەمزە هەزارجار ئامۆژگاری کرد بێسوود بوو، فێڵی لێدەکرد تاوڵە و دۆمینەی لەگەڵ دەکرد بۆ ئەوەی سەرقاڵی بکات و واز لەقومار بێنێت، بەڵام سوودی نەبوو.

**+ چیرۆکی ئەوەش هەیە، کە تۆ لە بەغدا بوویتە، شەوێک لەکاتی گەڕانەوەت لە مزگەوت بۆ بەشی ناوخۆیی، لە شەقام بینیووتە سەرخۆشێک بەربۆتەوە و سەری کەوتۆتە ناو زێرابێکەوە و دەمی لەناو زێرابەکە بووە، تۆ گوتووتە من بەشێوەیەک مەست بوویمە و ئەوەش بەشێوەیەکی دیکە. گوایە ئەوە سەرەتای دروستبوونی گومانێک، یان هەڵگەڕانەوەت بووە بۆ ئەو هەموو بیر و بۆچوونانەی ئێستەت؟**

– ڕاستە، کاتێک جەلالەدین ڕۆمی و شەمسی تەبرێزی هەردووکیان دەخوێنیتەوە، کە وەکو عاشق دەردەکەون، وەکو ئەوە وایە نێر و مێ بن. گومانی گەورە لەسۆفییە گەورەکانەوە هاتووە، بۆ نموونە ئایەتێک هەیە ئیبراهیم دەڵێت: (أو لم تؤمن) بڕوات پێ نییە دەڵێت: (بلى ولكن ليطمئن قلبي) بۆیە ئەگەر ئیسلامێکی عاقڵ بیت، بۆت هەیە بۆ ئەبەد گومان لەهەموو شتێک بکەیت. لەبەر ئەوەی خودا قسە دەکات دەڵێت: ئایا بڕوا ناکەیت، بۆیە لە هەموو ئایینێکدا بواری گومان هەیە، بەڵام بەردەوام مرۆڤ حەزی لەیەقینە، چونکە ئارامتری دەکات، یەقین و یەک هەقیقەتی زۆر ئارامیت دەداتێ، یەک شت حەقیقەتە و تەواو، بەڵێ ئەوە سەد لەسەد وایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی ئینگلیزی،



شێرزاد لە کاتی دیدارەکەدا

بەتایبەتی دوای ئەوەی (سامۆئیل بیکێت)م ناسی، ئەوەی منی گۆڕیْ ئەو سەرخۆشە و سامۆئێل بێکێت (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) بوو، ئەو دوو شتە ژیانی منیان گۆڕی.

من ئەوەندەم قورئان خوێندبۆوە ئەوەندەم تەهلیلە کردبوو مەست ببووم بەمانای وشە مەستەکی خواهانە، بێباک بووم لەو هەموو کێشانەی لەکوردستان هەبوون، هەموو حیکمەتی ئیلاهییە، من پەنا دەبەمە بەر مزگەوت، بەڵام ئەو پەنا دەباتە بەر گەورەترین و خۆشەویسترین کەس، ئەوەشی ئەلفبای گومانی لەدڵی من چاند خەیامی شاعیرە، کە خەیام دەخوێنمەوە زۆر شت لەلای من دەگۆڕێت.

**+ کەواتە لەو ڕوانگەیەوە، تۆ ماف بەئیسلامییەکان، یان خەڵکانێک نادەیت؟ کاتێک ڕێگا نادەن هەموو کتێبێک بێتە ناو کۆمەڵگەو بخوێندرێتەوە، لەترسی ئەوەی ئەو گومانە دروست نەکات؟**

– نەخێر، بەڕای من ئەوان ئەو شتانە دەکەن، درێغی ناکەن، بەدرێژایی مێژووی ئایین، قەرامیتە، موعتەزلیە، مەزهەب هەیە، کۆمپلێت لەناوبراوە، لەبەر ئەوەی، ڕاستە ترس لە کتێب هەیە، بەتایبەتی ترس هەیە لە ئەدەب، بەردەوام سانسۆری لەسەرە، بەڵام هیچ کەسێک بۆی نییە، من بۆم نییە وەکو شێرزاد ئەگەر سێکولار بم، یان ئاییندار، بۆم نییە بڵێم ئەم کتێبە ئایینیانە مەهێنن، با نەخوێندرێنەوە. دەبێت هەردووکییان بخوێندرێنەوە، مرۆڤی تەندروست، وڵاتی تەندروست، حکومەتی تەندروست ئەوەیە، کە لێگەڕێ هەموو جۆرە ئازادییەک هەبێت، بەڵام دەبێت میللەتێک هەبێت ڕەخنەگری تێدابێت، ئایینی بێت، یان سیاسی، بنەماڵە بێت، یان مزگەوت، یان حزب بێت، هەر لایەنێک ئەگەر جێگای گومان و پرسیاری نەهێشتەوە خۆی زیان لەخۆی دەدات، ئێستە ئەوەندەی ئیسلامییەکانی وەکو داعش ئازاری ئیسلام دەدەن، هەموو خۆراوا ناتوانێت ئەوە بکات.

**هەمەنگوای قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: بەدبەختی و ژیانی کولەمەرگی و ناخۆشی بۆ ئەدیب زۆر پێویستە**

**+ پەیوەندی ئەدەب و سیاسەت چۆن دەبینیت، پێت وایە هەموو شتێک سیاسەتە؟**

بێگومان، سیاسەت پەیوەندی بەهەموو کایەکانی دیکەی ژیانەوە هەیە، بەپێچەوانەوە سیاسەت کە چالاک و باش بوو، مرۆڤایەتی و دیموکراسی و لیبراڵ بوو، دەتوانێت ڕەنگرێژی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بکات و هەر هەمووی لەڕێگەی سیاسەتەوە بگۆڕێت، بۆیە ئەدەبیش لەسەردەمانی سیاسەتدا کراوە و لیبرال و ئازادیخواز بووە، دەبینین باش نەشونومای کردووە، گەرچی لەهەمان کاتدا، چەوسانەوە هەبووە، واتە ئەدەبی ڕووسیای قەیسەری ئەو هەموو نووسەرە بلیمەتانەی بەرهەمهێناوە.

تۆماس مان ڕۆماننووسی ئەڵمانی دەڵێت: ئەگەر کوڕ و کچێک نەوێرن نامەی دڵداری بگۆڕنەوە (کە دیارە ئەو باسی سەردەمی زووتر دەکات) ئەوە بزانە سیاسەت لەو مەملەکەتە کێشەی هەیە، یان غاندی دەڵێت: ئەگەر دوو ماسی لەزەریا بەشەڕ هاتن، ئەوە بزانە گوناحی ئینگلیزە، یان پلان و نەخشەی ئینگلیزی تێدایە، لەبەر ئەوەی قسەکەی دروستە، تائێستەش بەریتانیا چنگی لە عێراق و هەرێمی کوردستان گیر کردووە، مەبەستم بەدیوە خراپەکەی، نەک بەدیوە باشەکەی، ئەوان کۆڵۆنیال بوون و نەڕۆیشتن چوارمشقی لەسەر دڵمان دانیشتوون.

**+ تۆ زۆرجار، لە زۆر بۆنەدا کوردستانت شووبهاندوە بە حەسار، بۆ؟**

نەک کوردستان بەڕای من خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەلبەندکراوە و زیندانێکی گەورە و قەسابخانەیەکی گەورە و شێتخانەیەکی گەورەیە، ئایا هەمان نیگام هەیە بۆ دونیای دەرەوە، بەڵێ، زۆربەی بیرمەندەکانی سەدەی بیست و بیست و یەک و فرانکفۆرتییەکانیش دەڵێن ئێمە کۆیلەین، بەڵام بەجۆرێکی سیستماتیکە، کە نازانین کۆیلەین، بیرمەندێک ناناسم هەمان گومانی منی نەبێت بەرانبەر بەکۆمەڵگەی خۆی، بەڵام مرۆڤ دەبێت ئەمەکدار و بەوەفا بێت، ڕاستگۆ بێت، ملیۆنەها خەڵک ئێستەش لە خۆرهەڵاتەوە ڕادەکەن و دەچنە خۆراوا، بە موسڵمانی توندڕۆ و میانڕەوەیشەوە. ئەو هەڵات هەڵاتە لەڕاپەڕینەوە بەچی تێدەگەیت، هەڵاتن نییە لەحەسار ئەو باوکە عەرەبییەی مرد، ئایا باوکی کوردی چی کرد، گوتمان سەدام باوکێکی عەرەبی دیکتاتۆر بوو، باوکی کوردی

**باوکم هەرچی قسەیەکمان دەکرد بەمن و دایکمی دەگوت (ئەنگۆ گوخۆری کێندەرێن)**

ئەگەر سەرانی حزبی ناودەنێی دەسەڵاتخوازەکانی ناودەنێی، تەکنۆکراتەکانی پێدەڵێی، ئایا چیان کرد؟

ئایا لەو سی ساڵە زانکۆ توانی هەنگاوێک باوێت و نەوەی نوێ بۆ پێشەوە بەرێت، هیچ نەبێت عەقڵێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت، ئێستە تۆ تەماشا بکە، چەند مەلای قوڕبەسەر و دواکەوتوو هەیە، کە بە ملیۆن جەماوەری هەیە و قسەیان بۆ دەکات و سەر بادەدەن و دەچنە مزگەوت، لەبەر ئەوەیە، بەڵێ لای من کوردستان لە ئۆردوگا دەچێت لەسەبازگەیەکی تەلبەندکراو دەچێت، هیچ گومانێکم لەوە نییە. هەوڵماندا ئەو باوکە عەرەبییە بکوژین، بەڵام باوکێکی دی کە باوکی کوردییە ستەمکارترە لەو.

بۆ؟ چونکە ئەو هاوتووخم و هاوڕەگەز و هاوخوێن و هاونیشتمانییە، بەڵام قوتی خەڵک دەدزێت و سامانی سرووشتی سەر زەوی و بن زەوی دەدزێت، ئەمە حەقیقەتە تاڵەکەیە، بەڵێ کوردستان، ماڵی ئێمە، گەڕەکەکە، شارەکە، لای من لەحەسار دەچێت، ئومێد دەکەم خەلەفا بم، ئومێد دەکەم من تێکچووبم، ئەو قسەیە لای ملیۆنەها کەس، کە کوردە و گوێی لەمنە و شتی من دەخوێنێتەوە، بڵێت وەڵا ڕاست ناکەیت، بەڵام پێمبڵێ و بۆم بسەلمێنێت، کە من بەقەد سەری خۆم هێنم خواردیە، باوکم هەرچی قسەیەکمان دەکرد بەمن و دایکمی دەگوت (ئەنگۆ گوخۆری کێندەرێن) گریمان منیش گووخۆری کێندەرێم، کە قسان دەکەم، گریمان وایە هیچ گرفتێکم نییە، کێشەم نییە، بەڵام ئومێد دەکەم ئەتۆ بۆ خۆت وەکو ڕۆژنامەنووس، وەکو نووسەرێک چۆن سەیری دەکەی؟

ئایا ئەو پرسیارەی بۆ لەمن دەکەیت؟ کە تۆ لەمن باشتر دەزانی ئەوە حەسارە.

**+ بەڵام بەدیوێکی دیکەدا ئامادەن کار لەگەڵ ئەو دەسەڵات و کۆمەڵگەیەدا بکەن، کە نەک هەر گومانیان لێی هەیە، بەڵکو باوەڕیشیان پێی نییە، بۆ نموونە جەنابت لەوەزارەتی پەروەردە ڕاوێژکار بوویت، ئەو تێفکرین و تێگەیشتنەی لەناخی خۆتدا هەتە، لەگەڵ ئەو واقیعەی کە پێچەوانەی ئەو بیرکردنەوەی تۆیە، چۆنە؟**

– من سەعیم دەکرد، چل کەس بووین بڕیاردەر بووین لەوەزارەت، ئەو چل کەسە برادەری منداڵیشمی تێدا بوو، کە ناوەکانیان ناڵێم، هەموویان هەرسێ وەزیرەکە دڵشاد عەبدولڕەحمان، لەگەڵ سەفین دزەیی دواجار عیسمەت خالید گوتی: تۆ




لادەبرێت لەبەر ئەوەی هەموو بڕیارەکان نووسیوتە نەخێر. من هەموو نەخێرەکانم لەلای خۆم پێ هەق بوو، لەبەر ئەوەی دژی منداڵی کورد بوون، لەبەر ئەوە لەساڵی ٢٠١٣ بەئەمری ئەنجومەنی وەزیران لادەبرێم و بەزۆر خانەنشین دەکرێم، کەسیش نازانێت، بۆ لەنێو تۆڕی کۆمەڵایەتیشدا نەمکرد بەگۆبەند.

**+ بۆ؟**

– چونکە نابێت، ئەوە وەزیفەی خۆتە، پێویست ناکات پاڵەوان بیت، بەڵکوو ئەوە ئەرکی تۆیە وابێت، دەربکرێیت و فنیش بکرێیت و بکوژرێیت، ئەو ئەوروپا پێشکەوتووە، هەزاران شەهیدی داوە بۆ مەسەلەی ژن، مەسەلەی زانست و ئایین، هەزاران کەس کوژراوە.

**+ یانی هەمیشە ئەوەت لەمێشکت داناوە لەسەر ئەو شتانەی دەیکەی بکوژرێیت، سرووشتیشە بەلاتەوە، لەمردن ناترسێیت؟**

– بێگومان سرووشتییە، نەخێر قەت لەمردنیش ناترسم، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو گۆبەندەی لەسەر ئەوە دروست بوو، کە گوتم: نابێت تا هەژدە ساڵی کەس ئایین بخوێنێت و مزگەوتیش بەسە، چونکە خوێندنگە و نەخۆشخانەمان نییە.

**+ نابێت چی بخوێنرێت؟**

– نابێت ئایین بخوێنرێت تا هەژدە ساڵی، ئەمە ستانداردە لەهەموو جیهان، چونکە ئەو منداڵە گوناهی نییە باسی ئادەمی بۆ بکەی و چیرۆکی مێژووی ئایینەکانی پێبڵێی.

لەدوای ١٨ ساڵییەوە، یان بەلای کەمی هەندێک وڵات لە ١٥ ساڵییەوە دەستپێدەکات، ئەوان ناڵێن عیسا ئەو عیساییە، شتێکی عەجیبە، نە باسی محەمەد دەکەن نە کۆنفۆشیوس، نە زەرادەشت، لەبەر ئەوەی کراوەن، ئێمە دەڵێین ئەم قورئانە وێنەی نییە، ئەم پێغەمبەرە خاتەمە و وازبێنە، ئەم

ئایینە (ومن یبتغ غیر الإسلام دینا فلن یقبل منه) دەتوانێت هەموو دونیا داگیربکات، ئەمە ئەگەر بیەوێت بیکات، بەڵام ئایا هەموو ئایینێک پانتایی ئاشتیخوازی تێدایە، بە ئیسلام و بەعیسایی و موسایی و کۆنفۆشیۆس و بودیزم، بەڵێ ڕووبەری شەڕانگێزیشی تێدایە، چونکە زادەی مێژووە.

بۆ؟ چونکە گریمان خودا پەیامی ناردووە، بەڵام پیاوەکانی ئیشی تێدا دەکەن، زۆرجار تەفسیر و تەئویلەکە بەئارەزووی خۆی بووە، جاری واهەبووە سوڵتانێک لەڕۆژگاری خۆیدا وایکردووە حەدیسێک دروست بێت، بەڵگەش هەیە، ئێستە حەدیس حەوت بەشە، شەش بەشی زەعیفە و تەتەڵە دەکرێت، تائێستەش موسلیم و بوخاری تەتەڵە دەکرێن. بۆ نموونە ئیبن ڕوشد فەیلەسوفێکی ئەقڵانییە، لە ئەندەلوس ترۆی دەکەن و کتێبەکانی دەسووتێنن، محەمەد عابد جابری دەڵێت لەو ڕۆژەوە عەقڵمان تەلاقداوە، بەداخەوە تۆ قسە دەکەی ئەو تێناگات.

**+ لە هاوینی ساڵی ١٩٩٧ەوە بۆ ماوەی ١٠ مانگ لە شاری تامپێری لە فینلەندا پەنابەر بوویت، کەچی لە بەهاری ١٩٩٨دا گەڕایتەوە کوردستان، چۆن و بەچ مەبەستێک ڕۆیشتی و بۆچی گەڕایتەوە؟ تۆ ئێستە لە هیچ وڵاتێک ئیقامەت هەیە، لە کاتێکدا زۆر سەفەر دەکەیت؟**

– من لەهیچ وڵاتێک ئیقامەم نییە بەڤیزا دەچم، ئەوە حەقیقەتە کە پێت دەڵێم، ئەمە بەرەوارەکەی دوێنێیە، لە سەرەتای ڕاپەڕین لەسلێمانی، من کەمپەینم کرد دژی خەتەنە، کەوتمە قسە کردن لەسەر ئایین و کۆمەڵگە و سیاسەت، بەو حزب و دەسەڵاتانەم دەگوت تالانچی و چەتە، تۆش بیستووتە، ڕەهبەر جەلالی نیگارکێش و هاوڕێم دەیزانی وەزعم خەتەرە، مەلا کرێکار لەژێر زەمینێکی هەولێرێ کۆمەڵێک کوڕو کچ کۆدەکاتەوە، هەڕەشە دەکات، ئەو هەڕەشەیە چۆن بەمن گەیشت؟ فریاد ڕواندزی لە نەوەت و حەوت ئەوەی بە من گوت، حەزدەکەی پیشی بڵێ، بۆ نەوەد و حەوت بەمنی گوت؟ لەڕێی کچێکی باڵا پۆش زانیبووی، کە لە زانکۆی سەلاحەدین، هەردووکیان ماستەریان دەخوێند.

خۆشت دەزانی من لە کوردستانی نوێ دەمنووسی، مانگانە هەندێک شتی دنە دەردم دەنووسی تۆزێک بێزارکەر، بۆ هەندێک عەقڵی کۆنسەرڤاتیڤ، یان سیاسی تێر نەخۆرە، گوتی کاک شێرزاد ئێمە سانسۆرت دەکەین، گوتم: بۆ؟ گوتی: مەلا کرێکار بەجدی هەڕەشەی لەتۆ کردووە، ڕابەر جەلال نازانم لەکوێوە ئەو شتانەی بیست بوو، من بەکەسم نەگوتبوو هەتا فریاد پێی گوتم، لە هیچ شوێنێک یەک وشە قسەم نەکرد، تائێستە کە قسە لەگەڵ تۆ دەکەم.

من یەکێک بووم، لەو کەسانەش، کە لاپەڕەی ئەدەبیم لەکوردستانی نوێ بەڕێوەدەبرد، لەشەڕی براکوژی، پێش ئەوەی جنێو بەیەک بدەن من دەستم لەکارکێشایەوە، شایەدیشم هەیە، ئازاد جوندیانی ماوە، کوردستانی نوێ-م بەجێهێشت، چونکە گوتیان سانسۆرت دەکەین، گوتم نەخێر، ئیدی دوای ماوەیێک بەتەواوی لێیان دابڕام، خۆشت دەزانی من حزبی نەبووم، یەکێتی نەبووم، پارتی نەبووم، ئەمە وایکرد لەچوارچێوەی پڕۆژەیێک گەیشتمە فینلەندا، لەوێش هەمان ئەو پرسیارەیان، لێکردم بۆ هاتیتە ئەوروپا و بۆ دەڕۆیتەوە.

وەکو گوتم: کاکە سمکۆ من لە هیچ وڵاتێک ئیقامەم نییە، بەڵکو لەساڵی ٢٠٠٦ ەوە بەڤیزا هاتووچۆ دەکەم، ئێستەش ڤیزای سێ ساڵیم هەیە بۆ پڕۆژە کەلتورییەکان، هەمیش بۆ پشکنین و چارەسەری ئەو عەیب و عارانەی هەمە.

**+ لەبارەی ساڵی لە دایکبوونت هاتووە ساڵی (١٩٥١-١٩٥٢) ئەمە یانی چی، بۆ ساڵی لە دایکبوونتان جێگیر نییە؟**

– دایکم دەیگوت جوولەکە ڕۆیشتبوون، باوکم دەیگوت جوولەکە نەڕۆیشتبوون، وەکو نوکتەی لێهاتبوو، جاری وا هەبوو باوکم دەیگوت ڕۆیشتبوون دایکم دەیگوت نا نەڕۆیشتبوون، واتە جوولەکە ڕۆیشتبوون، من لەدایکبوومە، بەمەزەندەی خۆم کە دەچمە قوتابخانە لە ڕواندزێ ساڵی ١٩٥٨، ئەوکاتە بوو فیلمێکیان دەکرد بە ناوی (نەبوخزنەسر) بۆ ئەسپێک دەگەڕان، باشترین ئەسپ، ئەسپی باوکم بوو، دایکم بردمی بۆ قوتابخانە، لەبەر ئەوەی باوکم فشەی پێدەهات، گوتیان ئەدی باوکی بۆ نەهاتییە دایکم گوتی: حەسەن پۆلیس مێردی منە، ئەسپەکەی داینێ و دەڵێت خوێندن فشەیە، بەڕێوەبەری قوتابخانە گوتی: لەبەر ئەوەی ئەسپەکەی داینێ بۆ ئەو فیلمەی نەبوخزنەسر، نازانم تیمێکی عێراقی بوو، یان میسری، فیلەمەکەیان دەکرد، ئیدی لەبەر ئەوە من بەساڵێ، یان دووساڵ زووتر چوومەتە قوتابخانە کە ساڵی ١٩٥٨ بوو، واتە پێنج، یان شەش ساڵان بوویمە، بەڵام ئەوە کەی بابەتە، من هێشتە بە کیری منداڵی دەمیزم، ئەمە تۆمار بکە

لەلای خۆت، من لەدایک نەبوومە هێشتە، حەزدەکەم بیزانی زۆرجار دەڵێن لەدایکبووی چەندی؟ دەڵێم لەدایک نەبوویمە.

**+ تۆ لە گەڕەکی خانەقای هەولێر لە دایک بوویت، کەچی خوێندنی سەرەتایت لە قوتابخانەی (پاشای گەورەی) ڕواندز دەست پێدەکات؟**

– سەبارەت بە لەدایکبوون و خوێندنم من جارێک هەروا بەلای خانەقا ڕەت بووم بەلای سینەما حەمرا، کوچە و کۆڵانەکانی دەوری، لەوە دەچێت لەوێ نیشتەجێبووبین،ساڵی ١٩٤٨ لەموسڵ، باوکم سەرباز، پۆلیس بووە، دوایی دەبێت بەئەسپ سوار، ئیدی بەڕێکەوت لەهەولێر دەچینە ڕواندزێ، بەڵام من منداڵیم لە یەکێک لەو گەڕەکە زۆر کۆنانەی هەولێر بووە، وا هەست دەکەم بەپێی قەول و قەراری دایکم بێت، گوتی لە خانەقا لە دایک بوویت، ئیدی ئەوە چەند ڕاستە، نازانم، ئەگەر لەباوکم پرسیبایە دەیگوت تەیراوە، فەوزا بوو من نە گەڕەکەکەم دیارە، نە هیچ.

سەبارەت بەوەی دەچمە خوێندنگا لەپاشای گەورە، بەڵێ لەبەر ئەوەی باوکم بووە (پۆلیسی سواری) ئیدی لە شاخ و داخ بووە، چونکە باوکم خۆی بەپیاوێکی ئازا دەزانی، ئەشقیایان پێدەگوت، دەچوو ڕاوە ئەشقیای دەکرد، وەکو قاچاخچی ئێستە ئیشەکی باشی نەدەکرد، بەڵام ئیدی پۆلیس بوو مەلیکی زۆر خۆشدەویست، بیرمە کە مەلیکی بچکۆلەیان کوشت، دایکم و باوکم زۆر گریان، گوتیان: ئیدی عێراق و کوردستان کاول دەبێت ڕاستیشیان کرد.

**+ قسەت لەسەر دایکت چییە؟**


– بەهەموو حساباتێک دایکم زۆر توند بوو لەگەڵم، وەکو باوکم، بەتایبەتی لەبارەی ئامۆژگاری ئەخلاقی.

**+ ئەی بۆ وەکو باوکت ڕەنگدانەوەی لەسەرت نەبووە؟**

– لەبەر ئەوەی، ئەگەرچی دایکم بریتی بوو لە چاودێرێکی ئەخلاقی، بەڵام لە هەمان کاتدا پڕە لەمیهر، پڕە لەسۆز، دایکم کەم لێیداوم، باوکم دەستوەشێن بوو، ئەوەش یەکێک بوو لەعەیبییەکانی باوکم، بەڵام لام سەیر نەبوو، ویستم بەو هۆیەوە ماڵ بەجێ بێڵم، بەڵام دایکم دەیگوت کوڕم سوودی نییە، دەبێت لەبەر ئێمە، ئەو زەلیلیە قبوڵ بکەیت، دەیگوت ئەگەر پیاوی، نێری، نۆبەرەی بخوێنە و پێبگە، لەو ژیانە ئابوورییە ڕزگارمان بکە.

**+ کەواتە تۆ چی لە دایکت و باوکت فێر بوویت؟**

– دایکم یەک لەو شتانەی فێری کردم ئەوە بوو زۆر سادە و خاکی بم، غاندی ئاسا، هەر بەهۆی دایکم و فیلمی هیندییەوە غاندیم خوێندەوە، من ١٥ ساڵ بووم (تجاربی مع الحقیقە)م بەعەرەبی خوێندەوە (ئەزمونی من لەگەڵ هەقیقەتدا)ی غاندی یەکێک بوو لەو کتێبانەی ژیانی گۆڕیم، لەوێدا زانیم مرۆڤێکی غەریب و سیاسییەکی عەجیب و ڕابەڕێکی سەیر هەیە، غاندی نموونەیەکی زۆر غەریب بوو وەکو ماندێلا. دایکم بەهەموو حیسابێک زۆر پاک و خاوێن بوو زۆریش ڕژد بوو لەسەر ئەوەی ببین بەمرۆڤ و پێبگەین، زۆر مۆڕال هەبوو ئەو فێری کردم، کە باڵغ بووم گوتی: هەولێر هەموو خوشکتە ئاگاداربە، گوتم: باشە ئۆدە، ئەوە وای کرد هەمیشە کە دەگەڕامەوە ماڵ سەرم کز دەکرد، ئەو شەرمە تێکەڵ بە خوێنم بوو، بەشێکیشی زادەی ژینگە بوو. ئێستە کچەزای خۆم دەبینم هەمان شەرمی منداڵی منی هەیە، ئەگەرچی ئەو لەماڵێکی زۆر لیبراڵ و کراوەشدا دەژی، بەڵام دواجار هەردووکیان دایکم و باوکم دونیایێک شتی جوانیان هەبوو، لەبەر ئەوە ئیدی هەردووکیانم خۆشویست، بەپێچەوانەوە ئەوکات باوکم لێیدەدام



“ ئەمە قسەی منە، بەڵێ خەمێکی گەلێک گەورەیە کە ناوی حەسەن پۆلیس بەدوامەوەیەوە، مانای ئەوە نییە پیاوێکی شکۆمەند و مرۆڤ نەبوو، بەڵام وەکو ئایدیا و بیری من دەبێت ناوی دایکم بێت، یان ناوی هەردووکیان ”



حەسەن پۆلیس

دەگریام، دەمزانی ئەو زۆر ئەزیەت دراوە، کەس نادۆزێتەوە جگە لەمن، لەبەر ئەوە بیست ساڵی ویست تا لەگەڵ باوکی خۆی ئاشتم کردەوە باوکم زۆر کەللەڕەق بوو.

**+ تۆ زۆر باسی باوکت دەکەی، باشە تێگەیشتنەکانت لەم بارەیەوە هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا هاتووە؟**

- دواجار باوکم قوربانی دەستی زەمەنە، کە باوکی دەریدەکات تەمەنی چوار ساڵ بووە، تاقانە بوو، پێنج خوشکی هەبوو، بۆیە باوکم قوربانی بوو، بەڵام عادەتەن قوربانییەکان توندوتیژ دەبن، بیرت نەچێت کۆمەڵگەی کوردیش، ئێمە خۆرهەڵاتین، توندوتیژییەکی زۆر لەهەموو شوێنێک هەیە، لەمزگەوت، لەقوتابخانە.

زۆر بیستوومانە، ئێوەش بیستووتانە، مامۆستای ئایینی هەرباسی دۆزەخ بۆ منداڵەکان دەکات، لەکاتێکدا ئەو منداڵانە نازانن دۆزەخ و گوناح چییە، باسی (حەوا)یان بۆ دەکەن، ئەو منداڵە ناتوانێت (وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ) لەبەربکات، بۆیە من توندوتیژی لەقوتابخانە و لە ماڵ و لە حزب و لە مزگەوت و لە هەموو شوێنێک دەیبینم، بەڵام یەکێک دەڵێت: (گووت خوارد) ئۆکەی کێشەم نییە، بە پێچەوانەوە باوکم فێری شکۆمەندی کردم، باوکم خاوەنی خۆی بوو، فیزیکی مرۆڤایەتی گەورەی هەبوو،

**"من بەخۆشم گومان و پرسیاری زۆرم بەرانبەر بە خۆم هەیە"**

هەقایەتێکی زۆر درێژە، ئەگەر بۆت باس بکەم.

**+ بەڵام هەست ناکەیت زیاد لەپێویست لەسەری ڕۆیشتوویت؟**

- نەخێر، نەخێر ئەو ڕەمزێکی گەورەیە، ئەگەر وانەکەم هەڵەیە، ئەو بۆ من بوو بەنموونەی ئەفسەر و نموونەی سیاسی و نموونەی پاتریارک و باوکسالاری کۆمەڵگەی خۆرهەڵات، تائێستەش لە خۆراوا باوک سالارییە، پاتریارک نەمردووە، بەڵکوو کاڵ بووەتەوە، باوک هەر دەسەڵاتی هەیە، مامۆستا دەسەڵاتی هەیە، بەڵام چاودێری دەکرێن، بۆ ئەوەی منداڵەکان، کوڕەکان، کچەکان، ئەزیەت نەدەن.

**+ تۆ محەمەد شوکریت خوێندووەتەوە؟**

- بەڵێ خوێندومەتەوە.

**+ هەست ناکەی لە مەسەلەی باوک، ئەویش هەمان موعاناتی هەبووە؟**

- بێگومان، دۆستۆڤیسکی-ش کێشەی هەبوو لەگەڵ باوکی، لە کارامازۆف باوکی دەکوژن غیرەتی نییە تۆڵە بکاتەوە، دەبێت بە گرییەک لە دەروونی، من سەدان ئەدیبی خۆراوایی و خۆرهەڵاتی دەناسم، مەسەلەی باوک و دەسەڵات زۆر ڕەنگی داوەتەوە، لای بۆدلێر و ڕامبۆش.

بابەتەکە ئەوەیە، باوک یەکەم دەسەڵاتە دەیبینیت، ئەوەش لە مێشک جێگیر دەبێت، دەچیتە خوێندنگە، دەبینێت مامۆستاش لە توندوتیژی و غەدر لەباوک دەچێت، لەبەر ئەوە بەڕای من باوک لەوێدا باوکێکی فیزیکی تەقلیدی کوردی نییە، بەڵکو ڕەمزە، لای من حەسەن پۆلیس ڕەمزی دەسەڵاتە، هەر لەبەر ئەوەش نەچوومە ناو هیچ حزبێک، لەبەر ئەوەی دەبینم دەسەڵات لەوێشدا زۆر بەهێزە سەرۆک لەجیاتی ئێمە بڕیاردەدات.

دوایی گومان لەمەلا دەکەم کە هەرچییەکی گوت دەبێ بڵێی ڕاستە، من کە چوومە ئەدەبیات و بیری مارکسی جان پۆڵ سارتەر و ئێکزستێنشاڵیزم و بوون گەرایی و وجودیم خوێندەوە نیگام گۆڕا، لەبەرانبەر هەموو ئەو دەزگا و ئەو کاراکتەرانەی کە پیرۆزن، باوک پیرۆزە، ئەفسەر پیرۆزە، مەلا پیرۆزە، سەرۆکی حزب پیرۆزە، دواجار هەموو ئەو پیرۆزییانە ناهێڵن بیر بکەینەوە.

**+ یانی پێتوایە کێشە و گرفت، یەکێکە لەکەرەستەکانی نووسینەوەی ئەدەبی، یان دەرد**

## کە مردم بمسووتێنن و تۆزەکەم بەسەر خەرەندیدا بکەن

**و ئازار چ ڕۆڵێکییان هەیە، ئەو کەسانەی کە خۆشبەخت دەژین و ئەوانەش کە لەنێو ئازاردا دەژین، کامیان جوانتر و باشتر و دەقی نەمرتر دەنووسن؟**

– بەلزاکی فەرەنسی بەگزادە بووە، کەچی جوانترین ڕۆمانی نووسیوە، بەگزادەکانیش ئەدیبیان تێدایە بەڵام هەمەنگوای قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: بەدبەختی و ژیانی کولەمەرگی و ناخۆشی بۆ ئەدیب زۆر پێویستە، بەتایبەتی یەکێکی وەکو بۆدلێر و ڕامبۆ بڕوایان وایە، کە داهێنان گەڕانەوەیە بۆ منداڵی، منداڵییش پڕە لە کۆست و شتی غەریب.

یەکێکیان دەڵێت: گەڕانەوەیە بۆ زۆردارەکی ئەو ڕۆژگارە، بەڵام ئەو دەڵێت: نەخێر بەبێ ئەوەی ئاگات لەخۆت بێت، خود دەچیتەوە ئەو ڕۆژگارە، ئەگەر تەماشا بکەیت، کانگای ئەدەبیاتی من منداڵی و ژنی زۆر تێدایە، کە هەردووکیان دوو بوونەوەری چەوساوەن و ستەم دیدەن لەکۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی و لەجیهانیش، بەنموونە هیچ ئەدیبێکی خۆراوایی ناناسم هیچ بیرمەندێک ناناسم، بەهیچ شێوەیەک، لە ماڵ و لە کڵێسە و حزب و دەسەڵات و سیاسەت، ڕازی بێت، هەمیشە گومانیان هەیە.

**+ تۆ دەڵێیت، ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ٣٠ ساڵ بەر لەئەمڕۆ ناوی خۆم بەناوی دایکمەوە ناوزەد دەکەم؟**

ئەمە قسەی منە، بەڵێ خەمێکی گەلێک گەورەیە کە ناوی حەسەن پۆلیس بەدوامەوەیەوە، مانای ئەوە نییە پیاوێکی شکۆمەند و مرۆڤ نەبوو، بەڵام وەکو ئایدیا و بیری من دەبێت ناوی دایکم بێت، یان ناوی هەردووکیان.

شورەییە تائێستە منداڵان بەناوی باوکیانەوە تۆمار دەکرێن و بانگ دەکرێن، بەڵام ئێستە لە خۆراوا گۆڕاوە دەتوانێت تەنیا بە ناوی دایکییەوە بێت، یان تەنیا ناوی باوکی بێت، یان ناوی هەردووکیان.

یەکەمجار لەفینلەندا بینیم، بۆ نموونە منداڵەکانی ڕەهبەر جەلالی هونەرمەند، بەناوی دایک و باوکییانەوە بوون، دایکم من دەباتە قوتابخانەی سەرەتایی لە ڕواندز، باوکم گاڵتەی پێهات، باوکم منی بە دەماغسز دەزانی چەندجارێک ویستوویەتی لە قوتابخانە بمهێنێتە دەرەوە و ببم بەفیتەر، یان دارتاش.

دایکم گوتەنی نۆ مانگ بەپێستی سک هەڵیگرتووم، ئینجا وەرە منداڵ بەخێوکردن، هیچ حەیوانێک نییە دوای یەک دوو مانگ سێ مانگ سەرپێ نەکەوێت، هەیە لەسەعاتێکدا سەرپێ دەکەوێت، ببینە منداڵ چ ئەرکێکە. بەڵێ شوورەییە من ناوی باوکم هەڵگرتووە، شەرمیشە تائێستە نەمتوانیوە بیگۆڕم، بەڵام خۆت دەزانی ئێستە ئەگەر بەناوی (شێرۆی پلکە زارێ) بەرهەمەکانم بڵاوبکەمەوە کەس نازانێت ئەو چیرۆکانە هی کێیە. پەنجا ساڵە بەناوی شێرزاد حەسەن دەینووسم، بەڵام دیسانەوە بێ غیرەتییە کە ناوەکەم نەگۆڕم.

من یەکێک بووم لەوانەی کەمپەینی ئەوەم کرد (ئێمە کوڕان و کچانی دایکمانین)

**+ لەچی خۆت پەشیمانی؟**

– حەزدەکەم بیزانی لەژیانی مندا شتێک نییە ناوی پەشیمانی بێت، بەهەموو ئەو شتە خراپ و گوناح و هەڵانەشەوە کە کردوومن، من لەژیانمدا بێ هەڵەو پەلە نیم، بەڵام دوایی ئەوە کەسێک هەیە خەبەردارت دەکاتەوە. لەپەروەردەش ئەوە فێربووم دەبێت هەڵە بکەیت، تا فێربیت، کەچی لای ئێمە دەڵێن نابێت هەڵە بکەیت.

**+ تۆ لە ژیانتدا چ هەڵەیەکت کردووە؟**

– ئەوکاتەی ئایندار بووم، شوکری خوشکم لەمن بچووکتر بوو، من دوانزە ساڵان بووم پۆلی شەش بووم، ئەو پۆلی چوار بوو، لە قوتابخانە دەرمهێنا، لەبەر ئەوەی لاقی ڕووت بوو.

**+ ئەوە یەکێکە لەهەڵەکانت؟**

– بەڵێ، بێگومان گوناحێکی گەورە بوو، بەڵام من پێنج شەش خوشکی دیکەم هەبوو، خۆیان خوێندنیان تەواو نەکرد، هەریەکە و بە بیانوویێک بەجێیان هێشت، ئەوە بۆمن ئازاریکی گەورە بوو، بەڵام شوکری دوایی دوو مێردی کرد و بێوەژن بوو، ئیدی من هەست دەکەم لەباری ڕۆحییەوە تووشی کێشەیەکی گەورە بووم، ئێستەش بەردەوام خولیا و سەرقاڵی ئەوەم.

**“ نەخێر، لە ئاسکەکەوە، کە ژیاننامەیە، تا دەگاتە ئەسپەکانی دیلۆن، کاروان کاکە سوور خاوەنی پەنجەمۆری خۆیەتی و بەهیچ شێوەیەک کۆپی و درێژکراوەی من نییە، بەڵکو تەواو تەواو کەسێکە جیاواز دەنووسێت ”**

> ❝ ئەگەر یەکێک بمکوژێت نابێت هیچی لێبێت لەبەر ئەوەی من دەزانم ئەو بۆ منی کوشت، بەڵام ئەو نازانێ بۆ منی کوشتووە ❞




**+ بابێینە سەر چیرۆک، کێ بوون ئەوانەی خولیای چیرۆکنووسینیان لا دروست کردی؟**

– من عیشقم بۆ ئەدەب و بۆ شیعر شوکروڵای بابان دروستی کرد، لەهەمانکاتدا بۆ چیرۆکیش ئێستگەی کرماشان زۆر ڕۆڵی هەبوو، دوایی نەنکم پلکە فاتم، لەگەڵ ژنێکی دیکە کە کتوکوێر بوو هەقایەتی زۆر عەجیبیان بۆ دەگوتم، نەنکم فاتم دایکی دایکم زمانی زۆر شیرین بوو، زۆر شت لەو فێربووم، زمانێکی گوندی، دەشتەکی کرماشانی هەبوو، وەکو گابریێل گارسیا مارکیز دەڵێ، من زۆر قەرزاری دایکم و نەنکمم، بەڵێ من قەرزاری پیرەژنەکانم، قەرزاری شوکوڕڵای بابانم.

**+ لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە کوردەکان زیاتر کێ دەخوێنیتەوە؟**

هەموویان دەخوێنمەوە، بەتایبەتی ئەو منداڵ و گەنجانەی تەمەنیان هەژدە ساڵییە و ڕۆمان، یان چیرۆک دەنووسن. هەموو کەسێک دەخوێنمەوە، بەڵام هەیە لەلاپەڕەی یەکەمەوە دەزانم بێ بەهایە، هێشتا ئەو بەهرەیەی خۆی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام دڵگەرمیەکەیم خۆشدەوێت، کەس بەقەد من ئاگای لەنەخشەی ئەدەبیاتی گەنجان نییە، ئێستا سێ کتێبم لەلایە وازم لەئیشی خۆم هێناوە و دەیانخوێنمەوە، یەکیان لەسێوسێنانە، لەگوندەکانەوە بۆیان ناردووم، ئەگەرچی شەپۆلێکیش پەیدا بووە، هەرچی ڕاست دەبێتەوە ڕۆمان دەنووسێت، هەمووشی هەست دەکات دەبێت بەڕۆماننووس، لەکاتێکدا ڕۆمان کارێکی وا ئاسان نییە. کەس چیرۆک نانووسێت، ئێستە زۆربەی گەنجەکانی ئەو بیست ساڵەی کۆتایی دەبینم هەمووی بەڕۆمان دەستپێدەکات، شکستێکی دڵداری خۆی بە ڕۆمان دەینووسێتەوە و دەڵێت: ئەوە ڕۆمانە، نا شکستی دڵدارییەکەی تۆ سەرگوزشتەیە ژیاننامەیە، ئەدەب نییە، چۆن وادەکەیت چیرۆکە دڵدارییەکەت، هەزاران کەسی دیکە خۆی تێدا بدۆزێتەوە، گەلێک زۆرن دەتوانم دە ناوێک بژمێرم، بەڵام دەبێت بەعەیبە لەسەرم، دەبێت ناوی هەموویان بێنم لیستەکە دەچێت بۆ چل پەنجا کەس لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

**+ تویژەرێک پێی وایە کاروان کاکە سور درێژبووەوەی تۆیە، بەڵام کۆپی تۆ نییە، بەرامبەر بەو بۆچوونە تۆ ڕات چییە؟**

نەخێر، لە ئاسکەکەوە، کە ژیاننامەیە، تا دەگاتە ئەسپەکانی دیلۆن، کاروان کاکە سوور خاوەنی پەنجەمۆری خۆیەتی و بەهیچ شێوەیەک کۆپی و درێژکراوەی من نییە، بەڵکو تەواو تەواو کەسێکە جیاواز دەنووسێت.

من کەس نابینم کۆپی من بێت، من خۆشم هێشتە ئەزموونکارم، لەهیچ شوێنێکیش نەمگوتووە نووسەرم، کاک سمکۆ گوتوومە حەزم لەمەیدانی ئەدەبە، چونکە ئەزموون کاری واڵایە دەتوانێت بەئارەزووی خۆی کاربکات نەخێر من بەخۆشم گومان و پرسیاری زۆرم بەرامبەر بە خۆم هەیە.

**+ ئێستەش چیرۆک دەنووسیت؟**

– لەساڵی ۱۹۹۸ کۆتا چیرۆکم نووسی، بەداخەوە کەوتمە ناو دونیای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئایین لە خۆرهەڵات، ژن بەتایبەتی. کۆمەڵێک بیرمەندی وەکو (بێرنارد لویس)م ناسی، کۆمەڵێک کەسی دیکەی وەکو میشێل–ی فەرەنسی کە باسی ئایین دەکات بەگشتی، لەناویاندا ئایینی ئیسلام، جاری واش هەیە لەگەڵ تەمەن هەر پێنج ساڵ جارێک مرۆڤ دەگۆڕێت، بۆ نموونە من سکێچم هەیە بەڵام توانام نییە بچمەوە سەری، ئەوەش ستەمە لەخۆمی دەکەم.

**+ ئەو وەرچەرخانەت، لەچیرۆکەوە بۆ ڕۆمان ئەوە لەکوێوە، چۆن دروست بوو؟**

– هەر لەوەی من ئەدەبی ئینگلیزی دەخوێنم ئیدی عاشقی ڕۆمان دەبم، ڕۆمان دەبێت بەبەشێک لەمن.

**+ چ جیاوازییەک لەنێوان نۆڤلێت و ڕۆماندا هەیە؟**

– کارەکتەر و پانتایی و کات، تا دەگاتە ژمارەی وشە (تەمی سەر خەرەند) چل هەزار وشەیە، ڕۆمانە.

مارکیز ڕۆمانی هەیە بەقەد (حەسار و سەگەکانی باوکم)ە نووسیوەتی ڕۆمان (کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنووسێت) نۆڤلێتە، بەڵام زۆرجار لەوڵاتانی خۆراوایی دەبینم نوسراوە ڕۆمان لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکەکەی سەنگینە.

**+ بەدیاریکراوی قەبارە و کارەکتەرەکان ڕۆڵ دەگێڕن لەوەی پێی بگوترێت ڕۆمان، یان نۆڤلێت؟**

– بەردەوام لەچیرۆکی کورتدا کارەکتەر یەک دەنگییە، شوێن، شوێنێکی دیاریکراوە، کات کاتێکی کورتە بەقەد ئەو چا خواردنەوەیە کە ئێستە ئێمە دەیخۆینەوە، بەڵام نەخێر جاری واهەیە تۆ پەنجا ساڵ باس دەکەی، سەد ساڵ باس دەکەی، کەسێک ڕۆمانێک دەنوسێت لەنیاندەرتاڵەوە دەستپێدەکات بۆ ئەمڕۆ، کەواتە کات و شوێن گرنگە، کارەکتەر لەسەد شوێن دەیبینیتەوە، بۆیە چیرۆکی کورت زۆربەیان وەکو سۆلۆی مۆسیقا وایە، وەکو فلوت ژەنێک، ئایا فلوت ژەن گرنگ نییە.

**+ لەچیرۆک و بەرهەمە درێژەکان، نۆڤلێت، یان ڕۆمانی ناو دەنێیت، تائێستە نەگەیشتویەتە قۆناغی سلێمانی و هەر لەڕواندز و هەولێر دەخولێیتەوە؟**

– بێگومان وەکو خەونەکان وایە، تۆ کە بەتەمەنێکی گەورە دەچیتە ئەوروپا، یەک خەون نابینی هی ئەوروپا بێت، نووسین و ئەدەب زۆر لەخەون بینین دەچن، نووسینیش زۆر زۆر نزیکە لەخەون بینین، هەموو نووسەرێکی ڕاست، بەتایبەتی ئێمە ئیش لەسەرچی دەکەین (اللاشعور) (العقل الباطن) ئەوەی کە پێی دەگوترێت ناخود ئاگا، هەندێک دەقم هەیە گومانم هەیە لەوەی من نووسیبێتم.

**+ بیرت لەوە کردۆتەوە ڕۆژێک واز لەنووسین بێنیت؟**

– بێگومان، زۆر ئەدیبیش هەیە، ڕامبۆ لەنۆزدە ساڵی واز لەشیعر دەهێنێت، لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراوە، بۆدلێر یەک دیوانی هەیە (گوڵە بەدەکان) لەبەر ئەوەی ئەدیب هەیە یەک کتێبی بەسە، ئەدیبیش هەیە سەد کتێبی هەیە، دەگوترێت ئەدیبی گەورە یەک کتێبی هەیە، لەبنەڕەتدا هەرچی کتێبێک دەنووسێت هەر ئەو کتێبەیە.

**+ تۆ ئەو کتێبەت نووسیوە؟**

– نەخێر نەخێر.

**+ دەینووسیت؟**

– ئا، بەڵام بەمن بڵێن چی بیری تۆیە؟ هەمووی لە (حەسار و سەگەکانی باوکم) ئەوە ئەندێشەمەندی منە.

**+ واتە (حەسار و سەگەکانی باوکم) یەکێکە لەو کتێبانەی شانازی پێوە دەکەی؟**


– یەکێکە لەو کتێبانەی، کە هەموو بیری ژیانی منی تێدایە.

**+ تۆ پێتوانیە بەوە ستەم لە (گوڵی ڕەش) دەکەی؟**

– بێگومان زۆر زۆر.

**+ واتە تۆ تائێستە دەقێکی دیکە یا کتێبێکی دیکەت نەنوسیووە لەسەرووی حەسارو سەگەکانی باوکم بێت؟**

– بەپێچەوانەوە، کورتە چیرۆکم هەیە هەمووی دوو لاپەڕەیە، بەقەد ئەو خۆشمدەوێت، لە حەسار



**شێرزاد (ئەم وێنەیە یەکەمجارە بڵاودەبێتەوە – فۆتۆ سمکۆ)**



پاتریارک جێگیر بووە، ئەگینا (گوڵی ڕەش)یش پڕە لەپاتریارک، ڕۆڵی باوک و نێر و کۆمەڵگەی نێرسالاری، بەڵام بەقەد ئەو تۆکمە و دامەزراو نییە، هەتا ئەوروپییەکانیش کە دەمخوێننەوە، بۆ نموونە زۆرجار ئەوە هەڵدەبژێرن کە من دەمەوێ.

**+ تۆ پێتوایە ئەدیب یەکەمجار دەبێ لەکوێ بخوێنرێتەوە؟**

– بەدڵنیاییی لەناو میللەتی خۆی، بێگومان تۆ تا لۆکاڵ نەبیت، ناتوانیت بگەیتە جیهان.

**+ تۆ خوێنراویتەوە؟**

– بەڵێ بەپێی ئەو کۆمەڵگەیەی کە منی تێدام، لەقۆناغی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بەزانکۆشەوە، کە حاڵمان باش نییە، بەڵێ من زۆر شادمانم، بەڵام خەونم زۆرترە، بەڕاستی من ئێستە ئەگەر درۆزن نەبم، کە دەنووسم هەرگیز خەڵکم بیر نییە، من بۆ خۆم دەنووسم، زۆرجار وەکو دەسپەڕ چۆن ڕەحەت دەبیت بینووسە، بەبێ شەرم، زۆر زۆر یەکێک دەڵێ شێرزاد حەسەن زۆر بێ ئەدەبە، نا تۆ خۆت ڕەحەت دەکەی ناچیت تەعەدا لەکچە دراوسێکەت بکەیت، لەوێدا من هەست دەکەم من بۆ خۆم دەنووسم، بۆیە ئەو نموونەیە دەهێنمەوە یاخود هەموو عاشقێکی ڕاستەقینە ناچێتە بەرچاوی خەڵکی بەدزیەوە، بەکەس ناڵێی من عاشقم، بۆ خۆی، خۆی دەلاوێنێتەوە لەبەر ئەوە بەڕای من ئەوەندەی من بزانم سەرەتا هەر خۆم لەبیرە و لەگەڵ دەقەکەم، کە دەمبات، گەمەیەکە لەگەڵ خۆمی دەکەم، یان فرمێسک، گریانێکی عەجیبە خۆم بۆ خۆم، خۆم دەلاوێنمەوە.

**“ خەونی ئەوەم هەبوو بچمە ئەوروپا بخوێنم، بەڵام جەنگ نەیهێشت ”**

**+ پێتوایە مرۆڤ زۆرجار درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات؟**

– بێگومان مرۆڤ تاکە گیاندارێکە کە دەتوانێت درۆ بکات، یەک لەو پێناسانەی فیکشن ئەوەیە، دەڵێت: زۆرجار درۆیەک دەکەم بۆ ئەوەی ڕاستیەک بیێژم، واتە دەگەیتە ڕاستییەک. ئایا ئەو درۆیانەی ئەدەب ڕاستن؟ بەڵێ ڕاستن، بەڵام بۆ نیازێک، وەکو چۆن مارکیز دەڵێت: ئەگەر بگەیتە ئەمریکای لاتین، دەزانیت کە من فەنتازیام نییە، ئەوە ژیانی ئێمەیە، کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی کە پڕە لەفەنتازیا، زۆرجار هەقایەتی خۆم گێڕاوەتەوە لەشوێنێک، ئەوروپی بوون وایانزانییە چیرۆکێکە، گوتوومە نا خۆمم، باسی خۆمت بۆ دەکەم.

**+ بەڵام تۆ توانیوتە خۆت بنووسیتەوە؟**

– من لەهەموو شوێنێک هەم، لەهەموو شوێنێک ڕوحی من، ئەندێشەی من، خەیاڵی من هەیە.

**+ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ؟**

– نا، بۆچی گوڵی ڕەش منی تێدایە لەهەموو شوێنێکدا.

**+ ئێمە بۆچی هەمیشە خۆمان بەکەم دەبینین، بەڕاستی ئێمە هێندە کەمین؟**

– خۆی یەک شەکسپیر هەیە کە ئینگلیز هەیەتی، یەک سێرڤانتس هەیە کە (دۆن کیخۆت)ە

شارستانیەتی ئیسپانییەکان دونیایان داگیرکردووە، ئینگلیز نیوەی دونیای داگیرکرد، وەکو ئەوەی خۆری لێ ئاوا نەدەبوو، ئەوان سوودییان لەو داگیرکارانییە بینی، بەڵام تۆ هەمیشە داگیرکراویت، ئێمەی کورد ناتوانین کورد بەنەفرەت بکەین، کۆتا کارەکەی کاک مەریوان (کورد و خودگەرایی) تۆ نەفرەت لەخۆت دەکەیت، دەڵێی کورد چییە؟ کورد کەی مرۆڤە، خۆزگە کورد نەبوومایە، کاکە تۆ بیرت نەچێت داگیرکراویت، لەبەر ئەوەی مانای ئەوە نییە تۆ ئەگەر لەفەرەنسا گەورە بوویتایە جۆرێکی دی نەدەبوویت، تۆ لەتەبت بوویتایە کەسێکی دیکە دەبوویت، ڕۆژووت دەگرت، بەڵام بەجۆرێکی دیکە، لەبەر ئەوەی تۆ زادەی ئەو ژینگەیەی، ئێمە زادەی ئەو ژینگەیەین کە لێین، ژینگەی ئێمە چییە؟ ئێستەشی لەگەڵدا بیت تۆ داگیرکراویت، ئیسماعیل بێشکچی لە کتێبەکەی (کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی)دا دەڵێت: کێشەیەکی گەورەی کورد ئەوەیە ئەقڵێکی شوانکارەییان هەیە، بۆیە یەک عەیبی کورد ئەوەیە کە شوانکارەیە، شوانکارەیی دەزانی چییە؟ یانی پاوانخوازی، خەسخەسەی پێدەڵێن، ئێمە لەسەر جۆگەلە بەشەڕهاتووین.

**+ دەزگاکانی چاپەمەنی لە کوردستان، لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا بۆ نەیانتوانی، ئەوە بکەن کە**

**پێویست بوو بکرێت؟**

– من باسی سەردەم دەکەم دەزگایەکی زەبەلاحە ئیشی گەورەی کرد، بەڵام پرۆژەی نەبوو بۆ وەرگێڕان.

**+ مەبەستت چییە لەوەرگێڕان، وەرگێڕان بۆ کوردی، یان لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی دی؟**

– لەکوردییەوە بۆ زمانەکانی دیکە، کتێبی زۆر لەئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی و فارسی کرانە کوردی، بەڵام مەبەستم پێچەوانەکەیەتی.

**+ مەبەستت ئەوەیە خۆمان بیکەین؟**

– ئەی تەبعەن.

**+ بۆ نموونە کتێبەکانی هیگل و مارکس و کانت و نازانم چی و چی ئەوە ئەڵمانییەکان و ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان بوون هاتن کردنیانە کوردی، یان خۆمان بووین؟**

– جیاوازییەک هەیە، ئەوروپا تەمەنێکی درێژی چەندین سەدەی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکدی، ئەو قسەیەی تۆ ڕاستە، بەڵام من پێت دەڵێم وڵاتانی ژێردەستە، کەمینەی وەکو ئێمە، دەبێت تۆ خۆت هەوڵ بدەی خۆت بناسێنی ئەو نایەت ئەو کارە بۆتۆ بکات.

**+ بەڵام دەیان کتێب وەربگێڕە، ناگاتە ئەو جیهانەی کە بۆی وەردەگێڕی؟**

– ئیشمان نەکردووە تا بزانین. بەختیار عەلی بەنموونە، بیست ساڵ لەمەوبەر گوتم ئەو کورە ئەگەر بەرهەمەکانی بکرێن بەزمانێکی دیکە خەڵات وەردەگرێت، فعلەن دوای بیست ساڵ ئەوە ڕوویدا، ڕێک وەکو ئەوە وایە من فاڵچی بم، ڕێک بیست ساڵ لەمەوبەر ئەو قسەیەم کرد و لە دۆرتمۆند خەڵاتێکی وەرگرت و ئاهەنگێکیان بۆ کرد، خەڵک ستایشی کرد، ئێمە بەرهەمەکانمان نەکراوە بە زمانی دیکە، مەولەوی نەناسێنراوە، گۆرانمان نەناساند، پارە وسامانمان هەیە، کاکە سمکۆ ناکرێت تۆ داوا لەئەڵمانی بکەیت، بێت بڵێت چی باشت هەیە.

**+ بەڵام ئەو خۆرهەڵاتناسانەی کە هاتوونەتە کوردستان کەمترین ڕووناکیان خستۆتە سەر دونیای ئەدەبی، پێت وایە بۆ ئاماژەیان بەئەدەبیات و ئەو کەڵە پیاوانەی ئێمە نەداوە کە هەبوونە لەو سەردەمەدا؟**

– ئەو قسەیەی تۆ ڕاستە لەبەر ئەوەی ئەو خۆرهەڵاتناسانە وەکو سیاسییەک هاتوون، وەکو کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە، فەرهەنگەکەیان زۆر لا گرنگ نەبووە، بڕواشی نەکردووە ئەسڵەن ئێمە ئەدەبیات و فەرهەنگمان هەبێت، ڕەنگە پێشی وترابێت. ئەو گومانی هەیە لەوەی تۆ میللەتێکی وای، بیر لەو ڕۆژگارە بکەوە دوو سەدە سێ سەدە لەمەوبەر خەڵکی سادەی بینیوە کەمترین خوێنەواریان بینیوە، بەڵام ئەمڕۆ وانییە.

**+ تۆ کەی ئۆشۆت ناسی؟**

– ئۆشۆ، پێنج شەش ساڵ دەبێت.

**+ بۆ بەو درەنگەوە و لەپڕێکدا وا بە بەربڵاوی ناسرا و تیشکی خرایەسەر و کتێبی نەما نەکرێتە کوردی؟**

– لەبەر ئەوەی کابرایەکە خۆرهەڵاتییە، قسە لەسەر حەرامەکان دەکات، هەریەک لە مەسەلەکانی سیاسی، ئایینی، سکۆلاریزم، هەروەها بەزمانێکی زۆر میللیگەرایی و سادە دەنووسێت، بیری پێیە، ئەندێشەمەندە، لەهەمانکاتدا زۆر فەیلەسوف دەیخوێنێتەوە زەحمەتە تێیبگەی، ئۆشۆ بەگێڕانەوەیەکی زۆر سەیری ئەدەبیش دەنووسێت، هەست ناکەی بەتەنیا بیرفرۆشە، بەڵکو زۆر ئەدیبانەش دەنووسێت.

**+ تۆ چۆن و بۆ هێندە کەوتیتە بیری ئۆشۆ؟**

– کەسێکە لەسەر ئاستی ئەمریکا و ئەوروپا ناسراوە، ئەگەرچی درەنگ گەیشتە خۆرهەڵات، بۆ عەرەب و فارسیش نوێیە، من خۆشمدەوێت لەبەر ئەوەی باسی پەروەردەش دەکات، زۆر زۆر بایەخ بە پەروەردە دەدات، نیگاکانی ئەو بۆ پەروەردە زۆر لەگەڵ نیگای من دەگونجێت، بەدەلیلی ئەوەی (منداڵێکی نوێ) نامیلکەیەکی بیست هەزار وشەیی

**“ لە کوردستان، پانتاییەک لەئازادی هەیە، بەڵام ڕەسەن نییە، یان سانسۆری ئایینی لەدواوەیە، یان سانسۆری سیاسی ”**



**شێرزاد، ئازاد حەسەن، حەسەن پۆلیس**

بوو، من لەوەرگێڕان کردم بەنەوەت هەزار وشە، لەبەرئەوە نەمنووسی ئامادەکردن، یان وەرگێڕان، نووسیمە (ئۆشۆ شێرۆ) لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەشم دایە کەسێک بچێت بەراوردی بکات، ناتوانێت یەک پەڕەگراف بدۆزێتەوە بڵێت هی ئەوە، شێلاومە بەڕوحی خۆم بۆ؟ چونکە ئەندێشەی ئەو بۆ پەروەردە، هەمان ئەندێشەی من بوو.

**+ ئێستە ئەوانەی بیرەوەری خۆیان دەنووسنەوە و ناوی لێدەنێن ڕۆمان، ئەگەرچی بە زمانێکی ئەدەبیش دەینووسن تۆ پێتوایە ئەوانە بچنە خانەی ڕۆمان؟**

– نەخێر نا، چونکە ڕۆمان شتێکی سەنگین و تازەیە، من دڵم نایەت ناو بڵێم، ناوی زۆر درەوشاوە هەیە ئەو کارە دەکەن، لەبەر ئەوەی تەنیا فرۆشی هەبێت، چونکە کە تۆ نووسیت بایۆگرافی، ئەڵێ ئەوە چییە؟ دونیاییێک درۆی کردووە، بەڵام بنووسێت ڕۆمان دەفرۆشرێت، بەڵام ئەو کەسە، ئەگەر

**من لەخۆم ڕازی نیم، لەبەر ئەوەی ناتوانم بەهیچ شێوەیەک بەو ڕادەیە ناسیزم بم، هەمیشە گومانم لەهەموو شتێکی خۆم هەیە**

بزانێت ڕۆمان چییە و بایۆگرافی چییە، ناچێت ئەو یاریەیە بکات، من ئێستە ژیانم هەمووی کردوە بە ڕۆمان، ژیانی کوران، گڵکەند، بەڵام دەنووسم ڕۆمان، لەبەر ئەوەی خەیاڵیشی تێدایە، پاراستنی ستاتیکا جوان ناسی، خۆت دەزانی ڕۆمان بەبێ ستاتیکا هیچ نییە، بایۆگرافی ستاتیکای تێدانییە. بیرەوەریەکانی نیکۆس کازانتزاکیس- م خوێندەوە کە خاوەنی زۆربایە، حەزدەکەم دە جاری دی بیخوێنمەوە، بەڵام چی نووسیوە، پشکۆ نەجمەدین سەرقاڵت دەکات، تارادەیێک هەڤاڵ کوێستانی، زمانی شیرینە، دیدارەکانی لەگەڵ شێرکۆ بێکەس لەشاخ، هەر حەز دەکەیت بیخوێنیتەوە.

**+ بنەماکانی ڕۆمان لەلای تۆ چییە؟**

– زمان زۆر زۆر ڕۆڵی هەیە، چونکە هیچ شتێک لەدەرەوەی زمان بوونی نییە، بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە ڕەگەزەکانن لەکارەکتەر و شوێن و پلۆت، لە تانوپۆ و لەگرێچن و هەر هەموو ئەوانە ڕۆڵ دەبینن، ڕەگەزەکان و پایەکانی ڕۆمان و چیرۆکیش هەمان شتە، بەڵام گوتمان لەڕۆمان پانتاییەکی گەورەتر هەیە بۆ ئازادی دەربڕین، ئەگینا خۆی چیرۆکیش ئەو ڕەگەزانەی تێدایە لەشیعریشدا کارەکتەر هەیە، شوێن هەستی پێدەکرێت. جاری واهەیە تۆ عاشقی و دۆڕاوی ململانێیەکی تێدایە، یان تکاکاری تێدایە گۆرانی کوردیش دەتوانێ ئەو شتانەی تێدا بدۆزیتەوە؟

**+ تۆ هەم وەکو وەرگێڕ، هەم وەکو نوسەر. خەڵکانێک هەن بەلێشاو کتێب وەردەگێڕن و دەنووسن و دەیخەنە بازارەوە، لەکاتێکدا نووسەری زۆر گەورە هەیە، بەچەندین ساڵ کتێبێک دەنووسێت، یان وەریدەگێڕێت؟**

– لەخۆراواش، هەیە هەموو ساڵێک کتێبێک دەنووسێت. هەردی شاعیر لەگەڵ گۆران وەکو یەک باس دەکرێن، لەبواری شیعری تازەی ئەدەبی، بەڵام مامۆستا هەردی یەک دیوانی تاقانەی هەیە (ڕازی تەنیایی) بەڵام گۆران دیوانێکی گەورە و چەندین دیوانی دیکەی هەیە. ڕامبۆ لە تەمەنی نۆزدە ساڵی وازی لەشیعر هێنا، بۆدلێر تازەگەر بوو، وەرزوێل لەپەنجا ساڵی دەستپێدەکات، تا هەشتا ساڵی، هاوڕێکەی کە زۆر بەناوبانگە (جۆن کیتس) کە زۆر بەگەنجی دەمرێت نۆزدە مانگ شیعری نووسی.

**+ پێتوایە ئەدیب و نووسەر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووس، دەکرێت لەتەمەنی پەنجا ساڵیش بەدواوە داهێنان بکات، یان داهێنان لەچ تەمەنێک ڕوودەدات؟**

– بێگومان ئاجاسا کریستیوی ڕۆمانی پۆلیسی دەنووسێت (دیتێکتیڤ) لەهەشتا ساڵی بەدەم قاپ شۆرینەوە دەنووسێت، بیری دەکردەوە و دەینووسی و قاپەکەشی دەشۆری مێردەکەی ئەرکیۆلۆژی بوو، زۆرجار پێیدەگوت: تۆ پیرەژنێکی لە ئەنتیک دەچی، بەو تەمەنەوە ئەو شتانە دەنووسیت، گوتی: تۆش ئەنتیکی، بۆیە ئێمە بەیەکەوە دەژین، کەواتە هەردووکمان ئەنتیکین، یانی کۆنین و سەر بەزەمانێکی دێرینین، چونکە بەپیریش هەر دەینووسی، بۆیە داهێنان پەیوەندی نییە بەپیری و گەنجی.

**+ چ هەستێکت هەیە بەرانبەر مامۆستایەتی؟**

– ئا، بۆ مامۆستایەتی، من زۆر شەیدای ئەوە بووم مامۆستا بم، چونکە بە گەنجی کەسێکی شەرمن بووم، دەمویست بزانم ئاخۆ دەتوانم

لەپۆلێک بوەستم، کاتێک مندالەکان سەیرم دەکەن، بەڕاستی ئەوە مەشق و ڕاهێنانێک بوو، بۆ ئەوەی ببم بەمامۆستا، بۆ ئەوەی فێرە قسە ببم، چونکە هەر چۆنێک قسەم دەکرد لاڵە پتە بووم، ئەوەش ئەوکاتە بوو، کە بەڕێکەوت کەوتمە سلێمانی و هەر لەوێش کەژاڵم ناسی، چونکە قوتابیم بوو.

**+ یانی مامۆستایەک عاشقی قوتابییەکەی بوو؟**

– دەتوانین بڵێین سۆزێک بوو، بەڵێ سۆزێک هەبوو، نا عیشق وشەیێکی زۆر قورسە، بەڵام سۆزێک هەبوو، بڕیاریشم نەدابوو، چونکە خەونی ئەوەم هەبوو بچمە ئەوروپا بخوێنم، بەڵام جەنگ نەیهێشت.

**+ جیاوازی تەمەنتان زۆر بوو؟**

– دە ساڵ.

**+ باوەڕت بەجیاوازی تەمەن هەیە؟**


– نەخێر، نەخێر لە ئەوروپاش تەمەن گاڵتەیە، نەخێر جاری واهەیە بەشانازییەوە کچێکی گەنج لەگەڵ کەسێکی زۆر بەتەمەن دەژیت.

**+ ئەی بۆ زۆجار پیاوێکی بەتەمەن کە کەسێکی زۆر لە خۆی بچووکتر دەخوازێت، تووشی توانج و پەلار دەبێت؟**

– ئەمە قسەیەکی نەوال سەعداوی- م بیردێنێتەوە، دەڵێت: پیرەژنێک ئەگەر کوڕێکی بیست ساڵی حەزی لێبکات ئەو تەمەنی شەست، یان حەفتا ساڵی بێت، دەڵێن ئای لەو دەڵە قوڕ و قەحپەیە ئەو کوڕە جوانەی هەڵخەڵەتاندووە، دەڵێت پێچەوانەکەی ئەگەر پیاوێکی حەفتا ساڵی کچێک بەخوایشتی خۆی شەیدای بێت، دیسانەوە پێی دەڵێن ئای لەو پیاوە زۆڵەی توانیویەتی ئەو کچە هەڵخەڵەتێنێ، یانی زۆر شانازییە بۆ پیاو کچێکی گەنج بێنێت، ئەمە لەجیهانی خۆرهەڵاتی زۆر باوە، ئێستە لەئەوروپا بابەت نییە، بەڕای من، ئەوەندەی من هەستم پێکردبێت، ئێستە کەس بیر لەمە ناکاتەوە.

**+ بۆ هەر لەسلێمانی مایتەوە و نەهاتیتەوە هەولێر؟**

– لەبەر ئەوەی من سێ ساڵ فێرار بووم، دوایی کە زەماوەند دەکەین مندالمان دەبێت و جێگیر دەبین، دوایی هەمووی دوو سەد کیلۆمەترە، خۆ لەشیکاگۆ نیم، لەوێ لەپڕ فەزایەکی ئەدەبی زۆر سەیرم بۆ کرایەوە، کە چاوەڕوانیم نەدەکرد، لەساڵی یەکەم، کە چووم هیچ کەس نەیدەناسیم، بەڵام وەکو مامۆستا زۆر جیاواز بیرم دەکردەوە.




**+ لەژیانی ئەدەبیتدا، کێ ڕۆڵی هەبووە لەپێگەیاندن و پێگەیشتندا، سەرسام بوویت بەکێ و کێ هاوکارت بووە و کێ لێت نزیک بووە لەئەدیب و نووسەرانی کورد؟**

– حەیدەر کەریم زۆر قەرزاریم، حەیدەر کەریم چەپگەرا بوو وەکوو چەپگەرایەک دەتوانم بڵێم مارکسی بوو، بەمانایەکی تەقلیدی نالێم سەعی دەکرد، ئەو یەکەم کەس بوو دیالیکتی مێژوویی پێدام و یەکەم کەسیشە ئەقڵێکی واقیعی لەمن دروست کرد، پێی گوتم تۆ زۆر خوڕافی، زۆر غەریب زەدەی، پێویستە ئەو کتێبانە بخوێنیتەوە، ئەو ساڵێک لەمن گەورەتر بوو، ساڵێکیش پێش من دەچێتە زانکۆ زۆر هانی دەدام، من لەسێی ناوەندی بڕیارمدا بچمە ئەدەبی ئینگلیزی، بەڵام ئەو زۆر زۆر یارمەتی دام گوتی: وەرە بەغدا من یارمەتیت دەدەم، چونکە من زۆر برسی بووم، باوکم بەردەوام لە قومار دەیدۆڕاند، حاڵمان باش نەبوو، ئەو برادەرم بوو گوتی من یارمەتیت دەدەم، گوتم: چۆن؟ گوتی: بەسەرکە پەتاتەیەک دەژین، تۆ هەقت نەبێت، من فێرت دەکەم.

**+ بۆ حەزت لێبوو بچیە ئەدەبی ئینگلیزی؟**

– لەبەر ئەوەی نالێم لەشوکرولای بابانەوە، لەشیعر و لە شانامە و لەئێزگەی کرماشان و نەنکم ئەوانە، ئەدەبیات بەشێوەی زارەکی و سادە زۆر کاری لەمن کرد، فیلمی سینەمایی، بەتایبەتی لەسەرەتای گەنجێتی مێردمنداڵیم، فیلمی هیندی زۆر ڕۆڵی هەبوو.

**+ ویستم ئەو ئەو پرسیارە بکەم ئەوکاتە دەچوویتە سینەما؟**

– ئەی چۆن، هەر پارەم هەبوایە دەچوومە سینەما.

**+ سینەما چ ڕۆڵێکی هەبوو لەدونیای ئەدەبی تۆدا؟**

– پەیوەندی زۆر قوڵ هەیە لەنێوان سینەما و

**“ من زۆر باسی باوکسالاری دەکەم، بەڵام کتێبم خوێندووەتەوە هەستم کردوە، نەخێر زۆر کاڵ و کرچم لەبواری ناسینی باوکسالاریدا ”**

ئەدەب، لەنێوان سینەما و چیرۆک و ڕۆمانیش، چونکە چیرۆکی تێدایە، کارەکتەری تێدایە، ململانێی تێدایە، دۆڕان و بردنەوەی تێدایە، ئەوانە هەمووی وایکرد لەڕێی سینەماوە ئەندێشەمەندیم فراوان بێت (ئۆلیڤەر تویست)مان وەکو ڕۆمان لەکۆلێژ خوێند بوو، بەڵام شەوەکەی چووینە سینەمای بابلی بەغدا ئەو ڕۆمانەم بە فیلم بینی، گوتم: بەڕاست ئەوە (ئۆلیڤەر تویست)ە، بەڵام نا ڕۆمانەکە جوانتر بوو، فیلمی زۆربام دیت، بەڵام ئەو زۆربایە نا ئەوەی کە نووسراوە، هەمووی ڕاستە بەڵام دەبینی لەناو سینەما گۆشەیەکت پیشان دەدا هەزاران دێڕ ناتوانێت تەعبیری لێبکات.

**+ بیرتە یەکەمجار چوویتە سینەما؟**

بەڵێ وابزانم تەمەنم سێزدە ساڵان بوو پێش بالق بوون فیلمی (مرحبا ایها الحب) باوکم بردمیە سینەمای (هاوینەی حەمرا) گوتم بابە زۆرم حەز لەسینەمایە بەتەنیا ناوێرم بچم، نێرباز و شتی وا هەبوو لەو ڕۆژگارە، بابم و کۆمەڵێک برادەری

**منداڵەکانم منیان خۆشدەوێت، لای ئەوان شتێکی ئایدیاڵم، بەڵام جاروبار هەڵەی وادەکەم کە دادگاییم دەکەن، زۆر خراپ دادگاییم دەکەن، بەدەستیانەوە گریاوم**

ئەوکات، کە گەنج بوون، چووینە سینەما حەمرا هاوینەیی، زۆر غەریب بوو بەلامەوە، بەوشەوە لەدەرەوە دانیشتین.

**+ ئەگەر بیرت بێت یەکەم کتێب کە خوێندبێتەوە؟**

– یەکەم کتێب کە خوێندبێتمەوە ئەمیل زۆلا بوو لەماڵی ڕەوانشاد مەلا هەمزە، بەزمانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی چەپەکان دەیانخوێندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر سەرسام بووم بەمیعراج نامە، شەوان بۆ ژنانم دەخوێندەوە، هۆن هۆن دەگریان، لەکوران پرسەداریەکم دروست دەکرد جۆری نەبوو، لە قەبرستانی شێخی چۆلی هەموو ساڵێک لە جەژنی ڕەمەزان و قوربان، بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەم، لەسەر قەبران (یاسین)م دەخوێند.

**+ لەبەرامبەر هەموو ئەو تەگەرانەی کە هێنراونەتە پێشت، تۆ هیچ کاردانەوەیکت نەبووە؟**

– نا کاردانەوەم نەبووە.

**+ لەبەرچی؟**

– لەبەر ئەوەی من هەست دەکەم کۆمەڵگەی کوردی، کە تێیدا ژیاوم سەعیم تێدا کردووە، هەر شتێک چەند خراپ بێت و دژی منیش بێت وەکو خۆی وەریدەگرم، من مانیفێستێکم بڵاوکردەوە، دوو هەزار وشە بوو، ئێستە بۆتە پێنج هەزار، سەر لەنوێ بڵاوی دەکەمەوە، ئەوەم گوت: ئەگەر یەکێک بمکوژێت نابێت هیچی لێبێت لەبەر ئەوەی من دەزانم ئەو بۆ منی کوشت، بەڵام ئەو نازانێ بۆ منی کوشتووە، پێیدەڵێن شێرزاد زەندیقە برۆ بیکوژە دەستت سەوز دەبێت و دەچیتە بەهەشت.

**+ لەئەنجامی چییەوە گەیشتیت بەوە؟**

– لەڕێی بیری مرۆڤایەتی بەگشتی، بۆ نموونە لەقوتابخانەی مرۆڤدۆستی هیومانیزم لەئەدەبدا، ئەلبێر کامۆ دەڵێت: ئاینی من هیومانیزمە، کە بەمانای مرۆڤدۆستی و گیانەوەر دۆستی، ئەوە نییە تەنیا مرۆڤ بێت، نەخێر ئێستە خۆت دەزانی لە ئەوروپا، بۆ نموونە بریجیت باردۆ سینەماکارێکی شۆخی سینەمای فەرەنسی بوو، ئەوسا کە گەنج بوو لەسەر ئاژەڵان شەڕی کرد، دوایی خۆی تەرخان کرد بۆ بەرگریکردن لەئاژەڵ، کەچی ئێمە ستەم لەئاژەڵ دەکەین، سادق هیدایەت کە ئەدیبێکی گەورەی جیهانیشە دەڵێت: تا لەگەڵ ئاژەڵ ئاشت نەبینەوە لەگەڵ مرۆڤ ئاشت نابینەوە، غاندی زۆر زۆر ڕۆڵی هەبوو لەوەی کە من لێبوردە بوومە، ئەگەر ئەدەبیاتێک و ئەلف بای لێبوردەگی فێر ببووم لەو کەسانە فێربووم.

نێلسن ماندێلا بکوژەکەی خۆی لەچێشتخانەیەک بینی دەڵێت: دەمناسیتەوە دەیەوێت خۆی بشارێتەوە، دەڵێت: دانیشە وەرە سەر مێزی ئێمە بانگی دەکاتە سەر مێزەکە و دادەنیشێت دەڵێت: ئازارم زۆردایت، دەڵێت گوێ مەدەرێ، ئێمە ئێستە دانیشتووین، بیری لێ مەکەرەوە، بیست و حەوت ساڵ لەبەندیخانە، دێتە دەرەوە و چوار ساڵ دەبێت بەحاکم و دەڕوات، غاندیش هەروابوو.

**+ تۆ باسی لێبوردەیت کرد، کە لە بەرانبەریدا توندڕۆی هەیە، هەموو ئەو مرۆڤانەی کە توندڕۆ بووینە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە کراوە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و بگۆڕێن، تۆ لەسەرەتای ژیانتدا کەسێکی ئایندار بوویت، ئایا توندڕۆ نەبوویت؟**

– نا، نا توندڕۆ نەبووم بەهیچ شێوەیەک، لەوکاتەی من زۆر دیندار بووم هاوڕێکانی من

هەموویان خەڵکی عەنکاوە بوون، مەسیحی بوون، بەپێچەوانەوە نەخێر بەڵام توندڕۆ بووم لەوەی ژنم بە بوونەوەرێکی ترسناک دەزانی، ئەوەش ئەدەبیاتەکە، بۆ نموونە دایکم هەمیشە دەیگوت: ئێمە کچی حەواین گوناهبارین، لەپەراسووی چەپی ئادەم دروست بووین، قەت ڕاست نابینەوە، تۆ بەمنداڵی تاکو دە دوانزە ساڵ ئەوە ببیستی، من لەبیست ساڵی دەکەومە ناو بیرکردنەوە، دوایی نیگام دەگۆڕیت، من یەکێک لەو کەسانەی ژیانی گۆڕیم (نەوال سەعداوی) بوو لەبەرئەوە ئینکاری ناکرێت ئەو ژنە ژنێکی جەنگاوەر بوو، ئەگەرچی خۆشەویستیش نەبوو، نیوە بە نیوە، وەکو سێوێکی وەک دەڵێن نیوەی گەنیوە و نیوەی ساغە، نیوەی کۆمەڵگە بۆیان نووسی (بئس المصير).

**+ کەواتە تۆ باوەڕت بەوە هەیە فیکر، فیکری خەڵک دەگۆڕێت، کۆمەڵگەش دەگۆڕێت؟**

– بێگومان زۆریش، زانستە مرۆییەکان فەلسەفە دەروونناسی کۆمەڵناسی ئەدەب بەهەموو ژانرەکانی، هونەر بەهەموو ژانرەکانی، برێخت دەڵێت: نانێکم بدەرێ لەگەڵ شانۆیەک، میللەتێکی جیاوازت دەدەمێ، ئەو قسەیە زۆر ڕاستە.

**+ بەڵام لێرەدا دژیەکییەک نییە لەنێوان ئەوانەی، کە پێیانوایە ئەدەب چێژە، نەک فیکر؟**

– نەخێر چێژە و مەعریفەتیشە.

**+ چۆن؟**

– لەبەر ئەوەی خۆت دەزانی کاری ئەدەب فەنتازیا و خەیاڵی زۆر تێدایە، هەر وشەی (فیکشن) لەفیکسیۆنی لاتینییەوە، یانی خەیاڵ هاتووە، لەهەمانکاتیشدا مانای داهێنانیش دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی داهێنان پێشتر خەیاڵ بووە. لیۆنارد داڤینشی وێنەکێش بوو، بەڵام هەندێک دەزگای پیشەسازی دروستکرد، ئێستە ئەو دەزگایانە لەناو ژیاندا هەن، فڕۆکەی دروستکرد بەر لەوەی فڕۆکە دروست ببێت، لەبەر ئەوە زۆرجار وابووە، ئەو کەسەی یەکەمجار چووە سەر مانگ ئەدیبێک بوو، ئەو بەخەیاڵ وایگوت، ئێمە کەسێکمان هەیە باوکی شێرکۆ مەنگوڕێ بۆ نموونە باسی چوونەسەر مانگ دەکات، ئەو لاسایی ئەدیبە خۆراواییەکانی کردووەتەوە، بەڵام لەئەدەبیاتدا دەیدۆزیتەوە کە خەڵک دەچێتە سەر مانگ.

**+ لەمەڕ ململانێی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا تۆ چ تێگەیشتنێکت و تێڕوانینێکت هەیە؟**

– بەڕای من لەدوای ڕاپەرینەوە ململانێیەکە هەیە، ڕاستگۆیانە پێتدەڵێم، ڕەنگە زۆر کەسم لێ بتۆرێت، لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بارودۆخەکە وای کرد زۆربەی ئەدیب و هونەرمەندان بچنە ناو یەکێتی و پارتی، بەناوی ئەوەی چاکسازی دەکەن، من ئەوەم پێ هەڵە نییە کە تۆ حزبی بیت، بەڵام لە ناو حزبدا، ئایا تۆ خاوەنی خۆت دەبیت، ئایا دەتوانیت ڕەخنە بگریت، دەتوانیت بە چاک بڵێی چاک و بەخراپیش بڵێی خراپ.

**+ کەواتە، بەو پێوەرە بێت، تۆ پێگەی ڕۆشنبیر لەواقیعی ئێستەدا چۆن دەبینیت؟**

– لە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەو پێناسەیەی لە خۆراوا هەیە بۆ ڕۆشنبیر، یان ڕووناکبیر، ڕۆشنبیرمان نییە، لەبەرچی؟ ڕۆشنبیر ئەگەر موزیکژەنێکی بەناوبانگ بێت، یان هەتا ئەگەر نیگارکێش بێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەهلی فیکر، ئەدەب، یان فەلسەفە بێت، دەبێت جەنگاوەر بێت، بەرانبەر هەر ستەمێک بوەستێتەوە، ڕۆشنبیر ئەگەر لەگەڵ ستەمدیدەدا نەبێت، ناتوانین پێی بڵێین ڕۆشنبیر، لای من سادەترین پێناسە ئەوەیە هەر ستەمێک و هەڵەیەک لە هەر شوێنێک دەسەڵات دەیکات، کە هێز و توانای مادی و سەربازی هەیە. ئەدیب دەبێت ڕۆڵی هەبێت، ئەگەر لەسەریشی بکوژرێت، ڕۆشنبیر دەبێت جەنگاوەر بێت بەدیوە مرۆڤایەتیەکەی، ئەوان دەڵێن خودا چاک دەمانناسێت، بۆیە دیکتاتۆرێکی بۆ ناردووین، چونکە خەڵکێکی باش نین، بەڵام من پێناسەکە لەوەدا کورت دەکەمەوە (ئەگەر لەگەڵ ستەمدیدەدا نەبیت ناتوانیت بڵێیت ڕۆشنبیرم) بەرگریکەر و پارێزەری ئەوان نەبیت ناتوانی بڵێیت ڕۆشنبیرم، هەر سیفەتێکی دیکەت تێدابێت گرنگ نییە، ئەوە دیدگای منە، مەرج نییە من ڕاست بم، بەڵام من ئەو قسەیەم پێ ڕاستە.

**+ واتە، هەڵوێست لەپێشەوەی دەقە؟**

– بێگومان، تۆ ناسراوی، کێشەکە ئەوەیە تۆ دەبیت بەزمانحاڵی خەڵکی.

**+ تێڕوانینت بۆ ئازادی، بۆ ئەو ئازادییەی ئێستە لێرە هەیە چییە؟**

– لەهەموو شوێنێک ئازادی نییە، ئازادییەکی پەراوێز هەیە، لەهەموو خۆرهەڵاتدا، بەتایبەتی لەکوردستان، پانتاییەک لەئازادی هەیە، بەڵام ڕەسەن نییە، یان سانسۆری ئایینی لەدواوەیە، یان سانسۆری سیاسی، بەکوردی ئایدۆلۆژیا تەحەکوم

> “ **میشێل بۆتۆری فەرەنسی کە ڕۆماننووس و تیۆرسازی ڕۆمانە دەڵێت: نووسەران تۆڵەی منداڵییان دەکەنەوە** ”



کەژاڵ خانی هاوسەری شیرزاد حەسەن

دەکات، چ ئاسمانی بێت، یان زەمینی.

**+ ئێمە چۆن دەتوانین بڵێین لێرە ئازادی هەیە، پێوەرەکانی ئازادی چین؟**

– من ناتوانم بڵێم لە کوردستان ئازادی هەیە، کە دەبینم هەفتانە ژن دەکوژێت، لە ئەسکەندەناڤیا، کە بەوە بەناوبانگن ژن تێیدا دەسەڵاتدارە و ڕۆڵی هەیە، بەڵام لە ئەوروپاش وەکو پێویست ژن نەهاتووەتە ناو مێژوو، چونکە هەمیشە چاودێرییەک هەیە، لەناو خۆتدا دروستیان کردوە، کەژاڵ بەردەوام دەترسێت لەوەی دەڵێت نەخۆشی دەستی تۆم، لەبەر ئەوەی زۆرجار کۆڕ ناکەم، یان کە کۆڕێک دەکەم مۆنتاژی دەکەم لەبەرئەوەی پێموایە کێشە بۆ من نا، بۆ خانەوادەکەم دروست دەکات، جاری وا هەیە تۆ ئەگەر تەنیا باڵ بێت باشتری لەوەی کە ماڵ و منداڵت هەبێت.

**+ یانی تۆ هەمیشە بیر لەماڵ و منداڵەکانت دەکەیتەوە، بەرژەوەندی و سەلامەتی ئەوانت لەبەرچاوە؟**

– لەڕووی مرۆڤایەتییەوە، ئەی چۆن، ناتوانی، ڕاستە من بەحسابی خەڵکی پێ درێژیم کردوە، بەڵام جاروبار دەبینی پشوومداوە، پشوو بدەی بەو کەسانەی هەموو ڕۆژێک خەویان نەزڕێت، هەموو ڕۆژێک خەمگین نەبن، دەزانی جاری واهەیە، من شەش مانگ لە ئەوروپام، کە دەڕۆم کەژاڵ و منداڵەکانم دەحەسێنەوە.

**+ بۆچی دەچیت بۆ ئەوروپا؟**

– لەبەر ئەوەی ڕەوەندێکی زۆری کورد لەوێن، دووەم من زۆر عاشقی خۆراوام، بەمانای گەشتوگوزار، وەکو هەر گەشتیارێک، وەکو چۆن ئەوانیش حەزیان لێیە بێنە خۆرهەڵات، لەکۆنەوە خۆراوایی حەزی کردووە بێتە خۆرهەڵات (نیتچە) شێتی ئەوە بوو بگاتە هیند، هەمیشەش جوگرافیایەکی دیکە، ئەو دیوی پەرژینەکە سەوزترە، دوو ئەو کتێبانەی کە من بۆی دەگەڕێم لەوێ دەستم دەکەون، من کتێب هەیە ژیانی گۆڕیوم، بیری گۆڕیوم، من زۆر باسی باوکسالاری دەکەم، بەڵام کتێبم خوێندووەتەوە هەستم کردوە، نەخێر زۆر کاڵ و کرچم لەبواری ناسینی باوکسالاریدا.

**+ دیارترین ئەو کێشە و گرفتانەی لەئەنجامی بیروبۆچوونەکانت، قسەکانت، کۆڕ و سیمینارەکانت، ڕووبەڕووت بوویێتەوە چی بووە؟**

– ئەوەیە، جنێو زۆر دەبینم، جنێوی زۆر بازاریی، فتواش دەبینم، کۆتاجار فتوای هاتە سەر لە ئاستی سەرکردایەتی، کە فتوای ئایینی و سیاسییە، بەڵام سیاسییەکە کەمە، بۆ نموونە لەناو یەکێتی و پارتی هەبووە غەمگین بووە و توڕە بووە، قسەی لەگەڵم کردووە بێ تاقەت بووە، بەڵام لەباری فیزیکی و ڕۆحییەوە هیچ شتێکی نەکردووە.

**+ هەستت چیە کە ڕووبەڕووی ئەو هەموو جنێوە دەبیتەوە؟**

– بەئاسایی وەریدەگرم، وەکو نوکتە، پێی بریندار نابم، چونکە من لەمنداڵییەوە گوێم لێیە دایکت دەگێم، خوشکت دەگێم و نازانم چی، دەمگوت دایکم لەمارێیە و خوشکیشم مێردی کردییە، لەڕاستیدا جنێو ئەوپەڕی بێدەسەڵاتییە، پێمناخۆشە ئەوانەی کە ئایندارن جنێو دەدەن.

**+ ڕات چییە سەبارەت بە بەشداری ڕۆشنبیر لە دامودەزگاکانی حزب و حکومەتدا؟**

– ئەگەر نووسەرێکی ناودار بێت و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی چووبێتە ناو حزب و بیەوێ لەباری داراییەوە پێگەی خۆی قایم بکات، بەڕای من ئەمە ئەوپەڕی نەنگییە.

**+ لەنێوان هەولێر و سلێمانی و ئەوروپا، زیاتر لەکوێی؟**

– بێگومان زیاتر لەکوردستانم، بەڵام ساڵ هەیە نیوە بەنیوەیە، شەش مانگ لێرە و شەش مانگ لەئەوروپام. لەهەولێریش بوویمە، جاری واهەیە مانگانە، جاری واش هەبووە دوو مانگ، یان سێ مانگ جارێک لە هەولێر بوویمە

> "جاری واهەیە، من شەش مانگ لە ئەوروپام، کە دەڕۆم کەژاڵ و منداڵەکانم دەحەسێنەوە"

**+ هەستت چۆنە بۆ هەولێر؟**

– هەستم ئەوەیە، کە نوستالۆژیام هەیە لەگەڵ هەموو شتێکی ئێرە، بەڵام ئەگەر درۆ نەکەم، هەستم بۆ ڕواندز زیاترە، لەبەر ئەوەی هەشت ساڵی یەکەمی تەمەنم لەڕواندز ژیاوم و هێلانەی منداڵدانی دایکمە و ئەلف بام لەوێ خوێندوە، دەشمەوێ، کە مردم بمسووتێنن و تۆزەکەم بەسەر خەرەندیدا بکەن.

**+ بۆ ڕەچەڵەکی تۆ بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟**

– باب و باپیرانم لەگەلاڵە بوون، چەند کەسێک لەڕۆژهەڵاتەوە ڕادەکەن و دێنە ئەوێ، بۆ نموونە لەنەنکمەوە دایکی باوکم بن جوون، لەبەر ئەوە چوزانم ڕەگی چی؟ من مرۆڤم بەر لەوەی کورد بم، کورد ئەگەر چەوساوە نەبووایە، قەت نەمدەگوت کوردم.

**+ ئێستە سەرقاڵی چیت؟**

– زۆرتر سەرقاڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم، لە ئەوروپا و لە کوردستانیش تاک و تەرا کۆڕ دەکەم، دوو ساڵ جارێک سێ کتێبم دەردەچێت، پێرار دوو سێ کتێبم چاپ بوو، لەئەرشیف کتێبێکی زۆرم هەیە ئەگەر ئیشی تێدا بکەم، دڵنیام ساڵانە کتێبێک و دوان و سیانم دەبێت.

**+ لەو کۆڕانەی دەرەوەی وڵات باسی چیدەکەی؟**

– باسی هەموو ئەو شتانە دەکەم کە کورد پێی دەتلێتەوە، لەهەر چوار پارچەی کوردستان، ڕەخنەش لە خۆراوا دەگرم، چونکە کێشەم لەگەڵ خۆراواش هەیە، من خۆراوا دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی نا، من لە خۆراوا ژیاوم، دواجار قەڵەم بەدەستێکم، بیرمەندەکان پێمدەڵێن خۆراوا حاڵی خراپە.

**+ تێگەیشتنت چییە بەرانبەر بە خۆت، ئەگەر ناوی خۆت لەخۆت بپرسم چی دەڵێی؟**

– تەنیا ئەوەندەیە لەچاو ئەو کۆمەڵگەیە من پێگەیەکی ئەدەبیم هەیە، وەکو مامۆستاش پێگەیەکم هەیە، بەڵام من لەخۆم ڕازی نیم، لەبەر ئەوەی ناتوانم بەهیچ شێوەیەک بەو ڕادەیە ناسیزم بم، هەمیشە گومانم لەهەموو شتێکی خۆم هەیە، هەتا گومانم هەیە وەک باوک باشم، یان خراپ، جاری واهەبووە بێباک بوومە بەرانبەریان، ئەوان دادگاییم دەکەن، ئەوەش وام لێدەکات غەمگین بم، بەڵام کەژاڵ ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە،

***ئەگەر نووسەرێکی ناودار بێت و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی چووبێتە ناو حزب و بیەوێ لەباری داراییەوە پێگەی خۆی قایم بکات، بەڕای من ئەمە ئەوپەڕی نەنگییە***

ەرمووت بۆ کەژاڵ، لەبەر ئەوەی زۆر بۆشایی گەورەی پڕکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکانم منیان خۆشدەوێت، لای ئەوان شتێکی ئایدیاڵم، بەڵام جاروبار هەڵەی وادەکەم کە دادگاییم دەکەن، زۆر خراپ دادگاییم دەکەن، بەدەستیانەوە گریاوم، ئەوەش کارێکی گەلێک باشە، جاری واهەیە کەژاڵ دادگاییم دەکات لەسەر شتێک کە هەقیەتی، لەبەر ئەوەی منیش هەڵەو پەڵەی خۆم هەیە.

**+ بەو مانایەی، تۆش، هەمیشە گومانت لەخۆت هەیە کە بەئاراستەیەکی دیکەدا بگۆڕێیت، وەکو چۆن لەسەرەتای منداڵیتاندا گۆڕای؟**

– بێگومان، بێگومان، بەڵام بڕواناکەم بەهیچ شێوەیەک بچمەوە ناو مەزهەب بەو شێوە تەقلیدیەی کە لە خۆرهەڵات هەیە.

ئایین چۆن دەڵێت پاکت دەکەمەوە، ئەدەبیش زۆر زۆر ڕۆڵی هەبووە، لەکۆمەلێک گەندوگوو و شتی پیس و هەڵسووکەوتی خراپ پاکی کردوومەتەوە. تەمەنم دە ساڵ بوو وازم لەوەهێنا بچم یاری بکەم، چونکە جنێویان بەدایکم دەدا، بۆیە چوومە مزگەوت. بۆ دە ساڵ وازم لەیاری هێنا؟ ئەوە قورسە، نازانم ئەو هوشیاریەم لەکوێ هێنابوو، گوتم ئۆدە جنێوت پێدەدەن، گوتی: کوڕم هەر جنێو



**شیرزاد حەسەن – عەبدوڵلا سەراج**

## تونڕۆ بووم لەوەی ژنم بە بوونەوەرێکی ترسناک دەزانی

دەدەن؟ دڵت تەنگ دەبێت؟ گوتم: دڵم تەنگ دەبێت، گوتی: کەواتە ناچیت، بێگومان هەموو نووسەرێکی گەورە، میشێل بۆتۆری فەرەنسی کە ڕۆماننووس و تیۆرسازی ڕۆمانە دەڵێت: نووسەران تۆڵەی منداڵییان دەکەنەوە.

**+ ئەوە نەک هەر نووسەران، بەڵکو سیاسیەکانیش دەگرێتەوە؟**

– بێگومان سیاسییەکانیش، بەڵام بەدوو شێوە تۆڵە دەکرێتەوە، یەکێکیان زۆر مرۆڤ دۆستانە و جوانە، شێوەکەی دیکەیان زۆر زۆر ناشیرین و گەمژانەیە، زۆر بێ مۆراڵییە، ئەوە حەقیقەتە.

**+ ئەدەبی کوردی لەچ ئاستێکدا دەبینی؟**

– بەڕای من ئەدەبی کوردی بەپێی ئەوەی سەد ساڵە قوتابخانەمان هەیە، سیانزە سەدە پێشتر بەلایەنی کەمی حوجرە هەبووە، مێژووی حوجرە باڵاترە، بۆیە تائێستە لە خۆرهەڵات مزگەوت حاکمە، لەبەر ئەوە بەڕای من ئێمە کە داگیرکراوین نێودەوڵەتی و هەرێمی، حاڵمان گەلێک باشە، بەڵام ئەوانەی سیاسین و کاربەدەستن و خەونی ناسیۆنالیستیان هەیە، ئایا شتێکی عەجیب و غەریبیان کردووە، نەخێر، زۆرجار ڕەزیلی دەکرێت، بەڵام بۆ مۆدێلێک، یان گۆرانی بێژێک نا، ئەوانیش هەقی خۆیانە، بەڵام تەماشا بکە لەدوای داعش، زۆربەی گۆڤار و ئەوانەی هەفتەنامەی باش هەبوون، خەڵکی دەیخوێندنەوە نەمان، لەکاتێکدا یەکێتی و پارتی دوو حزبی دەوڵەمەندن.

**+ ڕایەک هەیە دەڵێ دەسەڵات وەکو جوانکاری تەماشای کلتور دەکات؟**

– من دەمێک ساڵە وامگوتووە، بەڵێ من یەکێکم لەوانەی گوتوومە دەسەڵات کلتور بەکەمالیات تێدەگات، وەکو ئەو ژنەی دەتوانێت گوارە لەگوێ نەکات، هەر ژنەکەیە، گوارە لەگوێ بکات هەر هەمان پلکە بەسییە، پلکە فاتمە، سەعات لای زۆر کەس کەمالیاتە، بۆ هەندێکیش پێویستییە، لەبەر ئەوەی ئەدیب کەسێکی زیادە لەکۆمەڵگەی خۆرهەڵاتدا، بیرمەندیش کەسێکی زیادە. باسی کورد لە خۆرهەڵات ناکەم. سیاسی و کارەکتەری ناو سیاسەت و ئایین زاڵن، سیحرێکیان هەیە عەجیب و غەریب، ئەدیب ئەو پیرۆزیەی نییە، ئەدیب لەسەر ئاستی میللی گەرایی دەکرێت.

**+ کەواتە خەتای ئەدیبە، یان خەتای دەسەڵاتە؟**

– نا، فەزاکە بەگشتی وایە، هەمووی بەشدارە، لەپڕ لەگەڕەکێک کەسێک دەبێت بەفەقێ، من کە بووم بەفەقێ هەیبەتێکم هەبوو.

**+ تۆ هیوا بەوە دەخوازی ئەدیب نەبووای؟**

– نا، من هەرگیز ئەو هیوایە ناخوازم، پێشبینی ژیان ناکەم بەبێ کتێب.

**+ وەرزش دەکەی؟**

– بەردەوام وەرزش دەکەم، لەگەنجیمەوە تائێستە، بەڵێ ڕۆژانە وەرزش دەکەم، بەڵام جاری واهەیە لەبەر بێ نانی ئیشم کردووە، هەژدە سەعات کارم کردووە، بە دە ساڵێک (تەمی سەر خەرەند)م نووسی لەبەر ئەوەی دەبووایە نانێک پەیدا بکەم، دەبوایە خانوویەکم هەبێت، کرێچی نەبم.

**+ زۆر ئاگات لەتەندروستی خۆتە؟**

– زۆر زۆر، بەڵێ بایەخی پێدەدەم، بۆ ئەوەی خزمەتم نەکەن، دایکم گوتەنی دەست لەگوی خۆم نەگێرم هەموو جار دایکم دوعای لەبابم دەکرد دەیگوت حەسەن خۆزگە بتبینم دەست لەگوی خۆت بگێڕی.



**ئازاد سوبحی، دیار عەزیز، شێرزاد حەسەن، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ڕێبین ڕەسووڵ، د. نەوزاد ئەحمەد – سلێمانی (٢٠٠١)**

# هونەری

- **(دوا ڕۆژەکانی بابلۆ) لە نێوان دەرهاوێشتە ترسناک و ئومێد بەخشەکاندا**

حەمەسوار عەزیز

# (دوا ڕۆژەکانی بابلۆ)



## لە نێوان دەرهاوێشتە ترسناک و ئومێد بەخشەکاندا



حەمەسوار عەزیز

**چۆن قسە لەسەر نمایش دەکەین؟**

قسەکردن لەسەر نمایشێکی شانۆیی وەکو (دوا ڕۆژەکانی بابلۆ) ئەرکێکی هەنوکەیی نوسەران و ڕەخنەگرانی بواری شانۆی کوردییە، چونکە ئەم شانۆیە ڕووداوێکی ئاسایی نییە لە مێژووی شانۆی کوردیدا.

ئەم نمایشە (٥٥) ڕۆژ لەسلێمانی نمایشکراوە و زیاد لە (٢٦) هەزار بینەری هەبووە، ئێستەیش لە هەولێر نمایش دەکرێت، لە لایەن بینەرانەوە پێشوازییەکی گەورەی لێکراوە. ڕەنگە تاکە نمایشی کوردی بێت (بەدەر لەنمایشە شانۆییەکانی گروپی ڕەنگاڵە) کە ئەو ماوە زۆرە نمایشکراوە و ئەو بینەرە زۆرەی هەبووە، بۆیە پێموایە ئەو نمایشە دەبێ ببێتە جێگەی دیالۆگێکی جیددی. دەرهاوێشتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی شرۆڤە بکەین و بزانین ئەو نمایشە چۆن دەتوانێت ببێتە بنەما و سەرەتایەک بۆ هەڵساندنەوەی شانۆی کوردی، لە کوێش ڕەنگە ببێتە مەترسی و داهاتووی شانۆی کوردی بەرەو ڕووبەرێکی ترسناک و نەخوازراو ببات.

پێموایە ئەم نمایشە شانۆییە بەقەد ئەوەی نمایشێکی گرنگ و تایبەتە، لێکەوتەی زۆریشی بەسەر وێناکردنی داهاتووی شانۆی کوردی دەبێت، دەتوانین سوود لەو فاکتەرە بەهێزانەی وەربگرین کە وایانکرد ئەم نمایشە بەو شێوەیە دەربکەوێت و ئەوپێشوازییە جەماوەرییە گەرم و گەوری لێبکرێت، بەقەد ئەوەش بوونی ئەو نمایشە مەترسی هەیە بۆ سەر داهاتووی کاری شانۆ لە کوردستان و تێگەیشتنی شانۆکاری کورد لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی شانۆیی و دارشتنەوەی پەیوەندی نێوان بینەر و شانۆ، ئەو پرۆسە ئاڵۆزەی کە چەندین سەدەیە زەین و هزری شانۆکارانی دونیای داگیرکردووە و شانۆکارانی بەسەر چەندین بەرەی جیاوازدا دابەشکردووە.

من لێرەدا وەکو چاودێریکی ڕەوشە شانۆییەکەی کوردستان، کەسێکی نزیک لەوبوارە، هەوڵدەدەم لەم نووسینەمدا بەشێوەیەکی لۆژیکی شرۆڤەی ئەو نمایشە و دەرهاوێشتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەسەر ڕەوشی شانۆ لە کوردستاندا بکەم.


هیوام وایە ئەم نووسینە ببێتە بنەمای دیالۆگێکی شانۆیی و ڕەخنەیی جیددی، تا ئەم دیاردە تایبەت و ناوازەیە بەشێوەیەکی سەرپێی و ڕووکەش تێنەپەڕێت و هەموومان بەیەکەوە بتوانین هاوکار بین و لەسەر فاکتەرە ئیجابی و ڕۆشنەکانی ئەم ئەزموونە بونیادی دیکەمان هەبێت، بە وردیش شرۆڤەی ئەو مەترسی و ئاریشە شانۆییانە

بکەین، کە دەکرێت ئەزموونێکی لەو شێوەیە بیهێنێتە نێو ڕووبەری کارکردنی شانۆی ئێمە و ڕەوشی شانۆکەمان بەرەو ئاقارێکی نەخوازرا و ببات.

## نمایش چۆن دەبینین؟

ئەم نمایشە ئەگەرچی لەڕواڵەتدا هەڵگری بابەتێکی واقیعییە و باس لە ژیانی سەرمایەدارێک دەکات کە چۆن مامەڵە بە ژیانی خەڵکەوە دەکات و هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و ئامادەیە هەموو جۆرە فێڵ و تەڵەکەبازی و درۆیەک بەکاربێنێت، بۆ ئەوەی خەڵک لەخشتە ببات و خۆی گوتەنی هەموو یارییەکان بباتەوە، بەڵام لە ڕووی فۆرم و بونیادی کارکردنی دەرهێنەر، نمایش جەستەیەکی تەواو جیاواز و ناواقیعی هەیە و دەرهێنەر هەوڵیداوە شێوازی تایبەت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەکار بێنێت، کە شێوازێکی دژە ئەڕستییەو کار لەسەر بونیادەکانی دەرەوە و جەستەی بینراوی نمایش دەکات، بەو مانایەی کرداری بینین لەو نمایشەدا دەبێتە کرداری سەرەکی و دەرهێنەر تەسلیمی بونیادی واقیعی تێکستەکە نابێت، لە ڕێگەی کۆمەڵێک کردار و تەکنیکی شانۆیی و تێکشکاندنی ئیهامی بینەر و بەکاربردنی کرداری شانۆی نێو شانۆکە، هەوڵدەدات شێوازی گێڕانەوەی تەقلیدی تێکبشکێنێت و فەزایەکی ناباو بەنمایش ببەخشێت، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەو دەق ئاوێزانەی کە زیاتر وەکو دەرهێنەرێک کاری تێدا کردووە، نەک وەکو نوسەرێک، چونکە زۆرینەی ئەو دەقانەی کە خزاونەتە نێو ئەو شانۆییە، جگە لە ڕەهەندە بابەتییەکان، وەزیفەیەکی درامی و بونیادی بەرجەستە دەکەن، کە وەزیفەیەکی تەکنیکییە بۆ تێکشکاندنی فۆرمی گێڕانەوە لەو نمایشەدا. بەو مانایەی کرداری دەق ئاوێزان بەشێوەیەکی سەرەکی دوو پاساوی تایبەتی هەیە، یەکەمیان شکاندنەوەی تێکستە، بەسەر کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگەی کوردی، پێدەچێت ئەو کێشانەی کە لە تێکستەکەی کلۆد مانێ هاتووە، بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کێشەی سەرەکی و بنەڕەتی نەبن، چونکە هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە باگکراوندێکی سیاسییان هەیە و دەبێت بگەڕێتەوە سەر سەرچاوەکەی، ئەمەش بەڕوونی لەو دەق ئاوێزانەی دەرهێنەر دەردەکەوێت، کاتێک هەموو ڕووداوی چیرۆکەکە دەباتەوە نێو ڕووبەری وەهم و خەیاڵێکی سوریالی لە مێشکی کارەکتەری سەرەکی کە هونەرمەندێکی مۆزیکی بێدەرتانە، لە نێو خۆپیشانداندا دەکێشن بە سەرییدا و تووشی وڕێنەو وەهم دەبێت، بەم شێوەیە دەرهێنەر هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەو نمایشە دەباتەوە نێو ئەو ڕووبەرە سیاسییە لەوێدا جێگەیان دەکاتەوە.

پاساوی دووەمی کاری دەق ئاوێزان لەم نمایشەدا وەکو ئاماژەم پێدا، کارکردنە لەسەر گۆڕینی بونیادی نمایش لە نمایشێکی ئەڕستی بۆ نمایشێکی نا ئەڕستی و تێکشکاندنی ئەوپەیوەندییە سۆزدارییەی لە نێوان بینەر و نمایشدا هەیە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیک کە کار لەسەر ڕەگەزی نامۆبوون و بونیادی جەستەیی و بەشانۆکردنی ساتە شانۆییەکان دەکەن، کرداری بەشانۆکردن (التمسرح) لەم نمایشەدا لە ئاستێکی باڵادایە و بەئاسانی دەتوانێت فۆرمی واقیعی نمایش هەڵوەشێنێتەوە و نمایش بەرەو ڕووبەرێکی تەواو شانۆیی ببات، کە تێدا کردرای یاریکردن و ئەدای تەقدیمی شوێنی ژیانکردن و بەرجەستەکردن دەگرێتەوە، بۆیە بەشێکی ئەو دیالۆگانەی کە وەکو کۆمێنت و قسەکردن لەسەر حاڵەتەکان لەچەندین شوێنی نمایش پێشکەش دەکرێن، پێش ئەوەی کارکردن بێت لەنێو بابەت و بە ئێستا و ئێرەکردنی نمایش لە ڕووی بابەتەوە، جۆرێکە لە تەکنیکی شانۆیی کە هەوڵدەدات، نمایش لەو ڕووبەرە واقیعییە بترازێنێت و تەماس و لێکەوتەیەکی جیاوازی لەگەڵ بینەر هەبێت، هەموو ئەو کردارە شانۆییانەش کە لە ڕواڵەتدا لەگەڵ بونیادی واقیعی شانۆییەکە ناگونجێن، وەکو گۆرانی گوتن و ژەنینی درامس و ئیقاع. دەرهێنەر دەروازەیەک بۆ ئاوێتەبوونیان لەنێو نمایشەکە دەکاتەوە، کاتێک یاسای بنەڕەتی



دەرهێنەر شوان کەریم

**“ ئەم شانۆیە ڕووداوێکی ئاسایی نییە لە مێژووی شانۆی کوردی. ڕەنگە تاکە نمایشی کوردی بێت (بەدەر لەنمایشە شانۆییەکانی گروپی ڕەنگاڵە) کە ئەو ماوە زۆرە نمایشکراوە و ئەو بینەرە زۆرەی هەبووە ”**



نمایش لەبەرجەستەکردنەوە دەباتە نێو ڕووبەری یاریکردن و بونیادنانی دەرەکی و تێکشکاندنی فۆرمی تەقلیدی، بەو واتایەی هەموو ئەو کردارانە هەماهەنگن لە تێکشکاندنی ئیهام و هەوڵێکن بۆ بەئاگاهێنانەوەی بینەر، بیری بخەنەوە کە ئەو هێشتا لەهۆڵێکی شانۆیی دانیشتووە و ئەوەی بەردەمیشی واقیعێکی گریمانەکراوە، کەستافێکی شانۆیی دروستیان کردووە، بۆیە بوونی هەموو کردارە نا شانۆییەکان لەنێو ئەو نمایشە، وەزیفەیەکی شانۆیی و بونیادی تایبەتیان هەیە، بەشدارن لەڕەسمکردنی فۆرمی نمایش و بێ ئەو کردارانە نمایش دەخزێتە نێو ڕووبەرێکی واقیعی تەقلیدی و جیاواز و بوون لە شێوازی گێڕانەوەی حیکایەتەکە دەکوژێت، ئەمە جگە لەوەی ئەو فۆرمە جیاوازەی گێڕانەوە و ئاستی بینین و کردارە جوانکارییەکانی نمایشی باڵا کردووە، نمایش وەزیفەی گێڕانەوەی حیکایەت دەباتە نێو ڕووبەرێکی زیاتر داهێنەرانە و هونەریانە، کە خۆی لەوێناکردنی فۆرم و جەستەی گێڕانەوەی حیکایەت دەبینێتەوە، چونکە ئەو فۆرم و جەستەیە هاوسەنگییەک لەنێو هەردوو ڕووبەری بینراو و بیستراو لەنمایشەکەدا دروست دەکات و شێوازی سادەی گێڕانەوەی حیکایەت تێکدەشکێنێت و حیکایەتەتێکی سادە دەباتە نێو فۆرمێکی هونەری و ئێستاتیکی باڵا، کە دەتوانێت چێژی زیاتر بەبینەر ببەخشێت و توشی شۆک و سەرسوڕمانی بکات، بەدەر لەو فۆرمە ناباوە، ڕەنگە نمایشکردنی تێکستێکی لەوشێوەیە جۆرێک لەسادەیی کوشندە بەرهەم بێنێت.

> “ئەو چەندایەتییە ڕەنگدانەوەی ئابووری خۆی هەیە و شانۆ لەسواڵی حکومەت و دەسەڵات دەپارێزێت و دەیکاتە هونەرێک کە بینەر پارەی پێبدات”

جیاواز لە هەموو نمایشەکانی دیکەی، دەرهێنەر لەم نمایشەدا بەهۆی بوونی تێکستێکی تا ڕادەیەک تەقلیدی، چیرۆک ئامادەییەکی گەورەی لەنێو نمایشکەدا هەیە و ئەگەر دەرهێنەر تەسلیمی ئەوتێکستە بووایە و لەنێو پڕەنسیبە ڕەسەنەکانی تێکست کاری بکردبایە، نمایش خەسڵەتێکی گەورەی لە دەست دەدات، ئەویش بەکاربردنی کرداری بەشانۆکردن و داڕشتنەوەی جەستەی بینراوی نمایشە، بەڵام دەرهێنەر لەڕێگەی کرداری دەق ئاوێزانەوە ئەو بونیادەی نمایش هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ڕەوشی کۆمیدی نمایش هەمیشە دەسەڵات و ڕووبەری زیاتر بە ئەکتەر و کرداری نواندن دەبەخشێت، نەک دەرهێنەر، بەتایبەت لە کاتێکدا تۆ ئەکتەرێکی ئەستێرەت هەیە نمایش بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەڵام شوان کەریم وەکو دەرهێنەر لە ڕێگەی کەرەستە شانۆییەکانی هەوڵی جیددی دەدات، هەم شێوازی گێڕانەوەی درامی چیرۆک هەڵوەشێنێتەوە، هەمیش ڕووبەری ئەکتەر بخاتە نێو ئەو چوارچێوەیەی کە دەرهێنەر باڵادەستی بەسەردا هەیە و بەئارەزووی خۆی یاری پێدەکات و نمایش تەسلیمی دەستی ئەکتەر ناکات، بەڵکوو فۆرمێک دەدۆزێتەوە کە ئەکتەر دەباتەوە نێو ئەو ڕووبەرە داهێنراوەی کە دەرهێنەر وێنای کردووە و ئامادەیی دەرهێنەر لەنێو نمایش، ئەدای ئەکتەر و هەموو ئەو ڕەگەزە جەماوەرییانە تێدەپەڕێنێت، کە لە هەندێک ڕووبەری نمایشدا بەریدەکەوین، ئەمەش کردارێکی ئاسان نییە و دەرهێنەری بە ئاگا داهێنەری دەوێت، کە چۆن ئەو پێکهاتە (تولیفە) سیحرییە دەدۆزێتەوە کە ئەکتەرێکی جەماوەری بخاتە نێو ئەو فۆرمە ئیبداعییەی کە پەیوەندییەکی جیاواز لەنێوان ئەو ئەکتەرە و وەرگرەکەی دروست دەکات، پەیوەندییەک هەم فۆرمە جەماوەرییەکەی ئەکتەر دەپارێزێت و هەمیش جەستەی نمایش لە تەقلید و دووبارەبوونەوە دەرباز دەکات، بەو مانایەی دەرهێنەر چۆن دەتوانێت کرداری جەماوەری بوون لە کردارێکی پۆپۆلیستییەوە دابماڵێت و بیباتە نێو ڕووبەرێکی جیاوازی کارکردن، کە تیاییدا تەقلید تێکدەشکێت و جەستە و فۆرمێکی دی ئامادەیی هەیە و دەتوانێت نمایش لە ڕووبەری پۆپۆلیستیەوە بباتە نێو ڕووبەری ئێستاتیکا – داهێنان و کاری بژاردە، ئەمەش تەولیفەیەکی سادە و ئاسان نییە و عەقڵ و خەیاڵی داهێنەر دەتوانن دروستی بکەن، چونکە ڕەوشی تێکستەکە دەرهێنەری ئاسایی بەرەو ئەوە دەبات کە بابەت زاڵ بێت بەسەر فۆرم وجەستەی نمایشدا، بەڵام لەم نمایشەدا، نەک هەر بابەت

و ناوەرۆک زاڵ نییە بەسەر جەستەی نمایشدا، بەڵکوو ئامادەیی بەهێزی جەستەی نمایش بابەتی کردۆتە سێکتەرێکی لاوەکی لەنمایش و ئەو ڕووبەرە گەورەیەی نێو تێکستی لەدەست داوە.

لەڕووی ئیقاعەوە ئەم نمایشە توانایەکی تایبەتی هەیە، لە دابەشکردنی کات بە شێوەیەکی سەرنجراکێش بەسەر دیمەنەکاندا، ئەگەر دیمەنی کۆتایی نمایش ئاوارتە بکەین کە تیایدا ڕیتمی نمایش بەهۆی گۆڕانکاری لەبونیادی ئەدای ئەکتەر تووشی کێشە دەبێت، لە هەموو نمایشەکە جۆرێک لە هاوسەنگی و ڕێکخستنی بەرزی ڕیتم هەیە و دەرهێنەر لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەرەستە و کرداری شانۆیی جۆرێک لە کرداری مۆنتاژ و کەتکردن لەنمایشەکە پیادە دەکات، کە وادەکات بینەر هەمیشە بەر فۆرمی تازە و پێکهاتەی تازە بکەوێت و بۆشایی لەنێوان بینەر و نمایشدا دروست نەبێت، هەمیشە لە ڕێگەی کرداری نامۆکردنەوە_التغريب، پەیوەندی نێوان بینەر و نمایش ئەبدەیت بکاتەوە، بەتایبەتیش جوولەی ئەکتەر و شێوازی ئەداکردنی دەرەکی ئەکتەر جۆرێک لە فۆرمی نامۆ بەبینەر دەبەخشێت، کە هەمیشە ئاسۆی پێشبینییەکانی تێکدەشکێنێت، ئەمە جگە لەو ڕەگەزە ناشانۆییانەی دەرهێنەر لەسیاقی جەستەی نمایش و لە نێو کرداری بەشانۆکردن_التمسرح جێگەی شیاوی خۆیان بۆ دەکاتەوە و دەیانخاتەوە نێو سیاقی نمایش و وەکو کەرەستەی شانۆیی دایاندەڕێژێتەوە.

**دیمەنی کۆتایی و جەستەی نمایش:**

ڕەنگە سەرنجی زۆر لەسەر دوا دیمەنی ئەو شانۆییە هەبێت، لەو دیمەنەی کە ڕوون دەبێتەوە هەموو ئەو ڕووداوانە وەکو شانۆیی مارا_سادی پیتەر ڤایس، لەنێو نەخۆشخانەیەکی دەروونی ڕوو دەدەن، ڕووداوەکان جۆرێکن لە وەهم و ورێنە لە مێشکی ئەو هونەرمەندەدا، کە لەکاتی خۆپیشاندانا لێیدراوە و کێشاویانە بە سەریدا و توشی جۆرێک لە واهیمەبوون بووە، بۆیە هەموو ئەو چیرۆک و دیمەنە نمایشکراوە و کارەکتەرەکانی، کە لە سەرەتای شانۆکە ڕوودەدەن، تا دەگاتە دیمەنی کۆتایی نێو نەخۆشخانە دەروونییەکە، نمایشی شانۆیی نێو شانۆکەن، لەچوارچێوەی نەخۆشخانەیەکی دەروونی ڕوو دەدەن.

ئەم دیمەنە لەڕووی بابەتەوە سوپرایزێکی جوان و کۆتاییەکی چاوەڕوان نەکراوە و بینەر تووشی شۆک دەکات و ئیزافەیەکی گرنگە بۆنمایش، کە ئاسۆی پێشبینی بینەر هەڵدەتەکێنێت و ڕەهەندی کارەکتەری سەرەکی و تەواوی کارەکتەرەکانی دی بەتەواوی دەگۆڕێت، ئەمەش یەکێکە لە وەزیفە گرنگ و بنەڕەتییەکانی شانۆی هاوچەرخ، بەڵام لەڕووی جوانکاری و فۆرم و جەستەی ئیبداعی نمایشەوە، ئەم کۆتاییە بە کۆتاییەکی لاواز بۆ ئەو نمایشە ئەژمار دەکرێت، چونکە لەو دیمەنەدا گوتاری نمایش لە گوتارێکی (بەسەری_بینراو)ی داهێنەرانەدا کە بەدرێژایی نمایش بەریدەکەوین، دەگۆڕدرێت، دەرهێنەر لەڕێگەی ئیزافەکردنی ئەم دیالۆگانە، نمایش دەباتەوە نێوجۆرێک لە گوتاری ڕاستەوخۆی سادە کە تیاییدا ختوکەی ئیحساسی بینەر دەدات، تەنانەت ئەدای ڕێشان و تەواوی ستافی نمایشەکە لەو دیمەنە بەتەواوی نامۆیە، لەگەڵ سیاقی گشتی ئەداکردنی ئەکتەر لەکۆی پرۆسەی نمایشەکەدا، دەرهێنەر ئەکتەر دەباتەوە نێو ئەدایەکی ناوەکی سایکۆلۆجی کە لە تەواوی نمایشەکەدا خۆی لێ پاراستووە، هەرچەندە ئەو ئەدایەش لەڕووی بابەتییەوە پاساوی خۆی هەیە و ڕەوتی حیکایەت ئەوە فەرز دەکات، دەرهێنەریش دەیەوێت لە ڕێگەیەکی واقیعییەوە حەقیقەتی ئەو کارەکتەرە پێشان بدات و موعانات و دەردەسەرییەکانی، هونەرمەندێک لە وڵاتێکی وەکو ئەوەی خۆمان وێنا بکات، هەموو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بەو باگکراوەندە سیاسییە گرێبداتەوە، بەڵام لەڕووی سیاقەوە ئەم دیمەنە بەتەواوی بە جەستەی نمایشەکە نامۆیە و دەرهێنەر دەبووایە بەدوای کۆتاییەکی گونجاوتردا بگەڕێت، کە سیاقی نمایشەکە هەڵنەوەشێنێتەوە و تەبا بێت لەگەڵ یەکەی پێکهاتەیی نمایش، بۆیە لای زۆرێکمان لەڕووی فۆرم و ئێستاتیکاوە

> **“ لەم نمایشەدا کارەکتەری کۆمیدی بە مانا تەقلیدیەکەی بوونی نییە، بەڵکوو ئەکتەری کۆمیدی هەیە ”**





نمایش لەو دیمەنەدا کۆتایی دێت، کە دەرهێنەر جۆرێک لە فەوزای ڕێکخراو لە ڕێگەی جوولەی ئەکتەرەکانەوە ڕێکدەخات و بەشێوەیەکی تەدریجی ئیقاعی ئەو جوولانە بەرز دەکاتەوە و شێوازی پێکهاتەیی جوولەکان پێچەوانە دەکاتەوە و بونیادەکان ئاوەژوو دەکاتەوە، دیمەنی دواتری ئەم دیمەنە لەڕووی داهێنان و جوانکارییەوە ئیقاعی نمایش دادەبەزێنێت و نمایش تارادەیەکی زۆر سادە دەکاتەوە و دەیباتەوە نێو گوتارێکی ڕاستەوخۆی بیستراو کە لەسەر هەست و سۆزی بینەر یاری دەکات.

**نمایش و ئەکتەری ئەستێرە:**

لە قۆناغی ئێستای شانۆی کوردی هەموو شانۆکارێک بۆی هەیە پۆپۆلیستیانە بیر بکاتەوە و ئامانجەکانی لەسەر ژمارە دابڕێژێت، چونکە کێشەیەکی گەورە لە بەرهەمهێنان و پشتیوانیکردنی کاری هونەری هەیە، ئەمە جگە لەوەی شانۆ بەشێوەیەکی ڕێژەیی بینەری لە دەستداوە و ناتوانێت بەشێوەیەکی باش کۆنتاکتی لەگەڵ بکات و قەناعەت بەبینەر و بیباتەوە نێو هۆڵی نمایش، بۆیە ژمارەی بینەر و مەسەلەی چەندایەتی بەقەد ئەوەی ئامانجێکی گرنگە بۆ شانۆکار، بابەتێکی ماترسیدارە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتە کارێکی ترسناکە و ڕەنگە دەرهاوێشتەی زۆر خراپی لێبکەوێتەوە، ئەگەر دەرهێنەر زۆر بە ئاگا نەبێت و ئەو ڕەوشە پۆپۆلیستییە بەقازانجی داهێنان و هونەری جیدی نەباتەوە، بۆیە بە بڕوای من پەنابردنی دەرهێنەر بۆ ئەکتەرێکی وەکو (ڕێشان حەمۆ) لەم شانۆییەدا کارێکی لۆژیکییە و خزمەتی زۆری بەو بیرکردنەوە جەماوەرییە کردووە کە دەرهێنەر پلانی بۆ داناوە، چونکە بێگومان بوونی کەسێکی وەکو (ڕێشان) کە هەوادار و بینەری زۆری هەیە لە سۆشیالمیدیا و میدیای تەقلیدی، فاکتەرێکە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی جەماوەری کارەکەی دەرهێنەر، کە دەتوانێت بەهۆی ئەکتەرێکی هاوشێوە تەماس لەگەڵ جۆرێکی جیاوازی بینەر بگرێت، کە لە بنەڕەتتدا بینەری شانۆ نین، ئەمە جگە لەوەی ئەو چەندایەتییە ڕەنگدانەوەی ئابووری خۆی هەیە و شانۆ لەسواڵی حکومەت و دەسەڵات دەپارێزێت و دەیکاتە هونەرێک کە بینەر پارەی پێبدات و داهاتی زیاتر بۆ شانۆکار مسۆگەر بکات، کە ڕەنگدانەوەی بەسەر ئێستا و پڕۆژەکانی داهاتووشیدا دەبێت، مامەڵەکردنی شوان کەریم لەگەڵ ئەو جۆرە لە ئەکتەری ئەستێرە، لەم کارەیدا بێ مەترسی و دەرهاوێشتەی نەرێنی تێپەڕیووە، چونکە دەرهێنەر کلیلی بەکاربردن و مامەڵەکردنی ئەو کارەکتەرەی لایە و زانیویەتی چۆن ئەو جەماوەری بوونەی ئەکتەر لەنێو فۆرمی ناتەبا و داهێنەرانەی نمایش جێگە بکاتەوە و نمایشەکە سوود لەو ئەکتەرە وەربگرێت و وەکو ڕەگەزێکی ئاسایی نمایش هەرسی بکات و لەسەر خەسڵەتە ئێجابییەکانی بونیاد بنێت، نەک بە پێچەوانەوە، ئەکتەرەکە نمایشەکە بخاتە ژێر سێبەری خۆی و نمایش و هەموو کەرەستەکانی بکەوێتە خزمەتی ئەکتەر، وەکو چۆن ئەمە لەو نمایشە شانۆییانە باوە کە بۆ ئەکتەری ئەستێرە و جەماوەری دروست دەکرێت و هەموو کەرەستەکان و ڕەگەزەکان دەخرێنە خزمەت ئەکتەری ئەستێرە، لەم نمایشەدا کارەکتەری کۆمیدی بە مانا تەقلیدیەکەی بوونی نییە، بەڵکوو ئەکتەری کۆمیدی هەیە، بۆیە دەرهێنەر جگە لەوەی (ڕێشان حەمۆ) بەو شێوەیە بەکار دەهێنێت، جۆرێک لە هاوسەنگیش لەنێو نمایشەکە دروست دەکات، کاتێک فۆرمێکی کۆمیدی تەبا و جیاواز بە کۆمەڵێک کارەکتەری نێو نمایشەکە دەبەخشێت، بۆ ئەوەی نمایش نەبێتە نمایشی تاک ئەکتەری کۆمیدی و نەبێتە پاشگری پاڵەوانی نمایش، تەبا لەگەڵ فۆرمی بونیادی نمایش و جیاواز لە شێوازی ئەداکردنی ئەکتەر لەگەڵ ئەکتەری سەرەکی کە ڕێشان حەمۆیە، بۆیە ئەو فۆرمە کۆمیدی و جیاوازەی هەریەک لە (سۆران ئەکرەم_سان) و (تاهیر عەبدولواحید_لالۆ) دوو فۆرمی داهێنراوی دەرهێنەرن و هاوسەنگی زۆریان بەونمایشە

بەخشیوە و ڕێگریشن کەنمایش ببرێتە نێو ئەو ڕووبەرە تەقلیدییەی کە نمایشی تاک ئەکتەری کۆمیدی دایدەڕێژێت (تاک ئەکتەری کۆمیدی بەو مانایەی ئەکتەرێکی کۆمیدی سەرکردایەتی نمایش دەکات، وەکو نمایشەکانی عادل ئیمام و مستەر بین و ماهیر حەسەن).

سۆران ئەکرەم و تاهیر عەبدولواحید لەم نمایشەدا لەڕووی کۆمیدیا و ئەدای ناتەباوە هیچیان لە ڕێشان حەمۆ کەمتر نییە، بەڵکوو دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە لە بەشێکی زۆری نمایشەکەدا سۆران و تاهیر دوو فۆرمی جیاوازی کۆمیدیا پێشکەش دەکەن، کە زۆر زیاتر خزمەتی نمایشەکە دەکەن، لەو فۆرمە کۆمیدییەی ڕێشان، کە هەندێک جار دادەبەزێتە نێو فۆرمێکی میللی و زیان بەکوالیتی نمایش دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئەو فۆرمەی سۆران و تاهیر پێشکەشی دەکەن جۆرێک لە (ئینزیبات_ڕێکخراوەیی) و بەرپرسیارێتی تێدایە کە بەتەواوی دەچێتە خزمەتی فۆرم و جەستەی نمایشەوە، ئەو ئەدا ناتەبایە فۆرمێکە زەرووڕەتی نمایش دەیخوازێت، زیاتر لەو فۆرمەی ڕێشان کە لە بەشێکییدا فۆڕمێکی خۆڕسکە و ناتوانێت خۆی لە خۆڕسکبوون بپارێزێت.


بەبڕوای من ئەداکردنی ئەکتەر لەم نمایشەدا ئەوەندە بە وردی داڕێژراوە، وایکردووە ئەدای ئەکتەرێکی وەکو ڕێشان حەمۆ شۆڕبێتەوە بۆ ناونمایش و هەوڵبدات لەنێو ئەو جەستەیە نامۆ نەبێت، ئەم نمایشە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بوونی یەکانەی ئەکتەرێکی کۆمیدی وەکو ڕێشان حەمۆ لەسیاقی نمایش بونیاد نەنراوە، چونکە ڕەنگە هەندێک جار ئەکتەری کۆمیدی بەناوبانگ لەنێو نمایش هەبێت، نمایش تەنانەت لە ڕووی جەماوەرییشەوە فەشەل بێنێت، ئەم ئەزموونەش لەکوردستان ڕوویداوە، چونکە بەشێک لە ئەکتەرە کۆمیدییەکان بەهۆی دووبارە بوونەوە و تازەنەکردنەوەی کەرەستە دراماییەکانیان تووشی جۆرێک لە چەقبەستوویی هاتوون و ئیدی توانای ئەوەیان لە دەستداوە بینەر ختوکە بدەن، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەم نمایشەی بەو فۆرمە سەرکەوتووە وێنا کردووە، خەیاڵ و ئیبداعی دەرهێنەر و کارکردنی ستافی نمایشەدا لە ئەکتەر و سینۆگرافەر و مۆسیقی و گۆرانیبێژ و کارە تەکنیکییەکانی دی، ڕێشان لەو نمایشەدا ئەگەرچی کارەکتەری سەرەکی ئەدا دەکات و وەکو ئەکتەر توانا و داهێنانێکی گەورە پێشکەش دەکات، بەڵام ئەوەی هۆکاری ئەو سەرکەوتنە جەماوەرییەیە، تەنیا خودی توانا و داهێنانی ڕێشان نییە، ئەوە کاری دەرهێنەر و ئەو تیمەیە کە ئەو نمایشەی دروستکردووە، بەتایبەت ڕێکخراوی (مەنزومە) ئەداکردن لەم نمایشە فاکتەری سەرەکییە، ڕێشان دەتوانێت ئەو ئەدا تەقلیدییە بباتە نێو نمایشێکی نا تەقلیدی و فۆرمی تازەی ئەداکردن بۆ ئەکتەر دەدۆزێتەوە.

بۆیە لێرەدا شوێنی خۆیەتی باس لەو تێگەیشتنە بەرزەی ئەکتەرانی ئەو نمایشە بکەین کەجۆرێک لە تەبابوونی نایابیان بەفۆرمی گشتی نمایش و یەکەی ئەداکردن بەخشیوە، لەو ڕووبەرانەی کە نمایش پێویستیەتی وەکو ئەکتەری یاریکەر دەردەکەون، وەزیفەی ئەداکردنی دەرەکی بەجوانترین شێوە ئەدا دەکەن، وەکو کۆمەڵێک نەسەق، سیاقی گشتی نمایش بونیاد دەنێن، لەدیمەنی کۆتاییش هەموویان لەو کڵێشەیە دادەماڵدرێن و ئەدایەکی ناوەکی و دەروونی تەبا لەگەڵ ئەو دیمەنە پێشکەش دەکەن، بەتایبەت ئەکتەرانی وەکو تاهیر عەبدولواحید و سۆران ئەکرەم و هەنار کامەران و تێشو و نامیق و هەموو ئەوانی دی، ئیزافەی جیددین بۆ نمایش و تەرز و فۆرمی نمایش.

**دەرهاوێشتە ترسناکەکان چین؟**

ترسناکی ئەم ئەزموونەی شوان کەریم لە دووبارە بوونەوە و لاساییکردنەوەیە، من پێموایە ئەم ئەزموونە بە دووبارەبوونەوەی دووچاری نوشستی گەورە دەبێت، تەنانەت خودی شوان کەریم دەبێت زۆر لەوە بە ئاگابێت،

> **“ترسناکی ئەم ئەزموونەی شوان کەریم لە دووبارە بوونەوە و لاساییکردنەوەیە، من پێموایە ئەم ئەزموونە بە دووبارەبوونەوەی دووچاری نوشستی گەورە دەبێت”**



که دووبارەکردنەوەی ئەزموونێکی هاوشێوە لەگەڵ هەمان ئەکتەر، ڕەنگە ئەو سەرکەوتنە و دەنگدانەوەیەی لێنەکەوێتەوە، ئەگەر گۆڕانکاری جیددی لەشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئەکتەرە بوونی نەبێت، لەبەر ئەوەی لەم ئەزموونەدا ئاسۆی پێشبینی بینەر بەرز بۆتەوە و سەختە لە ئەزموونێکی هاوشێوەدا جارێکی دی ئەو ئاسۆیە تێپەڕێنێت ئەگەر بیرکردنەوەی جیاواز و کەرەستەی جیاوازی لەپشتەوە نەبێت، بۆیە ئەگەر دووبارەکردنەوەی ئەزموونی هاوشێوە بۆ شوان کەریم مەترسیدار بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە لاساییکردنەوەی ئەم ئەزموونە لە لایەن شانۆکارانی دیکەوە دۆخێکی ترسناک دروست دەکات و شانۆی کوردی تەسلیمی گوتارێکی پۆپۆلیستی ترسناک دەکات، کە ڕەنگە جارێکی دی نەتوانین بینەر ببەینەوە سەر ئەو چەشەیەی کەچەندین دەیەیە کاری لەسەر دەکەین، ژمارە و چەندایەتی بە ڕووتی نابێ ببێتە ئامانجی سەرەکی شانۆکار، چونکە سەختە هەموو شانۆکارێک بتوانێت ئەو زەمینەیە دابین بکات، کە گوتاری پۆپۆلیستی بباتە نێو گوتارێکی ئێستاتیکی و بژاردە و شانۆکەی تەسلیمی ئەو تەوژمە نەکات، بەتایبەت لەئێستادا خەریکە لە ڕێگەی چەند نمایشێکەوە جۆرێک لە فۆرم و بابەتی دووبارە ببێتە سیمای سەرەکی شانۆی کوردی کە بەداخەوە لێکچوونێکی ترسناک لە نێوانیاندا هەیە و بینەر هەست دەکات پێشتر نمایشەکەی بینیووە، ئەم تەرزە شانۆییە، کە ناتوانێت ئاسۆی پێشبینی بینەر تێپەڕێنێت، مەترسی گەورەی لەسەر ئایندەی شانۆی کوردی هەیە، تەنانەت ئەکتەری ئەستێرەش ناتوانێت فریای بەردەوامی ئەم جۆرە نمایشە بکەوێت و لە تەپین ڕزگاری بکات، بۆیە من پێموایە جیاوازبوون و تاقیکردنەوەی فۆرمی جیاواز تاکە بژاردەیە لە بەردەم شانۆکاری کورد و نابێت دەسبەرداری بێت و بچێتە خانەی لاسایی کردنەوەی خۆی و ئەوانی دی، هەموو داهێنانێک بە دووبارە بوونەوە و لاساییکردنەوە دەبێتە تەقلید و بەرەو مەرگ و لەناوچوون دەچێت، بۆیە ئەم ڕەوشە شانۆییە دەرهاوێشتەی زۆر ترسناکی هەیە ئەگەر بەئاگایی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت.

هیوادارم جەماوەریبوونی ئەم کارە شانۆییە وا لەخودی دەرهێنەر و شانۆکارانی دیش نەکات، بەدوای ئەوە بن کە لەنزیکترین ڕێگەوە بەدوای بینەردا بگەڕێن و هەوڵبدەن کارەکتەرە بەناوبانگەکانی نێو میدیا و سۆسیالمیدیا پەڵکێشی نێو شانۆ بکەن، چونکە ئەو تەولیفە و هاوسەنگییەی کە دەرهێنەر شوان کەریم لەم کارە شانۆییە پێیگەیشتووە و توانیویەتی ئەو ئاوێتەیە بدۆزێتەوە، لەوەی ئەکتەرێکی کۆمیدی جەماوەری بخاتە نێو ئەو فۆرمە شانۆییەی خۆی دایهێناوە، وا لە ئەکتەری ئەستێرە و جەماوەری بکات تەبا بێت لەگەڵ سیاقی هونەری و ئێستاتیکی نمایش، سەختە دووبارە بکرێتەوە و سەرکەوتن بەدەست بێنێت، چونکە زۆرێک لە ئەکتەرە کۆمیدییە جەماوەرییەکان، بەهۆی ئەو فۆرمە خۆڕسک و میللییەی کە هەیانە سەختە بخرێنە نێو ئەزموونێکی جیاوازی کارکردن و نمایش بەرەو سادەیی و بازاڕیبوون نەبەن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە ئیدی دوای ئەو ئەزموونە ڕێشان حەمۆ وەکو ئەکتەرێکی کۆمیدی جەماوەریکی گەورەتری هەیە و ڕووبەرێکی ناساندنی زیاتری بەرکەوتووە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەرزە کارەکتەرە لەنێو کارێکی جیدی و جیاواز، سەخت و ئەستەمتر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ئەوەمان لەبیر بێت کە ئێمە ئەزموونی دیکەمان لەو بارەوە هەیە و پێشتر بوونی هەندێک لە ئەکتەری کۆمیدی لەنمایشە شانۆییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بینەری دەهێنایە نێو هۆڵەکان، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی کۆتایی هاتنی تەمەنی ئیبداعی ئەو ئەکتەرانە، ئیدی جەماوەریش متمانەی پێیان نەماوە و سەرنجی خەڵک ڕاناکێشن، تەنانەت زۆرێک لەو بەرنامە تیڤیانەی کەجاران بەناوی شۆو و کۆمیدیا و خۆشگوزەرانی تەماسیان لەگەڵ بینەر هەبوو، ئێستا زۆرێکیان ئەو خەسڵەتەیان لەدەستداوە و ئەوەندە دووبارە بوونەوە، کە ئیدی ناتوانن بەهیچ شتێک بینەر ختوکە بدەن و خەریکە ئەستێرەیان ئاوادەبێت.

ڕێشان حەمۆ وەکو ئەکتەرێکی کۆمیدی دەبێت زۆر بەئاگایی کار بکات، پێش هەموو شتێک دەبێت لەوە دڵنیا بێت کە ئەو دەرهێنەر و ستافانەی لە داهاتوو کاریان لەگەڵ دەکات، دەتوانن چ ئیزافەیەک بەتواناکانی ئەو ئەکتەرە ببەخشن و چۆن دەتوانن توانا و کەرەستەی تازە لەو ئەکتەرە کەشف بکەن و لەو ڕووبەرە بەکاری بێنن، کە ئیزافە بێت بۆ نمایش و تەنیا سەرنجیان لەسەر جەماوەریبوون نەبێت، چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوە نادروستە و ڕاکردن بەدوای ژمارە، ڕێشانیش دەکوژێنێتەوە و پاش چەند ئەزموونێکی دووبارە، سیحری ڕاکێشانی بینەر لەدەست دەدات، بەتایبەت ئەگەر دەرکەوتنەکانی سنووردار نەکات.

"ڕێشان حەمۆ وەکو ئەکتەرێکی کۆمیدی دەبێت زۆر بەئاگایی کار بکات، پێش هەموو شتێک دەبێت لەوە دڵنیا بێت کە ئەو دەرهێنەر و ستافانەی لە داهاتوو کاریان لەگەڵ دەکات، دەتوانن چ ئیزافەیەک بەتواناکانی ئەو ئەکتەرە ببەخشن"


# خوێندنەوەی کتێب

- ***ڕۆمانی پاشای گەورە .. نووسین و جیاوازی***

تەحسین تەها چۆمانی

ڕۆمانی پاشای گەورە

# نووسین و جیاوازی



تەحسین تەها چۆمانی

ڕۆمانی مێژوویی پاشای گەورە، سەرگوزشتە و حیکایەتی ڕۆژگاری میرنشینی سۆران بەتایبەت پاشای گەورەیە، کە تێیدا نووسەر پەردە لەسەر زۆر دیوی باسنەکراو و نەزانراوی میرنشینەکە لا دەبات. ئەم ڕۆمانە بۆ کەسانێکیش کە ئاگاداری مێژووی دروستبوون و فراوانبوون و تەنانەت ڕوخانی میرنشینەکەن، بێگومان زانیاریی و شتی نوێی تێدایە.

بەر لە چاپ بوون و دوای چاپ بوونیش من ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە، هەڵبەت دەبێت بۆ ئەوە سوپاسی کاک ئاریز بکەم کە دەرفەتی بینین و خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی بە فەریکەیی و پێگەیشتوویی پێدام.

لەو ڕۆمانەدا نووسەر هەوڵیداوە بە وردی کەسایەتی پاشای گەورە، لەو دەقە بەسەرداسەپێنراوە مێژوویە دەربکات، کە تا ئێستا لەبارەیەوە نووسراوە و گوتراوە، خاڵی تایبەتمەندی ڕۆمانەکەش وێڕای شتەکانی دیکە، بە باوەڕی من هەر ئەوەیە. پاشای گەورە و میرنشینەکەی لەژێر گوشار و پەستانێکی زۆری ئەو مێژووە ڕزگارکردووە کە ئێستا وەکو مێژوو لەبارەیەوە هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا ئێمە باس لە کام مێژوو و چ مێژوونووسێک دەکەین؟ هێشتا لای ئێمە نووسەر نەیتوانییوە ڕووداو بخوڵقێنێت و جیاوازی دروست بکات.

پێموایە هەر نووسەرێک نەتوانێت جیاوازی و دابڕانێک لە قۆناغەکەی خۆیدا دروست بکات، ئەوا نووسینەکانیشی ناتوانن سنووری هیچ جیاوازییەکی نووسراو و گوتراو دروست بکەن. من ئەو جیاوازییە لە ڕۆمانی پاشای گەورەدا دەبینم و درکی پێدەکەم.

ڕۆمانی پاشای گەورە، لە سەردەمێکی جیاوازدا، جیاوازە، ڕۆمانێکە کۆمەڵێک پەیام و ڕاسپاردەی لە هەگبەدایە، لە ناوەڕۆکدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە دوو سەردەمی جیاواز دەکات، سەردەمێک کە ڕابردووە و ڕووداوەکانی دەنووسرێنەوە، لەگەڵ سەردەمێک کە لەناویداین و پێیەوە سەرقاڵین.

بەگشتی دەکرێت ڕۆمانی پاشای گەورە، بۆ سەر چەند پارێک پۆلێن بکرێن. زۆرێک لەو نووسەر و خوێنەرانەشی لەبارەی ڕۆمانەکە نووسیویانە، یان دەینووسن، کەم تا زۆر هێڵی هاوبەش لە نێوانماندا دەبێت، بەڵام بیرکردنەوە و میتۆدی کارەکەمان ڕەنگە جیاوازە بێت.

**ڕۆمانی مێژوویی**

گرنگە بپرسین ڕۆمانی مێژوویی چییە؟ بۆچی ئەم ڕۆمانە بەو جۆرە نووسراوە؟ ئایا نەدەکرا هەر بە تەنیا بنووسرێت ڕۆمان؟

ڕۆمانی مێژوویی ژانرێکی گرنگی ئەدەبییە و لایەنگر و خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە، تایبەتمەندیی ئەو ژانرە ئەدەبیە گێڕانەوەیە و زۆرجاریش ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستدەکاتەوە. ئەم جۆرە ڕۆمانە لەسەر بنەمای ڕووداو و قۆناغێکی تایبەتی مێژوویی دەنووسرێت، کە کارەکتەری مێژوویی و زۆرجاریش بەپێی چیرۆک و ڕەوتی ڕووداوەکان کەسێتی خەیاڵی و دروستکراوی تێدەکەوێت.

بەگشتی ڕۆمانی مێژوویی ئاوێنەی سەردەمێکی دیاریکراوی ڕابردووە، «ئەو جۆرە ڕۆمانە، نەک تەنیا چیرۆکەکان، بەڵکو ڕەوشت و ئەخلاق، دابونەریت، کۆمەڵگە و هاووڵاتیانی ڕۆژگاری خۆیان، وەک ئەوەی بوون و ژیاون، جارێکی دی سەر لەنوێ زیندوو دەکرێنەوە»

ئەم ڕۆمانە دەچێتە ناو ئەو ژانرە ئەدەبیەوە، جارێکی دی سەردەم و ڕۆژگاری میرنشینی سۆران وێنا دەکاتەوە، هەندێک ڕووداو ڕاستدەکرێنەوە، بە نموونە ڕاستکردنەوەی ئەو وێنەیەی لەسەر مەلای خەتێ هەیە، وەکو: دابونەریت، شێوازی ژیان و باروگوزەرانی خەڵک لەو سەردەمەدا پیشان دەداتەوە. بۆیە گرنگ بوو بنووسرێت (ڕۆمانی مێژوویی) و هەر تەنیا

نەنووسرێت ڕۆمان.

## دیدی سیاسی پاشای گەورە

سیاسەت و دونیابینی سیاسی و کۆمەڵایەتی پاشای گەورە، فەزایەکی گەورەیان لەناو ئەم ڕۆمانەدا پێدراوە، پاشا لەسەرەوەی هەرەمەکەدا، کارەکتەرێکە بیرێکی سیاسی قووڵی هەیە و سیاسەت دەکات، لە یەک کاتدا ڕاوێژ دەکات و بڕیار دەدات، ئەو پیاوی دەوڵەتداری سەردەمی خۆی بوو. لە بڕیارە سیاسییەکاندا خوێندنەوەی ورد دەکات، بە دەستەواژە باوەکەی ئەمڕۆ، لە هەر هەنگاوێکدا حساباتی ناوچەیی و ڕۆڵی عوسمانیی و ئێرانییەکان دەکات، پێی وایە کوردان لەناو خۆیاندا ئەگەر هاودەنگ و پشتیوانی یەکدی نەبن، ناتوانن خەونەکانیان بەدی بهێنن، ناتوانن لە بەرانبەر مەترسی دەرەکی و پەلاماری وڵاتان خۆیان بگرن و بەرگری بکەن. وەکو پاشا دەڵێت: «ئێمە لە دوورگەیەکی هێمندا ناژین»

ئەو تێڕوانینە سیاسیانەی لە کتێبی پاشای گەورەدا دەیبینین، کە دوو سەدە لەمەوبەر لە ڕواندزەوە چەکەرەیان کردووە، دەکرێت دووبارە لێیەوە فێربین، بە جۆرێک کە تەماشای ڕۆژگار و کارەکتەری سیاسیی ئەمڕۆمان دەکەین، بەڕاستی لەوە تێدەگەین کە سیاسییەکانی ئێمە نەیانتوانیوە لایەنی کەم پەند لە دوو سەدەی ڕابردووی خۆیان وەربگرن.

لە ڕۆمانەکەدا کۆنگرەی قەڵای دیوین، کە بە بەشداریی میر، سەرقۆڵ، فەرماندەی قەڵاکانی، موکریان تا کەرکوک، مادرین، سێرت، پشدەر، شەنگال، خەرزان، نسێبین بەستراوە، ڕوئیا و دونیابینی سیاسیی و دەوڵەتداری پاشا بەدەر دەکەوێت، تەنانەت هەڵبژاردنی قەڵای دیوین لەلایەن پاشای گەورە یەکێکە لە هەنگاوە سیاسیی و حساب بۆکراوەکان.

کە دەڵێین لەو کۆنگرەیەدا دیدی سیاسی پاشای گەورە بەدەر دەکەوێت، چونکە لەوێدا پاشا هێڵە سەرەکییەکانی هێشتنەوە و فەرمانڕوایی سۆران دەخاتەڕوو، کە زۆرێکیان پیادەکراون.

پاشا لە قەڵای دیوین، ئاماژە بە دەستوەردانی دەرەکی دەکات، لەوێدا زیاتر چاوی لە دەستوەردانی عوسمانییەکانە، کە دەیانەوێت لە ڕێی بەڵێن و درۆی گەورە لێکترازانێک لەناو میرنشینی سۆراندا دروست بکەن، پاشا دەڵێت: «چ ئێران و چ توران بەردەوام پیلانگێڕیمان لێدەکەن...ئەوان پێنج سەد ساڵ زیاترە باری میللەتی ئێمەیان زۆر گران کردووە» ئەم تێڕوانینە مێژووییە لەبارەی ئیمپراتۆرییەتەکانی ناوچەکە، پێمان دەڵێن کە پاشا جگە لەوەی لە ڕواندزەوە ئاگاداری جموجۆڵە هەنووکەییەکانی ئەوکات بووە، هاوکات ئاگایی مێژووییشی لەو ڕووەوە زۆربووە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لە دونیابینی سیاسی پاشای گەورە، وردبوونەوەیە، کە عوسمانییەکان چۆن بە ناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە ئەوەی خراپە بەرانبەر بە موسڵمانانی دەکەن و پەنا دەبەنە بەر دەوڵەتانی دی، بۆ پووکاندنەوەی سۆران، لێرەدا خاڵێک سەرنجڕادەکێشێت، ئەویش بەهێزکردنی ئەرگومێنتی نووسەرە لەسەر ڕەتکردنەوە ئەوەی گوایە میرنشینی سۆران بە فەتوای مەلای خەتێ ڕووخاوە!

بەپێی وتارەکەی پاشای گەورە بێت، تەنانەت ڕاوێژکار و زانایانی ئاینیش پشتڕاستی ئەوەیان کردۆتەوە، کە ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە دەیکات، هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە! پاشا دەڵێت: «ئەوەی عوسمانییەکان دەیکەن، دوورە لە خواپەرستی، دەسەڵاتیان فڕی بەسەر ئیسلامەوە نییە، ئەگەر




**“ پێموایە هەر نووسەرێک نەتوانێت جیاوازی و دابڕانێک لە قۆناغەکەی خۆیدا دروست بکات، ئەوا نووسینەکانیشی ناتوانن سنووری هیچ جیاوازییەکی نووسراو و گوتراو دروست بکەن. من ئەو جیاوازییە لە ڕۆمانی پاشای گەورەدا دەبینم ”**

> “لێرەدا خاڵێک سەرنج ڕادەکێشێت، ئەویش بەهێزکردنی ئەرگومێنتی نووسەرە لەسەر ڕەتکردنەوە ئەوەی گوایە میرنشینی سۆران بە فەتوای مەلای خەتێ ڕووخاوە!”

من هەڵەم با سەیدای موفتی و زانایانی تری ئامادەبوو وەڵامبدەنەوە» کە تێڕوانینێکی وا گشتگیر لەناو میرنشینی سۆراندا هەبێت، ئایا ڕێی تێدەچێت بڵێین مەلای خەتێ لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی فەتوای خۆ بەدەستەوەدان و شەڕنەکردنی دابێت، ئایا فەرماندەکان کە گوێڕایەڵ و جێبەجێکاری فەرمانەکانی پاشا بوون، چۆن چوونە ژێرباری ئەو فەتوایەوە؟.

سەرنجدان لە خاڵێکی دیکەی وتارەکەی پاشای گەورە، مەسەلەی هێز و دەسەڵات، بەجۆرێک بەراورد بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، زیاتر جەخت لەسەر بەهێزکردنی دەسەڵات و هێزی خۆیان دەکەنەوە. ئەمە تەنانەت بۆ لایەنی سەربازیش بەهەمانشێوە ڕاستە.

گرنگترین خاڵی وتارەکەی پاشای گەورە، لە کۆنگرەی دیوین ئەوەیە کە باس لە هەلومەرجی هەرێمی دەکات لەبارەی دەوڵەتی کوردستان، پرسیار لە پاشا دەکرێت، بۆچی لە جیاتی سۆران دەوڵەتەکەمان نەکەینە کوردستان؟

پاشا وەڵامێکی وردی ئەو پرسیارە دەداتەوە: «ڕاستە کوردستان لە سۆران گەورەترە، بەڵام هێشتا ماوە و نابێ هەموو بەرەکان لە خۆمان بکەینەوە و دوژمنەکانمان هارتر بکەین». سەرنج لە وتارەکەی پاشا بدەن، سەرەتا دەڵێت، ئێمە زۆر بەهێزین، بەڵام دەبێت خۆمان بەهێزتر بکەین، ناڵێت بەهێزین و با بەرەو دەوڵەتداری بڕۆین، نموونەیەک کە ئێمە نەمانتوانی لە ساڵی ٢٠١٧ بیری لێبکەینەوە. پێمانوابوو بەهێزین و هیچ بەرەیەک لێمان هار نابێت، بیر لەوە نەکرایەوە بڵێین، سەربەخۆیی کوردستان لە هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان) گەورەترە و با هەموو بەرەیەک لە خۆمان نەکەینەوە. کە ئێستا بیر لەو دونیابینی دوو سەدە لەمەوپێشی پاشا دەیکەینەوە، هەر دەبێت بڵێین پاشا کوڕ و سیاسی سەردەمی خۆی بووە و لە قۆناغی دیکەی مێژوویيدا بیروبۆچوونەکانی سوودی لێ وەرنەگیراوە.

**بەسەرهات و نوکتەکان**

لە ڕاستیدا بەسەرهات و ئەو نوکتانەی لە ڕۆمانی پاشای گەورەدا هاتوون، دەکرێت وەکو بەشێکی زیندووی ڕۆمانەکە تەماشا بکرێن، هەموو ناوچەیەک لەو ڕۆمانەدا نووسەر بەتەواوی تایبەتمەندییەکەی لە تێڕوانینی پاشای گەورەدا بەدیار دەخات، بە جۆرێک کاتێک دەیانخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت خۆت ئامادەبیت هەیە. ئەو جۆرە لە هەستکردن زیرەکی و توانایی زیاتری نووسەرمان بۆ دەردەخات لەوەی کە نەهێڵێت خوێنەر هەست بە شەکەتی و بێزاری بکات.

چیرۆک و بەسەرهاتی، کابرای هەریر و باتاسان، لێقەومانەکەی نەسرینەدۆم، چیرۆکی سیامەند و گوڵخاتر و مامۆتک، هەموو ئەم چیرۆکانە لە ڕۆمانەکەدا دەدرەوشێنەوە، نووسەر ئەم چیرۆکانەی تەنیا بۆ تام و چێژ نەنووسیونەتەوە، بەڵکوو دەیەوێت ژیان و سەردەمی کۆمەڵایەتی ئەو کات بە دیار بخات. لەبەرانبەردا خاڵی جەوهەری لەو پرسەدا دونیابینی پاشای گەورەیە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنییەتی چارەسەکردنیان.

**زمان**

زمان، لە ڕۆمانی پاشای گەورەدا، هەستپێکراوترین و زیندووترین شتە کە هەستی پێدەکرێ، لە لۆژیکی فەلسەفەی هاوچەرخدا زمان وا وێنا دەکرێت کە دەرخەر و خۆ وێناکردنی بیرکردنەوەیە.


نووسەر زۆر بە تۆکمەیی هێزی خەیاڵ و بیرکردنەوەی لە تەک یەکدا بەکار دەهێنێت، لە ڕۆمانی پاشای گەورەدا، وێڕای ئەوەی بەر ڕووداو و بەسەرهاتی گرنگ دەکەوین، لە هەمانکاتدا بەر هێزی بیرکردنەوەی زمانیش دەکەوین. زمانێک کە دەیخوێنیتەوە، لە ڕاستیدا هەست دەکەیت لەسەردەمێکی جیاوازدایت، من نازانم شێوەزاری ئەو کاتی میرنشینی سۆران، دەقاو دەق وەکو شێوازاری قسەکردنی ئێستا خەڵکی ناوچەکەیە یاخود نا، بەڵام کاتێک وتارەکەی پاشا دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت گوێت لە دەنگی پاشا دەبێت، کە بەسەرهاتی کابرای هەریر و باتاسان دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت خۆت لە دانیشتنەکەدایت.

زمان، لەو ڕۆمانەدا دەدرەوشێتەوە، لە هەر ناوچەیەکدا لەو ڕۆمانەدا بەر شێوەزاری جیاواز دەکەویت، ئەمە زیرەکی و سەلیقەیەکی وردی دەوێت، لە ڕۆمانێکدا بێ ئەوەی ڕیتمی نووسینی ڕۆمانەکە تێک بدەیت، بەڵام بەشێوەزاری دیکە بنووسیت، بەتایبەت لە کارێکی ئاوادا کە لەناو ڕووداوێکی گرنگی مێژووییدایت، پاشای گەورە بەرهەمێکی ناوازە و شاکارێکە پێویستە لە داهاتوودا بکرێتە دراما و لەسەر شاشەدا ببینرێت.

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان ( بەشی ٧ )

د. ئەرسەلان بایز






د. ئەرسەلان بایز

(٧)

دوای ئەوەی گەیشتنە گوندی (نازەنین) و دەرکردنی چەند یەکەیەکی چاودێری لەمدیوو ئەودیوی گوندەکە و شاخی سەفین. بۆ نان خواردنی ئێوارە بەسەر ماڵەکاندا دابەش بوون. شیاوی باسە دوای گەیشتنیان بە بناری شاخی (سەفین) ئیتر دڵنیابوون لەوەی کە هێزەکانی ڕژێم ناتوانن زەفەریان پێببەن. (ئەو) لەگەڵ فەرماندەی هێزەکە (مەلا بەختیار) و چەند پێشمەرگەیەکی دی چوونە ماڵی (خاڵە کاکە)، ئەو پیاوە لە تەمەنی چل ساڵی نزیک بوو بۆوە. ماڵەکەیان دەکەوتە دیوی خۆرهەڵاتی گوندەکە بە چەند سەد مەترێک دوورتر ماڵێکی سادەی دێهاتیی نێو چیاکان. کانیاوێک بەنێو حەوشی ماڵەکەیاندا دەڕۆیشت، چەندین داری هەمە جۆری میوەی هەنار، توو، قەیسی، سێو و داری ترێ لە حەوشەکەیاندا هەبوو. جیا لەوەی (خارە کاکە) لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە بوو، ماڵەکەشی بووبووە جێی حەوانەوە و دیدەنی ڕێکخستنەکان و تەتەری شار لەگەڵ شۆڕش. هەر هەمان شەو دوای گەیشتنیان، ئەو چەند کلاشنکۆف و (ژێ سێ) و تەقەمەنیە یەدەگانەی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. لە ماڵی یەکێ لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی گوندەکە شاردیانەوە. (ئەو) کە وەکو لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە خۆی ناوزەدکردبوو، دانیشتنێکی لەگەڵ (مامۆستا کاوە مەخموری، مەلا غەفور، شێخ سلێمان، شۆڕش حاجی، هەژار کانی مارانی..هتد) ئەنجامدا. دوای گفتوگۆ و دیراسەکردنی بارودۆخەکە، کۆمیتەیەکیان بە ناوی (شەهید ئاودێر) پێکهێنا. شەهید ئاودێر یەکێک لە شەهیدە سەرەتاییەکانی شاری کۆیە بوو. (شۆڕش حاجی و هەژار کانی مارانی) دوای ئاشکرابوونیان، ماوەی چەند مانگێک بوو لەگەڵ دوو کچی دیکە بەناوی (بەیان) کە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی و (نازەنین عوسمان) کە خوێندکاری کۆلێژی ڤێتەرنەری بوون پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو. پێشتر هەموویان سەر بە کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆی موسڵ بوون.

ئەو کۆمەڵە کادیرەی لەسەرەوە ناویان هاتووە. کەسانی گەنج و خوێن گەرم و خاوەن بڕوانامە و خوێندەواربوون. لە شارەکان دەوری شیاو و کاریگەریان بۆ بڵاوکردنەوە و پتەوکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و (ی.ن.ک) هەبوو. بە بڕوا و حەماسەتێکی زۆرەوە بێ هیلاک بوون کاریان دەکرد. بەڵام لە ڕووی شارەزایی چەک و شۆڕش و خەباتی پارتیزانی تازە نەفەس بوون. پێویستیان بە ماوەیەکی باش هەبوو تاکو لە بۆتەی شۆڕش و ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتیدا قاڵ ببنەوە. بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو توانا ڕووناکبیرییەی هەیانبوو لەگەڵ چەک و ژیانی نێو شاخ و گوند نشینەکان بیگونجێنن. بێگومان تێکەڵاوکردنی چەک و خوێندەواری مژدەی باش و سەرکەوتنی بە شۆڕشەکە دەبەخشی (شێرکۆ)ی شاعیری گەورەی کوردیش لە مارشی (ی.ن.ک) نووسیویەتی:

چەک قەڵەم دووانەی خەباتی هاوژینم

لەچاویاندا ڕێی ئازادیم دەبینم

ئەم دێرە شیعرە تەئکید لەسەر تێکەڵاوکردنی قەڵەم و چەک دەکات. واتە شۆڕش بێ تێکەڵاوکردنی ئەو دووانە ڕێی ئازادی مسۆگەر ناکات. چەک و قەڵەم دووانەی بەیەکەوە گرێدراون و لەیەکتر جیا نابنەوە.

ئیدی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە گوندەکانی نازەنین و دەوروبەری جەولەیان کرد. پاش نیوەڕۆیەک لە ژێر سێبەری سوورە چنارەکانی مزگەوتی نازەنین دانیشتبوون پێشمەرگەیەک هاتە لای (مەلا بەختیار) و گوتی: مامۆستایەک لە شاری هەولێرەوە هاتووەو دەڵێت نامەی ڕێکخستنەکانی شارم پێیە و هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی. دوای ئەوەی (مەلا بەختیار) پێشوازی لێکرد و نامەکەی لێوەرگرت بە گەرمی بەخێر هاتنی کرد. دواتر

ڕەوانەی لای ئەویکرد. (ئەو)یش دوای پرسین زانی ناوی (مامۆستا بەکر مستەفا)یە و خەڵکی گوندی سیاوی ناوچەی (شەمامک)ی دەشتی هەولێرە، گەنجێکی تەمەن بیست و حەوت بیست و هەشت ساڵەی باڵابەرزی سمێڵ و قژ ڕەش، تێک چەقی، قسە ڕەوان بوو. شیاوی باسە (مامۆستا بەکر) خۆی دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ بوو، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەش لەنێو ئەو توێژەدا زۆر بڵاو ببووەوە. (مامۆستا بەکر) پێش ئەوەی پێوەندی بە شۆڕشەوە بکات ئەندامی حزبی شیوعی عێراق بوو، ئەو حزبە جیا لە سەرکردەکانی، کادیرەکانیشی کەسانی خوێندەوار و بە ئاگا و وریا بوون. بەڵام بەهۆی کۆمەڵێ هۆکار و هەڵوێستیان لەبەرانبەر شۆڕشی کوردستان لە ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥) دوای هەرەسی ساڵی (١٩٧٥) دەستبەرداری حزبی شیوعی بوو بوو، پێوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردبوو. ئەو ساڵانە کۆمەڵە ڕەونەقێکی بێ ئەندازەی لەنێو گەنجەکاندا هەبوو، بۆیە پۆل پۆل دەچوونە نێو ڕێکخستنەکانیەوە. (مامۆستا بەکر) پێش بوونی بە پێشمەرگە بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندی (قەڵا مورتکیان)ی ناوچەی بەڕانەتی بوو. بێ ئەوەی لەلایەن دەزگاکانی ڕژێمەوە ئاشکرا ببێت. یان ناوی بۆ سەربازی هاتبێتەوە. لەسەر داواکاری ڕێکخستن و خوایشتی خۆی هەموو ئیمتیازاتی وەزیفی جێهێشت و ڕێگای هاتوو نەهاتی گرتە بەرو بوو بە پێشمەرگە. بۆ خۆی دەگێڕێتەوە:

چەند جارێک کۆبوونەوەی شانەکەمان (کۆمەڵە) لەماڵی ئێمە لە هەولێر کرا. دایکم ژنێکی وریا و بە دیقەت بوو. ڕۆژێک لە گەرمەی کۆبوونەوەدا بووین تەق تەق لە دەرگای ژوورەکەی دا. ئێمەش بۆ دڵنیایی بەپەلە کاغەز و بەڵگەکانمان کۆکردەوەو لە پەنایەک دامانا. ئینجا من دەرگاکەم کردەوە. سەیرم کرد دایکم بوو. گوتم: فەرموو دایە! خێرە لە دەرگا دەدەیت؟ گوتی: وەرە ئیشم پێتە، کاتێک چووینە ژوورەکەی ئەو دیوی گوتی: بەکر! ماوەیەکە دەبینم برادەرە کۆنەکانت نایەن، ئەم برادەرانەش نوێن؟ ئینجا هەر خەریکی سەر بەیەکەوە نان و چرپە چرپن، پێم بڵێ ئەم گۆڕانکارییە چییە؟ منیش ڕاست و ڕاست پێمگوت: دایە! برادەرە کۆنەکانم حزبی شیوعی بوون، بەڵام من لێیان نیگەران بووم و وازم لەو حزبە هێناوە. تەنیا دوور بە دوور سڵاو و ڕۆژ باشیان لێدەکەم. ئێستا ڕێکخراوێکی دی دروست بووە بەناوی (کۆمەڵە) من لەگەڵ ئەوان ئیش دەکەم، بڕواییشم وایە ئەم (کۆمەڵە)یە لەسەر ڕێبازی ڕاستن بۆ خزمەت کردنی گەلی کورد و خاکی نیشتیمان، دایکیشم دوای گوێ گرتن لە قسەکانم گوتی: کوڕم! تۆ ئازادی، بەڵام هەتا منداڵی خۆتان نەبینن، نازانن سۆزی دایک بەرانبەر منداڵەکانی چۆنەو چۆنمان پەروەردە کردوون، دەزانم تۆ ئێستا گەورە بوویت و مامۆستای، پیاوی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دایک تا دواجار پێڵوی چاوەکانی دەخاتە سەر یەکو و ماڵئاوایی لەم دونیا جەنجاڵە دەکات هەمیشە چاوی لەسەر منداڵەکانیەتی. بۆیە توخوا ئاگاداری خۆت بە، فێڵت لێ نەکەن و نەتخەڵەتێنن، منیش لە وەڵامدا گوتم: دایکە! دڵنیا و بێ خەم بە، ئەمانە ڕاستگۆن و لێیان مەترسە.

ئەو چەند شەو و ڕۆژەی لە دەوروبەری نازەنین و گوندەکان بوون شەوان دەچوونە سەر شاخەکە. هەریەکە و لە شوێنێ لەسەر زەوی شوێنێکی بۆخۆی تەخت و خۆش دەکرد، تاخم و تفەنگەکەی دەخستە ژێر سەری خۆی. پێشمەرگەی واش هەبوو هەر بە تاخمەوە دەخەوت. جامانەکەی بە خۆیدەداو ڕوو لە ئاسمان و جریوەی ئەستێرە هەزار بە هەزارەکان ڕوو دەچوونە خەیاڵان. ئەستێرەکان وەکو باخچەیەکی پڕ لە گوڵ هەریەکە و بە جۆرێک خۆیان دەنواند. مەزەندەی ئەوەت دەکرد بە زەردەخەنەی لێو بۆت دەڕوانن و جۆرێک لە دڵداریت لەگەڵدا دەکەن. بەڵام نە تۆ دەستت بە ئەوان دەگات. نە ئەوانیش توانای هاتنە خوارەوەیان هەیە. سەیرە ئەو ژمارە زۆرە چۆن بێ کۆلەکە لەو ئاسمانە وەستاون؟

**«**

**دواتر زانی ناوی تەواوی سەفین (مەناف)ەو خەڵکی گوندی (مەلا قەرە)ی ناوچەی (کەندیناوا) یە.**

**بۆیە دواتر لەناو شۆڕش بە (سەفین مەلا قەرە) ناوی دەرکرد**

**»**



> "ئەویش دوای پرسین زانی ناوی (مامۆستا بەکر مستەفا)یە و خەڵکی گوندی سیاوی ناوچەی (شەمامک)ی دەشتی هەولێرە، گەنجێکی تەمەن بیست و حەوت بیست و هەشت ساڵەی باڵابەرزی سمێڵ و قژ ڕەش، تێک چەقی، قسە ڕەوان بوو"

تۆ بڵێی ژمارەیان چەند بێت؟ زاناکانیش دەڵێن ئەم گۆی زەوییە یەکێکە لەو ئەستێرانە، تۆ بڵێی ژیان لە یەکێ لەو ئەستێرانە نەبێت؟ تۆ وا بزانە ژیان هەیە، بەڵام ئایا لەوێش ژیان ئاوا سەخت و دژوارە؟ تۆ بڵێی کەسێکیش لە یەکێ لەو ئەستێرانە هەبێت لەو بەرزاییەوە سەیری ئێمە بکات؟ باشە ئەو شەڕ و ململانێیانەی ئەمڕۆ لەسەر زەوی هەیە، ئەو زوڵم و نا دادگەرییەی لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەر زەوی هەیە، تۆ بڵێی لەوێش هەبێت؟ ئەی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بوو بە شەڕی نێوان دانیشتوانی ئەستێرەکان؟ بەو خەیاڵ و تێفکرینانە چاویان هیلاک دەبوو. بەهۆی ڕاکە ڕاکەی ئەم هەوراز و ئەو هەوراز، حەراسەت گرتنی شەو و ڕۆژ هەمیشە خەوەکوتکە دەیبردنەوە. چاویان دەچووە خەو. لە هەمان کاتیشدا دەبوو بە وریایی بخەون نەوەکا لە پڕ پەلاماریان بدەن. بێگومان لەدوو لاشەوە حەراسەت دادەنرا. لەگەڵ چێشتەنگاوی ڕۆژی دواتریش بە شاخەکاندا دەهاتنە خوارەوە بۆ ماڵە دێهاتییەکان. جار جارەش بۆ چەواشەکاری دوژمن دەچوونە گوندی (سماقوولی سەروچاوە) و دەوروبەری. ئەو گوندە کانیاوێکی گەورە و ئاو لەبەر ڕۆیشتووی لێ بوو. خاوەنی ڕەزو باخێکی زۆر بوو. (کوێخا عەبدە و کوێخا عەزیز) دوو برا گەورەی گوندەکە بوون. (کوێخا عەبدە) پیاوێکی کوردپەروەر و وریا و ڕووناکبیر و بەئاگا بوو لە دونیا، یەک یەک حزب و گروپەکانی دەناسی. لەگەڵ هەموویان ڕوو خۆش و مەجلیس گەرم بوو (کوێخا عەزیز)یش پیاوێکی نیشتمانپەروەر و دیار و ماوەیەک لە شۆڕشی ئەیلوول حاکم بوو. خەڵکی گوندەکە گلەییان لە (بەراز) هەبوو کە شەوان دەچێتە نێو ڕەزەکانی ترێ و وەکو شۆفڵ هەڵیاندەدرێت و وێرانیان دەکات. شیاوی باسە ژمارەیەکی زۆر (بەراز) لە شاخی سەفین هەبوون، بە حوکمی شەریعەتی ئایینی ئیسلامیش گۆشتەکەیان حەرام بوو بۆ خواردن.

یەکێ لە ڕۆژەکان (مەلا بەختیار) بانگی کرد. گوتی: لە شارەوە ئاگاداریان کردۆتەوە. بەیانی سەعات نۆی پێش نیوەڕۆ دوو کادیر لە شارەوە دێن و دەچنە ماڵی (خاڵە کاکە) پێویستە تۆش بچیتەوە نازەنین و لەوێوە بیان بینی (ئەو)یش کە خوا خوای بیستنی هەواڵێکی شار بوو، هەر لەگەڵ گەردی بەیانی ڕۆژی دواتر لەگەڵ هاوڕێ (کاوە مەخموور)ی و سێ پێشمەرگەی دی بە شاخی سەفین هەڵگەڕان و لە ژێر سێبەری دار بەڕوو و دەوەنەکانی پشتی نازەنین لە نزیک ڕێگاکەوە لە چاوەڕوانی میوانەکان دانیشتن. لە دەوروبەری سەعات حەوتی سەر لە بەیانی گوێیان لە فڕەی کۆپتەر بوو. هەر هێندە سەیریان کرد. کۆپتەرێک، دووان، سییان، چوار کۆپتەر وەکو کوللە لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوون. فڕە فڕیان گوێی مرۆڤی کەڕ دەکرد. خەڵکەکە هەموویان گوێ قوڵاغ بوون و ترسیان لێنیشت. تۆ بڵێی ئەو کۆپتەرانە بۆچی هاتبن. کاریان چی بێت؟ ئەوانیش لە ترسی هەر پێشهاتێک بەڕاکردن بەرەو لووتکەی شاخەکە ڕایان کرد. هەتا گەیشتنە سەر شاخەکە هەناسە بڕکێ بوون گیانیان کەوتە سەر ئاو و ئارەقە. سەرجەم باڵندەکانی سەر لقی دارەکانیش لە ترسانا لە خوێندن و جریوە کەوتن. هەندێکیشیان لە شەققەی باڵیاندا و هەڵفڕین، هەتا ئەوان گەیشتنە سەر شاخەکە کۆپتەرەکان بەرەو دیوی گوندەکانی (چیوە و شیرێ) لەبەر چاو ون بوون، بەڵام ئەوان شوێنی خۆیان لەسەر شاخەکە بەر نەدا و چاوەڕوانی ئەنجامی فڕینی کۆپتەرەکانیان کرد لە ناوچەکەدا. پاش نیو سەعاتێک کۆپتەرەکان فڕ فڕ بە شوێنی خۆیاندا بەتاقی ئاسماندا گەڕانەوە. ئینجا ئەوانیش بە هێمنی هاتنە خوارەوە. دوای چارەکە سەعاتێک لە دوورەوە ماتۆڕێک دەرکەوت. (ئەو) لێخوڕی ماتۆڕەکەی نەناسی، بەڵام ئەوەی لە پشتی ماتۆڕەکە سوار بوو بوو هاوڕێی زانکۆ و خەباتی سیاسی ئەو بوو (عەباس محەمەد حوسێن) کە بە (حاجی مەمۆ) ناسرابوو. (عەباس محەمەد حوسین) لە خێزانێکی هەژاری شاری هەولێر بوو. پێشتر ماڵیان لە گەڕەکی (گڵکەند) بوو. (ئەو) چەندین جار لە ماڵیان خەوتبوو. کاک (عەباس) ماوەیەک لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی شاری هەولێر و ئەندامی سەکردایەتی کۆمەڵە بوو. لەگەڵ نزیک بوونەوەی ئەوان (ئەو) و پێشمەرگەکانیش بەرەو سەر جادەکە ڕۆیشتن. لە ناوەڕاستی ڕێگاکە بەیەک گەیشتن. ئەوان لە ماتۆڕەکە دابەزین. (عەباس محەمەد) زووتر هاتە پێشەوە و تەوقەی لەگەڵدا کردن، ئینجا ماتۆڕ لێخوڕەکەی پێ ناساندن (سەفین) شیاوی باسە ئەو ناوە نهێنی بوو. دواتر زانی ناوی تەواوی سەفین (مەناف)ەو خەڵکی گوندی (مەلا قەرە)ی ناوچەی (کەندیناوا)یە. بۆیە دواتر لەناو شۆڕش بە (سەفین مەلا قەرە) ناوی دەرکرد. لە ڕاستیدا دواتر بوو بە فەرماندەیەکی ئازاو چاو نەترس و فەرماندەیەتی دەیان شەڕی دژی ڕژێمی عێراق

کرد. تەنانەت چەند جارێکیش بریندار بوو.

ئیتر هەموویان بەیەکەوە بەرەو ماڵی (خاڵە کاکە) ڕۆیشتن. ماوەی زیاتر لە سەعاتێک بەیەکەوە گفتوگۆیان کرد. ئەوان لەگەڵ خۆیان پێنج سەد (٥٠٠) دیناریان بۆ هاوکاری هێزەکە هێنابوو. کە تا ئەو ساتە هێزەکە زۆر بێ پارە و پوول بوو. زۆر پێویستیان بەو گۆزمە پارەیە هەبوو. چونکە هەندێک لە پێشمەرگەکان پێڵاوەکانیان دڕابوو. ماوەیەکیش بوو گۆشتیان نەخواردبوو. دوای دانیشتنەکەیان هەریەکە و بەلای کاری خۆیدا گەڕایەوە. کاتێ (ئەو) و پێشمەرگەکان گەڕانەوە سماقوولی. گۆزمە پارەکەیان ڕادەستی (مەلا بەختیار)ی فەرماندەی هێزەکە کرد. ئەویش دەستبەجێ دوو پێشمەرگەی شارەزای ناوچەکەی ڕاسپارد چەند سەر بزنێکیان کڕی و پێداویستی پێشمەرگەکانیشی لە پێڵاو و جل و بەرگ دابینکرد. دوو پێشمەرگەی دیش چوونە نێو ماڵەکان و دوو سێ مەنجەڵی گەورەیان هێنا. ئیدی بۆ پاش نیوەڕۆ برنج و گۆشتاوێکی باشیان ئامادەکرد. پێشمەرگەکان بە دەوری مەنجەڵەکانی سەر ئاگردانەکە دەستیان گرت و هەڵدەپەڕین.

+ + +

بەرە بەری دوای بانگی عەسر دیسان هەموو هێزەکە گوندەکانی سماقووڵیان جێهێشت و بە شاخی سەفیندا هەڵگەڕان و بەرەو گوندی نازەنین بەڕێکەوتنەوە. پاش بانگی ئێوارە لە جادەکە پەڕینەوەو چوونەوە گوندی (فریز) پاش بانگی خەوتنان هەواڵ گەیشت. ئەو کۆپتەرانەی چێشتنەنگاو چوو بوونە دیوی بالیسان. ئەو چەکدارانەیان هەڵگرتبوو کە لە دەستەی (سلێمان بیرێژی) بوون و تەقەیان لێ کردبوو، کوشتبوویان. واتە چەند چەکدارێک لە دەستەی (سلێمان بیرێژی) پێشتر پێوەندییان بە حکومەتی عێراقەوە کردبوو. حکومەتیش داوای لێ کردبوون (سلێمان بیرێژی) بکوژن. ئەوانیش کارەکەیان ئەنجام دابوو. کۆپتەرەکان دوای ئەنجامدانی کارەکە بکوژەکانی (سلێمان بیرێژی)یان گواستەوە بۆ شاری هەولێر.

ئەگەرچی کوشتنی (سلێمان بیرێژی) جۆرێک لە ناپاکی و خیانەتی هاوڕێکانی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە قازانجی هێزەکەی (ی.ن.ک)دا بوو. ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە. ناوچەکانی خۆشناوەتی بە تەواوەتی کەوتنە دەست هێزەکانی (ی.ن.ک) هەر بۆیە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە خۆشی نەمانی هێزەکەی (سلێمان بیرێژی) لەسەربانی مزگەوتی (فریز) دەستی یەکدییان گرت و ماوەیەک هەڵپەڕین. ئیدی هێزەکە تا جەولەی خۆیان لە ناوچەکە تەواو کرد. دووچاری هیچ شەڕو گرفتێکی دیکە نەبوونەوە.

+ + +

کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییە، خاوەنی سەدان شاخ و لوتکەی بەرزە، هەر بۆیە لە سەرچاوە مێژووییەکان کوردستان بە ناوچە شاخاوییەکان ناوزەدکراوە. بە درێژایی مێژووش ئەو شاخانە پەناگەی حەوانەوە و خۆ پاراستنی نەتەوەی کورد بووە. هەر جارێک دوژمنان پەلاماری نەتەوەی کوردیان دابێت. ڕایان کردۆتە نێو ئەشکەوت و پەنا تاوێرەکان. چیاکانیش باوەشیان بۆ کردوونەتەوە و پاراستوونی. شاخی (کۆسرەت) یەکێکە لەو چیا دیارانەی کە دەکەوێتە نێوان جادەی خەلەکان- دوکان لە ڕووکاری باشوورو، دەشتی بیتوێن لە باکوور، دەریاچەی (دوکان) دەکەوێتە نێوان کلکەی خۆرهەڵاتی ئەو شاخە و شاخی (سارا). بەرەبەری خۆرئاوابوون، ئێوارەیەک کاتێک ئەوان لە گوندی (فریز)بوون. هەواڵی دەماو دەم گەیشت کە سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە شەڕێکی قورس لە نێوان ژمارەیەک پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و سوپای عێراق لە گوندەکانی نسێی شاخی کۆسرەت ڕووی داوە و چەندین تانک و کۆپتەر بەشداری شەڕەکەیان

**« (ئەو) لێخوڕی ماتۆڕەکەی نەناسی، بەڵام ئەوەی لە پشتی ماتۆڕەکە سوار بوو بوو هاوڕێی زانکۆ و خەباتی سیاسی ئەو بوو (عەباس محەمەد حوسێن) کە بە (حاجی مەمۆ) ناسرابوو »**





کردووە. ژمارەیەک پێشمەرگەش شەهید بوون. پێشمەرگەکان دوای شەڕێکی چەندین سەعاتی بەرەو تاوێر و لووتکەی شاخەکە پاشەکشەیان کردووە و خۆیان لە زیانی زیاتری شەڕەکە بە دوور گرتووە.

> "دواتر زانی ناوی تەواوی سەفین (مەناف)ەو خەڵکی گوندی (مەلا قەرە)ی ناوچەی (کەندیناوا)یە بۆیە دواتر لەناو شۆڕش بە (سەفین مەلا قەرە) ناوی دەرکرد"

دوو شەو دواتر. کاتێک هێزە هاوبەشەکەی گەرمیان و کادیرەکانی هەولێر بە فەرماندەیی (مەلا بەختیار) بەسەر هەورازەکەی سەفین بەرەو گوندی سماقولی سەروچاوە هەڵدەگەڕان. لە تەختایی سەرەوەی شاخەکە دەنگ دران. دوو کەس بە دەنگی بەرز هاواریان کرد:-

-ئێوە کێن...؟ بوو بە میل هێنانەوەی چەکەکان. کاتێ پێشمەرگەکان لە وەڵامدا گوتیان:- ئێمە پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و هێزی هاوبەشی گەرمیان و کادیرەکانی هەولێرین. ئەوانیش گوتیان ئێمەش پێشمەرگەی (ی.ن.ک)نین.

لەکاتی قسەکردن یەکدییان ناسیەوە. ئیدی وەزعەکە ئارام بووەوە. دواتر کاتێک سەیریان کرد هێزە نوێکە بە فەرماندەیی (شێخ عەلی هەڵەبجەیی) بوو کە بە (خولە کەشکۆڵ) ناسرابوو. لەو شەڕەی دوو ڕۆژ پێشتریش خوشکەزایەکی (شێخ عەلی) و چەندین پێشمەرگە و کادیر شەهید بووبوون. لەوانە (دلشاد) کۆیی کە پێشتریش چەندین جار بریندار بووبوو. هەروەها (سەعدی خەلیل) کە بە (سیروان) ناسرابوو یەکێک لە کادیرە کۆن و لێهاتووەکانی هەولێر بوو.

(شێخ عەلی) سەرکردەیەکی تێکۆشەر و پێشمەرگەیەکی کۆن بوو. برای شەهید (ئەنوەر هەڵەبجەیی) بوو. کە لە زیندانەکانی ڕژێمی بەعس بە دڕندانەترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دراو پاکانەی نەکرد. دواتر هەر لە ژێر ئەشکەنجەدان شەهید بوو. (شێخ عەلی) بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی کرابوو بە فەرماندەی هێزەکانی دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی. دوای گەڕانەوەی هێزە هاوبەشەکەی گەرمیان و هەورامان و شارەزوور (شێخ عەلی) و ژمارەیەک لە پێشمەرگە لە ناوچەکە مانەوە (عەلی ساڵح) کە خەڵکی یەکێ لە گوندەکانی (بەستی شەرغە)ی وراتی کۆیە بوو، بە جێگری (شێخ عەلی) دانرابوو (عەلی ساڵح) پێشمەرگەی کۆنی شۆڕشی ئەیلوول و کادیرێکی دێرینی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو. پیاوێکی هێمن و نشتمانپەروەر و ناسراوی ناوچەکەی خۆیان بوو. لەو شەڕەی بناری کۆسرەتیش. لە بەرەنگاری و پاشەکشە بەرەو شاخی کۆسرەت دەورێکی دیاری هەبوو.

هەر بەو شەوە، لەژێر ئاسمانی پڕ لە جریوەی ئەستێرەکان کۆڕی دانیشتنیان گەرم کرد، باس و خواسی ناوچەکە و سەرکردایەتی و هێزەکەیان کرد. وەکو دەور و تەسلیم (مەلا بەختیار)ی فەرماندەی هێزە هاوبەشەکەی گەرمیان و هەورامان ناوچەکەی ڕادەستی فەرماندەی ناوچەکە (شێخ عەلی) کرد. لەگەڵ شەبەقی بەیانیش هەریەکە و بەلای کاری خۆیدا ڕۆیشت. هێزە هاوبەشەکە بوون بە دوو بەشەوە. هێزەکەی شارەزوور و هەورامان ئازاد کران، وردە وردە خۆیان بۆ گەڕانەوە ئامادە بکەن. هێزەکەی گەرمیانیش لەگەڵ (مەلا بەختیار) بەرەو گوندەکانی (وراتی کۆیە) بەڕێکەوتن. ئەو ناوچەیە دەکەوێتە نێوان جادەی کۆیە- تەق تەق، لە خۆرهەڵات. لە خۆراواش دەکەوێتە نێوان جادەی (دێگەڵە- بێستانە) ژیان و گوزەرانی ئەو ناوچەیە نزیکە لە ژیان و گوزەرانی ناوچەکانی دەشتی هەولێر. ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتە. هەر لەوێوە (ئەو) لەگەڵ ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە بەناوی (ئەحمەد قەنبەر)ی یەکدییان ناسی (قەنبەر) گوندێکی ناوچەکەیە (ئەحمەد قەنبەر)ی جووتیارێکی نەخوێندەوار بوو. بەڵام هەتا بڵێی پاک، دڵسۆز، ئازا، ڕووخۆش. هەموو مەرجەکانی کادیرێکی لێهاتووی جووتیاریی لەخۆ گرتبوو. بەڕاستی نموونەی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕبوو. بەداخەوە ئەو پیاوە تێکۆشەرە نیشتمانپەروەرە لە شەڕێکی ناوخۆ لە ناوچەی دۆڵی بالیسان شەهید بوو.

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (عەبدولخالق یەعقووبی)
- بۆ چووینە لای عەزیز گەردی؟ چی پێ وتین!

مەسعودی مەلا هەمزە

- (لاوە)کەی من؟!

ئیدریس لاوە

- لە دەفتەری نرمریدا (فەیسەڵ عوسمان)
- لە دەفتەری نرمریدا (محەمەد ئەحمەد ئەربیللی)
- حەسەن زیرەک ... نیو سەدە دوای کۆچکردنی و مانەوە لە لوتکە

قەهار شێخانی

- گۆشەی دیوان
- سالۆنی لاپەڕە (٩)

# شیعری مەستورە، شیعری (نالی)یە؟




> «بەپێچەوانەی رای سەرتاپای هەڵەی ئەوانەی پێیانوایە ئەمە شیعری نالی نییە، شیعری «مەستوورە که حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ» نەک هەر بەدڵنیاییەوە شیعری نالییە، بەڵکوو تەنانەت لادان نییە لە جیهانی تایبەتی شیعری و جیهانبینیی ئینسانگەرایانەی نالی»

شیعری مەستووره هەر لە سەرەتاوه بە تەکنیکی گێڕانەوەی خەونێک لە دووتوێی دانوستان و وتووێژی دوو قۆڵیی نێوان مەستووره و «دێوانە»ی نالی دەچێتە پێشێ، ئەم ڕەوتە تا کۆتایی هاتن بە خەونی شاعیر بەردەوامە. دیارە ئەو نەرمونیانی و هێوری مەندییەی کە دەکرێت لە جیهانی دیالۆگدا هەبێت کەمتر لە دونیای تاکرەهەندی و تاکبێژیدا هەستی پێ دەکرێت. بە وتەیەکی دی، نالی لە ڕێگەی پێدانی دەرەتانی گوتووێژ (کە ئەم دانوستانی پەیڤییە خۆی لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکیشە بۆ دانوستانی جەستەیی) بە مەستوورەی نێو خەونەکەی ڕەقیی و زبریی وەسف و وێناکانی لە مەڕ ئەندامە نێرمایییەکان (نێرینە+مێینە) کاڵ کردووەتەوە. لە لایەکی ترەوە، هەر لە چوارچێوەی ئەم پانتاییە دیالۆگ ئاسایەدا، نالی زاراوە و دەستەواژە بە کارهاتووەکانی بۆ وەسفی ئەو ئەندامانە بە شێوەیەک لە دەقی شیعرەکەیدا جێگیر کردوون کە بە هیچ کلۆجێک تەنیا و تاکە ئاماژەیەکی ڕووت و زەق و بێ پەردە نەبن بۆ ئەو ئەندامانە، بەڵکو ڕێی تێ بچێت خوێندنەوەی تریش هەڵبگرن و دەلالەتی دیکەش بگرنە خۆ (بۆ وێنەی دەلالەتی دینی)

نالی ئەم کارەی نەک هەر بۆ وەسفی ئەندامی نێرینە لە زمانی دێوانەوە کردووە:

***فەرقێکی هەبێ داخیلی میحرابی ڕەجا بێ***
***چاوێکی هەیە غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ***

بەڵکو بۆ وەسفی ئەندامی مێینە لە زمانی مەستوورەشەوە هەمان ڕێسای ڕەچاو کردووە:

***هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە قەت مومکینە وا بێ***
***هی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ***

نالی نەیخواستووە لەڕێگەی ئەم دەقەوە تەنیا توانستی خۆی بۆ نووسینی شیعری ڕووهەڵماڵراو – ئەو سیفەتەی زۆر جار دەخرێتە پاڵ ئەم شیعرە – نیشان بدات، ئەوەندەی ویستوویەتی بڕشتی قەڵەمی خۆی لە بواری گوتارێکی نوێی شیعری – لانیکەم بە نیسبەت زمان و شیعری کوردی – لە سەنگی مەحەک بدات. هەڵبەت گومانی لە سەر نییە لە هەمان کاتدا و لە دەرەوەی تەحریری ئەم خەونە، پەیام و قسەوباسێکی تایبەتیش لە هەناوی ئەم دەقە بۆ مەستوورەی جیهانی واقیع، مەستوورەی ئەردەلانیانی ڕکابەری دەسەڵاتی بابانییەکان، پێیە. بە وتەیەکی دی، من لەم گوتارەدا نکۆڵی لە باری توانج ئاسا و ناوەڕۆکی نێرمایی خوازانەی ئەم شیعرە ناکەم؛ تەنانەت نکۆڵی لەوەش ناکەم کە هەموو



وجوودی ژنانەی مەستوورە لەم دەقەدا لە جەستە و ئەندامی مێینە و خواستێکی ئیرۆتیکدا کورت کراوەتەوە، بەڵام ئەم شێوە وەسفە لەم دەقەدا شتێکە کە وەکو پێداویستیی سیستمی هزریی و جوانی ناسیی و جیهان بینیی ئەم شیعرە هاتووەتە ئاراوە، کە هەمان تەحریری خەیاڵ و خەوی نالی بێت، ئەگەرچی نووسینەوەی ئەو خەون و خەیاڵە «هەزلێکی عاری شوعەرا»یە و «صەفحەی لەوح و کیتابی پێ ڕووڕەش» دەبێت:

***نالی وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ***
***ڕووڕەش مەکە پێی صەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ***
***تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ***
***دەروێش و گەدا شاە و دەبێ شاە گەدا بێ***

ئەوانەی پێیان وایە نالی نەدەبووایە ئەم شیعرەی بنووسیایە و نەدەبووایە ئەم شیعرەی وەک پەڵەیەک بە نێوچاوانی مرۆڤخوازیی جیهانی شیعریی خۆیەوە بلکێنێت، دەشێت لە مەنتیقی گێڕانەوەیی و سیستمی واتاییی ئەم شیعرە ورد ببنەوە. شاعیر ناشێت لە سۆنگەی ئەو گوتە شیاوانەی نەیگوتوون شەرمەزار بکرێت، بەڵکو دەبێت بە هۆی ئەو شتە نەشیاوانەی – نەشیاو بە پێی مەنتقی جیهانی شیعر – گوتوونی ڕەخنەی لێ بگیرێت. ئەوەی ڕاستی بێت، نالی لەم شیعرەدا دەستی بۆ چەند تابوویەکی دیاردە کۆمەڵایەتیی و دینییەکان بردووە بێ ئەوەی مەبەستی بێ ڕێزیکردن بێت بە کۆمەڵ یان دین. بۆ نموونە، بە دەم و بە بۆنەی وەسفی ئەندامی مێینەوە ڕەخنە لە هەندێک چینی کۆمەڵی کوردی دەگرێت کە مشەخۆرانی کۆمەڵ (بوخەلا، واتە چینی ڕژد و پارەپیس) و ئافاتی دینداریین (مەلا، واتە ئەو چینەی سەقفی مەعیشەت لە سەر ستوونی شەریعەت [تەعبیری د. عەبدولکەریم سرووش] دادەمەزرێنن):

***یا کۆمەڵە زیوی بوخەلا دوور لە سەخا بێ***
***موغلەق بە بەخیلی بە مەپەل مشتی مەلا بێ***

بە کورتی، بەپێچەوانەی ڕای سەرتاپای هەڵەی ئەوانەی پێیانوایە ئەمە شیعری نالی نییە، شیعری «مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ» نەک هەر بەدڵنیاییەوە شیعری نالییە، بەڵکوو تەنانەت لادان نییە لە جیهانی تایبەتی شیعری و جیهانبینیی ئینسانگەرایانەی نالی. نالی ئەگەرچی لە دوایین بەشی ئەم شیعرە زۆر زیرەکانە و ڕەندانە دانی بە بی بایەخیی خەون و خەیاڵی لەم چەشنە داناوە و بە «بەحسی سروور و عەلەم و بادی هەوا»ی لە قەڵەم داوە، بەڵام بێ گومان بە باوەڕەوە ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە و دڵنیا بووە لە شیاویی شیعرەکە و داهێنەربوونی خۆی لەم شاکارەیدا.


چ بەڵگەیەک بۆ ئەم قسەیە لەوە گەورەترە کە ئەگەر ئەو لەم شیعرەی دڕدۆنگ بووە و بە ڕاستی بە «هەزلی عاری شوعەرا»ی زانیوە، بۆچی هەر لە بنەڕەتەوە «سەفحەی لەوح و کیتابی پێ ڕووڕەش» دەکرد؟! نالی لە خۆڕا پێشتر پێی نەگوتبووین:

***نالی بە داوەشەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە***




**عەبدولخالق یەعقووبی**

## لە دەفتەری نەمریدا



# عەزیز گەردی (١٩٤٧-٦/٦/٢٠٢٢)

# بۆ چووینە لای عەزیز گەردی؟ چی پێ وتین!

مەسعودی مەلا هەمزە

ئەستەمە سەیری کتێبخانەی کوردی بکەیت و بگەیتە ناوی عەزیز گەردی سەرسام نەبیت، هەر ئەوە نا، دەبێت دەست بخەیتە سەر سنگت و بەوپەڕی شانازییەوە بڵێی کورد گەلێکی چەند خۆشبەختە، کە عەزیز گەردی هەیە.

کارو بەرهەمەکانی ئەوەندە زۆرە، مایەی شانازین، ناکرێ مرۆڤ خۆی لە قەرە بدات یان بڵێ لەبارەیانەوە دەدوێم، ئەرکێکی قورسەو ئەم کارە تەنها بە عەزیز گەردی ناسەکان دەکرێت.

دکتۆر عەزیز گەردی ساڵانێکی زۆر بوو ژیانێکی تایبەتی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو تێکەڵی کەس نەدەبوو، ئەو تەنهاو تەنها خوێندنەوەو نووسین دەزانێت و لەپڕ بەرهەمێکی ناوازەی چاپ دەبێت و هێندەی تر پێی شاگەشکە دەبیت ، بە دیوێکی تر عەزیز گەردی لەجیاتی ئەوەی خۆی بێتە ناو خەڵک و کۆڕو کۆبوونەوەکان، لەبری خۆی بەرهەمەکانی دەنێرێت و زۆر زیاتریش دەمێننەوە.

لەم ڕۆژانـە، کە هـەواڵی نەخۆشکەوتن و خراپی باری تەندروستیم زانی، مەبەستم بوو سەردانی بکەم و لە دۆخی بپرسم، ئامانجم بوو هەرچیەکی پێویست بێت بۆی ئەنجام بدەین، ئاخر ئەو گەوهەرێکەو دووبارە نابێتەوە، بۆیە بڕیارماندا سەردانی بکەین، هەڤاڵ ستران عەبدوڵاش مەبەستی بوو بەناوی مەکتەبی ڕاگەیاندن سەردانی بکەین و ئەوەی پێویست بوو بۆی ئەنجام بدەین.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢/٦/٤ لەگەڵ هەریەک لە هەڤاڵان (فەرهاد خەیلانی، بێکەس حەمەقادر، قاسم نوری، جەعفەر جەوهەر) بەڕێکەوتین و بڕیارماندا سەردانی بکەین لە نەخۆشخانەی ژین لە شاری هەولێر.

نایشارمەوە لە سەرەتادا ڕاڕا بووم و ترسم هەبوو ئەو وەک ژیانە ئاساییەکەی خۆی سەردان و هەواڵ پرسینەکەمان ڕەت بکاتەوەو وەک ژیانە سروشتیەکەی خۆی حەزبکا لە نەخۆشیش هەر خۆی و کتێب و قەڵەمەکەی بن و کەس نەبینێ، لەڕێگاش هەڤاڵان هەموو باسیان لە هەڵوێستەکانی دەکرد و نەیاندەشاردەوە، کە ئەوانیش هەمان ترسی منیان هەیە.

گەیشتینە نەخۆشخانەو لە پرسگەکە لە شوێنی مانەوەی دکتۆرمان پرسی، پێیان گوتین لە نهۆمی دووەمە، گەنجێکی ریشداری کوردیپۆش هاتە لامان و فەرمووی لێکردین، دیاربوو برازای دکتۆر عەزیز گەردی بوو، سەرکەوتین و گەیشتینە لای.

لە دوورەوە پێش ئەوەی بگەمە لای بیرم بۆ کوردییە جوانەکەی چوو کە داغستانی منی پێ وەرگێڕدراوەو حەزم دەکرد هەر لەوێ دانیشم و بیخوێنمەوە، لەگەڵ فەرمووی براکانی ئەو خەیاڵەم پچڕاو چووینە ژوورەوە، خەریکی نان خواردن بوو، سڵاوم کردو خۆم پێی ناساند، گوتم من مەسعودی مەلا هەمزەم سکرتێری ڕۆژنامەوانی کاک کۆسرەت و لێپرسراوی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن، دەستی لە نان خواردنەکەی هەڵگرت و بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ یەک بە یەکمان کرد.

فەرمووی دانیشتنی لێکردین و ئێمەش لە ئیحراجی دابووین چونکە لەنان خواردنەکەمان کردبوو و ترسیشم هەبوو دکتۆر هەندێک ڕەخنەمان لێ بگرێت و وەک سروشتە هەمیشەییەکەی خۆی حەز بەبینینی ئەو کەسانەش نەکات، کە لە سیاسییەکان نزیکن، وا دەرنەچوو و زۆر گەرم و گوڕ بوو

لەگەڵمان، لەبەرئەوەی نانی دەخوارد ئێمە چووینە دەرەوەو گوتمان دکتۆر نانەکە بخۆ ئینجا دێینەوە خزمەتت، لە دەرەوە بووین، براکەی هات و گوتی کاک مەسعود وەرەوە ژوورەوە دکتۆر بانگت دەکات.

چووینەوە ژوورەوەو دانیشتم تا نانی خوارد، ئینجا برادەران هاتنەوە ژوورو دانیشتین، هەندێک قسەم بۆی کردو پێمگوت جەنابی کاک کۆسرەت چەندە پەرۆشی تەندروستی جەنابیانەو ئەمری کردووە هەرچی پێویستە بۆی ئەنجام بدات.

دکتۆر عەزیز گەردی سوپاسی کردم و کەمێک بێ دەنگ بوو، لەپڕ گووتی کاک کۆسرەت چۆنە؟ سڵاوی منی لێ بکە، پێمگوت تەندروستی باشەو جەنابیان لە خەمی تەندروستی بەرێزتانەو هەموومانی راسپاردووە هەرچی پێویستە ئەنجامی بدەین.

دووبارە سوپاسی کردینەوەو ویستمان هەڵسین و دکتۆر جێبێڵین گوتی دانیشە پەلەی چیتە هێشتا دانەنیشتووی. تازە هاتووی، هەندێکی تر دانیشتین و هەڵساین تا بڕۆین، لە رۆیشتندا گوتم دکتۆر ئیشاڵا زۆرباش دەبی و چاوەڕێین داغستانی منێکی ترمان پێشکەش بکەیت.

هاتینە دەرەوەو دکتۆرمان جێهێشت، بە براکانیم وت کە هەر شتێکیان پێویست بوو لە خزمەتین، دوای ئەوە لەگەڵ هەڤاڵ دەرباز کۆسرەت رەسول قسەم کردو دۆخی



٢٠٢٢/٦/٤

تەندروستی دکتۆرم بۆی روون کردەوە، جەنابیان ئەمری فەرموو کە بچمەوە نەخۆشخانەی ژین و قسە لەگەڵ دکتۆر عەزیز گەردی بکەم بۆ ئەوەی بیبەینە نەخۆشخانەی پارو لەوێ لەسەر ئەرکی خۆیان هەموو چارەسەرێکی بکەن و ئەوەی پێویست بێ بۆی ئەنجام بدرێت.

دووبارە چوومەوە نەخۆشخانە، دوای سڵاو و رێز پێم راگەیاندن هەڤاڵ دەرباز کۆسرەت رەسول ئەمری کردووە بیبەینە نەخۆشخانەی پار، دکتۆر عەزیز گەردی زۆر سوپاسی کردم و گوتی وابزانن چوومەو لەوێم.

زۆر بەدڵێکی پاکەوە گوتی لەو نەخۆشخانەیە زۆر مورتاحم و خزمەتێکی باشم دەکەن، ئەگەر ئێستا بەجێی بێڵم عەیبەیەو ستافی نەخۆشخانەکە وا هەست دەکەن باش خزمەتیان نەکردووم، سوپاستان دەکەم، هەرکات پێویست بوو دێم.

هاتمە دەرەوەو دووبارە بە براکانیم گوت لە دەرەوەی حزبایەتی و هیچ ئینتمایەکی سیاسی ئامادەین بۆ خزمەتکردنی دکتۆر عەزیز گەردی و هەرکات پێویستیان بوو ئێمە لە خزمەتیانین.

بەداخەوە دکتۆر عەزیز گەردی سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە ٢٠٢٢/٦/٦ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کردو بۆ تاهەتایە ماڵئاوایی لە نووسین و کتێب و قەڵەم کرد.


دوای کۆچی دوایی د. عەزیز گەردی، زۆر قسەو باس لەبارەی خانووەکەی کرا، کە بکرێتە مۆزەخانەو ئەو کتێبخانە گەورەو ئەرشیفەی لە لەناوچوون بپارێزرێت، هەر زوو هەڤاڵ دەرباز کۆسرەت رەسول کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی رایسپاردم کە لەگەڵ خانەوادەکەی قسە بکەم و ئەو ئامادەیی تێدایە خانووەکەی دکتۆر عەزیز گەردی بکرێتە مۆزەخانە، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ «قەهار گەردی» برای دکتۆر عەزیز گەردی قسەم کردو پێم راگەیاند کە ئامادەین بۆ هەموو خزمەتێک و ئەو خانووە دەکەینە مۆزەخانەو ئەویش پێی راگەیاندم کە دڵخۆشن بەم بڕیارە، بەڵام چاوەڕێن جەردی کتێبخانەکە بکەن و بڕیارێکی دروست بدەن لەبارەی ئایندەی کتێبخانەی مەرحوم دکتۆر عەزیز گەردی.

# (لاوە)کەی من؟!

زۆر جاران، ئەو هاوڕێ و ناسیاوانەی کە لە دەرەوەی قوتابخانە و دامودەزگا ڕەسمییەکانەوە، منیان ناسیوە، داوای ڕاڤەی ناوی (لاوە)یان لێکردووم کە نازناوە، یاخود ناوی باوکمە، ئەوەش لەبەر ئەوەی، باوکم بە هەردوو نێوی (مامۆستا لاوە) و (مەلا عەبدوڵا)ی دەربەندی بانگێشت کراوە، خۆی لە ڕاستیدا باوکم بە نێوی باوکی باپیریەوە (لاوە سمایل سێودین لاوە) نێو زەرکراوە هەر بۆیەش لە ناسنامەی باری شارستانی کەسییەوە نێوی (لاوە)یە بەڵام لە سەردەمی منداڵییەوە کە دەچێتە بەر خوێندنی ئایینی یەک لە مامۆستایەکانی مەلا سەعیدی باشتەپە دەبێت، یاخود مەلا مەجیدی شەقڵاوە، ئەم نێوی (لاوە)ی پێ نامۆ دەبێت، بۆی دەگۆڕێت بۆ (عبداللە) کە بە بڕوای ئەو ئەو ناوەیان ئایینی و زیاتر خۆشترە لەسەر زاران، لەم کاتەوە لەنێو خزم هاوەڵ و ناسیاوەکانی دا زیاتر بە مەلا عبداللە دەناسرێت، جا منیش لەو دەمە کە ئاوارەی وڵاتی ئەڵمانیا بووم لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمی پەنابەریەتی داوای نوسینی نازناوەکەیان لێکردم منیش (لاوە)م نوسی خۆ ئەگەر(لاوە)م نەنوسیبا بەپێی یاساکانی ئەلمانیا نێوی باپیرەمیان دەکرد بە نازناوەکەم هەربۆیەش لە هەرێمی کوردستانیش بە شێوازێکی فەرمی و لە ناسنامەی باری کەسێتیەکەمدا نازناوەکەم کرد بە (لاوە) واتا من هەم نازناوەکەم، هەم ناوی باوکیشم (لاوە)یە لە کۆتایدا حەزدەکەم ئەمەش بڵێم، کە لەبەر ئەوەی باوکم مایەی شانازی خۆم و برایەکانم بوو، بۆیە دوای کۆچکردنی چوار برام نێوی منداڵەکانیان بە نێوی (لاوە) ی باوکەوە کردووە.



ئیدریس لاوە


( لاوە )کەی من ؟!

زۆر جاران ، ئەو هاوڕێ و ناسیاوانەی کە لە دەرەوەی قوتابخانە و دامودەزگا ڕەسمییەکانەوە ، منیان ناسیوە ، داوای ڕاڤەی ناوی (لاوە) یان لێکردووم ، کە نازناوە یاخود ناوی باوکمە . ئەوەش لەبەر ئەوەی باوکم بە هەردوو نێوی (مامۆستا لاوە) و (مەلا عەبدوڵا )ی دەربەندی بانگێشت کراوە .
خۆی لە ڕاستی دا ، باوکم بە نێوی باوکی باپیریەوە (لاوە سمایل سێودین لاوە ) نێو زەد کراوە ، هەربۆیەش لە ناسنامەی باری شارستانی کەسییەوە نێوی (لاوە) یە . بەڵام لە سەردەمی منداڵییەوە کە دەچێتە بەر خوێندنی ئایینی، یەک لە مامۆستایەکانی جا مەلا سەعیدی باشتەپە دەبێت یاخود مەلا مەجیدی شەقڵاوە ، ئەم نێوی (لاوە) ی پێ نامۆ دەبێت و بۆی دەگۆڕێت بە (عبداللە) کە بە بڕوای ئەو ، ئەم ناوەیان زیاتر ئایینییە و خۆشترە لەسەر زاران ، لەو کاتەوە ، لەنێو خزم و هاوەڵ و ناسیاوەکانی دا ، زیاتر بە مەلا عەبدوڵا دەناسرێت .

جا منیش ، لەو دەمەی کە ئاوارەی وڵاتی ئەڵمانیا بووم ، لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمی پەنابەرێتی ، داوای نووسینی نازناوەکەیان لێکردم ، منیش (لاوە)م نووسی ، خۆ ئەگەر (لاوە)م نەنووسیبا ، ئەوا بەگوێرەی یاساکانی ئەڵمانیا نێوی باپیرەمیان دەکرد بە نازناوەکەم . هەربۆیەشی لە هەرێمی کوردستانیش بە شێوازێکی فەرمی و لە ناسنامەی باری کەسێتییەکەم دا نازناوەکەم کرد بە (لاوە) ، واتە من هەم نازناوەکەم ، هەم ناوی باوکیشم (لاوە) یە .
لە کۆتایی دا ، حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە لەبەر ئەوەی باوکم مایەی شانازی خۆم و برایەکانم بوو ، بۆیە دوای کۆچکردنی ، چوار برام نێوی منداڵەکانیان بە نێوی (لاوە) ی باوکەوە کردووە .

ئیدریس لاوە
٢٠٢٢/٥/١٨


**ئیدریس لاوە**
**٢٠٢٢/٥/١٨**

## لە دەفتەری نەمریدا



**هونەرمەندی شێوەکار فەیسەڵ عوسمان (١٩٥٦-٢٠٢٢/٦/٨)**

له دەفتەری نەمریدا



**هونەرمەند محەمەد ئەحمەد ئەربیلی (١٩٣٣–٢٠٢٢/٦/٢٠)**

# حەسەن زیرەک ... نیو سەدە دوای کۆچکردنی و مانەوە لە لووتکە

قەهار شێخانی

حەسەن زیرەک، گەنجینەی گۆرانی کوردی، هونەرمەندێکی نەمر، هونەرزانێکی لێهاتوو و قوتابخانەیەکی تایبەت.
ئەو نە لە قوتابخانەیەک حەرفێکی خوێند، نە مامۆستایەک دەستی گرت، نە دەرچووی هیچ ئەکادیمیایەکی هونەری بوو، کەچی بوو بەگەورەترین مامۆستای هونەر و توانی بەدەنگە ڕەسەنەکەی ناسنامەی کوردی ببەخشێتە تەواوی بەرهەمە هونەریەکانی، سەرەکیترین کاری ئەو هونەرمەندە کۆکردنەوەی گەنجینەیەک بوو لەگۆرانی ڕەسەنی کوردی.
زیرەک سەرەڕای ئەوەی خۆی گەنجینەیەکی گەورەی ئاواز بوو، بەڵام هەوڵی داوە سوود لە ئاوازی میللەتانی دیکەیش وەربگرێت ئاوازی هەر میللەتێکی وەرگرتبێت بە لێزانی گوتوویەتیەوە و بەزەحمەت هەست بەوە دەکرێت، ئەوە ئاوازێکی وەرگیراوە، چونکە بەرگ و مۆرکی کوردانەی پێداوە.
زیرەک نە ژیانێکی شایستە ژیا و نە لەشارێک جێگیر بوو، بۆکان، تاران، سەقز، شنۆ، سلێمانی، بەغدا، کەرکوک و ماوەیەکیش لەهەولێر، لەهیچ یەکێک لەم شارانەش ئاسوودە نەبوو، چونکە هەمیشە قاچاغ بووە، ئەی ئەگەر بهاتبا و ژیانێکی شایستە و جێگیری هەبووایە تۆ بڵێت ئەو بلیمەتە چەند داهێنانی دیکەی بکردایە؟
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەردەمی هونەری حەسەن زیرەک و ئەو



هونەرمەندانەی ئەوکات لە وڵاتانی ناوچەکە هەبوون، بۆ نموونە هونەرمەند (ئوم کەلسوم) کە چەندین مۆسیقاژەنی بەتوانا و شاعیر و ئـاوازدانــەری لەپشتبوو حکومەتی ئەوکاتی میسریش بە هەموو شێوەیەک پشتگیری دەکرد، کەچی زیرەکەکەی ئێمە قاچاغی دوو حکومەت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی سەرچاوەکان زیاتر لـەهـەزاران گۆرانی بۆ ئەرشیفی میللەتەکەی بەجێهێشت، ئەو گۆرانیانەش بەشی هەرە زۆری شیعر و ئاوازی خۆی بوون، زیرەک لەسەردەمی خۆیدا بەو حاڵەشەوە دەتوانین بڵێین هێشتا لەپێش هونەرمەندانی دیکە بووە، هەموو گوێگرێک چێژ لەگۆرانییەکانی زیرەک وەردەگرێت، بۆیە هیچ کوردێک نییە لانی کەم گۆرانییەکی زیرەکی لـەبـەر نـەبێت، ئـەگـەر چـەندانیش نـەبن، هـەر ئەوەیە وایکردووە دوای پەنجا ساڵ واتە نیو سـەدە تێپەڕبوون بـەسـەر کۆچی دوایـی ئەو هونەرمەندەدا، کەچی هێشتە هەر لە لووتکەدایە.
ڕاستە هونەرمەند حەسەن زیـرەک دەرچـووی هیچ ناوەندێکی هونەری نەبوو، بەڵام هونەرەکەی لەئاستێکی بەرزدا بوو لەبەرهەمە هونەریەکانیدا زیاتر کـاری لەسەر فۆلکلۆر دەکـرد، بـەڵام بە ڕێچکەی تایبەتی خۆی یەکێکی دی لەخاسیەتە تایبەتمەندییەکانی زیرەک ئەوەبوو، ئاوازدانەرێکی باش و شاعیرێکی بەسەلیقە بـوو، لەپشت هـەر گۆرانیەکیشی چیرۆکێکی تایبەت هەبوو.
لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە حەسەن زیرەک لەکاری هونەریدا ئـاوڕی لـەرابردوو داوەتـەوە، جارێکی دی کـاری لەسەر زیندوو کردنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان کردووە و توانی داهێنان بکات، لەهـەمان کاتدا کـاری لـەسـەر شیعری شاعیرانی سەردەمی خۆیدا کـردووە بەتایبەت شـاعیران (هێمنی موکریانی و سەید کامیلی ئیمامی و وەفایی و پیرەمێرد و ئەحمەد هەردی) و چەندانی دیکە.
دوای نیو سەدە تێپەڕبوون بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەند حەسەن زیرەک، لێرە و لەوێ کەم و زۆر قسە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی کراوە و بابەتی لەبارەوە نووسراوە، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست نەبووە چونکە تا ئێستە لەلایەن کەسانی پسپۆر و شـارەزای بـواری هونەری گۆرانی و مۆسیقا، لەڕووی زانستییەوە گرنگی بەشاکارەکانی زیـرەک نـەدراوە، وەکـو کۆکردنـەوەی تـەواوی بەرهەمەکانی و بەنۆتەکردنیان، یان هەر شتێکی دی کە خزمەت بە بەهرە و بلیمەتی زیرەکی مەزن بکات.
بەڕاستی هـەق وایـە لایەنی پەیوەندیدار وەکو ڕێزێک لەپایەبەرزی زیرەک هیچ نەبێت ناوەندێکی هونەری، یان ماڵێکی هونەری، یان پەیمانگەیەک، یان کۆلێژێکی هونەری بەناوی ئەو هونەرمەندە بکرێت، چونکە هەموو لایـەک دەزانین زیـرەک سامانێکی لەبن نەهاتووی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بوو.



مەبەستمانە جاروبار ئەو نامانەش بڵاوبکەینەوە، کە هەم بەهایەکی مێژووییان هەیە، هەم بەهایەکی ئەدەبی، کە سەردەمانێک بەر لە گەشەکردنی تەکنەلۆژیا، ژیان و پەیوەندییەکان جۆرێکی دی بوون، تاموچێژێکیان هەبوو، ئێستە دوای ساڵانێک، کە سەر لەنوێ دەکەونەوە بەرچاوان بە تامەزرۆییەوە لێیان دەڕوانین و چێژیان لیوەردەگرین. جاران هاوڕێکان و کەسوکاری یەکدی لە ڕێگەی پۆستەوە نامەیان بۆ یەکدی دەنارد، پۆستەچیش بە گوێرەی ئەو ناوونیشانەی لەسەر زەرفەکە دەنووسرا نامەکەی دەگەیاند. ئەمە، ئەو نامەیەیە، کە دکتۆر مەجید حەمەدەمین، کە ئەوکات بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ی هەولێر دەستگیرکرا و دوایش وەکو سزایەک نێردارییە کۆلیژی پزیشکی کوفە لە نەجەف، لە وێوە بۆ عەبدولڕەحمان فەرهادی ناردووە. ئەودەم هەردووکیان خوێندکار بوونە، ئەویان لە زانکۆی کۆفە و ئەمیشیان لە پۆلی شەش، لە ئامادەیی زۆزانی کوڕان لە هەولێر. دکتۆر مەجید ئێستە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی و لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی هەولێرە، عەبدولڕەحمان فەرهادیش، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کوردە. مێژووی نامەکەش دەگەڕێتەوە بو ١٩٨٣/١١/٢٦ و لە ئەرشیفی عەبدولڕەحمان فەرهادی پارێزراوە.

**دیوان**

# نەسرەوتن تا سەرکەوتن





پێش هەموو شتێک هەردوو چاوەکانت ماچ دەکەم و هیوای ژیانێکی کامەرانم بۆت، تکام وایە هەمیشە لە وانەکانتدا پێش کەوتووبیت.

بەراستی کە نامەکەتم دەست کەوت زۆر زۆر دڵم خۆش بوو وەهیوادارم چی تر بێ بەشم نەکەی لە نامەکانت و دەنگ و باسی شاری هەولێرم بۆ رەوانە بکەیت.

برام.....

ئێستا لە (نجف)م ژیانێکی زۆر ئاسایی بەسەر دەبەم و تەندروستیشم زۆر باشە. ڕۆژانە



هەر خەریکی هاتووچۆ کردنم، بەشەویش تۆزێک دەست دەکەم بە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکانم، ماوەیەکیش دەست بە خوێندنەوە دەکەین. من و هەردوو هاوڕێی ترم لە ژوورێک داین ئیتر هەر ئەوەیە کار و پیشەمان.

پێش ئەوەی دەست بە نامەنووسین بکەم نامیلکەکەی (ماکسیم گۆرگی) م دەخویندەوە (یاداشتەکانی ڕۆژنامەنوسیم) (مقطع)ی کی زۆر جوانم بەدڵ بوو هەر بۆیە حەزم کرد بۆتی بنوسم:.

بەم جۆرە دەست پێ دەکات:.

(ئەم سەرنوسەرەی گۆرگی دەربارەی دەدوێ... کێشەکان تووشی شیزوفرینیای دەکەن وەک دوو ئادەمیزاد ڕەفتار دەکا... ئادەمیزادێکی حەلقە لە گوێ و داردەستی ڕژێم و دەسەلات، ئادەمیزادێکی تری حۆلی بێ ئیختیباری ڕماو بەرگە نەگرتوو. لە ئەنجامدا تەنیا بە ڕوون بوونەوەی هەندێ لایەنی بێ ئیختیباری خۆی کۆتایی دێنێ بە ژیانی.

دووایی هێنانێکی وا حەز دەکا تاکە شتێک بێ لە ژیانی دا بەو جۆرە بێ کە ئەو حەزی لێ دەکا هەر وەکو لەوە دەچێ گەلێک دڵی خۆش بێ بەوەی کە بۆ ئەم دوایین جارە مەرگی خۆی بەدەست خۆیەتی).

لە کۆتایی دا زۆر سلامم هەیە بۆ برادەران بە تایبەتی بۆ کاک عبدالزاق کە هیوادارم لەگەڵ کۆلیجەکەی دا گونجابێت

لەوانەشە لە دەوروبەری ١٠-١٩٨٣/١٢/١٧ بگەڕێمەوە.

ئیتر تا چاو پێککەوتن

مجید حمدامین جمیل

کلیة طب الکوفة

# سالۆنی لاپەڕە (٩)








لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە ٢٠٢٢/٦/٤ کۆڕێکی بۆ چاپوک شێخ عومەر لەبارەی کتێبی (نامەکان دیرۆکن) سازکرد. کە بریتی بوو (٨٢ نامەی پێشمەرگایەتی)




لە درێژەی چالاکییەکانیدا، بەئامادەبونی ژمارەیەک لەنوسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان، سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١١ کۆڕێکی بۆ نووسەر ئومێد شێرکۆ مەجروم لەبارەی کتێبی (شاکر مەجروم جوامێرێک لەنیشتمانپەروەری و نەبەزین) سازکرد.






ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی بەئامادەبونی ژمارەیەک لە نوسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان، لە زانکۆی کۆیە و لە هۆڵی حاکم ئەمیر حەوێزی لە ٢٠٢٢/٦/١٣ لە مەراسیمێکدا ناساندنی کرد، بۆ هەردوو کتێبی (بۆ ئەوەی راستییەکان ون نەبن، لەزاری کەمال محیەدین – حەمید رەشاش و تولەرێیەکانی کوردایەتی )






لە درێژەی چالاکییەکانیدا، رۆژی ٢٠٢٢/٦/١٨ سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) کۆڕێکی بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنوس خەلەف غەفور لەبارەی کتێبی (لە تولەیتولەوە بۆ ناوزەنگ، چیرۆکی دامەزراندنی یەکێتی) سازکرد.

# پێشـــەکی

ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمێکدا لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، ژمارە (١)ی گۆڤاری دیوان بە خوێنەران ناسێندرا. سەرەتا دەرچوواندنی گۆڤارەکە و ناوەرۆکەکەی جێگای سەرنج و مقۆمقۆی نووسەران و خوێندەواران بوو، هەندێک پێیان وابوو تەمەنی زۆر نابێت و درێژە ناکێشێت، ژمارەیەکیش پێیان وابوو بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت واباشترە پشتیوانی بکرێت. بیرمە لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا لەگەڵ سمکۆ عەبدولکەریمی سەرنووسەر لەسەر گۆڤارەکە و ناوەرۆکی گۆڤارەکە قسەمان کرد، پێم وابێت ئەو کاتە تازە ژمارە (٣)ی دەرچوو بوو، بەندە بەڵێنی ئەوەمان پێدان ئەگەر ساڵێکی تەمەنیان تەواو بکەن، ئەوە بیبلیۆگرافیایەکی تایبەت بە یەک ساڵەی تەمەنی گۆڤارەکە ئامادە دەکەین، ئەوان بەڵێنی خۆیان بردە سەر و بەندەش بۆ جێبەجێکردنی کەوتە کارکردن.





سەرەتا بیبلیۆگرافیاکەمان بۆ ناوەرۆکی بابەتەکان ئامادەکرد، پاشان بە پێویستمان زانی کورتەیەکیش لەسەر گۆڤارەکە و بەشەکانی ئامادە بکەین، ئینجا بەدواداچوونمان کرد بۆ هەندێک لەو بابەتانەکەی لەناو گۆڤارەکە ناوی کەسییان بەسەرەوە نییە، تا ئەوەی بۆ مێژوو مافی ئەوانیش دیار بێت، ئەنجام تا دەهات ژمارەی لاپەڕەکان زۆر دەبوون، بەمەش ئەگەر هاتبووایە لە ژمارە (١٣)ی گۆڤاری دیوان بڵاوبکرابووایەوە، پانتاییەکی زۆری ژمارەکەی دەگرت، لەو سۆنگەیەوە بڕیارماندا کارەکەمان لە ناملیکەیەکی سەربەخۆدا چاپ بکەین.

ناوەرۆکی ئەم ناملیکەیە لە پێشەکییەک و دوو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە.

لە تەوەری یەکەمدا: لەژێر ناوونیشانی سەرەقەڵەمێک دەربارەی گۆڤاری دیوان، باسمان لە دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە، هاوکارانیان، هۆکاری دەرچوونی، ناوەرۆک و بەشەکانی گۆڤارەکە و قەبارە و لایەنەکانی دیکەی کردووە.

لە تەوەری دووەمدا، بیبلیۆگرافیایەک تایبەت بە گۆڤاری دیوان ئامادەکراوە. لەوەشدا سەرەتا بە گوێرەی ناوی نووسەران ڕیزبەندی بیبلیۆگرافیاکە ڕێکخراوە. پاشان بە گوێرەی ناوونیشانی بابەتەکان دووبارە ڕیزبەند کراون. دوای ئەوە هاتووین بە گوێرەی ناوی وەرگێڕەکان جارێکی دیکە بابەتەکانمان ڕیزبەندکردوونەتەوە. جگە لەوانە بیبلیۆگرافیامان بۆ تابلۆی هونەرمەندان و پۆرترێتی وێنەگرەکان و وێنە مێژووییەکان کردووە، کە لە گۆڤارەکەدا بە خوێنەران ناسێندراون.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لەنێو گۆڤارەکەدا هەندێک بابەت هەن، لەژێر ناوی خوازراوە نووسراوان، ئەوانەی هی سەردەمی شاخن، نەوزاد عەلی ئەحمەد لە یەکێک لە بابەتەکاندا ساغیکردوونەتەوە و ئێمەش پەراوێزمان بۆ داناون و ئاماژەمان بۆ کردوون. جگە لەوە ناوە خوازراوەکانی دیکە و ئەو بابەتانەی ناوی نووسەریان بەسەرەوە نییە، بەدواداچوونمان بۆ کردوون و لە پەراوێزدا ئەوانەشمان ڕوون کردوونەتەوە.

ئەو هەوڵ و کۆششەی ئێمە ڕێزگرتنە لە هەوڵ و کۆششی ئامادەکارانی گۆڤاری دیوان، کە لە ماوەی یەک ساڵی تەمەنی کارکرنیاندا پێشکەشیان کردووە، هیوادارین مایەی ماندووبوون و شەونخوونی ئەوان بێت.

پ.ی.د. ئەحمەد حەمەئەمین